
منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

نهێنیەکانی
جنۆکەو پەری

نوسینی: ژانت بورد

وەرگێڕانی: حەمەرەشید حەسەن

چاپی یەکەم

2009

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

نهێنییەکانی

جنۆکەویەری

نوسینی: ژانت بۆرد

وەرگێڕانی: حەمەڕەشید حەسەن

چاپی یەکەم

سلێمانی.......................٢٠٠٩

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

زنجیرە (١٨٩)

ناسنامەی کتێب:

ناوی کتێب: نهێنییەکانی جنۆکەو پەری

بابەت: لێکۆڵینەوە

ناوی نووسەر: ژانت بۆرد

وەرگێڕانی: حەمەرەشید حەسەن مێشەرۆیی

نەخشەسازی و بەرگ: فواد کەولۆسی

شوێنی چاپ: چاپخانەی گەنج

تیراژ : ١٠٠٠ دانە

نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم -- ٢٠٠٩

ناونیشان: سلێمانی ــ بازاڕی سلێمانی ــ بەرامبەر بازاڕی خەفاف.

ژمارەی مۆبایل:

(٠٧٥٠١١٩١٨٤٧) (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣)

پێرست

پێشەکی ٥

بەشی یەکەم

تەنیا کۆمەڵێك لە پەرییەکان بوون........................... ٧

بەشی دووەم

هەڵپەڕینی پڕجۆش و خرۆش.................................. ٣٥

بەشی سێیەم

پەیکەری بچوك لە جلی قاوەییدا ٥٨

بەشی چوارەم

لاشەی مۆمیاکراوی مرۆڤە کورتەباڵاسەوزەکان............................ ٨٩

بەشی پێنجەم

ئایا ئەو بوونەوەرەی دەفرە فڕیوەکان و پەرییەکان هاوشێوەی یەکن..... ١٢٥

بەشی شەشەم

جیاوازی نێوان پەرییەکان و مرۆڤە بچوکەکان......................... ١٥١

بەشی حەوتەم

زەرزەوی پەرییەکان و دنیایەکی تر ١٨٥

پەیڤی کۆتایی.. ٢٣٣

جێگەکانی جنۆکە و تارمایی لە بەریتانیا و ئێرلەند........................ ١٣٤

پێشەکی

بێگومـــان نـــاکرێ هـــەروا بەئاســـانی بـــاس لـــە((جنۆکـــەو ڕۆحـــەکان"پـــەری")) بکرێـــت، ئـــەوان بەبـــەراورد لەگـــەڵ مرۆڤەکانـــدا بوونـــــەوەرێکی جیـــــاوازن. خـــــاوێن و وردو باڵـــــدارن. یـــــان بوونـــەوەرێکی شـــەڕانین کەلەڕێگـــەی جیاجیـــاوە زیـــان بـــەمرۆڤ دەگەیـــەنن. لـــەورووەوە ڕوونکردنـــەوەو لێکدانـــەوەی جیـــاوازو بەڵگەی ڕاست هەیە.

دەمێك ساڵ بوو لەخۆم دەپرسی ((جنۆکەوپەری))لەڕاستیدا چین؟ ئایا هەربەراستی دەبینرێن؟ یان بەشێك لەڕاستین ؟((لەوانەیە پەیوەندبن بە دنیایەکی ترەوە)) یان خەیاڵات بێت؟

لەڕوانگەی بەشێك لەمرۆڤەکانەوە پەرییەکان تەنیا لەداستانەکانی شای پەرییان بوونیان هەیە، بەڵام بەدواداچوون بەمنیان سەلماند کە لەکۆتایی چەرخی بیستەمیش بەشێك لەمرۆڤەکان ئەوان دەبینن و ناتوانن بوونی ئەوان ڕەتبکەنەوە. کەسانێك کەوا بیردەکەنەوە بوونی ((جنۆکەوپەری)) ئەفسانەیەو گاڵتەجارییە، کاتێك ڕاپۆرتەکانی بەشی یەکەم لەبارەی بوونی ئەوان دەخوێننەوە، سەریان سووڕدەمێنێ، لەسەر بنەمای ئەو ڕاپۆرت و زانیاریانەوە بوو هەوڵمدا لەبەدواداچوونەکەم پێداگری بکەم و ئەو بوونەوەرە بچووکانە بناسم.

بەشی یەکەم

((تەنیا کۆمەڵێك لەپەرییەکان بوون))

زانیاری لەبارەی پەریان یاخود{ رۆح }لەبەریتانیاو ئیرلەند

کاتێك چەرخی بیستەم بەجێدەهێڵین و دەچینە نێو چەرخی بیست و یـەکی نادیـارەوە، خۆمـان لەدنیایـەکی جیـاواز لـەدنیای باپیرانمـان دەبیـنین.تەنانـەت لەچـەرخیی نۆزدەدا،تەکنـەلۆژیای پیـشەسازی، ڕوونکردنەوەی گەردوونی، سەفەری دووری دنیا بەفڕۆکە، کۆمپیوتـەر، تەلـەفزیۆن، هـەموو ئەمانـە تەنانـەت پەریـەکان بەخـەویش نـەدەبینران. گوندنـشینەکان، بەتایبـەت ئەوانـەی لەناوچـە دوورەکـانی بـەریتانیاو ئێرلەنـدا دەژیـان، خـەلکی ئـەم ناوجانەبـەدواداجون وپـشکنینیانبۆئەم زانـست ونهینیەشـاردەوەکەئەمرۆ نرخـی خۆیـان لەدەسـت داوە، ئـەم کەموکورتییە لەپشکنینەرۆح یەکان دابۆتە هۆکار کە ئێمە بەدبەختترو بێدەسـەلاتتر بین، مەبەستی من هاوکـاری کردنـی زانایـان وپـشکنەرانە بۆدەوروبەرو سروشت وجیهان، زانین و ئاگایی ئەوان لـەبواری دەرمـانی ڕووەکیـدا وهوشـیاری تـاك لـەبواری بـوونی هێـزی ژیـان لەبوونـەوەرێکی رۆحیـدا کەبەرێگەیـسەیر خـۆی نیـشان ئـەدات. تویـژەرەوانی زەوی کەبوونەوەری پانتایەکی تر لەسـەربوونی ئێمـە کاریگـەری بەرامبـەرییان

هەیـە. بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوە بـەم کاروکردەوەیـە یاسـا هەڵدەوەشـێنن و لەبـەینی دەبـەن. ئـەوان جارجـار نەخواسـتراوانە لەگـەڵ دانیـشتوانی دنیایـەکی تـر ڕووبـەڕوودەبن، بـەڵام لەبەرئـەوەی ئـەم ڕووبەڕووبوونەوەیـە بێئاگایانـــە بـــوو وابیریـــان دەکـــردەوە دووچـــاری خـــەیاڵ بـــوون. بەپیچەوانەوەبەشـــــێك لەوبوونەوەرانـــــە زۆرجـــــار دەبینـــــران ((پەریەکان))بوون.

ئـەو بابەتـە شـتە لەوانەیـە ئـەمڕۆ باوەڕنـەکرێ. زۆرینـەی مرۆڤـەکان باوەڕیان وەهایە کەپەرییەکان بەتەواوی لەئەفسانەکانی کۆندا جێگەیان هەیە. بەهەرحاڵ، لەکاتێکەوە ڕاستیی بوونی((پەرییان)) بەشێوەیەکی بـەربڵاوو خێـرا بـاوەڕی پێکـرا، لەدنیایـەکی تەکنـەلۆژیا دووبـارە بەرەوپێش چووین. ڕاستییەکە ئەوەیە سەدەیەك لەمەوپێش بوونی ((پەرییان)) بەشێوەیەکی گشتی لەناوچە دوورەدەستەکانی بەریتانیاو ئێرلەند جێگـەی خۆیـان هـەبووە. لەسەر بنـەمای ئـەم ئاگاییـە زانیـاری دەوڵەمەند بەدەست هات. خۆشبەختانە چیرۆك و داستانی جۆربەجۆر بـۆ زانیـاری لەسـەر بـوونی((پـەرییان))لەسـەر بنـەمای ڕاسـتی، پـێش چەرخی بیستەم کە ئەو ناوچە دوورەدەستانە ببن بەبەشێك لەشارنشین، بۆ نـەوەکانی داهاتوو سەلمێنراوە. بەهـەرحاڵ، گۆڕانی بەرجەسـتە لـەم چـەرخەدا بۆتـە هۆکـار کـە زانیـاری لـەبارەی((پەرییـەکان))بەتـەواوی نـەمێنێ و لەناوبـچێ، بـەڵام ئەمـەش ناجیتەسـەرلەبەرئەوەی مرۆڤـەکان تاکو ئێستە ئەوانە دەبینن.

لەبەشــەکانی داهــاتوودا بینـــینی ســەرەتایی لەگــەڵ پەرییــەکان باسدەکەین، هەروەها ئەو تەوەرانە باسدەکرێ کە ئەم بینینە لەماوەی ساڵەکاندا باسدەکات. لەزمانی ئینگلیزیدا وشەی ((Fairy))بەواتای "پەری"ەو ناسراوترین وشەیە کە لە وشەی((Fay))سەرچاوە دەگرێ ، ئـــەویش لەوشـــەی((Feie)) فەرەنـــسی یـــەوە وەرگـــیراوە کـــە لە((Fate))بەواتای چارەنووس هاتووە.

پەرییەکان بوونەوەرێکی ئەودیوی سروشتن کە بەسەر چارەنووسی ئیرادەی مرۆڤەوە چاودێرن. ناوی باو تری ئەوان ((مرۆڤی بچووک))ە. لای ئیرلەندیـــەکان((لەئێمەباشـــتر))پێـــدەوترێ، ئێرلەندییـــەکان بـــەم بۆچـوون و پیاهەڵدانـەیان لـەوان سـوود وەردەگـرن، لەبەرئـەوەی لـەو بـاوەڕەدا بـوون ئەگـەر بـە((جنۆکـە و پـەری))نـاوبرێن، دەبێتـە هۆکـاری بەدبـەختی بۆیـــان، جگەلـــەوەی کەلەوانەیـــە تۆڵەشـــیان لێبکەنـــەوە. پەرییەکان ناوو ناوبانگی زۆریان هەیە.

مرۆڤەکان لەوباوەڕەدابوون کەپەرییەکان لەژێر زەوی و گردۆڵکەکانی دەورانی کۆن کەلەبەرد دروستکرابوون ژیانیان بەسەربردووە هەر ئەوە بـووە هـۆی ئـەوەی ئـەو جێگایانـە بـەناوی ئەوانـەوە نـاوبنرێن، وەك "تەپەی پەرییان، گردی پەرییان، قولەی پەرییان" یـەکێك لەوڕاستییانە ئەوەیە، ئەو شوێنەوارە کۆنانە باس لەبوونی ئەوان دەکات، یان لانـی کـەم کاتێـك بێزاربـوون بۆتـە پەناگـە بۆیـان، لەکاتێکـدا تەپۆڵکـەو بەرزاییـەکان و شـورای بـەردەکان نزرگـەی ئـەوان بـوون، هـەروەها پەرییەکان لەبیرو هۆشی باپیرانماندا جێگەی خۆیان هەبووە.

((لوئیس ئەسپنس)) پەرییەکان بەڕۆحی مردووەکان ناودەبات، لەپەرتوکی سەرچاوەی پەرییانی بەریتانیا، لێکۆڵینەوەی لەسەرکردووە کەبۆچی مرۆڤەکان وا بیردەکەنەوە کەچیاکانی هیمالایا ی کۆن لەژێر دەسەلاٚتی رۆحەکاندایە. مرۆڤەکان لەو باوەڕەدانگیانی مردووەکان لەژێر ئەو بەردە گەورانەدان و لەوێدا حەشاردراون، هەروەها لە تەپۆڵکەو نزرگەو بەردە دروستکراوەکاندا دامەزراون ((ئەسپنس)) بەڵگەی زۆری لەبارەی پەرییان و بەردەپیرۆزەکانەوە هێناوەتەوە و لەبارەی کێلی دیاریکراوی گۆڕەکانەوە بەزمانی لاتینی نوسیویە لەسەر ڕووی((تمیلس))لە((بنوان بریدن))، ئەوانە لەنزیك((بنپ)) لەخوارووی ((ویلز)) بوونیان هەیە.((لیدی مك ورپ)) لەزەوییەکدا ئیشی دەکرد و لەکاتی کارکردنیدا پەرییەکانی لەنێو گۆڕستانەکە دیبوو هەڵدەپەڕین. کاتێك زانییان ((لیدی مك ورپ)) دەیەوێت کوڵەکەیەك بۆ دروستکردنی هۆدەیەکی هاوینە کەخەریکی دروسکردنی بوو دەگوێزێتەوە، نیگەران بوون. بەهەرحاڵ، کاتێك ئەو کوڵەکەی گواستەوە گرمەو ڕوناکییەك درا لەو ناوچەیە، ڕۆژی دووەم ئەو هۆدەیە نەماو بووبەژێر خاکەوە، پیاوەکە ئەوەی لاسەیروسەمەرە نەبوو...دەڵێ: کاتێك ئەو تۆفانە پەیدابوو گوێی لەدەنگی پێکەنینی پەرییەکان بووە.

ئەو بۆچوونە کە بۆچی پەرییەکان لەشوێنەوارە کۆنەکاندا هەن، ئەمە تارادەیەك باسکراوە، بەلاٚم بۆ گفتوگ لەو ڕووەوە بەشی شەشەم بخوێننەوە، داستانی پەرییان، "بنوان بریدن" باسوخواسێکی تری

بـەدوادا دێـت، کاتێـك دەسـتدرێژی کرایـە سـەر زەویـەکانی ئـەوان لەڕاستیدا تۆڵە دەکەنەوە.

لەفەرهـەنگی کـۆنی ئێرلەنـد دووبـارە بـاس لـەوە کـراوە، بەتایبـەت لەقەلاّکانی ئیرلەند هاتووە، بۆ نموونە: ئەو کەژانەی قەلاّی بچووکیان لەسـەرە وەك جێگـای هەڵپـەڕینی پـەرییان ڕێـزی لـێ دەگیرێ، شـەوانە دەنگی سازو ئاوازی فۆلکلۆری ئەوان دەبیستریّ. هیچ کەسێك توانـای ئـەوەی نییـە یـەك مـشت خـاکوخۆڵی ئـەو جێگەیـە هـەڵبگرێ. شـەوێك کوڕێکی گەنج لەسەر زەویەکە پاڵکەوتبوو گوێی لەمۆسیقایەك گرتبوو، بـێ مەبەسـت مـشتێ خـۆڵی سـەر زەویەکـەی هـەڵگرت و فڕێـی دا ((وەك پیشەیەکی تایبەت بەگەنجان))لەو کاتـەدا ئـازارێکی پێگەیشت یەکسەر بێهـۆش بـوو، ماوەیـەکی پێـچوو تـاوەکو گەڕایـەوە بـاری ئاسـایی، ئەنجامەکـە ئـەوەبوو نیـشانیان دا هەرکەسـێك بێڕێــزی بــە زەویــە پیرۆزەکانی ئەوان بکات تۆڵەی لێ دەکەنەوە.

ئـەو کۆمەڵـە ئەفسانەیە لەفەرهـەنگی ئێرلەندییەکانـدا هـاتووە کەلـەم سەردەمەی ئێستادا نووسراوە.((دی. ا. مك منـوس))بـاس لـەجوتیارێك دەکـات بـەناوی((ئاسیلوان)) دەنوسـێ: مـاوەی پـەنجا سـاڵ لەزەویەکـدا کەپانتاییەکـەی چـوارده ئیکردەبـوو لەناوچـەی((ڕاسمـۆر))کـاری تێـدا دەکـرد و چـیمەنەکانی دەبـڕی و کـورتی دەکردنـەوە، لەبەرئـەوەی زۆر بـەرزو پڕبـوون بەزەحمـەت دەیتـوانی ئیـشی تێـدا بکـات، لەبەرئـەوەی تەپۆڵکـەکان ڕێگربـوون بـۆ ئـەوەی ئـامێری دروێنـە بـچێتە ئـەوێ، لەبەرئەوە((ئاسیلوان))ناچاردەبوو بەدەست ئەو ئیشە بکات، بۆئەوەی

ئیشەکەی ئاسانبێت بڕیاری دا بەهاوکاری دوو کوڕەکەی یەکێك لەو تەپۆڵکانە لەسەر ڕێگەکە لابەرێت، بەیانییەك بەئەسپ و عەرەبانەوە چوون بۆ لابردنی ئەو تەپۆڵکەیەو دوو سێ عەرەبانەیان لێ کردە چاڵێکی نزیکیانەوە، کاتێك بۆ حەسانەوە دانیشتن تا سەبیلێك بکێشن، پشتیان کردە بایەکە بۆ ئەوەی سەبیلەکە داگرسێنن، سێ چرکەی پێنەچوو وەرگەڕانەوەو شتێکی سەرسوورهێنەریان بینی، ئەوەیش ئەوەبوو ئەسپەکە بێدەنگ لەعەرەبانەکە جیاکرابووەوە و لەمەسافەیەکی دووردا خەریکی گیا خواردن بوو. ئەوان یەکسەر تێگەیشتن کەئەوە ئاگادارییەکە بۆ ئەوان، بەبێ وەستان ڕاستەوخۆ گەڕانەوە بەرەوماڵ.

ئەو جۆرە کارانەی پەرییەکان تائێستەیش بەردەوامە. لەساڵی (١٩٦٨) دا بلاْوکرایەوە کە ڕێڕەوی شەقامێك لە((دونگاڵ))گۆڕا، لەبەرئەوەی کرێکارەکان لەبڕینی درەختێك سەرپێچییان کرد، چونکە لەو باوەڕەدا بوون کە هی پەرییەکانە، هەرچەندە پەلوپۆکانیان بڕیبوو کاتێك گەیشتنە ئەستوورایی درەختەکە بەڵێندەرەکە کە ناوی((روی گرین))بوو وتبووی: ((من ئەم درەختە نابڕم و ڕێگەیش نادەم کرێکارەکان ئەوکارە بکەن، دەیگوت دەربارەی درەختی پەرییان زۆر شتم بیستووە و ئامادەنیم ئەو هەڵەیە بکەم)).

بەڵێندەرەکەی هاوڕێی پێداگری دەکرد لەسەرئەوەی ئەو ئیشە بکەن، بەڵام "روی گرین" وتی :((ئەم درەختە شتێکی سەرسوورهێنەری ڕۆژگارە، لەبەرئەوەی ڕەگەکەی لەمەترێك زیاتر لەزەویدا نییە و لەگێژەڵوکەی حەوت ساڵ لەمەوبەر دەرباز بووە)).

کاتێك لەدەرەوە تەماشای ئەو قەڵایانە دەکەین کە لەسەر تەپۆڵکەکان دروستکراون کە جێگەی ژیانی پەریەکانە، ئەوەندە گەورە نایەنە بەرچاو، بەڵام ناو ئەوان زۆر جیاوازەو دنیایەکی جیاوازەپیاوێکی ئێرلەندی کەماوەی حەوت ساڵ لەسەر زەوی پەرییەکان بووە، باسی دەکات و دەڵێ: ئەویان بردۆتە سەر تەپۆڵکەیەك کەچاڵێك لەوێدا هەبووەو کاتێك چۆتە ناو چاڵەکە خۆی لەسەر شەقامێك بینی کە کۆتاییەکەی خانوویەکی گەورەو جوان بوو وەك هی پیاوە گەورەو ناودارەکان. پیاوێکی تر دەڵێ کە شاری پەرییان لەتەپۆڵکەی پشت ((کارکۆمروی)) ئێرلەند کەگەورەترین و جوانترین شارە کە تاوەکو ئێستە دیویەتی. لەفەرهەنگی گشتیدا باس لەشاری پەرییان دەکرێ کە لەنێو تەپۆڵکە سەر چاڵەکاندا هەن، هەموو شاهیدی بینینی قەڵەمڕەوێکی بەرفراوانن کەبوونەوەرانێکی بچووك بەجوانترین شێوە لەوێدا دەژین.

کاتێك لەسەر قەڵاو نێو شوراکاندا ڕوناکی دەبینرێ، باس لەوە دەکەن کە پەرییەکان لەوێدا دەژین((دی. ا مك منوس)) لەکتێبی ((دەسەڵاتی نێوەڕاست))دا باسی لەو ڕوناکیانە کردووە کەلەسەرەتای چەرخی بیستەم لەئێرلەندا بینراوە. بۆنموونە، دوو خوشك لەنزیك قەڵای((کریلۆن) کەبەقەڵای پەرییان ناو دەبرێت دەژیان، زیاد لەچەند جارێك لەشەوی بێدەنگ و ئارامدا شاهیدی ڕووناکی چراکانی ئەوان بوون. یەکێك لەو دوو خوشکە چرای سوورو ئاوی و زەردو سەوزی دیبوو، دووەمیان ڕوناکییەکی سپی بینیبوو. یەکێك لەوان کۆمەڵێك

پەری دیبوو لەئاسمانەوە بەرەو ئەو قەڵایە دەهاتنە خوار کەلەوبەری ئاوەکە بوون. بەڵگەیەکی تر لەنووسینەکانی "مك منوس" لەبارەی ژنێکی خزمەتکارەوەیە لەکاتی حەسانەوەدا لەدەرەوەیماڵەکەی لەبەر خۆرەکەدا دانیشتبوو کۆمەڵێ سواری دیبوو کە لە ژن و پیاو پێکهاتبوون و بەجلی ڕەنگاوڕەنگەوە بەناو کێڵگەکەی ئەواندا بەرەو قەلا بچووکەکە دەڕۆیشتن کە دەورەکەی پەرژین کرابوو، دەڵێن گوایە بۆ میوانی دەڕۆیشتن. کاتێك هاوڕێکانی لێی دەپرسن بۆ زوو نەگەڕایتەوە بۆ ماڵ، دەڵێ((ئای، ئەوانە کۆمەڵێك پەری بوون بەرەو قەلاکە دەڕۆیشتن)). ئەو وەلامە لەسەرخۆیە نیشانی دەدات کە باسی پەرییان بۆ دانیشتوانی ئێرلەند لەسەد ساڵ پێش ئێستاوە ماوەتەوە.

شێوەی گەیشتن بەژێر دەسەلاتی ئەوان تەنیا لەڕێگەی قەلاو تەپۆڵکەکانەوە نەبووە. لەدورگەیەکی دوور، لەڕۆژئاوای((ویلز))هەر هەفتەی یەکێك لەپەرییەکان بەسوود وەرگرتن لەچێشتخانەی ماڵێك پارچە نانێك بۆ خاوەنەکەیان دەبەن، پەرییەکە بەو ژنەی وتبوو کاتێك ئەو دەڕوات دەبێت تەماشای نەکات، بە‌ ‌م ڕۆژێك ژنەکە تەماشای دەکات دەیبینێ کە پەرییەکە بەرەو دەریاچەی((لین رزدو)) لەنزیك ((نیوبۆرۆ)) دەڕوات و لەئاوەکە دەپەڕێتەوە.

دەریاچەی((هارت))، کەلەخوارووی((سلیگۆ))لەئێرلەندایە، جێگەی هاتوچۆی پەرییەکانە لەسەر زەوی خۆیانەوە بۆ سەر زەویەکانی ئێمە.((و.ب.یتز))باس لەبەشێکی تر دەکات کە کۆمەڵێك پیاو لەدەریاچەکەوە جۆگەیان دروستدەکرد بۆ ئەوەی سوود لەئاوەکە

وەربگرن ، لەو کاتەدا یەکێك لەوپیاوانە دەبینێ کە ماڵەکەی گڕی گرتووەو دەسووتێ، کاتێك هاوڕێکانیشی تەماشادەکەن ماڵەکانی ئەوانیش دەسووتێن و لەنێو گڕو ئاگردان، هەر بۆیە واز لەو ئیشە دەهێنن و بەرەو ماڵەوە ڕادەکەن، بەڵام دەبینن هیچ هەواڵێك لەئاگرو ماڵسووتان نییە، ئەوە نیشاندەرێکی ڕووکەشی بوو کەپەرییەکان نیشانی ئەوانیان دابوو، تاوەکو لەو ئیشەیان پاشگەز وەبن. ئەوە شتێك بوو نیشانی ئەو کەسانەیان دابوو کە دەستدرێژی دەکەنە سەر زەوی و شوێنەوارەکانی ئەوان، بەڵام دیارە کۆمەڵی مرۆڤ ناتوانن بچنەشوێنی نیشتەجێبوونی ئەوان، چونکە تەجرەبەیان لەسەرکردبوو ئەوە ئیشێکی شێتانەیە، لەبەرئەوەی هەر کەسێك چووبێتە جێگەی ئەوان و شارەکانیان نەیان توانیوە بەویستی خۆیان بگەڕێنەوە جێگەی خۆیان.

مرۆڤ نەدەبوو بچێتە جێگەی نیشتەجێبوونی ئەوان، نەکو زیان بەڕێگەو درەختەکانی ئەوان بگەیەنێت، لەئێرلەند درەخت و دارستانێکی زۆر هەیە کە دەڵێن هی پەرییەکانەو نابێت دەست بۆ ئەوانە بەریت، وەك درەختی فستق و گوێژە هەردیلەو چەند درەختێکی تر، لەپێشا باسی لەسەرکراوە ئەگەر لەوجۆرە درەختانە ببڕیت چی ڕودەدات.

لەساڵی (١٩٢٠) لە((کیل تی ماگ))ی ئێرلەند بڕیار لەسەر دروستکردنی نەخۆشخانەیەك درا کە دوو درەختی تێدابوو ئەوانیش بەهێن پەرییەکان ناسرابوون، ئەگەر یەکێك لەودرەختانە نەبڕدرایەتەوە ئەوا کارەکە ئەنجام نەدەدرا، هەروەها پەیداکردنی کەسێك بۆ بڕینی

ئەودرەختە ئەستەم بوو. سەرئەنجام کەسێك پەیدابوو ئامادەیی خۆی دەربڕی، کاتێك خەریکی بڕینی درەختەکە بوو چەند کەسێك لەوێدا بوون، بەگاڵتەوە پێیان دەوت: ئاگات لەخۆت بێ ئەنجامی خراپی دەبێ، کابرا وەڵامی دایەوە ،((من ترسم نییەو دەگەڕێمەوە، پەریەکانی ئێوەش بەجەهنەم! هەر ئەو شەوە پیاوەکە ئیفلیج بوو، یەك ساڵ دوای ئەوە مرد، پاشان بردیانەوە بۆشارەکەی خۆی، هەروەها کە پێشبینی کردبوو گەڕایەوە، بەڵام بەتابوت، نەخۆشخانەکە دروستکرا بەڵام هەرگیز نەکرایەوە و سوودی لێ وەرنەگیرا.

ئیشوکار لەو بینایە کە لەسەر ڕێگەی هاتوچۆی پەرییانە، دەورێکی نابێ و ئەوانەی لەوێدا دەژین تووشی نەخۆشی ترسناك دەبن و ئازار دەچێژن، ئاژەڵەکانیان دەمرن، دەنگی ئەوان بێزاریان دەکات و جار بەجار دەبووە هۆکاری بێهۆشی. دەرگاو پەنجەرەی ڕێڕەوی ئەوان دەبوو بەشەو کراوە بێت، بۆ ئەوەی بەئارامی بەوێدا بڕۆن، ئەگەر گۆشەیەك لەو ژوورانە ڕێگربێت بۆ هاتوچۆی ئەوان، وا باشتر بوو تێکبدرایە. ئەگەر بریار بوایە بینایەك دروستبکرێت، باشتر ئەوەبوو لەپێشدا پرس بەپەرییەکان بکرایە. شێوەی پرسەکە ئاوایە، کە کلۆیەك گڵ یان بەردێك لەوێدا دابنرێ و کەمێك گیای لەسەر دابنرێ و ڕۆژی دوایی تەماشای بکەن، ئەگەر وەك خۆی مابوو ئەوە پەرییەکان بەدروستکردنی ڕازین، بەڵام ئەگەر سەرەوژێر کرابوو، ئەوە وەڵامی نەخێرەو دەبێت شوێنەکە بگۆڕن.

تاكو ئێستا بەتەواوی باس لەپەرییەكان كراوە بەبێ ئەوەی ئاماژەیەك بە سەرهەڵدانیان بكرێت.

زۆرینەی مرۆڤەكان لەوبارەیەوە یەك هەڵوێستن، ئەو منداڵانەی كە وێنەی پەرییانیان لەكتێبی داستانی منداڵان بینیوە، هەر بەو تێگەیشتنەوە گەورەبوون، بەڵام ڕاستییەكەی تائەندازەیەك شێكی ترەو جیاوازە.

لێكۆڵینەوەیەكی ورد لەبارەی زانیاری پەرییان لەشوێنە جیاجیاكانی بەریتانیاو ئێرلەند ئاشكرادەكات، كەشێوەی پەرییان بەجێگەو ناوچە دەگۆڕێ. ئەوان بەشێكیان بچووكن و بەشێكشیان گەورەترن، بەڵام بەزۆری بەئەندازەی مرۆڤی بچووكن، باڵایان یەك مەترو بیست سانتیمەتر دەبێت. بەهەرحاڵ، ئەو مەبەستەی كەپەرییەكان دەڵێن توانای گۆڕینی شێوەیان هەیە، ڕاستە.

جووتیارێكی ئێرلەندی لەناوچەی "سیلگۆ"دەژیا كەبەرچاوترین جێگەی پەرییانە، بەناوی ((و.ی. ئەیوانز))كەزانیاری لەبارەی پەرییانەوە كۆدەكردەوە، دەڵێ: لەگەڵ پەرییەكدا قسەم كردووە كە مەترێك و بیست سانتی مەتر باڵای هەبوو، پەرییەكە بەو دەڵێ((من لەوە گەورەترم كە دەم بینی. ئێمەی پەری دەتوانین پیر گەنج و گەورە بچووك و بچووك گەورە بكەین)).

دەگەڕێینەوە بۆ لای ئەوكۆمەڵە پەرییانە كە بەجادووگەر ناسراون. لەبەشی حەوتەم كەسێتی و ڕەگەزی پەرییانم باسكرووە، شێوەی پۆشاكیان وەك دەبینرێ جیاوازە، لەڕووی بینینەوە دەردەكەوێ

حەزیان لەڕەنگی سەوزە. بەڵام حەزیان لەڕەنگی تریش هەیە و ڕەنگی جلەکانیان جۆراوجۆرن، لەڕەنگی ماتەوە بگرە تا ڕەنگی کراوە. جلەکانی ئەوان بەگوێرەی کات و شوێنە، سەرسووڕهێنەر نییە کە وەك مرۆڤ جل لەبەربکەن. کۆمەڵێك لەپەرییەکانی((ئسکتلندی))جلی ئسکتلندی درێژ لەبەردەکەن و کڵاوی جۆربەجۆر لەسەردەکەن، وا دەردەکەوێ کڵاوی سووری نووك تیژ باوەو زیاتر بەکاری دەهێنن.

بەشێوەیەکی گشتی، جگە لەوەی پەرییەکان وەك مرۆڤن، لەزۆر ڕووەوە وەك مرۆڤیش دەژین. هاوسەر دەگرن، دەبنە خاوەنی منداڵ، سوود لەخواردن و خواردنەوە وەردەگرن، گەشت دەکەن و چێژ وەردەگرن، هەروەها لەناودەچن، بەڵام تەمەنیان لەمرۆڤ زیاترە و جیاوازییەکی تریان لەگەڵ مرۆڤدا توانای جادووگەرییانە، لەهەمان کاتدا لەیەکچوون و نزیکییان لەگەڵ مرۆڤ شتێکی دیارە و کاروکاردانەوەیان بەرامبەر مرۆڤ و ئەونزیکییە پەیوەندییەکە بەهێزتر دەکات. لەفەرهەنگی گشتیدا باس لەوەدەکات کەپەرییان دەتوانن یارمەتی مرۆڤ بدەن یان زیانیان پێ بگەیەنن، پەرییەکان لەماڵدا زۆر یارمەتیدەری مرۆڤ بوون، بەتایبەت لەئیشی ڕۆژانەدا, بەتایبەت ڕۆحی "براونی" کە بەهۆی ئارەزوویانەوە بۆ یارمەتی بەمرۆڤ لەکاری ڕۆژانەیاندا بەناوبانگ بوون. پەریە ڕەنگ قاوەییەکان پارەیان لەکەس وەرنەدەگرت، ئەگەر کەسێك باسی ئەوەی بکردایە بێزار دەبوون، بەڵام حەزیان دەکرد مرۆڤ خواردنیان بۆ ببردنایە بۆ دەرەوەی ماڵەکە. کاتێك مرۆڤ چاکەی لەگەڵ پەرییان بکردایە بەرهەمی ئەوەی وەردەگرت.

((د. ا . مــك منــوس))لــەكتێبی((دەســەڵاتی ناوەڕاســت))بەشــێكی تەرخانكردووە بۆ ڕووداوەكانی داستانەكانی ئەمڕۆی (دیستری ساد) واتــە كۆســپ، یــەكێك لــەو بەســەرهاتانەی هــی((قەشــەیەكە))(واتــە پێــشەوای ئــاینی مەسـیحی) لەســاڵی (١٩٦١) لەڕێگەیــەك كــە زۆر لەوێــدا شــارەزا بــووە، ون دەبێــت، ئــەو پلەكانــەو دووڕیانەكــە و ئــەو ڕێگەیــەی كــە بــەلای پەرژینەكــەدا دەڕۆیــشت ون دەكـات. چــەند جارێـك بەوێدا سەروخوار دەكات، بەڵام نە ئەو پلانە كە بە بەرد دروستكراون دەبینێـت، نــە ئــەو ڕێگایــەش، دوو ســەعات درێــژەی دەبــێ تــاوەكو ئــەو جادوو گەرییە نامێنێ، كتوپڕ ئەو پلە بەردانە دەبینێ لـەو جێگـەی كە دەبوا ببونایە

لەوەیش سەیرتر بەسەرهاتی كچێكە كە لەساڵی (١٩٣٥) لە((لیزارد)) لەقـەڵای پەرییانـدا لەناوچـەی((مـایو)) ونـدەبێ، كاتێـك ئـەو دەیویـست تەپۆڵكەكە بـەجێ بهێڵـێ، تەماشـادەكات نـاتوانێ بەوێـدا بـڕوات، هێـزی دەروونی ئەو لەو كارەی دەگێڕێتەوە. دووبارە ناچار دەبێ بەرەو قەڵاكـە بگەڕێتــەوە، بەترســەوە دووبــارە دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــەوەی ئــەوێ بــەجێ بهێڵـێ، بـەڵام دیـوارێكی نادیـار دەبێتـە ڕێگـر بۆ ڕۆیشتنی دەوروبـەری بەرەو ترسناكی دەچوو، دنیا تاریك بووبوو ئەو كۆمـەڵێك چرا بەدەست دەبینێ كەبەدوای ئەودادەهاتن و بانگیان دەكرد، كچەكە بەدووری دوو ســێ مــەتر وەڵامــی ئــەوانی ئەدایــەوە، بــەڵام وادەردەكــەوت دەنگــی نەبیستن، سەرەنجام ڕێگەی بۆ دەكەنەوەو دەڕۆن. لەناكاو تەماشادەكات

ئەو بەربەستە نەماوە، ئەو دەتوانێ ئەو تەپۆڵکە بەجێ بهێڵێ و بگەڕێتەوە بۆ ماڵ.

کاتێک مرۆڤەکان توشی((استری ساد))یان((پیکسی _ لد))دەبن، بەزۆری شتێك هەیە بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوە بدەنە پاڵ پەرییەکان، جیاواز لەوەی ئەوان بەرپرسی سەرلێ شێواوین، هەرچەندە کەسانی ونبوو چەند جارێك دەنگی پێکەنین لەئاسمانی دەورەبەردا دەبیستن، گوایە دەڵێن پەرییەکان لە ونبوونی ئەوان چێژ وەردەگرن، لەهەمان کاتدا کاتێك دەنگی((مۆسیقای پەرییان))دەبیستن شاهیدحاڵەکان ئەوە بەهی پەرییەکان دەزانن، لەبەرئەوەی بوونی پەرییان لەو ناوچەیە بەتەواوی لای ئەوان باوەڕپێکراوە. دکتۆر، تۆماس وود، ئاوازدانەر و نووسەر، دانیشتووی((دارتیمور))لەساڵی (١٩٢٢) لەگەڵ هاوڕێکانی چوو بۆ لای ڕەشماڵنشینەکان، دەنگی مۆسیقای پەرییەکان دەبیستێ. ئەو بەتەنیا دەچێتە جێگەیەکی چۆڵ و بێدەنگ، بۆئەوەی لەرەی ئاوازی دوایی بنووسێ، لەناکاو دەبیستێ کە بەگۆرانی بانگیدەکەن، بەڵام کەسێك نابینێ. ڕۆژی دووەم دووبارە دەچێتەوە ئەو جێگەیە دەنگی مۆسیقایەك دەبیستێ کە لەئاسماندا دەنگی ئەدایەوە.

دەنگەکە لەپشت سەرمەوە دەبیسترا، هەروەك دەنگێکی ناسك و لاواز بوو. دەنگەکە نەدەما، بەڵام دووبارە بەرزتر دەبیسترا کە ماوەی بیست خولەك درێژەی هەبوو. لەساڵی (١٩٢٢) ئامێری موزیك بەبێ وایەر بۆ مرۆڤەکان نەناسراوبوو، دڵنیابووم کە کەسانی نێو ڕەشماڵەکان لەو دەوروبەرەدا نین. دەنگەکە لەئامێری گرامافۆن بوو یان

لەخەیاڵ بڵاوی من بوو، ئاوازێك بوو مات، نەشیعر بوو نەگۆرانی، وادەردەکەوت دەنگی ناسکی پەرییەکان تێکەڵ بەیەکن. زۆر بەوردی گوێم بۆ گرت، ئەمجا بێدەنگ بوو هیچ دەنگێك نەدەبیسترا، دڵنیام بەتەواوی هاندەرم بوون گوێ بۆ مۆزیکی ئەودیوی سروشت رادێرم.

کەسانێکی زۆر مۆسیقای ئەودیوی سروشتیان دەبیست، بەلاّم بەردەوام ئەوەیان بە هی پەرییەکان دەزانی. لێکۆڵەرەوەیەکی دەروونناس بەناوی((د.سکۆت روگۆ)) لەبواری مۆسیقایەك بەناوی((مۆسیقای ئەفلاك)) بەدواداچوونێکی تەواوی کردووە، دوو کتێبی بەناوی "پیاچوونەوەو لێکدانەوە" و "تاقیکردنەوە لەبارەی راستی بەرفراوان" چاپکردووە، ئەوسەرهەڵدانە ناودەنێ((NAD))((ناد))

یاسای مۆسیقای ئاسمانی بەهۆی عەشقێکی زۆری پەرییەکان بۆهەڵپەرین، دەدرێتە پاڵ ئەوان، هەرچەندە پەرییەکان نادیارن و جگە لەداستانەکان باسکردنی بەردەوام و دووبارە بوونەوەی هەیە کە بەشێك ئەو راستییەیان بینیوە کە لەبەشی دووەم دا پێی دەگەین. لێرەدا داستانێکی کۆن باسدەکەین لەچەرخی حەڤدەدا کەپەیوەستە بە عەنتیکە ناسێك بەناوی((جان ابری)).

لەساڵەکانی خوێندندا (٣٣ –١٦٣٤) کەچوومە قوتابخانەی لاتین((یتون کینل)) قەشە "هارت" بوو. شەوێك ئەو لەدەست پەرییەکان حەپەسابوو، هێشتا دنیا تاریك بوو کۆمەڵێك پەری لەسەر بەرزاییەکی سەوزەلانی و جوان هەڵدەپەرین و سەرنجی ئەویان

ڕاکێشابوو. دانیشتوانی ئەو ناوچەیە ئەوانەیان ناونابوو((ویز))، لەناکاو ئەو کۆمەڵێکی زۆر بوونەوەری بچووك دەبینیٚ، کە بەجلی سەوزەوە لەسەر چیمەنەکە بەجۆرێکی بازنەیی کۆبووبوونەوەو هەڵدەپەڕین و گۆرانییان دەوت، دەنگێکی سەیرو خۆشیان هەبوو، ئەو لەبینینی ئەوان سەری سوورمابوو، بەگوێرەی قسەکانی خۆی ئەوەندە دڵگیربوون کە نەیدەتوانی ڕوویان لێوەرگێڕیٚ، هەرلەوێدا وەستابوو. پەرییەکان ئەو دەبینن و دەوری دەگرن، کاتێك دەزانیٚ مەسەلەچییە لەترسا دەکەویٚ بەزەویدا و هەرلەوکاتەدا ئەو بوونەوەرە بچووکانە نوچڕکی لێدەگرن، بەدەنگێکی ناسك دەیان وت، هاتۆتە ناو کۆڕی پەرییان لەڕاستیدا دەڵێن کە پەرییەکان بەڕێکەوت خۆیان نیشانی ئەو کەسانە ئەدەن کەبەدوایاندا دەگەڕێن.

جارجار پەرییەکان ئەو کەسە نەویستراوانە دەکەوتنە نێو هەڵپەڕکێی ئەوان، دەیانبەنە لای خۆیان کە دەبێتە هۆکاری پەیامێکی ترسێنەر و ناخۆش. ئەویش باسێکە لەدواییدا باسی لێوەدەکەین. "هارت" بەخت یاری بوو کەلەگەڵ خۆیاندا نەیان بردبوو تەنیا نوچڕکیان لێگرتبوو. ئەوان حەزناکەن مرۆڤەکان ببنە ڕێگری جەژن و شادییان، هەروەها ئەو کارەیان پیاوێکی ویلزی ئاشکرای کرد بەناوی((ئیدوارد جونز))کە لە((للانیدلوز))دەژیا. شەوێکی درەنگ ئەو دەگەڕایەوە بەرەوماڵ و تووشی کۆمەڵێك پەری بوو، لەبەرئەوەی هاوڕێیەتی ئەو بۆ پەرییەکان جێگەی نیگەرانی بووپەریەکان لێی بێزاربوون.

لەهەمان کاتدا داوایان لێکرد ئەویٚ بەجێبهێڵیٚ، بەڕێزەوە پێیان وت: لەسیٚ جۆر ڕێگە بۆ گەڕانەوە یەکیان هەڵبژێرە (خێرا – مامناوەند – لەسەرخۆ) تاکو بەڕێگەیەك لەواندا بیگوێزنەوە "ئیدوارد جونز" بڕیاری خۆی دا، ڕێگەی خێرای هەڵبژارد، یەك چرکە لەبڕیارەکەی تێنەپەڕیبوو خۆی لەهەوادا بینییەوە کە دەفڕی، سەری سوورمابوو، درابووە دەستی بایەکی توند، هێشتا بەتەواوەتی نەگەڕابووەوە باری ئاسایی خۆی، کە دووبارە خۆی لەسەر زەوی بینییەوە کە لەناوەڕاستی باخێکدا لەنزیکی((تی گورگ)) لەشەقامی ((بریندۆ))چەند کیلۆمەتر لەو جێگەیە دووربوو کە بەهەوادا ناردبوویانەوە.

کاتیٚ ئەدوارد لەنێوەڕاستی باخەکەدا کەوتبووتەنها شوێن پێیەك نەدەبینرا)).

بەڵام لەبارەی پەیوەندی ڕاستەوخۆ بەپەرییانەوە، بەو ڕازە نادیارە بڵاوکراوەتەوە. ئەم نووسراوە لەڕوانگەی گیانی و دەروونی بەناوی((ریتاگلد))لەشاری((لیسترشایر))بووە. ئەو دەڵیٚ ژنێکی بەتەمەن ئێستاش خاوەنی ئەوپارچە زەویەکەیە بۆی باسکردووە، نزیکەی حەفتا ساڵ لەوەوپێش کاتێك ئەو منداڵ بووە پێیان وتبوو... دوای تاریکی شەو نەچێتە سەر کێڵگەکە، چونکە پەرییەکان لەوێدان، دەنگی ئەوانیان بەشێوازێکی سەرسووڕهێنەر بیستووە. دروستکردن و کێشەی ئەندازیاری لەنێو کێڵگەی گەنم و گەنمەشامی...بووە یانە، ئێستایش دیاریکراو نییە، بەڵام هەرچی بێت هەردوو بۆچوونەکە قورسایی خۆیان هەیە بۆ ئەوەی بنووسریٚ.

جگە لەداستانی شای پەرییان، لەکتێبی مندالآن بەناوی هەبوونی بوونەوەری بچووك، لەفەرهەنگی گشتی مرۆڤ، بەڵگە نیشان ئەدات کەپەرییەکان لەچەرخی بیستەم زانیاری پەیوەند بەوان ئێستەیش لەبەردەسدایە. بۆنموونە، لەساڵی (١٩٠٧) لەگۆڤاری((کلۆرین کرۆنیل))دا لەبارەی بەسەرهاتێکی سەرسوورهێنەر نووسرابوو کەلە ماڵی((جان مالاگلین))جووتیارێکی بەتەمەن ڕوویدابوو کە لەناوچەیەکی((لەندەن دری))لەسەروی ئێرلەند ژیانی بەسەر دەبرد، ئەو چڵی درەختێکی عاجی بڕی تاوەکو لوولەی دووکەڵکێشەکەی پێ خاوێن بکاتەوە، لەلایەن هاوسێکانیەوە هوشیارکرابۆوە کە وتبوویان ئەو درەختە بۆ پەرییەکان پیرۆزە، باوەڕی نەبوو، زۆری پێنەچوو لەو هەڵەی خۆی پەشیمان بوویەوە، چونکە لەوکاتەدا تەپوتۆزەکەی لەباخەکەیدا دەکرد بەژێر خاکەوە، ئەو خۆڵ و دوکەڵە بەشێوازێکی سەرسوورهێنەر هاتبووە نێو ژووری چێشتخانەکەیان و هەموو کەلوپەلی چێشتخانەکە پڕ بووبوو لەخۆڵوخاشاك، کاسە گڵێنەکەیان شکابوو. ئەو بەردانەی شوشەی پەنجەرەکانی دەشکاند نەدەزانرا لەکوێوە دێن، جگە لەوەش چەند کەسێك شاهیدی ئەوە بوون کەبەرمیلی گەرماوەکە کە لەتەنیشت چێشتخانەکەوە بوو کەوتە جوڵەو بووە حەوت هەشت پارچەوە، ئەدرا بەشوشەی پەنجەرەکانداو هەموویانی شکاند، بەردی یەك کیلۆیی کەبۆ ژێر تەباخی غاز هێنرابووە ژوور بەژوورەکەدا کەوتە گەڕان و لەم گۆشەوە بۆ ئەو گۆشە، سەرەنجام لەپەنجەرەکەوە چووە ژووری چێشتخانەکەو پەردەی پەنجەرەکەی کون

کردبوو، درابوو لەسەقفی چێشتخانەکە بەبێ ئەوەی شکانیان پێوە دیاربێت و ئەدرانەوە بەزەویدا، بەردەکانیان کۆدەکردەوەو دەیان خستنە دەرەوە، بەلام خۆیان دەگەڕانەوە ژوورەکە. دەبەی شیر لەژێر زەمینەکەدا پڕبووبوو لەبەرد، کۆمەڵێك دەڵێن ئامێری گەنم کووتان لەژێر زەمینەکەدا بۆ خۆی کەوتبووە کار.

زۆر لەوانەی لەوێدا بوون شتی سەرسوورهێنەریان بەچاوی خۆیان بینیبوو...کەس نەیدەتوانی ئەو رووداوە چارەسەر بکات. دواجار کارەکە گەیشتە ئەو ئاستەی ئەو ماڵە چۆڵ بکرێت، لێکۆڵەرەوەکان ئەوانەی زۆر لەبواری دەروونیدا ئیش دەکەن بێ پێچ و پەنا ئەو بەسەرهاتە ئەدەنە پاڵ ڕۆحەکان، هەرچەندە سوود وەرگرتن لەوەرگەڕاوەی دروستکراوی مەوجود کەلەپێشدا ئەو ڕووداوەیان دابووە پاڵ پەرییەکان نیشانی ئەدات، هاوشێوەی وەها سەرهەڵدانێك دەتوانێ ئەو ڕاستییە بسەلمێنێت کەدەڵێن، لەئیشوکاری ماڵدرۆحەا قاوەییەکان دەتوانن یارمەتی ئافرەت بدەن، هەروەها زیانیشمان پێ بگەیەنن. لەکتێبێکی فەرەنسی پەیوەند بەچەرخی حەڤدە واباس دەکات... ماڵێکی زۆرهەن کە لەژێر دەسەڵاتی ڕۆحە پیسەکاندان، ئەو ڕۆحانەی بەردەوام دەبنە ڕێگر لەبەردەم خەوو ئیسراحەتی دانیشتوانی ئەو ماڵەدا، ئەوان جام و کەوچك و کورسی و مێز هەڵدەگێڕنەوە، لەبیرەکان ئاو دەردێنن و دەیکەنە دەنگەدەنگ و کاشی ماڵەکان لێدەکەنەوە، بەرد دەهاوێژن، ئەوان دەچنە ژووری نووستن و دەگرین و جارجار وەك دەنگی مشك و گیانەوەران دەنگ بەرزدەکەنەوە، ئەوانەی

لەسەر جێگای خۆیان خەوتوون، لەسەر جێگەکەیان بەرزیان دەکەنەوە، لێفە یان بەتانیان لەسەر لادەبەن، پەردەی پەنجەرەکان لائەدەن، ئەو ئەرواحانە ڕێگرنابن مەگەر کێشەو دەردی سەر دروستبکەن، مرۆڤەکان تووشی دڵەڕاوکێ دەکەن و خەویان لێ دەتۆرێنن، هەندێ شت کەپێویستە دەیشکێنن، بەڵام ڕۆژی دووەم چاکدەبێتەوە.

* * *

((کولێن پارسۆنز))لەکتێبی((ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نەنانسراوەکان)) ڕیوایەتێکی نامۆیە لەبارەی ڕۆحە قاوەییەکانەوە کەیارمەتی دەرن لەئیشی نێوماڵدا. دەگێڕنەوە ژن و پیاوێك دەگوێزنەوە بۆ بینایەك، خاوەنی پێشووی پێیان دەڵێ کەئیشکەرێك لەچێشتخانەکەدا هەیە، پێش وەخت ئیش دەکات ویارمەتییان دەدات، بەڵام زۆری پێناچێت خۆیان ئەو ڕاستییە دەبینن.

کاتێك ئەوان لەسەر ئیش بوون قاپ و کەوچکەکان دەشۆران، ئامێری جل شتن ئیشی پێدەکرا و جلەکان دەشۆران و ئەخرانە بەشی وشککەرەوە. لەسەرەتادا((جنی بولتون))وای دەزانی خۆی ئەو ئیشانەی کردووەو لەکۆتاییدا لەبیری دەچێتەوە، ئەو چووە لای پزیشك دوای پشکنین و تاقیکردنەوە دەرکەوت سەلامەتەو هیچ نەخۆشییەکی لەبیر چوونەوەی نییە، تەنیا ئارامکەرەوەیەکی بۆ نووسی. ڕووداوی سەیرو سەمەرە بەردەوامبوو. ئێستە نۆرەی((پیتربولتون))بووە کەلای سەیربوو بەردەوام ژووری چێشتخانەکەیان پاکوخاوێن بوو، جلەکانی بەباشی دەشۆراو دەخرایە کۆمیدەکە.

کاتیٚ بلۆتۆن لەدەست ئەو هاورِیٚ نادیارانە بێزاربوو، بیرو هۆشی خۆی لەدەست دەرچووبوو، گۆرِانێکی کتوپرِ لەو بوونەوەرە قاوەییانە روویدا. تایتی جلشۆری لەسەر سەوزەلانییەکە بلاٚودەکرایەوە، حاڵەکە بەتەواوی گۆرِا ئەوەندە خراپەکاری لەماڵەکەدا رِوویدا ئەو ژن و پیاوە ناچاربوون ماڵەکە بۆ هەمیشە بەجێبهێڵن.

ئەم رِووداوە ئەوە دەسەلمێنیٚ، ئەگەر دانیشتوانی ئەو ماڵە رِێز لەو قاوەیانە بگرن، ئەوان لەئیشی ماڵدا یارمەتییان ئەدەن. کاتێك بێزار دەبن دەبنە بوونەوەرێکی بەئازار.

دوو داستانی تر ئەدەنە پاڵ پەرییەکان. چ کەسێك دەتوانیٚ بڵیٚ ئەوانە بەرپرس نەبوون ؟ لەبەرئەوەی ئەوانەی بەچاوی خۆیان دیویانە، راستگۆیانە ئەو رِووداوانە باسدەکەن لەسەرەتای دەیەکانی (١٩٧٠) ((چارلز ولیام)) لەنووسراوێکی بۆ گۆڤاری((کانتری مان))نووسی، ژوورێکی لە((کورن وال))هەیە کە لەچالاٚوەکان سوود لەئاو وەردەگرن، لەهاویندا لەگەڵ بێئاوی رِووبەرِوودەبیٚ دەیەویٚ کەسێك پەیدا بکات بۆئەوەی زیاتر بیرەکە واتە چالاٚوەکە هەڵبکەنیٚ، بەلاٚم کەسێکی قەدیمی خۆی ئامۆژگاری کرد سوود لەتیرکردنیان وەربگرێت ،لەسەرەتای مانگەوە چەند پارچە گۆشتێك لەدەوری بیرەکە دابنیٚ. ئاغای ولیامز ئەو ئیشەی کرد، ئەو کاتە ئاو گەیشتە لێواری بیرەکە. ماوەیەکی زۆربوو باران نەباریبوو، ئەو شەوەیش شەوێکی وشك و بێباران بووجارلس رایگەیاندکە((بەیانی کەچوومە لای بیرەکە ئاوەکە سیٚ مەتر زیادی کردبوو ، خەبەرێکیش لەدۆلکەی ئاوهەڵکێشان نەبوو))، تاکو

ئەوکاتەی شەوانی سەرەتای مانگ گۆشتی لەدەوری بیرەکە دابنایە ئاوەکە بێئەنداز زیادیدەکرد، بەڵام کاتێك چووە سەفەر ئەوەی پارێزگاری لەماڵەکەی دەکرد، سەرەتای مانگ گۆشتی دانەنابوو، بۆیە بیرەکەیان وشك و بێ ئاو بوو.

لەفەرهەنگی گشتی بەجێهێنانی سونەتەکانی خواردەمەنی بەمەبەستی دڵدانەوەی پەرییان کاریگەرییەکی باشی هەیە، لەنێو ئەو خواردنانەی بەشێوازێکی یاسای سونەتی سوودی پەرییانی تێدا لەبەرچاو گیراوە، بۆ نموونە کولێرەی جۆ لەسەر قەڵای ((ئەبردین)) دائەنرێ بۆئەوەی پەریانی پێ دڵخۆش بکات، هەروەها خواردنی تر بوون وەك چایی و پەنیر لەتەپەی ((مینج)) هەبوون، هەروەها شیری تازە دۆشراو لەسەر قەڵای پەرییان لە((هبریدز)) دانرابوو، بۆئەوەی ئەوانەی لەئێمە باشترن دڵخۆشبکەن، ئەگەر وەها دیارییەك پێشکەش بەپەرییان نەکرێت بەهەرحاڵ خۆیان شتێك پەیدادەکەن، هەروەك ئەو بەسەرهاتەی بۆ خانم و ئاغای کولمن پێشهات. ئەوان لەهاوڕێیانی "دی. أ. مك. منوس "بوون کە لەساڵی (١٩٣٨) لەنێو ئۆتۆمبیلە گەشت و گوزاریەکاندا چووبوونە سەفرە لە ئێرلەند. شەوێك لەگۆشەی شەقامێك ئاسوودەو ئارام لەناوچەی((لیتریم)) دەوەستن بۆئەوەی ئەو شەوە لەوێدا بحەسێنەوە، ژنێك لەو ناوچەدا دەژیا بەلایاندا ڕۆیشت، ئامۆژگاریکردن کە شتێك بۆ پەرییەکان دابنێن، بەڵام ئەوان لەیادیان نەما، بەڵام خانمی کولمن بڕیار ئەدات ئەو ڕۆنەکەرەیە لەدەرەوەی ئۆتۆمبیلەکە دابنێ لەبەر فێنکی، بۆیە نزیکەی دووکیلۆ کەرە دەکاتە

قاپێك و بەكەوچك ساق دەكات و دەورییەكی سەردەخات و بەردێكی دەخاتە ژێر ئۆتۆمبیلەكە دایدەنێ، بۆ بەیانی دەچێ بۆی، هەروەك دایناوە جام و دەورییەكەو بەردەكەی سەری ماوەتەوە، كاتێك دەورییەكە لادەبات تەماشادەكات سێ بەشی ئەو((كەرە))یە نەماوە، وەك ئەوەی كەسێك بەچەقۆ بڕیبێتی و بردبێتی، ئەوەندە بەشێوازێكی جوان و خاوێن كرابوو كە لەئیشی مرۆڤ و گیانەوەر نەدەچوو خانم وئاغای كولمن دوو سەگیان پێبوو، شەو تاوەكو بەیانی بەدەوری ئۆتۆمبیلەكەدا دەگەڕان و پاسیاندەكرد، بەڵام نەئەوان و نەخاوەنەكەیان ئاگاداری هیچ نەبوون، بۆیە مەجبور بوون باوەڕ بەوە بكەن كە ئەوە ئیشی پەرییان بووە.

باوەڕكردن بەبوونی پەرییان لەماوەی چەند چەرخ وزەمانێكدا بەقوڵی لەفەرهەنگی گشتیدا ڕیشەی داناوە، بەڵام سەلماندنی بینینی ئەوان سادەو ساكار نەبووە. لەوانەیە پرسیاربكرێت بۆچی نیسبەتی بچووكی دراوەتە پاڵ ئەوان، بۆ نموونە، ئەگەر جلێك زۆر بچووك بێت و زۆر لەبەركرابێت هیچ [دەربرینیك لەوە زیاترنییە هی كەسانێكی وردو جوانن، نموونەیەكی دیار كە((پێڵاوی پەرییانە))لەساڵی (١٨٣٥) لە((بیراپنین سۆلا [1]))لەخوارووی ڕۆژئاوای ئیرلەند پەیدابوو، كرێكارێك لەكوێستانێكی دوور كوڵی دەكێشا پێڵاوێكی زۆر بچووكی بینی كە درێژی بیست و پانی سێ سانتیمەتر دەبوو، پێڵاوێكی پیاوانە بوو

[1] Beara Peninsula

هاوشێوەی پێڵاوی پیاوانی چەرخی هەژدە پاژنەکەی بەهۆی زۆر بەکارهێنانەوە تەخت بووبوو، ئەو کرێکارە ترسابوو، دابوویە دەست کەسێکی تر دەست بەدەست گەیشتبووە زانکۆی هارڤارد لەئەمریکا، ئەویان خستبووەی ژێر میکرۆسکۆپ ئەو زانیاریەیان دەست کەوتبوو کە بەدەست چنراوە و مادەکەی چەرمە، ئەویش چەرمی پێستی مشك بووپێڵاوێکی تر کە لەزەلکاوەکانی ناوچەی دونگال دۆزرایەوە.

هەروەها کۆمەڵەشتێکی تر، کە ئەوانیش بەدەست دروستکراون بەهی پەرییەکان دەزانرێ، بۆنموونە ئاوێنەی بچووك و قاپێکی برنجی رەنگی هەیە و لەمۆزەخانەی((ئەسکاتیش هایلەند فالك))دایە و پارێزراوە، هەروەها((پیپ)) واتە سەبیلی بچووك لەقوڕدروستکراو تەنیا پەنجەیەکی باریکی بچووك دەچێ بەزارەکەیدا، هەروەها پیاڵەو ژێرپیاڵە سەتڵ و قاپ و کاسەو ژێرکاسەو چەندەها شتی تر کە وەك پێداویستی ماڵ، منداڵان ئەوەیان پەیداکردبوو. لە((فیریگلن)) یان((نیملس دین)) لەنزیکی((ملزور))لەخوارووی ئسکتلەند لەکاتێکدا لە سەحرای دەوری ڕوبارێك باران و ئاوی ڕوبارەکە خستبوونیە گۆشەو کەنار، منداڵان بەوە خۆشحاڵ بوون کە دۆزینەوەو پەیداکردنی ئەو کەرەسانە هۆکاری بەختەوەری دەبێ، لەبەرئەوەی بەهی پەرییانی دەزانن، هەروەها تیروشیرو پەیکان کەلەسەردەمانی کۆندا دروستدەکراو بەکاردەهێنرا، ئەوانەیش لەبەرد دروستکرابوون، ئەوانە بەزۆری لەبەریتانیا پەیداکراوە، پێیان دەوترێ((تیری پەری)).((ئیزابل گودی)) ساحیرەیەکی ئێرلەندییە دەیوت کە سەرزەوی پەرییانی دیوە، دەیوت

بەچـاوی خـۆی بینیویـەتی کـەتیرو پـەیکانیان دروسـتکردووە بەسەرپەرشتی شەیتان.

خواردنی ترکەبەیوەستەبە پەرییەکانەوە، بۆنموونە جۆرە قارجکیکی زەرد لەلاتینیدا بەناوی((تریملا))کە لەسەر شێوازی فەرەنگی ((خلنگ)) دەڕوێـت لەرۆژهـەلآتی ((ئینجلیـا))بـە((کـەرەی پـەرییان))بەناوبانگـە، هەرلەناوچەی بەریتانیا دووبارە ئەو پارچە تۆلآشەی گۆشەو کەناری دەریاکـان بـە((پارچـەکانی پەرییـەکان ناودەبـەن))، لـەکۆتایی ئـەو چەرخەدا یـەکێك لەونانانـە لەکەلاوەیەکدا دۆزرایـەوە، خـاوەنی ماڵەکـە بردیـەوەو بـەجوانی خـاوێنی کـردەوە، لـەلای زۆپـای ماڵەکـە داینـاو وابیردەکەنـەوە هـەر پارچـە نـانێکی لـەو جـۆرە لەماڵەکەیانـدا بێـت هیچکاتێك بیّ نان نابن، ئەو پارچانە بۆنێکی خۆشیان لێدێت، ئەوانەی ڕۆماتیزمیـان هەیـە بەجێگـەی ئازارەکەیـدا دەهێـنن وەك دەواو چارەسەرێکبۆلەشیان.

تایبەتمەندی ئەوە شتە دەستکردانەی((پـەرییان))ڕاستی بچووکی ئـەوان دەسـەلمێنیّ، لەفەرهـەنگی گـشتی مرۆڤـدا هـاتووە کۆمـەڵێك لەپەرییەکان وردو شێوازێکی تایبەتن، بەردەوام وانییە، ئەگەر بڕیاربێت شتە بەدەست دروستکراوەکانی ئەوان لەبواری ئەندازەییەوە وەك هاوتا مرۆڤەکـەیان بێـت کـیّ دەتـوانیّ ئەوشـتانەی ئـەوان لەکەلوپـەلی مـرۆڤ خـاوێن بکاتـەوە ؟! دەسـتکاری پـەرییان بـەزۆری شـایەنی بینینـە نـەك بەردەوامبون، بـەلآم بەلْگـەی فیزیایی بەسـوود بەتـەواوی بـەر جەسـتەیە تـاکو ئێـستا جەسـتەیەکی ئـەوان بەدەسـتنەکوتووە، جارجـار لـەبازاڕی

مەکربازەکاندا بانگەشەی ئەوەدەکرێت کە جنۆکەو پەری لەبازاڕەکاندا نمایشکراوە وەك پەرییەکی زیندوو سەدو پەنجا ساڵە کەڕواڵەتی بەئەندازەی منداڵێکی یەك مانگەوە بووە، شەست ساڵ لەمەوپێش پەیدایان کردووە.نهێنییەکانی ئەو، مرۆڤ توشی سەرسامی دەکات، جمگەی نەبووە، چەند ناتەواویەکی تریشی تێدابووە.

وێنە هەیە کەدەڵێن وێنەی پەرییانە، کۆمەڵێك لەوانە لەبەشی شەشەمدا باسکراوە، بەلاّم بەشێکی زۆر لەمرۆڤەکان لەوە بەگومانن ئەوە بە ساختەکاری دادەنێن، بەهەرحاڵ بۆچوون و هەواڵی جۆربەجۆر بوونی هەیە کەلەڕاستیدا جنۆکەوپەرییان بینیوە، لەبەشەکانی دواییدا چەند بەشێکمان باسکردووە، جیاواز لەو بەڵگانەی کەلەبوونی ڕاستی جنۆکە و پەری دەستکەوتووە، لەچەرخەکانی ڕابردوودا ملوێنان مرۆڤ لەسەرانسەری دنیادا باوەڕیان بەبوونی ئەوان هەیە، بەشێکی زۆر لەم دواییەدا ئەوانەیان بەچاوی خۆیان دیوە. ئێستاش لەسەر ئەو بیرو بۆچوونەن.

بەشی دووەم

((هەڵپەڕینی پڕجۆش و خرۆش))

هەواڵ و زانیارییەك لە((بەریتانیاو ئێرلەند)) پێش چەرخی بیست.

بەشەکانی پێشوو ناوەڕۆکی مەبەستێکی ڕاستی فەرهەنگی گشتی بوو، بەڵام خوێنەران ئێستەیش لەدوودڵیدان، تەنانەت لەبەشی یەکەم و ڕووداوەکانی هیچ لەوباس و بەسەرهاتانە تەواوئاشکرانین. لەوانەیە کۆمەڵە مرۆڤێك بتوانن جنۆکەو پەری ببینن کە لەڕوانگەی تەواو دەروونناسی وەك بەخشیش و خەلاتێکی خوایییەوە پێیان درابێت، لەبەرئەوەی بوونەوەری بچووك وەك مرۆڤ حاڵەتێکی جەستەییان نییە.

زیاتر هەواڵ و زانیارییەکان پەیوەندە بە پێش ساڵەکانی (١٩٠٠) لەخۆگرتووی ئەفسانەکانی باسکراو بوو، کە ئەمڕۆ سەلماندنی ئەوە سادەنییە، کۆنترین مەبەستێك کە نەمدەتوانی پەیدای بکەم، هەواڵی بڵاوکراوەکانی هارت ەو، پەیوەند بەچەرخی حەڤدەوە، کاتێ تەماشای ڕەقس و هەڵپەڕینی پەرییانی دەکرد، ئەوان ئەویان ئازار ئەداو نوچڕکیان لێگرتووە. هەر لەو دەورانەدا کە هارت لەگەڵ پەرییان تووشی کێشەبوو ئیزابلی گۆدی سیحربازی ئەسکتلەندی خەریکی

کۆکردنەوەی زانیاری بووە لەسەر ناسینی بوونەوەرێکی بچووك لەساڵی (١٦٦٢) کاتێ باوەڕ بەساحری ئەو کراوە ڕوونیدەکاتەوە لێرەدا بەشێك لەوە دوای وەرگێڕانی لە زمانی ئینگلیزییەوە بە واقعی تاوتوی دەکەین.

ئیلزابیل دەلیت((من لەقەلاًی پەرییان بووم لەشاژنی پەرییان گۆشتم وەرگرت، بەشێکی زۆربوو نەمدەتوانی هەمووی بخۆم، شاژنی پەرییان جلێکی کەتانی سپی و قاوەیی لەبەردابوو، شای پەرییان و جنۆکەکان کەسانێکی باش و بەخشندە بوون... بەڕوویەکی گەشوکراوە، پەری و جنۆکە هەبوون لەسەر شێوازی گاو گوێرەکە هەڵدەسووران و سەروخواریاندەکردو منیان تووشی کێشەی نەفسی کردبوو.

لەبواری چەکی پەرییان کەشەیتان بۆ خۆی بۆی ئامادەئەکردن و ئەیدایە دەستی بەچکە جنۆکەکان تا بەشتێکی تیژ ئەوان ساف بکەن، وەکو شوژن، شەیتان تیری زۆری دابوو بەئێمە.... ئێمە کەوانمان نەبوو تاکو تیری پێ بهاوێژین، ئەوەمان بەنینۆکی گەورە دەهاویشت، جاری وا هەبوو تیرەکە نیشانی نەدەپێکاو بەهەڵەدا دەڕۆیشت، ئەگەر لەکاتێکدا ئەو تیرە لەمرۆڤ یان لە گیانلەبەر بدرایە دەیکوشت، ئەگەر پۆلاًشی لەبەردا بوایە..

لەساڵی (١٧٠٥) ((جان بیومۆنت))کتێبی بەناوی نارۆکی داستانێك لەبارەی جنۆکەو پەریەکان و ڕوبەڕوبونەوەیان بلاًوکردەوە، ئەو خۆی بۆچوونی وا بوو کە ئەوانە جنۆکە وپەری بوون، دەڵێ : ئەوانە بوونەوەرێك بوون بەڕەنگی قاوەیی، بالاًیان نەوەد سانتی مەتر

دەبـــوو، جلێکـــی تـــۆڕی و فـــراوان بـــەڕەنگی ڕەشـــیان لەبـــەردابوو، کەمەربەنـدی پانیـان بـەڕەنگی قـاوەیی بەپـشتیانەوە بەسـتبوو، ڕەنگـی زێڕی لەژێر ئەو تۆڕەدا دەبینرا تـاکو ئاسـتێك شـەوقی ئەدایـەوە، کـڵاوی کەتانی سپی و حاشیەدار بەسـەریانەوە بوو، بەسـەر ئەویشدا تۆڕێکی ڕەشیان بەسەردا دابوو. کڵاوەکەی پیێ داپۆشرابوو.....

ئـــەو لەکاتێکـــدا ئەوانـــەی بینیبـــوو لەباخێکـــدا بازنـــەیان دابـــوو هەڵدەپـــەڕین و گۆرانییـــان دەوت، بـــەڕیز دەســـتی یـــەکترییان گرتبـــوو ڕوویان لەیەك نەبوو، ئەو لەوانی پرسیبوو ئێوە چین ؟ وەڵامیان دابۆوە، ئەوان بوونەوەرێکی بەرزو گەورەتر لەمرۆڤن و دەتوانن لەسەر کاروباری ئێمـــە کاریگـــەرییان هـــەبێت و جێگـــەیان لەئاسمانـدایـــە. لـــەبارەی لێدوانەکەی جان بیومونت پەیوەست بەپەرییان، وادێتە بەرچاو ئەو لەخـەودا تەماشـای کردبـێ یـان لەخـەیاڵاتا، لەوانەیـە توانـای ئـەوەی نەبووبێت خەیاڵات یان ڕاستییەکان لەیەك جیابکاتـەوە، بەڵام ڕاسـتی و شاهیدی دوایی، قەشەیەکی بەڕێزە کەلەچەرخی هەژدەدا ژیاوە، ماوەیە ك بەرپرسی فەرهەنگەکانی ((ئیندپیندت)) لە((ڕوترهام))بووە.

بـاوکی ڕۆحـانی دکتـۆر((ئـەدوارد ویلیـامز))لـە((بەدفـەڕی))لەسـەروی ویلـز چـاوی بـە دنیاهـەڵهێناوە، ڕووداوێـك باسـدەکات کەلەسـاڵەکانی (١٧٥٧) کاتێك ئـەو تەمـەنی حـەوت سـاڵ بـووە ڕویـداوە. ئـەو ناچـاربوو لەدوایدا ئەوە لەڕیزی((نادیارەکان))باسبکات.

دەنوسـیت لـەڕۆژێکی باشـی هاویـندا، تەقریبـەن ناوەڕاسـتی هـاوین، لـەنێوان کاتـژمێر دوانـزە تـاکو یـەکی دوای نیـوەڕۆ، مـن و خوشـکێکی

گەورەترم لەگەڵ دوو منداڵی دراوسێکەمان بەناوی((باربارا و ئەیوانن))هەردووکیان لەمن گەورەتربوون، لەنێو کێڵگەیەکدا بەناوی((کائی کلد))کە لەنزیکی ماڵ ئەواندا بوو، بێ خەبەر لەهەموو شتێك لەژێر درەختێکدا خەریکی یاریکردن بووین زۆر لەوکەڵەکە بەردەوە دوور نەبووین کەکۆتاییەکەی بۆ دەرگای ماڵەوە بوو، لەناکاو یەکێك لەئێمە لەنێو باخ و کێڵگەکەدا کۆمەڵێکی بینی، نازانم ناوی لێبنێم چی، نەژن بوون نەپیاو، نەمنداڵ، بەشەوق و زەوقەوە هەڵدەپەڕین، نزیکەی سەد مەتر لەئێمەوە دوور بوون. حەوت هەشت جووت بوون، واتە چواردە تاشانزە کەس، بەڵام بەهۆی ترسی خۆمان و توندو تیژ هەڵپەڕینەوە نەمان دەتوانی بەباشی ژمارەیان بزانین. هەموویان جلی سووریان لەبەردابوو، بەڵام لەجلی سەربازی نەدەچوون کڵاویان نەبوو، بەڵام لەچکیان بەسەرەوە بوو، بەڕەنگی سوورو گوڵی زەرد، هەموویان جلی هاوشێوەیان لەبەردابوو.دەستەسڕی سپییان بەدەستەوە بوو، وادەردەکەوت لەئێمە بچووکتربن، بەزۆری وەك منداڵ نەدەهاتنە بەرچاو، ئەوان وەك کورتەباڵاکان دەبینران. بەبینینی ئەو دیمەنە ترسناکە، بەسەرسووڕمانەوە لەیەکترمان دەپرسی، ئایا ئەمانە دەبێ چی بن، چونکە ئەوکاتە نە کاتی شەو بوو تاکو بڵێین سەربازن، نەکاتی شایی و هەڵپەرکێ. لەهەمووی گرنگتر ئەوەبوو لەگەڵ مرۆڤدا جیاوازییان زۆر بوو، هەرچی بێ، بەبێزارییەوە دەستمان لەیاری هەڵگرت و بەرەو ڕێگەی ماڵەوە ڕامان کرد، بەڵام هەرهۆشمان لای ئەوان بوو، لەناکاو یەکێك لەوان بەڕاکردن بەرەو لای ئێمە دەهات، من

لەبەرئەوەی لەوان بچووکتربووم لەدوای ئەوان گەیشتمە لای پلەکان، ترس و خۆفی من باسی لێوە ناکرێ. ئەو پەرییە بێبەزەییە تەواو لەنزیکی من بوو، دەستی دەگەیشتە پاژنەی قاچی من، دەمتوانی بەباشی ئەو ببینم، پیرێکی دەموچاو چرچی ناشیرین بوو، لەبینینی ئەو تەواو ترسام و هاوارمکرد،خوشکەکەم و دوو کچەکەی تر هاواریان دەکرد، ئەو بوونەوەرە ناشیرینە لەسەر پلەی باخەکەوە بەلای خۆیدا ڕای دەکێشام. بەهەرحاڵ، هەرچۆنێ بوو خۆمان ڕزگارکرد، هەرچەند ئەو شەڕخوازانە دەیانویست ئێمە بگرن. بەو حاڵەوە گەیشتینە ماڵ، ئەو بەسەرهاتە ترسناکەمان گێڕایەوە، ئەوان یەکسەر لەگەڵ ئێمەدا بەرەو باخەکە دەڕۆیشتین، بەلام هیچ نیشانەیەکمان لەوانە دەست نەکەوت.

ئەگەر دکتۆر ولیامز بەڕاستی ئەو بەسەرهاتەی هاتبێتەوە یاد و تێکەڵی نەکردبێ لەگەڵ بەسەرهاتی پەرییان، لەو بوارەدا ناتوانرێ وابەئاسانی ڕوونکردنەوەی لەبارەوە بدرێ، مەگەر بڵێین منداڵەکان بەڕێگەیەکی ترو بۆ ماوەیەکی کەم دەتوانن بەجوانی تەماشای شتێك بکەن کەگەورەو بەتەمەنەکان توانی ئەوەیان نییە.

لەچەرخی هەژدە لەنێو باخچەو کێڵگەیەکدا لەدوورگەی ((مان)) پیاوێك کە ئەوکاتە باوەڕی بەبوونی((جنۆکە وپەری))نەبوو، بوونەوەرانێکی سەیرو سەمەرەی بینیبوو.لەکاتی بازبازێندا بوون، ((جورج والدرونی) ئینگلیزی لەساڵەکانی (١٧٢٠ – ١٧٣٠) بەرپرس و چاودێری داهاتی هاتوو ڕۆیشتووی ولات بوو بەپلەی نوێنەری

دەوڵــەتی بــەریتانیا، دانیــشتووی دوورگەیــەك بــوو، ئــەم ڕووداوەی گێڕایەوە :

دراوسێیەکم هـەبوو هیـچکات بـاوەڕی بـە جنۆکەوپـەری نـەبوو، ئـەو بۆچوونانەی ڕەتدەکردەوە، هیچ باوەڕێکی بەبوونی ئەوانە نەبوو، بـەڵام دوای ماوەیــەك بەدڵنیاییــەوە بــوونی ئــەوانی بــاوەڕدەکرد و تەئیــدی دەکرد،لەبەرئەوەی بۆ خۆی شاهیدی بەسەرهاتێك بوو.

ئـەو چـەند بوونـەوەرێکی بـچووکی لـەنێو کێڵگـە و سـەوزەڵانیەکدا بینیبـوو کـە خـەریکی یـاری و بازبـازێن بـوون، چـەند مـەترێك لـەو دوور بـوون لەسـەر بـەردەکان یارییـان دەکـرد، لەپێـشدا وایـدەزانی منـاڵانی قوتابخانـەن، بڕیاریـدا بـچێتە لایـان و قسەیان پێبڵـێ، بۆچـی نەچوونە قوتابخانـە، ئـەو دەیـوت، سـەعات سـێ بـۆ چـواری دوای نیـوەڕۆ بـوو. کاتێـك بەتـەواوی لێیـان نزیکبـۆوە، ئـەوان ونبـوون و دیارنـەمان، ئـەو دەیـوت کاتێـك بـەرەو لای ئـەوان دەچـووم بـەردەوام تەماشـام دەکـردن، لەوناوەدا جێگەو پەناگەیەك نەبوو کە ئەوان خۆیانی تێدا حەشار بدەن، زەوییـەکی پـان و بـەرین بـوو، چاڵو چۆڵ و تەپۆڵکـەی لـێ نزیـك نـەبوو، هەوا ساف و جوان بوو، دنیا ڕووناك و هەتاوی بوو.

پیاوێـك لـە((ئیلـك لـی ولـن))لـەڕۆژاوای((یورکـشایر)) بەرپرسـی گـەرماوێك بـوو کـە ئـاوی کـانزای بـوو، کۆمـەڵێك جنۆکەوپـەری کـەجلی سـەوزیان لەبـەردابوو، زۆرتـر شـێوەیان لـەمرۆڤ دەچـوو، دیبـوونی، بەیانییـەك زوو بـوو، ولیـام باترفیلدەیویـست دەرگـای گـەرماوەکـە بکاتەوە، دەبینێ کلیلەکە لە کێلونەکەدا دەگەڕێ و سووڕدەخوات، ئەو

تەواوی بەسەرهاتەکە بۆ((جان دابسۆن)) گێڕایەوە، ئەوەی لەخوارەوە باسدەکرێ لەدابسون دەگێڕێتەوە.

ئەو دەیویست دەرگاکە بکاتەوە، کاتێك نیوەی دەکردەوە دووبارە پێوەئەدرایەوە. بەوپەڕی هێزوتوانایەوە دەرگاکە تەکان ئەداو پالی پێوەدەنێ تاکو بیکاتەوە، دەرگا بەتوندی درا بەدیوارەکەدا، چ دیمەنێکی پڕ لەهەراوهوریایە !، بوونەوەرانێکی بچووك لەنێو ئاوەکەدان، سەرتاپا سەوزبوون، بالآیان چل و پێنج سانتی مەترێك دەبوو، لەحالەتی قسەکردندا بوون، وا دەردەکەوت خۆیان دەشۆری بەجلەکانیانەوە، لەناکاو دووان لەوانە وەك سمۆرە بازیاندایە سەردیوارەکە، دەستیان کرد بەڕاکردن بەملاولادا، دیاربوو دەیان ویست ڕابکەن، لەهەمانکاتدا دەیان ویست ئەوانی تریش ئاگاداربکەن. باترفیلد بەدەنگی بەرز هاواردەکات و دەیەوێ قسەبکات یان شتێك ئەنجام بدات، بەلآم تەنیا توانیبووی سەلامبکات ! هەر لەوکاتەدا کۆمەلێ پەری سەرلێشێواوانە دەیانەوێ ڕابکەن، لەکاتێکدا دەنگیان وەك دەنگی کەو وابوو، دیمەنێکی نائاسایی بوو، باترفیلد دەیوت توانای ئەوەم نەبوو بەدوایاندا بچم، کاتێ سەرچاوەی ئاوەکە ئارام بووەوە بەرەو دەرەوە ڕادەکات و تەماشادەکات بۆ ئەوەی بیان بینێ و بزانێ بۆکام لا دەڕۆن، بەلآم شتێك نابینێ، دووبارە دەگەڕێتەوە گەرماوەکە تابزانێ شتێك بەجێماوە یان نە، بەلآم بەلگەیەکی دەست ناکەوێ. ئاوەکە ئارام و ڕوون بوو وەك ئەوەی لەپێشدا بەجێی

هێشتبوو، ئەو خەریکی ئامادەکردنی ئاوەکە بوو، بەڵام بیری لای ئەوان بوو جارجار تەماشای دەرەوەی دەکرد، بەڵام هیچی نەدەبینی.

بەجۆرێکی چاوەڕواننەکراو پەرییەکان لەسەر ڕێگەی مرۆڤ پەیدا دەبن، ڕاستی ئەوەیە مرۆڤەکان جارجار غافڵگیرانە لەگەڵ ئەواندا ڕووبەڕوو دەبن. لەوانەیە بێتوانایی فکری بەمەرجی پێویست بۆ بەسەربردنی حاڵەتی زۆر دەروونناسی بێت. ڕێبوارێکی تاك وتەنیا نموونەیەکی باش بۆ ئەو حاڵەتە لەبەرچاودەگرێ. لەشەوێکی مانگەشەودا لەساڵی (١٨٤٢) پیاوێك لەدانیشتوانی((سافك))((شارێکە لەڕۆژهەلاتی بەریتانیا))دەگەڕایەوە بۆ ماڵ تووشی بوو بەتووشی کۆمەڵێ پەرییەوە.

دە تا دوازدە کەس بوون... لەهەموویان باڵابەرزتر نەوەد سانتی مەتر دەبوو، بچووکەکەیان وەك بووکەشوشەیەك وابوو، جلەکانیان کچانەبوو، وەك هی تیاترۆخانەکان، پوڵەکەداربوون، دەبریسکانەوە، دەست لەنێو دەست بەبازنەیی دەسوورانەوە، دەنگیان نەدەبسترا، وا دەهاتە بەرچاو سووك و سادەن، وەك جەستە وەزنیان نەبووە، هەروەها بەرەو پێش دەڕۆیشتن. لەبەرخۆمەوە بیرم دەکردەوە کەخوای گەورە بەرانبەر بەمن میهرەبانی نواندووە، بەدڵنیاییەوە ئەوانە جنۆکەو پەری بوون، لەبەرئەوەی من لەم ڕێگەدا تەنیام دەتوانم بەئاسانی ئەوان ببینم، هەروەها کەتەماشام دەکردن لەپلەکان سەرکەوتم ئەوان هەرلەوێدا دائیرەیان دابوو، ڕامکرد بەرەو ماڵ، سێ کەسم بانگکرد تا لەگەڵمدا بێن و ئەوانە ببینن، بەڵام کاتێك گەڕامەوە لەوێدا کەس نەمابوو.

لەڕواڵەتیان شتێکی تایبەتیم نەدەبینی. دووری من تەنیا سێ چوار مەتر بوو، ئەم دەویست بوەستم و لەوان وردبیمەوە، ئەوکاتە من عەقڵم بەتەواوی سالم و سەلامەت بوو، بەتەواوی ئاگام لەهەڵسوکەوتی خۆم بوو، وشیاربووم.

لەچەرخی نۆزدە شاهیدی تر هەبووە لەنزیکەوە بەسەرهاتێکی وای بینیوە، بەسەرهاتەکە نەقڵکراوە، گێرەرەوەکە باوەڕپێکراوە، بۆیە ئەوە بەڕاست و دروست دەزانم.

یەکێك لەخزمانی ئەو بێژەرە کە بەپێچەوانەی زۆرینەی مرۆڤەکانەوە باوەڕی بەخەرافات نەبووە، بەتەواوی باوەڕی بەوە هێنا کە جارێك جنۆکەیەکی ڕاستی بینیبوو بێئەوەی وردی جادووگەری خوێندبێت. لەهاویندا لەبەرزایی جێ ڕاوگەیەك لە((مۆر))لەنزیکی((بلاك برن))لەدەوری پاشماوەی ئۆردووگای((ڕۆمان))بووە کەچاوی بەبوونەوەرێکی کورتە بالا کەوتووە جلی ڕاوی لەبەردا بووە، جزمەی درێژو مامزەدارو چاکەتی سەوزو کلاوی چەرمی سوور قەمچییەکی بەدەستەوە بوو، گورجوگۆڵ ئازا بەڕێدا دەڕۆیشت. ماوەیەك لەو دوور بوو، لەناکاو بەسەر دیوارێکدا بازیدا بەرەو شیوو چۆڵییەك لەبەرچاو ونبوو. مرۆڤەکان لەو باوەڕەدان لەو ناوچەیەدا شارێکی ژێر زەوی هەیە، بوومە لەرزە بۆتە هۆکاری ئەوەی ئەو ئۆردووگایە بکەوێتە ژێر زەوی.ڕۆژێکی تایبەت لەساڵدا مرۆڤەکان دەنگی زەنگ دەبیستن و بەردی درێژ لەنێو ئەو چاڵانەدا بەشێوازێکی جوان بەرچاو دەکەون، کە نیشاندەری تێکچوونی شارێکە بەهۆی بوومەلەرزەوە، لەلایەکی ترەوە

پـەرییان لەکوێـستانەکان بـەجلی سـەربازییەوە دەبینـرێن و لەحاڵـەتی ڕێپێواندا. ئەو سەرهەڵدانە نیشاندەری هەلومـەرجی شارێکە لـەدەورانی داگیرکاریدا لەساڵی(١٧٤٦ – ١٧٤٥).

لەسەرەتای ئەم چەرخەدا، ((دەبلیو وای وینتز))لەئێرلەند، مەبەستو زانیاری لەبارەی پەرییانـەوە کۆدەکردەوە ،((نیـل کالتۆن))کە ئەو کاتـە هـەفتاو سـێ سـاڵ تەمـەنی بـوو ئـەوەی لـەنزیکی کـەناری((لـودرگ)) لەناوچەی((دانگلْ)) بینی بوو کـە بۆ ونتزی باسکردبوو، دیـارە ئـەو ڕووداوە لەناوەڕاستی چەرخی نۆزدەدا ڕوویداوە.

ئەوکاتە منداڵ بووم، ناوەڕاستی هاوین بوو، ڕاست پـێش ئاوابوونی خۆر لەبەرزاییەکدا لەگەڵ براکەم و کچەکەی ئامۆزام گوڵمـان دەچـنی، بێئاگـا لــەناکاو دەنگــی مۆســیقایەك کەوتــە بــەرگوێمان. بــەخێرایی ئـەوناوەمان جێهێشت لـەدووری بیست مـەتر، حـەوت هەشـت جنۆکـە و پەریمان بینی خـەریکی هەڵپـەڕین بوون، کاتێك چاویان بەئێمە کەوت، ژنێکی کورتەباڵا سەرتاپا سوور بەرەو لای ئێمە هات و شتێك وەك نـەی وابـوو ڕەنگــی ســەوزبوو دای بەســەری کــچەکەی ئامۆزامـدا، بەوپــەڕی هێزمانەوە بەرەو ماڵ کەوتینە ڕاکردن. کاتێك گەیشتینە ماڵ کـچەکەی مامم لەسەرخۆچوو، باوکی ڕۆحانی رایان هات و پارچـەیەکی بـەدەوری ملیا بەست و کەوتە دوعاو پاڕانەوە بۆی و بەپارچە قوماشێك لێی ئەدا، بەوجۆرە هاتەوە سەرخۆ، پیاوە ڕۆحانییەکە دەیوت گەردەستی براکەمم نەگرتایە بۆ هەمیشە دەمردن.

لەنیوەی چەرخی نۆزدە،چاوپێکەوتنێکی هاوشێوە لەگەڵ جنۆکە و پەری ڕوویدا. لەویلز زانیارییەکی باش لەبارەی پەرییەکانەوە کۆکرایەوە، بەڵام داستانەکانی بەشی یەکەم ئەوەندە زۆرنین. ئەم داستانە وانیشان دەدات ئەو بەسەرهاتانە لەجەوێکی جیاواز لەجیهانیماددی ڕوودەدات.

پیرە مێردێك بەناوی((جانجۆنز)) کە لە((لاندی ینول)) دە کیلۆمەتر لەدووری((ئەبریت ویت)) دەژیا ئەو گەنج بووە تەمەنی نزیکەی هەژدە ساڵ بووە، لەنێو کێڵگەکەی کەجێگەیەك بوو بەناوی((پرترێن)) لەونزیکەدا ببووە خزمەتکاریك ئیشی دەکرد. شەوێك دوای نانی ئێوارە چوو بۆلای بەرگدروویەك بۆ ئەو جلانەی بڕیاربوو بۆی بدروێ، بەڵام کاتێ دەچێ جلەکان تەواونەبوون، ناچاربوو بۆ ماوەیەکی زیاتر بمێنێتەوە تاکو جلەکانی تەواو دەبێ. شەوێکی خۆش ومانگەشەو بوو، کاتێ ئەو دەگەڕێتەوە بەرەو ماڵ، کاتێ بەلای ڕاوگەیەکدا بەناوی((رزرید))، بەجۆرێکی ڕێکەوت تەماشای دوای خۆی دەکات، دوو پیاوی جوان دەبینێ سەری سووردەمێنێ، ئەوان بەدوای ئەوەوە بوون، لەپێشدا وا تێگەیشت کە ئەوانە کوڕانێکن ودەیانەوێ بیترسێنن، بەڵام ئەو کاتەی نزیکدەبنەوە لەشەقامەکە لائەدەن و دەست ئەکەن بەهەڵبەزین و سەما کردن، بەدەوریدا دەگەڕێن، ئەوانە جلەکانیان سپی بون ئازاو چالاك بوون، ئەو پیاوە بەتەمەنە وای دەگێڕایەوە کە ئەوانە جوڵەیەکی نائاساییان هەبووە،دڵنیا بوو کە ناگونجێت ئەوانە مرۆڤ بن.،کاتێك بەخێرایی دەگەڕێتەوە ماڵ بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە، هەموو

ئەندامانی بنەماڵەکە ئەوە دەسەلمێنن کە ئەو لەگەڵ جنۆکەو پەری ڕووبەڕوو بووە.

بەپێچەوانەی ئەو ڕوبەڕوو بوونەوانەی پێشوو، ئەوە لەڕوانگەی بینەرانەوە لەپێش سرووشتەوە نەبووە. ئەوان بەبنینی ئەوانەی ئاوا سەیرو سەمەرە ڕەفتاردەکەن لایان جێگەی گومانبووە، بەلاّم ئەوە بەدڵیاندا نەهاتووە بیریان لێنەکردۆتەوە کە ئەوان لەگەڵ شتێکی نائاساییەوە بەرەو ڕووبوون. بەهەرحاڵ ئەوەی کەباسی لیوەدەکەن شتێکی ئاساییە وەك سەماو هەڵپەڕینی پەریەکان کەلەپێشدا باسی لێکراوە. یەك پرسیاری بێ وەلاّم ئەوەیە، بۆچی بەزۆری لەکاتی هەڵپەڕیندا پەرییەکان دەبینرێن ؟

لەئۆگستۆزی (١٨٦٢)((دیوید ئەیوانز و ئەیوان لوئیس)) بەئەسپەکانی خۆیانەوە لە(کرانەی کاردیگانشایر))، چوون بۆ((بریکن)) بۆ ئەوەی داربێنن بۆ دروستکردنی بەلەم، تاکو ((نیوکۆی)) ڕۆیشتن، لەگەڕانەوەیاندا کاتێ لەلای((کارمارتنشایر))تیدەپەڕین لەناوچەیەك بەناوی((کمدر))، لەشەقامێك کە((للاندرا))بە((لام پیتر)) دەبەستێتەوە، کەمێك دەوەستن و دەحەسێنەوە کات دووی پاش نیوەڕۆ دەبێ ئەو دوانە بەئەسپەکانیانەوە بەرانبەر باخچەو کێڵگەیێك بەناوی((میست واینوگ))ئارام دەگرن، هەر لەونزیکانەوە کۆمەڵێك جووتیار خەریکی دروێنەی گەنم دەبن دیوید ئەیوانز تەماشای ئەملاولا دەکات، لەداوێنی تەپۆڵکەیەك خەرمانێك دەبینێ وا تێدەگات خەرمانی گەنم و جۆیە، بەلاّم ئەوەندە تەماشایان دەکات دەبینێ

دەجوڵێن، ئەو وا دەزانێ ئەوانە دروێنە دەکەن، هەموویان جلی یەك ڕەنگیان لەبەردایە، لەکوێرە ڕێیەکەوە بەرەو لای سەرووی تەپۆڵکەکە دەڕۆیشتن. دیوید ئەیوانز هاوڕێکەی لەوە ئاگاداردەکات،دەڵێ:بەبڕوای تۆ ئەبێ ئەوانە چی بن. بەڵام پێش ئەوەی بڕیارێك بدەن دەبینن کەسێك لەوان جیا دەبێتەوە بەرەو سەر گردۆڵکەکە دەڕوات کاتێ دەگاتە سەرەوە ئەوانی تریش دەگەنە لای هەموویان دەکەونە جوڵەو هەڵپەڕین ماوەیەك بازنەیی هەڵدەپەڕن، دوای کەمێك یەکێك لەوان جیادەبێتەوە بەتەنیا هەڵدەپەڕێ و سەمادەکات. دوای ئەو یەك بەیەك ئەوانی تریش وا دەکەن نەتیجەیەکی بەئەندازەی بزمارێکی گەورە بچووك دەبنەوەو دەچن بەناخی زەویداو لەبەرچاو وندەبن، دوای ماوەیەك یەکێك لەوان وەك مشکی زەوی سەردەردەهێنێ و تەماشای دەوروبەرەکەی دەکات. سەرئەنجام یەکەیەکە ئەوانیتریش پەیدا ئەبن، وەك جاران بەدوای ئەودا دەڕۆن و وەك جاری پێشوو ماوەیەك هەڵدەپەڕن، دووبارە لەناخی زەویدا وندەبن. ئەو دوو مرۆڤە لەدووری دووسەد مەتر تەماشای ئەوانیان دەکرد و سەرسوورهێنەر بوو، ئەوان وابیریان دەکردەوە ئەوانە مرۆڤن چونکە شتێکی سەیروسەمەرەیان هەبوو. ماوەیەك تەماشایان دەکردن، کاتێك لەبەرچاو نەمان ئیتر نەیان بینینەوە.سەرئەنجام دەگەڕێنەوە لەڕێگە تووشی پیرەمێردێك دەبن لەنزیکی شەقامەکە خەریکی ئیشکردن بوو، ئەوان پرسیاری لێدەکەن، لەبارەی ئەو کۆمەڵە مرۆڤە لەسەر ئەو تەپۆڵکەیە هەڵدەپەڕن، پیرەمێردەکە وەڵام ئەداتەوە من هیچ زانیاریەکم لەوانە نییە، بەڵام

باوەگــەورەم دەیــوت لەوێــدا جنۆکــەو پــەری هــەن لەوێــدا بینــراون هەڵدەپەڕن و شایی دەکەن.

دوای تووشـبوونی پـەری و جنۆکـه لـەکاتی هەڵپەڕینـدا لـەڕۆژئاوای ویلز دوو ڕووداوی دوایی لەبارەی دوورگەی (مَن) ە کە پـەریان لەوێدا جلی سووریان لەبەردەکرد لەساڵی ١٨٧٠((تی. سی. کرمود))کە یـەکێك بوو لەئەندامانی پەرلـەمانی((مـنکس)) ئەوەی کەبینیویـەتی ئاوا باسـی لێدەکات.

زۆرکەس لەو باوەڕەدان ئەم دوورگەیە پڕ لەجنۆکەو پـەریین، بـەبڕوای من سەرچاوەی ئەوباوەڕە بەهۆکاری سرووشتی ئاووهەوای ئاسایی ئەو ناوچە وڕووداوی سەیرو سەمەرە هەیە کە بۆ خۆم تووشی بووم.

ماوەی چل ساڵ لەمەوپێش شەوێك لەمانگی ئۆکتۆبەر من و کـوڕێکی گەنج لەنێو کۆمەڵە کێڵگەێکەوە بەرەو مـاڵ دەڕۆیـشتین لەشـەقامی((گلن هلـن))لـەنزیکی کێڵگـەێك بـەناوی((بـی))تێدەپـەڕین، بەیەکـەوە قسـەمان دەکـرد، هاوڕێکـەم چـاوی کـەوت بەوبـەرە،وبارەکـەو وتــی :((ئـای ! بڕوانە. ئەوانە جنۆکە وپەریین. ئایا تاکو ئێستا ئەوانـەت بینیـوە ؟))مـن تەماشای ئەولای ڕوبارەکـەم کـرد چـرایەکی زۆرم بـینی کـە وەك شتێکی سروشـتی و ئاسـایی بەرچـاو نەدەکـەوتن. ئـەو شـەوق و ڕوناکییـە وەك ئـەوە وابـوو کـەپیاوانی خـودا باسـی لێوەدەکـەن، بـەنوری ئاسمـانی یـان ڕونـاکی سرووشـت کـە پەرییـەکان و ڕۆحـەکان لـەژێر ڕوونـاکی ئـاوادا دەبینرین.ئەو جێگەی ڕووناکیەکەی لێ پەیدا بـوو کـەمێك لەڕوبارەکـەوە دوور بــوو، لەوێــدا گردۆڵکــەی بــچووك بــچووك هــەبوو، ئــەو بوونــەوەرە

بچووکانەمان دەبینی دەستە دەستە دوان و سیان بەرەو پێش دەهاتن، وادەهاتنە بەرچاو سەربازبن، جلی سووریان لەبەردا بوو، لەژێر هەورو ڕ، روناکی دابەرەو پێش و بەروە دوا لەجوڵەدا بوون. بەهاوڕێکەم وت: بچینە نزیکتر. بەلاّم ئەو قەناعەتی نەکرد و وتی: باش نییە چەند خولەکێك لەوێدا وەستاین و تەماشامان کرد. هاوڕێکەم بەدارەکەی دەستی ڕێگەی گۆشەی شەقامەکەی خاوێندەکردەوە لەگژوگیا، لەناکاو بانگیکرد ئەوە ڕووناکییەکە نەما و ئەو دیمەنە لەبەرچاو ونبوو.

بینەرێکی تر باسدەکات، لەدوورگەی((مـن))پەری بینیوە، دەیوت خۆزگە نەم بینینایە، ئەو بۆچوونەو بەسەرهاتەکان لەساڵەکانی (١٨٨٧ی) کۆکراونەتەوە، بەواتای سێ ساڵ دوای ڕووداوی یەکەم، بۆیە دەردەکەوێ ئەوە ڕاستییەکی تێدایە، کۆکەرەوە((ویلیام مارتین[1]))ە کەخۆی لەگەڵ بینەری ڕاستیدا قسەیکردووە.

شەوێك لەشەوەکانی هاوینی ساڵ (١٨٨٤) پۆستەچییەك واتە نامەبەری یەکێك لەشارەکانی((جەزیرە))وەك پیشەی بەردەوامی خەریکی کۆکردنەوەی کیسەی نامەکان بوو، بڕیاربوو سەعات یەك و نیوی نیوەشەو بگاتە جێ، بەلاّم تاکو سەعات پێنج و نیوی بەیانی هەواڵی نەبوو، نەتیجە کاتێ هات، زۆر تێکچوو شێواوبەرچاودەکەوت. کاتێ هۆکاری دواکەوتنەکەی دەپرسن، بەڕاشکاوانە وەلاّم ئەداتەوە، دەڵێ تەنیا سێ چوار کیلۆمەتر لەماڵ دوور نەکەوتمەوە کۆمەڵێ

[1] William Martin

جنۆکەو پەری دەوریان گرتم، هەموویان چاکەت و پانتۆڵی سووری جوان دەوریان لەبەردا بوو، چرایان بەدەستەوبوو، بەرەنگاری ئەسپەکەی ئەوبوون و کیسەی نامەکانی لێدەسێنن و فڕێیدەدەنە ناوەڕاستی شەقامەکە و بەدەوریدا دەکەونە هەڵپەڕین. پۆستەچی هەژار بەرەنگاریان دەبێ، بەلاَم سوودی نییە، بەهەرحاڵ کیسەی نامەکان بەزۆر وەردەگرێتەوە، بەلاَم سوودی نییە، دووبارە دەچێتەوە نێو شەقامەکە، ئەو کێشەو بێنەوبەرەیە تاکو بەیانی درێژەی دەبێ، تائەوکاتەی پەرییەکان دەیانەوێ بڕۆن. دوای ڕۆیشتنی ئەوان کابرای نامەبەر هیلاك و ماندوو کەمێك دەحەسێتەوە، دوای ماوەیەك کیسەی نامەکان کۆدەکاتەوەو سواری ئەسپەکەی دەبێ و دەگەڕێتەوە. کاتێك لەگەڵ ئەو پیاوەدا بوومە هاوڕێ وا بەرچاو نەدەکەوت مرۆڤێکی خەیاڵی یان ترسنۆك بێت، کاتێ پرسیم ئایا تۆ ئاگات لەخۆت بوو کاتێ لەماڵ دەرچووی ؟ لەوەلاَمدا وتی : بەڵێ کاتێ من دەرچوومەدەر نەگێژبووم نەسەرخۆش، عەقڵێکی سالم و سەلامەتم هەبوو. بۆیە ئێمە باوەڕمان بەهوشیاری ئەو هەبوو.

بەهەرحاڵ، ئەوانەی ئەشتانەیان نەدیوە، تەنیا بۆماوەیەکی کەم بووە، ڕەتدانە وەیەکیش لەبەرانبەریان کراوە، لەوانەیە جنۆکە و پەری ڕاستەوخۆ مرۆڤەکان ببینن وتەنانەت پێیان پێبکەنن، بەلاَم بەجۆرێکی ئاسایی، ئەوانە لەڕوانگەی ڕوانینەوە غافڵگیر نابن، ئەو ڕێکەوتەی بۆ نامەبەرەکە ڕوویدا جیاوازبوو، نەك یاساو ڕێسایەکی هەبووبێ، بەلاَم داستان و بەسەرهاتی دووایی جیاوازترە.زیاتر ئەم داستانە

پیرەمێردێك لەگەڵ ژنەکەی لەسەرەتای چەرخی بیستەم لەناوچەی کوێستانی((میك لو))` لەئێرلەند بۆ((لیدی گریگۆری))و((دبلیو. بی.ییتزو میس بولکس فن))ی باس کردبوو، ئەوان لەزەمانی کۆنەوە دەڵێن لەوکاتەدا کە تازە هاوسەرگیری کردبوو. ئاغای ((کلهر)) دەڵێ((زستان بوو بەفر سەرزەوی داپۆشیبوو، من جنۆکەیەکم بینی لەدەرەوەی ماڵەکە بوو، ئەوم هێنا ژوورەکەو لەسەر قەنەفەیەك دامنا. ماوەیەك لەماڵی ئێمەدا مایەوەو واگومان دەکەم زیاد لەهەفتەیەك دەبوو.

بەلاّم خانمی کلهر قسەکەی بەو بڕی و وتی :((دوو هەفتە زیاتر دەبوو. مێردەکەی درێژەی دایەو وتی : چل سانتی مەتر دەبوو. زۆر لەدلا شیرین بوو. دیارە شەو هەرلەوێدا دەخەوت. کاتێ منداڵەکانمان لەسەر ئیش دەگەڕانەوە یارییان لەگەڵ دەکرد، بەلاّم نەمان دەهێشت ئازاری بدەن.

ڕۆژێکی تر دانەیەکی ترم بینی لەدەرەوەی ماڵەکە، زیاتر لەکچ دەچوو، چونکە هاوشێوەی کچ کراسی کورتی چینداری لەبەردا بوو بەڕەنگی سوور، ئەو شەوە کاتێك لای ئاگردانەکەوە دانیشتبووم باسی ئەوەم لای هاوسەرەکەم دەکرد، ئەو بوونەوەرە بچووکە دانیشتبوو، هاواریکرد((ئای ئەوە جفری بچکۆلەیە، بەدوای مندا دەگەڕێ)) یەکسەر هەستاو ڕایکردەدەر، ئیتر ئەومان نەبینییەوە. وام دەزانی ئەوەی دیومە کچ بووە، بەلاّم جفری ناوی کچ نییە، ئەو جنۆکە بچووکە تا ئەو کاتە قسەی نەدەکرد، وام هەستدەکرد منی خۆشتربوێ وەك لەهاوسەرەکەم، من بەردەوام نان و شیرم پێدەدا.

کەلهر درێژەی دایەو وتی : بەکەوچك خواردنم دەکرد بەدەمیەوە، ژنەکەی دەیوت لەپێشدا گەنج بەرچاو دەکەوت، بەلأم دوای ئەوە وەك پیرێك دەموچاوی چرچ دەردەکەوت. کلأوی سوورو جلێکی گونجاو و گۆرەوی درێژو سووری لەپێدابوو.

بەزۆری ئەوانەی ئەو بوونەوەرە بچووکانە دەبینن، جلی سووریان لەبەردایە. دوای ڕەنگی سوور ڕەنگی سەوزیان خۆشدەوێت، دەلیلی ڕەنگی سوور دیاریکراو نییە، بەلأم ڕەنگی سەوز ڕەنگی سروشتە، لەوانەیە ڕۆلی ئەوان بۆ پارێزگاری لەڕەنگی سرووشت بێ، ئەوەیش مەبەست و بۆچوونێکە لەبەشی شەشەم باسی لێوەدەکەین.

لەسالی (١٩٢٨) خانمی((جی، ئیم، هربرت))، باسی کردووە کە چۆن لەسالْ (١٨٩٧) کە کچێکی تەمەن حەوت سالْ بووە، لەڕاوگەی((دارتمۆر)) لە((دیون))چاوی بەپەرییەك کەوتووە.

دەلیت ئێستا کە ژنێکی بەتەمەن وخاوەنی سێ مندالم باوەڕم بەبوونی جنۆکە وپەری هەیە، کاتێ مندالێك تەمەن حەوت سالْ بووم، جنۆکەیەکم دیوە. لەسالأنی دواییدا لەدارتمۆر دووبارە جنۆکەیەکم لەژێر پردی هەلواسراوی ((شاگ)) لەڕۆژئاوای دارتمۆر بینی. بەباشی ناتوانم شێوازەکەی باسبکەم، تەنیا ئەوەم لەبیرە ڕامکرد بۆ لای دایکم وتم جنۆکەم بینیوە، دایکم بە من پێکەنی.سالی(١٨٩٧) بوو.

لەپیاوێکی پیری دەموچاو چرچ و داکەوتوو دەچوو. نزیکەی پەنجا شەست سانتیمەتر بالأی هەبوو. کلأوێکی درێژی نووك باریکی لەسەردا بوو. لەگەلْ کورتەکێك و پانتۆلێکی کورتی لەبەردا بوو. ئەوکاتە هەستم

دەکرد جلەکانی یەك ڕەنگ نەبن، بەڵام نایەتەوە یادم ڕەنگیان چۆن بوو، وادێتە یادم شین و سوور بوون. ڕەنگی دەموچاوی قاوەیی وچرچ و لۆچ بوو. بۆ چەند چرکەیەك ئەوەم بینی و لەبەرچاو ونبوو. کاتێ ئەوم بینی لەبن بەردێکدا بوو لەناکاو نەما.

دیـارە جنۆکـەو پـەری بەکۆمـەڵ دەبینـرێن، جارجـار تـاك تـاك خـۆ دەردەخـەن، وەك ئـەو داسـتان و بەسـەرهاتانانەی کـە لەدواییـدا دێن،کـە لەسـاڵی (١٩٥٩) ((جـینی رابرتـسۆن))ئـەوەی کـچەکەی ئـەو ژنــەی کەجنۆکەی دیب. ناوەڕۆکی ئەو بەسەرهاتە باسدەکات. ئـەو شـانزە بـۆ حەڤدەسالْ دەبوو،شەوێك لەلای کێڵگەی گەنمەشـامی لـە ئسکاتلەندەوە دەڕوات و دەیـەوێ چەند دانـە گوڵی گەنمەشـامی بـۆ ئەسپەبرسیەکەی بـەرێت. لـەناکاو چـاوی دەکـەوێ بەکـچۆلەیەکی بـچووك، لـەو سـاقەتەوە بازئەدات بۆ ساقەتێکی تـر، ئـەو بەبینینی ئـەو پەرییە واهەسـت دەکات کە ئیتر ناتوانێ ئەو گەنمەشامیە بدزێ. لەڕاستیدا دەددەکەوێ کە ڕۆڵی ئەوپەرییە تەنیا کاری پارێزگاری کردن بوویێت لەو کێڵگەیە.

دوو داسـتانی تـر هەیـە پەیوەنـدە بەچـەرخی بیـستەم لـە ئێرلەنـد، ئـەوەیش وابەسـتەیە بەئەسـپەوە. لەداسـتان و بەسـەرهاتی یەکەمـدا ئەسپەکان وابەستەن بەجنۆکە و پەرییەکان، تێکۆشانی دەستەی یەکەم نیشاندەری وابەستەیی ئـەوان بەمرۆڤەوەیە، تەنانـەت لـەکاتی وەرزشـدا پیاوێك لەدانیشتوانی((کلر)) بۆ لیدی گریگۆری باس کردبوو.

شـەوێك بـەبارێك پۆشـاکەوە دەچـووین بـۆ((ئـەنیس))، بەچـاوی خـۆم ئــەوانم بـینی. کـاتێ گەیـشتینە((بنـاهۆ))دنیـا مانگەشــەو بــوو مــن

لەسەربارەکەوە سواربووبووم، ئەوانم لەنێو کێڵگەکەدا بینی، وەك سوارچاکان بەسواری وڵاخەکانیانەوە غاریان ئەدا، جلەکانیان سوور بوون، کڵاوی قووچیان لەسەردابوو، بەڵام جەستەیان بچووك بوو. حەفرێکیان لەنێو زەویەکەدا دروستکردبوو، بەسواری ئەسپەکانیان بەویدا بازیان ئەدا، جارجار کە دەگەیشتنە ئەویێ هەڵوێستەیان دەکرد. ئەوانە لەگەڵ مندا بوون ئەویان نەدەبینی، چونکە ئەوان جێگەکەیان نزم بوو. من سواربووم و ئەوان بەپیادە بەجادەکەدا دەڕۆیشتن،بەڵام تەنیا ئەوان دەنگی ئەسپەکانیان دەبیست.

((ئەلیوت ئەودانل))لەکتێبی((سەرزەوی ڕۆحەکان))دا، داستانێك دەگێڕێتەوە کە لە ناوچەی((لیمریك))تووشی یەکێك لەخزمەکانی بووە.

ئەسپەکە لەجێی خۆی وەستابوو نەدەجولا، تەنیا دەلەرزی، کۆمەڵێ بوونەوەری بچووك بەدەوری عەرەبانەو ئەسپەکەدا هەڵدەسووران، جەستەیان لەسێبەر دەچوو، دەیانویست عەرەبانچییەکە داگرنە خوارەوە، بەهەرحاڵ ب. گەیشتە ئەو باوەڕەی ئەوانە جنۆکە و پەریین، ئەو تا ئەو کاتە بەبوونی ئەوان باوەڕی نەبوو. پەرییەکان ئەوساری ئەسپەکەیان توند گرتبوو، بەزۆر ئەسپەکەیان ڕادەکێشا. عەرەبانچییەکە لەترسا بێهێزو گۆج بووبوو، تائەو کاتەی پەرییەکان لەبەرچاو ونبوون، ئەو هێزی نەمابوو جوڵەی بۆ نەدەکرا....، ئەوکاتە ئەو ئاوا باسی لەوبەسەرهاتە دەکرد.

ئەو بەئارامی ئەسپەکەی لێدەخوڕی، لەناکاو ئەسپەکە وەستا، کاتێك ئەو تەماشای خوارەوەی دەکرد، بزانێ هۆکارەکە چییە. کۆمەڵێك

جنۆکـە وپــەری دەبــینیٚ پــەلاماری ئــەو ئــەدەن، دەیانــەویٚ لەســەر عارەبانەکـە بیبەنــەخوار. ئــەو دەیــوت دەســتی ئــەوان بەئەندازەیــەك ساردبوو کاتێك دەستیان لەو ئەدا بێتوانا دەبوو،هەستی نەدەما،.بەلاٌم ئە وپیاوە هەندیٚ دوعای خوێند تاکو لەدەستی ئەوان پارێزراوبێت. شوینکاری پەلامارەکەیان دیاربوو.یئەو دەیگوت: کاتیٚ گەیشتینە ئەویٚ بووینە ڕێگر لەبەردەم شایی و هەڵپەڕینەکەیاندا، کاتیٚ ئەوان لەشادی و خۆشـیدا بـن نـابیٚ ببیتـە بەربەسـت و ڕێگـر بۆیـان، ئەگـەر ئـەوان سەرکەوتووبوونایە بۆئـەوەی لەعارەبانەکە دامگرن لەوانـەبوو دەسـت و قاچم ئیفلیج بووایە، یان بەتەواوی لەبەین بچوومایە.

لـەکۆکراوەکانی چـەرخی نـۆزدە نموونەیـەکی تایبـەت دەسـتکەوت. ئێستا بـابزانین ئـەو نموونانـە لەبەسـەرهاتەکانی چەرخی بیستەم، کـە لەبەشـەکانی تـردا باسیدەکرێت ڕوون و ئاشـکرایە یـان نـە. یـەکێك لـەو نموونە دیاریکراوانە بەزۆری ئەوەیە بینـەرو شـاهیدەکان تـەنیان. کـاتیٚ شــەو لــەدەرەوەی ماڵدایــە، لەحاڵـەتێکی هوشـیاریدا بەسـەردەبات کـە لەبەرانبــەر ڕووداوی زیــاد لەئاســایی وەرگیراوتــرە. کاتێــك دوو کــەس بەیەکەوە شاهیدی ڕووداوێکن، یەکێك لەوان زووتر چاوی بەو جنۆکەیە دەکـەویٚ، بەئیـشارەتی هێمایـەك هاوڕێکـەی لـەوان ئاگاداردەکـات، یـان ئەویش دەکاتـە هاوبەشـی ئەو بینینـە، دیـارە ئەو مەبەستانە ڕێکەوتـە، بـەلاٌم بـیٚ هـۆ نییـە، بەتایبـەت ئەگـەر هـەردوو مرۆڤەکـە لەبـەر دەلیـل و هۆکاری ئەو کاتەو هاودەنگی نزیکـی لەگـەڵ یـەکتردا نەچـنە حاڵـەتێکی

فکرییەوە، ڕووداوێك کەلە دوورگەی((مان))بۆ((کرمۆد))پێشهات هاوکێشی ئەو باسەیە.

هەموو کاتێ وا باسدەکەن ئەو بوونەوەرە بچووکانە لەکاتی هەڵپەڕیندا دەردەکەون، یان لەدنیایەکی بەربلاودا خەریکی شتی سەیرو سەمەرەن. ئەو کردەوە باسکراوانە بەئەندازەیەك ڕووئەدات کە وا دەرئەکەوێ شتێکی ڕاستی بێت. بەلام ئارەزووم وەهایە بزانم بۆچی جنۆکە وپەری ئەوەندە عاشقی هەڵپەڕکێن، بەتایبەت لەکاتی شەودا و لەوە لەزەت وەردەگرن. لەوانەیە هەموو کاتێ خۆشی نەبینن بۆ هەڵی ڕەخساو بگەڕێن بۆئەوەی بحەسێنەوە، یان وەك نەریتێکی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن، وەك جادووکاران چەندین چەرخ عادەتیان بوود شەوانی درەنگ وەخت و بێدەنگ لەدەوری یەکتر کۆببنەوە، لەوانەیە لەبارەی جادووگەرانەوە بەهەڵە لەگەڵ جنۆکە و پەری حیسابیان لەسەرکرابێ و لێی تێگەیشتبن. هەڵپەڕین و سەمای پەرییان جارجار مرۆڤ دەخاتە بیرو ورباکردنەوەی هەڵپەڕکێی سەرتاسەری ناوچەیی بەریتانی، کە هەردەم بەشەوقو زەوقەوە بەڕێوەی دەبەن، بەتایبەت هەڵپەڕکێیەك کەناویان لێناوە((موریس))بەتایبەت بەڕێوەبردنی ئەوە لە شتێکی نادیارەوە سەرچاوەدەگرێ ، دوورنییە مرۆڤەکانی دەورانی ڕابردوو ئەو جۆرە هەڵپەڕینەیان لەپەرییەکانەوە وەرنەگرتبێ و بەدرێژایی ساڵەکان گۆڕانێك لەوەدا سەریهەڵدابێت و وەك ئەمڕۆی لێهاتبێ. دیارە ئەو سەماو هەڵپەڕینەی لەباوکی ڕۆحانی دکتۆر ولیامزو

هاوڕێکانی دەورانی منداڵی ئەو لەسەرووی ویلز بینیویانە هاوشێوەی هەڵپەڕینی ناوچەیی ئەمڕۆییە.

لەوانەیە ئەگەر هەمووان حاڵەتێکی دەروونیمان هەبێت ئەوەندە تووشی کێشەی پێشهاتی ژیان نەدەبووین و ئێمەزیادلەپێویست پەری و جنۆکەمان دەبینی. ئەمانتوانی لەگەڵ ئەوانەدا پەیوەندی بکەین لەدەرەنجام دا تێدەگەیشتین لەڕاستیدا ئەوانە چۆن وچین.کۆمەڵێك دەڵێن کە جارجار ئەوانەیان بینیوە و تەنانەت قسەشیان لەگەڵداکردوون،

بەشی سێهەم

((پەیکەری بچووك لەجلی قاوەییدا))

((هەواڵێك لەبەریتانیاو ئێرلەند لەچەرخی بیستەم))

هەرچەندە لەم چەرخە نوێیەدا زانست و تەکنەلۆژیا بەشێوازێکی ڕوون و ئاشکرا بەسەر ناسروشتیەکان سەرکەوتنی بەنەدەستهێناوە، ئێستاش کۆمەڵێکی زۆر بوونەوەری بچووك دەبینن.ئەو بوونەوەرە بچوکانەبەردەوام هەڵدەپەڕن.

ماوەیەك پێش ساڵەکانی (١٩٤٥)((جی فوت وایت))نووسیویە :

لەساڵەکانی ڕابردوودا منیش یەکێك بووم لەوانەی دەعوەتکرابوون، دوای نیوەڕۆیەك لەدامێنی تەپۆڵکەی ئەکسفۆرد حەسساینەوە، ناوچەی((دورست)) بێ دارو درەختەو مرۆڤ دەتوانێ بەبێ هیچ بەربەستێك دوور ببینێت. من لەگەڵ کەسێك کە لەوناوچەدا دەژیا دەگەڕاین، لەمەسافەیەکی کەمێك دوور لەو کۆمەڵە بەو پەڕی سەرسوورمانەوە کۆمەڵێکم بینی، واتێگەیشتم منداڵن، ڕێژەیان زۆر

بـوو، هـەموویان جلـی کورتیـان لەبـەردابوو، قاچـەکانیان دەردەکـەوت. دەسـتیان دابـووە دەسـتی یـەك و دائیرەیـان دابـوو، بەوپـەڕی شـەوق و زەوقـەوە هەڵدەپـەڕین. وەسـتاین و تەماشامان دەکـردن، دوای ماوەیـەك لەبەرچـاو نـەمان و ونبـوون. هاوڕێکـەم وتـی : ئەوانـە پـەری بـوون و بەزۆری دێنە ئەو ناوچەیە بۆئەوەی شایی بکەن،ئێمە ڕێگربووین بۆیـان لەبەرچاو نەمان.

لەسەرەتای چەرخی بیستەم ئاغـای((لانزدڵ))دووبـارە هـەر لەوناوچـە دوورە دەستەدا ئەوبوونەوەرە بچووکانەی لـەپارکی((بنـك سـام))لـەکاتی هەڵپەڕیندا بینیبوو.

لـــەناکاو بینـــیم چـــیمەن و ســـەوزەلانییەکە دەجـــوڵێن، کۆمـــەڵێك بوونەوەری بچووکم بینی لەسەر تەپۆڵکەیەك جلی قاوەییان لەبەردابوو، لەماوەی چەند چرکەیەك دە دوانزە یەك پەیدابوون . بالایـان شەسـت بـۆ حـەفتا سانتی مـەتر دەبـوو جلـەکانیان بەشـەوقبوو، ڕواڵـەتێکی کـراوەو جوانیان هەبوو، بـەرەو لای سـەوزەلانییەکە رایـان دەکـرد، لـەوێ کەوتنـە سـەماو هەڵپـەڕین....... ئـەو هەڵپەڕکێیـە پێـنج شـەش خولـەکی پێچوو، کاتێ خزمەتگوزارەکە چای هێنا بۆم ئەوانە ترسان و لەبەرچاو ونبوون.

تەنانەت کەش وکەش وهەوای خراپیش ڕێگر نابێ لەبەردەم خۆشی و شـادی ئـەو بوونـەوەرە بـچووکە.((دەبلیـو ئـەی تۆرنـەر))باسـی دەکـرد کەلـەدەورانی شـەڕی جیهـانی دووەم لەدوورگـەی((هـۆی))پیـاوێکی دەشـتەکی ئەوانـەی بینیبـوو کـە لەکەشـوهەوای بـارانی و تۆفانیـدا هەڵدەپـەڕین و سـەمایان دەکـرد. ئـەو دەڵـێ لەکـەش و هەوایـەکی بـارانی

خراپـدا بەڕێگـەدا دەڕۆیـشتم، چـاوم کـەوت بـە دە دوانـزە بوونـەوەری بچووك لەوکاتەدا هەڵدەپەڕین.

بـەژن و بـاڵای ئـەوان بـچووك بـوو، بـەڵام لـووتی درێـژیان هـەبوو شێوازیان لـە مرۆڤـی میهرەبـان و بەبـەزەیی نەدەچـوو، دەم و چـاوێکی خڕیان هەبوو، ڕەنگی پێستیان زەردبوو، ڕەنگی قژیان ڕەش وخۆڵاوی دەهاتـە بەرچـاو، لـەکاتی هەڵپەڕینـدا لـەلێواری چـاڵ و بـەرددا خۆیـان هەڵـدەدا و بازیـان ئـەدا. وام هەسـتدەکرد تەماشـای هەڵپەڕکێیـەکی خێڵەکییـەکان دەکـەم کـە سـونەتی لەمێژینـەیان بـوو. باسـی هەسـت و بۆچوونم لەکاتەدا زۆر دژواربوو، ئـەو هـەموو بینین و بەسـەرهاتە لەسێ خولەك زیاتر ماوەی نەبوو. دوای نەمانی ئەوانە بوو توانیم ئەو ناوە بەجێبهێڵم.

ژنێـك بـەناوی((بـسی سـکی))لەدانیـشتوانی((ئـەرکنی))لەسـەرووی ئـسکاتلاند لـەبارەی مرۆڤـە بـچووکەکانەوە نووسـیویە کـە ئـەوانی لەدوورگەی ئەرکنی بینیوە. دایکی هاوسەرەکەی دەڵێ کاتێ منداڵبووم لەکاتی گەڕانەوەمدا لەگەڵ براکەم مرۆڤێکی بچووکی ڕیش خۆڵەمێشی لـەلای دەرگـای ماڵەکـەیان دەبیـنن، لەترسـاندا ڕێگـە دەگـۆڕن و دەچـنە دەرگای پشتەوەی ماڵەکەیان بۆئەوەی بەلای ئەودا نەڕۆن.

((کـاترین بـریگس))لـەکتێبی فەرهـەنگی پەرییانـدا، بـەردەوام بەناونیشانی هەڵپەڕکێکاران، یادی ئـەوانی کردۆتـەوە، ئـەو ئیشارەت بـەوەدەکات کـە هـەموو مـرۆڤ و بوونـەوەرە بـچووکەکان لەهەڵپـەڕین و سـەماکردن تـام و چـێژ وەردەگـرن. لـەزەتی لێـدەبینن لەوپەرییـە زۆر

جوانانـەوە تـاکو کۆمـەڵێکی ناحـەزو بدفەسـاڵ کـە جارجـار بەرچـاو دەکەون، لەجیاتی هەڵپەڕکیٚ خەریکی یاریکردن و بازبازێنن. بەهەرحاڵ ئـەوەی کـە دەیکـەن پـڕ لـەجۆش و خرۆشـە، یـەکێك لەبۆچـوونەکان لـەو بـوارەدا ئەوەیـە کـە جوڵـەو بزوتنـەوەی ئـەوان، هاوشـێوەی هەڵپـەڕکیٚ و بازبازێن، لەوانەیە پەرییەکان بەو هەڵپەڕینـەی خۆیـان وزەبـدەن بـەزەوی بۆ گەشەکردنی دانەوێڵە و لەو بوارەدا ڕۆڵێکـی بـاش پیادەکەنبۆبەپیتی زەوی.

ناوچـەیەك هەیـە کـە دەڵـێن لـەژێر دەسـەڵاتی جنۆکـە و پـەری دایـە، هەرچـەندە دەلیـل و بەڵگەیـەك لەسەردەستنیـشانکردنی ناوچـەکە نییـە. ((دەبلیو. ئێم. تۆماس)) باسـدەکات کـە لەسـەرەتای ساڵەکانی (١٩٦٠) لەکاتی سـەفرەوگەڕاندا لـە((مینیـد))لـەنزیکی((بـریکن)) بـەجووتیارێکی بەتەمەن، ئەو باسـی بۆ دەکات،لەڕۆژگارێکدا ڕێگـە ئـەدات بـەدوو مرۆڤـی گیانـــاس، تـــاکو لـــەنێو کێڵگـــە و بەروبوومەکـــەی ئـــەودا بگـــەڕێن بۆپەیـداکردنی گیـا بەسـوودەکان. کـاتیٚ کـابرای خـاوەن زەوی تووشـی ئەوان دەبێت ماوەیـەك بەیەکـەوە دادەنیـشن و قسەدەکەن. ڕۆژێـك کـاتیٚ ئـەوان دەبـینیٚ، ئـەوان خـەریکی قسەکردن دەبـن. یـەکێك لـەوان دەڵـیٚ لـەکاتی گـەڕان بەدوواینموونەیـەك لـە گیاکانـدا کۆمـەڵیٚ مرۆڤـی بـچووکم بینیـوە کـە پێکهـاتبوون لـەژن و پیـاو، جـۆری جلـەکانی بـۆ باسـدەکرد، بـــەڵام هاوڕێکـــەی بـــاوەڕی بـــەوە نـــەبوو، چـــونکە بۆخـــۆی شـــتێکی نەبینیبوو.کاتیٚ ئەوان ئەو جێگەیان نیشان ئەدا پیرەمێردەکە نـاوی ئـەو ناوچەی بە((فیری باگ))ناودەبرد.

ئێستاش لەهەموو بەریتانیادا ئەو جۆرە هەڵپەڕینە دەبینرێ، بەڵام ئەو بینینە بەجۆرێکی گشتی بۆ هەمووکەس نییە، هەرچەندە لەبەریتانیا دانیشتوان زۆرن و پڕ لەحەشیمەتە ؟ بەڵام لەزۆر جێگادا دانیشتوانەکەی رێژەیان کەمە، هەر لەو ناوچانەدایە کە ئەو مرۆڤە بچووکانە سەربەستانەو بەئازادی دوور لەچاوی مرۆڤە ئاساییەکان خەریکی ئیشی خۆیان دەبن. تەنیا ئەو کەسانە بەزۆری دەتوانن ئەوان ببینن کەڕۆحیەتێکی دەروونی فراوانییان هەبێت. ئەگەر تۆ بەشێك لەوکۆمەڵە نەبیت شەپۆلی تۆ ناگاتە شەپۆلی ئەوان، پی دەچیت بەلای کۆمەڵێ جنۆکەو پەریدا بڕۆیت بێئەوەی هەست بەشتێك بکەیت.

شەوانە بەزۆری مرۆڤەکان خەوتوون، تەنیا ئەو مرۆڤانە بێدارن کە پۆلیس و پاسەوانن، جارجار شتی سەیرو سەمەرە دەبینن، لەدەهەمی ئۆگستی(١٩٧٧) یەکێك لەو پاسەوانانە سێ بوونەوەری بچووك دەبینێ لەنێو کێڵگەیەکدا هەڵدەپەڕن، کاتێ دەچێ بۆلایان ونەدەبن و نامێنن...((دیوید سویفت))هەواڵیدا لەیاریگایەك لەنزیك شەقامی((ئەستون بریج))لەپێشدا شەوقی مانگ دەبینێ لەنێو ڕووناکی ئەودا سێ بوونەوەری بچووك دەبینێ هەڵدەپەڕن، لەسەرەتا وا تێدەگات سەرخۆش و مەستن، کاتێ دەچێ بۆلایان هەرلەوێدا ونەدەبن و نامێنن. ئەو باسی لەوەدەکرد یەکێکیان پیاوبووە وچاکەت و پانتۆڵی لەبەردا بووە، دوو هاوڕێکەی ژن بوون و جلی سپییان لەبەردا بووە،کلاویان لەسەردا بووە، هەرسێکیان دەستیان بەرزەکردەوە بەدەوری شتێکی نادیاردا هەڵدەپەڕین.

دە ساڵ لەوەدوا لەسێپتەمبەری (١٩٨٧) چەندەها کەسی جۆربەجۆر، بۆ نموونە پۆلیسێك شاهیدی ڕووداوێکی سەرسووڕهێنەربووە لە((پیروید بریج))و ((ئەستاك بریج))لەخوارووی((یورکشایر))بوون کە پەیوەندە بەهەیکەلێکی تارمایی داروەبوو کۆمەڵێك منداڵ لەنیوەی شەودا خەریکی یاری بوون بەدەوری ترانسفۆرێکی کارەبادا.دوورە کە منداڵان لەو کاتی شەوەدا بێنە سەر کۆڵانەکەو یاریبکەن، بەتایبەت جێگەی قاچیان دیارنەبێت.جەستەیان بەباشی دەبینران پەیوەندی بەمرۆڤی بچووکەوە بوون.

ئەو پەرییانەی لەکاتی جوڵەو هەڵپەڕیندان بەزۆری بەشێوازێکی کۆمەڵ بەرچاودەکەون، جارجار چەند کەسێکی دیاریکراو، جارجار کۆمەڵێکی زۆرن. بەڵام بەرێکەوت بەتاکیش دەبینرێن. هەواڵی جۆربەجۆر ئەوە دەسەلمێنێ کە بەتاکیش بینراون..ئاغای((دەبلیو. ئەس. جونز))لەساڵی ١٩٢٠ کە کوڕێکی هەشت نۆ ساڵە بووە لەسەرووی ویلز دەژیا، پیرەمێردێکی بچووکی لەبن پچکێکدا بینی بوو، ئەو لەنێو باخێکدا لەنزیکی گوندێك داری کۆدەکردەوە، لەبن درەختێك دانیشتبوو جگەرەی دەکێشا. پیرەمێردێکی کورتە باڵای بینی بوو لەبن پچکەگیایەکدا دەهاتەدەر، درێژییەکەی نزیکەی نەوەد سانتی مەتر دەبوو، لەپشتێنەی بەرەوخوار، ڕەنگی سەوز بوو، کڵاوی سووری لەسەردابوو، قسەوباسێکیان بەیەکەوە نەکردبوو((جونز))نایەتەوە یادی

ئەو مرۆڤە کورتە بالآیەلەیادبکات. ئەو لەوە دڵنیابوو کە تووشی وەهم و خەیالاتێ نەبووە، ئەو مرۆڤە بچووکە لەوێدا بووە.

((ئەی. جی. ئا. ریتولدن))دانیشتووانی لەندەن بۆ((هار شام))لە ((ساسکس)) ((خوارووی ڕۆژهەلآتی ئینگلستان))سەفەریکردبوو، لەدەورانی شەڕی جیهانی دووەمدا ئەو تەمەنی دەساڵ بوو، بۆ پشووی هاوینە چووبووە ئەوێ. ئەو ئاوا باسدەکات کە لەشەوێکی مانگەشەودا چووبووەدەر بۆئەوەی تەڵە بۆ کەروێشك دابنێ.

دەلیت : بڕیارمدا ئارام و بێدەنگ دابنیشم و تەماشابکەم. منداڵبووم وا بیرم دەکردەوە کەروێشك دێنەدەرو دەتوانم کاتی نێو تەڵەکەی ئەوان ببینم ، بەهەمان شێوە بێجووڵە دانیشتبووم تەماشام دەکرد، بینیم پیاوێکی کورتەبالآی تووکن لەبن چڵەگیایەکدا پەیدابوو، بالآی چل بۆ پەنجا سانتی مەتر دەبوو. گیانی بەموو داپۆشرابوو، تەنیا دەموچاوی بێموو بوو. پێستەکەی هاوشێوەی چەرم بوو. لووتی باریك و نوك تیژ بوو، قاچەکانی باش دەردەکەوت. ئاگاداری من نەبوو، دووبارە گەڕایەوە بن ئەوپچکە گیاکە کە لێوەی هاتبوو، لەوێدا ونبوو. کاتێ ئەو ژن و پیاوەی من لەلایان بووم ئەو بەسەرهاتەم گێڕایەوە، بەقسەکەم پێدەکەنین.

چەند ڕۆژێك دوای ئەوە ئاغای رینولدز سواری پاس دەبێت. ئەو بوونەوەرانەی بینیبوو. لەکاتی ڕۆژدا بوو. لەناوچەیەکی تر لە هارشام. کاتێ بەلای باخچەو سەوزەلآنییەکدا دەڕۆیشتن هەندێ لەو مرۆڤە کورتەبالآیانە دەبینێ.

چـەند سـاڵێك لـەوەدوا لـەجونی (١٩٥٢) خـانمی((سـی. ودن)) کۆمەڵێکی لەو مرۆڤە بچووکانە کە بالآیان سەد بۆ سەدو بیست سانتی مەتر دەبوو لە دارتمور بینیبوو. ئەوانە جلی قاوەییان لەبەردابووە، کلاّوی قاوەییان لەسەردابووە، وا دەردەکەوت ڕەنگی مووەکانیان هەر قاوەیی بوو بێت. کەمەر بەندیان لەپشتدا بوو، خانمی ودز لەڕۆژێکی گـەرمی هاویـنـدا لەگـەڵ کوڕەکـەی دەگـەڕان، ڕێگەکـە بـەردەلاّن بـوو، کۆمـەڵێ مرۆڤـی بـچووك بینیبـوو. وادیـاربوو تەماشـای ئـەمان دەکـەن. کاتێـك نزیـك دەبنـەوە ئەوانـە لەپـشت بەردێکـەوە خۆیـان حەشـارداوە، خـانمی ودز لەگـەڵ کوەڕەکـەی دەچـنە ئـەو جێگەیـەو دەگـەڕێن هـیچ نابینن. نەئەو بچووکانەیان دیبوو نە درزو شتێکی نائاسایی کە بتوانن خۆیانی تێدا حەشاربدەن.

لەسـاڵی (١٩٦١) لەسـەرووی ویلـز پیاوێـك لەگـەڵ سـەگەکەی بەڕاڕەوی شەقامێکدا دەڕۆن، شتێکی سەیرو سەمەرە لەگەڵ پیاوێکی نزیکـەی نـەوەد سـانتی مـەتری پەیـدادەبێ. دارەکـەی دەسـتی ئـەدا لەپارچـە ئاسـنێکی کـەناری ڕێگەکـە، سـەروکەللەی مرۆڤێکـی بـچووك پەیدادەبێ. ڕەنگێکی ناحەزو بەدفەساڵی هەبوو بوو.دیارە ئەو دارەی داویە لەو ئاسنە ئەوی بێزارکردووە لەهەمانکاتدا سەگەکەیش مووی گرژ دەبێ و لەترسا ئەملاولادەکات، دوای ماوەیەك لەبەرچاو وندەبێ.

((مـاری تردگلـد))نووسـەری کتـێبی منـداڵآن کاتێـك لەدوورگـەی ((مال))لە ئسکتلاند سواری پاس دەبێت. پیاوێکی بچووك دەبینێ بالآی چل بۆ پەنجا سانتی مەتر دەبوو.

دەلیت: سواری پاس بووم بێ خەیاڵ تەماشای دەوروبەری شەقامەکەم دەکرد، مرۆڤێکی بچووکی جوانم بینی لەلای بەرزاییەك وەستابوو، بێڵێکی بەدەستەوەبوو، قاچی لەسەر دانابوو، کراسێکی سپی و جلێکی شینی ئیشکردنی لەبەردابوو، ئەو((لیرکان))ی دەهێنایەوە یادم. ڕواڵەتی قەدیمی نەبوو، جلی ئەم سەردەمەی لەبەردابوو، دیاربوو لەجێگەیەکی دوورەوە هاتبوو، ئەو تەنیا کراسێکی لەبەردابوو، ئەو ناوچەیەش بەفرو باران بوو کەش و هەوا سارد بوو.لەماوەی ئەم چەرخەدا زیاتر هەواڵی پەیوەند بەجنۆکەو پەری لەئێرلەنداوە گەیشتووە. لەکۆنەوە جێگەی تیرامانی ئەوان بووە.

لێرەدا چوار داستان و بەسەرهات لەجێگەی پەرییەوە دەگێڕنەوە. یەکەم بەسەرهاتی منداڵێکی نۆساڵەیە کە لەگەڵ هاوڕێکانی لەڕوباری((موی)) هەڵکەوتوو لەناوچەی((مایۆ)) لە ئەکسفۆردخۆی دەشۆری ئەو کوڕە لەدواییدا لە((کالج ترینتی)) لە((دوبلین)) خوێندنی تەواوکردو لەشەڕی جیهانی یەکەم، بووە ئەفسەری سوپا. ئەو لەڕۆژێکی گەرمی هاویندا لەگەڵ هاوڕێکانی دەگەڕێتەوە ماڵ. لەڕێگە مرۆڤێکی کورتەبالا دەبینن دەچێتە پاڵ تەختەبەردێك خۆی حەشار ئەدات. دەچنە پێش، ئەو مرۆڤە کورتە بالایە دەبینن سەدو بیست سانتی مەتر بالای هەبوو، چاکەتێکی ڕەشی بەبێ یەخەی لەداوێنیەوە بۆ ژێر چەناگەی لەبەردابوو، کلاوێکی لەسەردا بوو. هەموو قژی داپۆشیبوو. ئەو پیاوە کورتەبالایە بەوان پێدەکەنی، ئەوە نەبووە هۆکار

بۆئەوەی ئەو منداڵانە نەترسن، ئەوان تا ئەو ئاستەی توانییان کەوتنە ڕاکردن و لەویّ دوورکەوتنەوە.

بەسەرهاتی دوای ئەوە هی کچێکی تەمەن نۆساڵەیە لەدوای نیوەڕۆیەکدا لەیادی مابوو، لەناوچەی((کارلۆ))کاتیّ مانگایەکی باوکی دەهێنایەوە بەرەو ماڵ، لەگەڵ جنۆکەیەك ڕووبەڕوو بوەوە کە باڵای سەدو بیست سانتی مەتر دەبوو، وەك ئەوەی گویّ بەوە نەدات کە لەمرۆڤ نزیکدەبێتەوە. کاتیّ کچەکە دەچێتە ناو کێڵگەکە چاوەڕوانی مانگاکە بوو کە بێت. لەوکاتەدا مرۆڤێکی کورتەباڵا دەبینیّ لەپێش مانگاکەوە هەڵدەبەزێتەوە و بەدارێك ئەدا لەقەپۆزی مانگاکە. مانگا سەری بەملاولادا دەجوڵێنیّ. ئەو جنۆکەچاکەتێکی سووری لەبەردا ئەبیّ لەگەڵ پانتۆڵێکی تەسك و قاوەیی، کڵاوێکی ڕەشی شەبقەیی لەسەردا بوو، کاتیّ بەلای کچەکەدا دەڕوات تەماشای دەکات و لەجۆگەلەیەکەوە بازئەداو لەبەرچاو وندەبێت. بەشێوازێك هەنگاوی دەنا وەك ئەوەی هیچ بەربەستێك لەبەر پێدانەبێت، دیارە بۆ ئەو هەروابووە. هەواڵی جنۆکە لەو بوارەدا زۆرە کە بەشتێکدا ڕۆیشتووە، نەبۆتە بەربەست لەبەردەمیدا.

سی و پێنج ساڵ لەوەدوا هەر لەناوچەی کارلۆ، مرۆڤێکی کورتەباڵا دەبینریّ جلی سووری لەبەردا ئەبیّ. لە((دانرو))کە زۆر لە((کرنگ))دوور نەبووە. لەساڵی (١٩٥١)((جان بیرنی))بەشۆفڵ چاڵێکی گەورە هەڵدەکەنیّ، لەوکاتەدا مرۆڤێکی کورتەباڵا کە نزیکەی سەدو بیست سانتی مەتر دەبوو لەچاڵەکە دێتەدەرو ڕادەکات. سیّ پیاوی تر کە

لەوێدا بوون، ئەوە دەبینن، لەنێو سەوزەلانییەکەوە دەڕوات بەرەو بەرزاییەك. پیاوەکان لەژێر چاڵەکە بەردێکی گەورە ئەدۆزنەوە کە دیاربوو بەسەر چاڵێکدا درابوو، ئەوان دەیانەوێ بەردەکە بجولێنن بەلام ناتوانن، تەنانەت بەمادەی تەقینەوەیش ناتوانن ئەو بەردە لەبەین بەرن و لەوێدا لایبەن. نەتیجە خاوەنی شۆفلەکە کە جووتیارێك بوو لەوناوە دوور دەکەوێتەوە،خۆی لەئیشکردن لەو ناوچەیە دووردەخاتەوە و واز لەسوودی ئەو زەویە دەهێنن.

لەساڵی ١٩٥١ دوو کچ لەشەقامێك لەناوچەی((ویکلۆ))دەگەڕان کە مرۆڤێکی بچووکی ڕەشپۆش دەبینن. کاتێك کچەکان ئەو دەبینن، کە لەنزیکی درەختێکی کۆنەساڵەوە وەستابوو، تەماشای ئەوانی دەکرد، کچەکان بێدەنگ دەوەستن تەماشای ئەو دەکەن. دوایی کچەکان ئاوا باسدەکەن کە بالای ئەونزیکەی نەوەد سانتی مەتر بوو، ڕواڵەتێکی جوانی هەبوو، سەرتاپا ڕەش بوو، کلاوێکی ڕەشی لەسەردابوو. ئەوان وا بیردەکەنەوە کە جنۆکەبێت، هەر لەبەرئەوە دەرگای کێڵگەکە دەکەنەوە بەخێرایی دەچنە ژوورەوە و دەرگاکە لەسەر خۆیان پێوەئەدەن. کاتێك ئاوڕدەدەنەوە ئەو مرۆڤە بچووکە نابینن، بەلام لەسەر کۆڵەکەیەك شتێك دەبینن بەئەندازەی سەعاتێکی دیواری، شتێك کە هەرکەسێك لەوانەیە وابیربکاتەوە ئەو چی بووە.

ئەمڕۆیش هەروەها جنۆکەو پەری دەبینرێن، لەسەرەتای ساڵی (١٩٩٠) ((برایان کالینز))ی پانزە ساڵە پشووەکانی لەدوورگەی ((ئاران)) لەڕۆژئاوای((دونگال))بەسەردەبات، بەیانییەك زوو بۆ وەرزش

لەماڵ چووبووە دەر، دوو پیاوی کورتەباڵای دیبوو کە خەریکی ماسی گرتن بوون لەڕووبارێك کە دەڕژایە نێو دەریایەك سەد سانتی مەتر باڵایان هەبوو، جلێکی سەوزیان لەبەردا بوو، جزمەی قاوەیی لەپێدا بوو، یەکیان ریشێکی خۆڵەمێشی هەبوو، کڵاوێکی تەختی لەسەردا بوو، ئەوان قسەیان دەکرد و پێدەکەنین بەزمانی ئێرلەندی قسەیان دەکرد. کاتێ برایان چووە پێش خۆیان خستە نێو ئاوەکەو ونبوون، بەڵام سەبیلەکانیان لێ بەجێمابوو. ئەو سەبیلەکانی هەڵگرتوو بردنییەوە بۆ ماڵ خستنییە نێو سندووقەکەو دەرگای داخست. بەڵام ئەو سەبیلانە بەجۆرێکی سەرسوورهێنەر ونبوون و نەمان. برایان بۆ جاری دووەم ئەو دوو بوونەوەرەی بینی، دەیویست وێنەیان بگرێ و قسەکانیان تۆماربکات،بەڵام نەوێنەیان دەرکەوت نەدەنگەکەیشیان تۆمارکرا.

دیارە ئەو بوونەوەرە بچووکانە لەکەشێکی کراوەدا دەبینرێن، وا دەردەکەوێ بوونەوەرێکی سرووشتن.لەڕاستیدا ئەو کەسانەی ئەوانە دەبینن، دەڵێن کە لەکەشێکی کراوەدابووە. بەڵام جاربەجار مرۆڤ لەکەشی داخراودا دەبینن. دیارە جنۆکەوپەری لەکەشی داخراودا تاك و تەنیان. زیاتر منداڵن کە ئەوانە دەبینن.بۆ نموونە منداڵێکی تەمەن شەش ساڵ شەو لەخەو هەڵدەستێ و هاواردەکات کە منداڵێکی بچووکی بینیوە.وا دەهاتە بەرچاوی جلی لەبەردا نییە وبەڵام لاشەیەکی خۆڵەمێشی هەیە. وا دەردەکەوت تەمەنی بووبێ،زیاتر لەکورتەباڵا

دەچوو، تەنیا کلاوێکی بەدەستەوە بوو، کاتێ دەچێتە دەر دەیەوێ بیکاتە سەری، لەوکاتەدا لەبەرچاوی وندەبێ.

کچێك لە((وندورس))لای زۆپای ژوورەکەی جنۆکەیەك دەبینێ. ئەو هاوتەمەنی ئەو بوو، نزیکەی پێنج ساڵ بوو، ئەم ڕووداوە لەسەرەتای چەرخی بیستەم ڕوویدا. ئەو ڕاهێنانی سەمای دەکرد. لەناکاو لای زۆپاکەچاوی بەبوونەوەرێکی بچووك کەوت. بالأی ئەو بەنیوەی بالأی کچەکە بوو، سەرتاپا سەوز بوو، کلاوێکی سووری لەسەردابوو. کاتێك کچەکە دادەنەوێ ئەو بگرێت، ئەو بەکچەکە پێدەکەنێ و سەرێکی بۆ دەجوڵێنێ و ون دەبێت.

لەساڵی ١٩٠٩، دوو کوڕی دووانەی نۆساڵە لەماڵەکەی خۆیان لەنزیکی((ئاوك))لەدوورگەی ((ئسکتلاندز بلاك))یاریان دەکرد. کاتێ لەپلەکانەکان سەردەکەوتن، چاویان بەدوو پیاوی بچووك دەکەوێ کە لەپلەکان دەهاتنەخوار، ئەو دووانە بەلای کوڕەکاندا دەڕۆن، هەر لەحەوشەکەدا ون دەبن. بالأیان نزیکەی چل و پێنج سانتی مەتربووە، مووی سەرو ڕیشیان خۆڵەمێشی بووە. دوای ماوەیەك قیتانی پێلاوێك لەماڵی ئەواندا پەیدا دەبێ بەجۆرێ شریتێکی چەرمی بووە، بەلأم جەمسەری نەبووە.

لە((لۆنا))ی ئسکتلاند کۆمەڵێك لەو پەرییانە لەماڵێکدا دەبینرێن. گەڕۆکێکی نەرویجی لەپێشدا ئەوانە لەدەرەوەی دوورگەکە دەبینێ. بالأیان نزیکەی سی سانتی مەتر بووە. کابرای گەڕۆك واتێدەگات ئەوانە پێویستیان بەهاوکاری مەعنەوی هەیە، لەبەرئەوە دەپارێتەوە

دوعایـان بـۆ دەكـات. هـەر ئـەو شـەوە دووبـارە لەماڵـەوە ئـەوان دەبینیٚ. ئـەوان خاچـیان لەگـەڵ خۆیـان بردبـوو، كـە لـەدارو گـەڵای درەخـت دروستكرابوو. ئەوپیاوە گەڕۆكە وابیری دەكردەوە ئەوانە بەو ئیشەیان ویستویانە نیشانی ئەو بدەن كە مەسیحیین.

لـەزۆر بـواری جۆربـەجۆردا بـاس لەڕووبەڕووبوونـەوەی مـرۆڤ دەكـریٚ لەگـەڵ جنۆكـەو پەریـدا. كـاتیٚ مرۆڤیـان بینیـوە كـە تەماشـای ئـەوانی كردبـیٚ بـەوان پێكـەنیوون. بـەڵام قـسەیان نـەكردووە. كـاتیٚ لێیـان نزیكبوونـەوە لەبەرچـاو نـەماون و ونبـوون. تـەنیا لـەكاتی نـاڕازیبوون لەشتێك قسەیانكردووەو هاواریان كردووە. زۆر بەكەمی زیانیان بـەمرۆڤ گەیانـدووە. لــەم باســەدا ئــەوەمان بــۆ دەردەكــەویٚ جووتیــارێكی دانیــــشتووی((مــــورنن))لەســــاڵی (١٩٥٠) جنۆكەیــــەكی دیــــوە بەمشیوەیەباسی دكات.

بەچـاوی خـۆم جنۆكەیـەكم بـینی. ئێـوارەی ڕۆژی یـەك شـەممە بـوو. لەگەڵ چەند منداڵێك چووبووینە دەرەوە، خۆتان دەزانن منداڵان چۆنن. ئـەو كاتـە مـن لـەوان بـچووكتربووم. چـووینە سـەر درەختێكـی قەیـسی، پــەلوپۆی درەختەكــەمان دەشــكاندو قەیــسیمان لێــدەكردەوە. لــەناكاو سـەروكەللەی مرۆڤێكـی كورتـەباڵا لـەبن درەختەكـەدا پەیـدابوو، هـاواری دەكــرد((لەدارەكــە بێنــە خــوار.كوڕەكــان .. كوڕەكــان.. كوڕەكــان ، وەرنـەخوار.وەرنـەخوار.!))ئـەو درەختـە مەشـكێنن. مـن هـاوارمكرد یـا ((حـەزرەتی مەسـیح ئـەوە جنۆكەیـە)). منداڵـەكان هاتنـەخوار، ئیتر ئـەو لەبەرچـاو نـەما. منداڵـەكان دەیـان وت جنۆكەنـەبووە، ئـەو بوونـەوەرە

بـچووکه کلاّوێکـی گـەورەی پـانی بەسـەرەوە بـوو، خـوا ئاگـادارە مـن بەچاوی خۆم ئەوم بینی.

لـەم بەسـەرهاتەدا وا دەردەکـەویٚ ئـەو بوونـەوەرە بچووکانە دژ بـەوەن کـــە درەختـــەکان بـــشکێننەوەو زیانیـــان پێبگەیـــەنن. داســـتان و بەسـەرهاتێکی تـر کەپەیوەنـدە بەسـاڵەکانی (١٩٣٨)((جـان کیلـی)) باسی ئەوەی کردووە، کیلی منداڵ بووە چۆتە قوتابخانە بەشەقامەکەدا ڕۆیشتووە، تووشی جنۆکەیەك بووە، ڕادەکـات بـەرەو هاوڕێکانی بـەوان دەڵێت کە جنۆکەی بینیوە، هاوڕێکانی دەڵێن قسەیان لەگەڵ بکە، ئەو بەهەڵـەدا دەچـێ و دەگەڕێتـەوە قـسەی لەگـەڵ دەکـات و دەڵـێ لـەکوێوە هـاتووی، ئـەو بوونـەوەرە بـچووکە دەڵـێ، لـەو کـەژەوە هـاتووم، منـیش کەسێکم وەك تۆ. ڕۆژی دووەم دووبـارە کیلـی لەکـەناری شـەقامی((بالین گری))و ((کیل فینی))دەبینیّ کۆمەڵێکی جنۆکەی لەگەڵە. دەچێتە لایـان دەستی یەکێك لەوانە دەگریّ و لەگەڵیان بەشـەقامەکەدا دەڕوات. کـاتیّ هاوڕێکـانی کیلـی دەبیـنن کـە لەچاڵێکدا خۆیـان حەشـارداوە لەچـاو ون دەبـن، لەوانەیــە ئەگــەر ئــەوانیان نەبینیایــە کیلییــان لەگــەڵ خۆیانــدا ببردایە. کیلی دەڵیّ ئەوانە بالاّیان پەنجا تـا شەسـت سانتی مـەتر بووە. دەموچاوێکی تووکنیان هەبووە، گوێچکەیان نـەبووە، جلـەکانیان سـوور بووە، کلاّوی سپیان لەسـەردا بـووە. هەرچـەندە لـەناو شـەقام و خـۆڵ و تەپوتۆزەوە هاتبوون بەلاّم خاوێن بوون.

جار بەجار جنۆکەو پەری بـۆ کـات بەسـەربردنی خۆیـان لـەمرۆڤ نزیـك دەبنەوە، بەلاّم بەردەوام خۆیان دوور ناخەنەوە، لەبەر چاو ون نابن.

دیاره ئەوانه لەو مرۆڤانه بچووکترن کە دەیان بینن، هیچ کاتێ پێش ئەوان ناکەون، تۆزو خۆڵاوی نابن. دیاره ئەوە دەگەیەنێ وابەستە بەشتێکی گەورەتر لەسروشتەوەن. لەسەرەتای چەرخی بیستەم پەرییەکی بچووک لەژنێکی ونبوو نزیک دەبێتەوە،کە باس لەخراپی و ناڕەحەتی خۆی دەکات

دەڵێ لەماڵێکی قەدیمیدا دەژیام، لە((گلاسستر))کە شارێك بوو لەخوارووی ڕۆژئاوای بەریتانیا،. باخی پشت خانووەکەمان پاڵی دابوو بەدارستانی((بردلیپ بیچن))کۆتایی دەهات. کەلە تەپۆڵکەکانی((کانزود))ی داپۆشیبوو. لەو دەورو زەمانەدا ژنان قژیان نەدەبڕی وپرچیان زۆر درێژبوو. سەرم شتبوو، لەماڵ هاتمە دەر بەرەو دارستانەکە ڕۆیشتم تاکو لەبەر خۆرەکەدا سەرم وشکبکەمەوە. لەناکاو هەستم کرد شتێك قژم ڕادەکێشێ، وەرگەڕامەوە تاکو تەماشابکەم.

شتێکی سەرسوورهێنەرم بینی، مرۆڤێکی بچووك تەنیا بیست سانتی مەتر دەبوو، زۆر ناشیرین و چرچ و ترسناك بوو، لەڕەنگی گەڵای وشکی چنار دەچوو شێوەی لەنێوان قاوەیی وزەرد، دەنگێکی بەرزو ڕەقی هەبوو، لەقژی منەوە ئالابوو، هەوڵی ئەدا ڕابکات، هاواری دەکردو دەیقیژاند. بەمنی دەوت : نەدەبوو بێیتە ئێرە. وا دەردەکەوت زۆر تووشی ئازار بووبێت. لەوانە بوو بەقژم ئەو بخنکایە زۆری هەوڵدا تاکو ڕزگاری بوو، لەبەرچاومدا ونبوو.

ماوەیەك لەوەودوا ئەو بەسەرهاتەم بۆ پرۆفیسۆرێکی زانکۆی ((بریستۆل)) گێڕایەوە، ئەو دەیوت شتێکی سەیرو سەمەرە نەبووە،

لەبەرئەوەی لەناوچەی بردلیپ بیچزا لەکۆنەوە پەریەکان لەوێدا دەژین و بوونیان هەیە، هەر لەبەر ئەوەیە کەس نزیکی ئەوێ ناکەوێت.

گێرانەوەی جیاواز بەلاَم بەڕێگەیەکی سەیرتر لەوانەی پێشوو، ڕووداوێك لەبەردەستایە کە لەساڵی ۱۹۱۰ لەدوورگەی((موك))لەلێواری دەریا لەڕۆژئاوای ئسکتلەند ڕووی داوە. باوکی ڕۆحانی ((ئەلکساندەر فریزر))بەسەرهاتێك دەگێڕێتەوە کە بۆ کەسێك لەلایەنگرانی کلیسا کە ئەو ماسیگربووە بەردەوام ڕاوی دەکرد، ڕوویداوە. ڕۆژێك سەرلەبەیانی دوو کوڕی تەمەن حەوت و دە ساڵە لەلێواری دەریاکە خەریکی کۆکردنەوەی دار بوون کە شەپۆل خستبوونیە قەراخەوە. لەو کاتەدا چاویان بەقوتوە شیرێك دەکەوێ، هەوڵ ئەدەن بەبەردێکی گەورە سەری قتوەکە بکەنەوە. کاتێ خەریکی ئەو ئیشەبوون، دوو کوڕی سەرتاپا سەوز دێنەپێش، لەوان دەپرسن کە چی دەکەن. ئەوان بەزمانی ئینگلیزی قسەیان دەکرد، بەلاَم لەزمانی (گیلیك)یش کە(زمانی ئەسڵی ئسکتلەند) یە شارەزابوون. ئەوان لەبارەی ماڵ و بنەماڵەکەیان پرسیاردەکەن. کوڕەکان بەلەمێکی بچووك ەلیواری دەریاکەدا دەبینن کە ژنێکی کورتەبالاَو سەگێك بەئەندازەی مشکێك لەبەلەمەکەدابون. ژنەکە جلی سەوزی لەبەردابوو، داوا لەکوڕەکان دەکات بەبەلەم بڕۆن و بەیەکەوە چا بخۆن. بەلاَم کوڕەکان بەوە ڕازی نابن. هەر لەبەرئەوە پەریەکە چەند پارچە نانێك بەقەدەرگوێزێك ئەدات بەوان. کوڕەکان ئەوە دەخۆن و لەزەتی لێوەردەگرن. ئەوان پێش ئەوەی بڕۆن بەکوڕەکان دەڵێن :((ئێمە ئیتر نایەینە ئێرە، بەلاَم هاوڕەگەزەکانی ئێمە دێن.

خوشکی کوڕەکان و ئەودوانە لەکاتێدا سەیری دەریاکەیان دەکرد لەلێواری دەریاکە ئەوان دەبینن، کاتێ قسە لەگەڵ ئەوان دەکەن ئەو جادووگەرییە تەواودەبێ.کوڕەکان لەپڕ تووشی ترس دەبن لەکاتێکدا لەپێشدا خۆشحاڵدەبینران.

کۆمەڵێك لەمرۆڤە بچووکەکان شێوەی سێبەرو تارماییان هەیە(ئەوان بەشتی ڕەقدا تێدەپەڕن. لەناکاو ونـدەبن) بەشێك لەهەولەکان وا دەردەخەن کە بەزەحمەت بتوانرێ ئەوانە بەجنۆکەو پەری بزانرێن یان بەتارمایی. لەسەرەتای چەرخی بیستەم کچێکی گەنج کە لەبەریتانیاوە چووبووە ئیرلەند، تا لەکاتی منداڵبووندا یارمەتی پووری بدات. پیاوێکی بچووکی نزیك بەسەدوبیست سانتی مەتر لەماڵەکەدا دەبینێ. یەکێك لەکچە پورەکانی ئەو پیاوە لەلای جێگەی خەوتنەکەی دەبینێ. جنۆکەی ناوبراو سەیری ئەو دەکات. کاتێ ئەو هاواردەکات جنۆکەکە ون دەبێ. دوای ماوەیەك کچەکە باسی لەئەو پیاوەی کرد، کلاوێکی سەوزی بەسەرەوە بوو چاکەت و پانتۆڵێکی سەوزی تەسکی لەبەردابوو. بۆینباخێکی مەیلەوزەردی بەستبوو پانتۆڵەکەی تاسەر ئەژنۆ دەگەیشت. گۆرەوی پەشم و ڕەنگ ئاوی لەپێدا بوو، پێڵاوی وەك ناوچەی ئیرلەندی لەپێدابوو. مووی قاوەی وچاوەکانی شین بوو. چەند هەفتەیەك لەوەودوا کچەکە پێش گەڕانەوەی بۆ بەریتانیا دووبارە ئەوی بینیەوە. مێردی پورەکەی. سەرهەنگ ((هنری جوردن))بەپیرەپیاوێك لەو کێڵگەدا ئیشی دەکرد، لەبارەی ئەو پیاوە بچووکەوە قسەی کردبوو. پیاوە بەتەمەنەکە هاتەوە یادی کە ساڵانێك لەوەپێش خۆیشی ئەوی

بینیەوە. پیاوە بەتەمەنەکە کە ئەو کاتە گەنج بووە لەکێڵگەیەك لەنزیك ماڵەکەی سەبیل دەکێشێ کە ئەو پیاوە بچووکە دەبینێ بەزمانی ئینگلیزی و ئیرلەندی لەگەڵ ئەو قسەدەکات، بەلاّم چونکە وەلاّمێك نابیستێ قسەی خراپ و نابەجێ بەو دەڵێ، دوای ئەوە ئەو مرۆڤە بچووکە ون دەبێ. دوای ماوەیەك کاتێ لەچێشتخانەکە ئەو بەسەرهاتە باس دەکات، یەکێك لەخزمەتکارەکان دەڵێ، ئەو بەردەوام ئەو پیاوە بچووکە دەبینێ.

بەسەرهاتێکی کە هەیە. پیرەژنێکی پیر وەك تارمایی لەکوێرە رێگەیەك نزیك کێڵگەی((پیتنتین))لەناوچەی((کریف))لەئسکتلەندا دیبوو. لەساڵی ١٩٨٠ لەدوانیوەڕۆی یەك شەممە چوار منداڵ و سەگێك و بەتەمەنێك بەناوی((مارگارت میلن))لەشەقامێکەوە دەڕۆیشتن کە پیرەژنێك دەبینن بەرەوڕوویان دەهات. پیرەژنەکە قاچی نەبوو کاتێ کەئەوان دەبینێ ون دەبێ، سەرئەنجام دەردەکەوێت کە ئەو کێڵگەیە بەماڵی پەریان بەناوبانگە.

تا ئێرە ئەو بوونەوەرانە ئەوەندە بچووك نەبوون، بەشێوەیەکی مامناوەندی،سەد بۆ سەدو بیست سانتی مەتر بالاّیان هەبووە.

((مارجوری تی. جانسۆن))دانیشتووی((ناتینگهام))لەڕووداوی دەورانی منداڵیدا لەساڵەکانی (١٩٣٦) ئاوا بۆمان باسدەکات:

ئەو ماڵەی لەدەورانی منداڵیمدا تێیدا دەژیاین لەنێو باخێکی گەورەدابوو، لەدارستانێکی گەورەو بەربلاّوەوە دوور لەناتینگهام بوو. ڕۆژێك سەرلەبەیانی لەسەر جێگەکەم ڕاکشابووم خۆرەکە

لەپەنجەرەوەکـەوە ئەیـدا لەجێگاکـەم منـیش پـێم خۆشـبوو، لەبەرئـەوە هەسـتام و پـشتم کـردە خۆرەکـەو تەماشـای گۆشـەی دیوارەکـەم دەکـرد لـەنزیك زۆپاکـە، لەوێـدا بوونـەوەرێکی زۆر بـچووکم بـینی خـۆی بـەتۆڕی جاڵجاڵۆکەیەکەوە هەڵواسـیبوو. تەماشـای مـنی دەکـردوو زەردەخەنـەی دەکرد، دیاربوو لـەزەتی لەوەوەردەگرت کە من تەماشای دەکـەم. سـەرەتا نەدەجولآمـەوە تـەنیا تەماشـام دەکـرد، ئـەویش سـەیری مـنی دەکـرد، دیاربوو وریاو زیتەڵە بوو، هەستی منداڵیم منی هاندا بۆئەوەی لەسـەر جێگەکـەم هەسـتم. لەوکاتـەدا ئـەو بوونـەوەرە بـچووکە نەماولەبەرچـاو ونبوو. دووبارە لەسەر جێگاکەم دانیشتم و تەماشای ئەو جێگەم دەکرد هـەر لەوێـدا دانیـشتبوو. دووبـارە هەسـتام ئـەویش نـەدەماو لەبەرچـاو ونـــدەبوو. بـــەم شـــێوازە ماوەیـــەکی زۆر بـــەردەوامبوو تـــاکو تـــۆڕی جاڵجاڵۆکەکە نەما، ئەویش بەتەواوی لەبەرچاوو ونبوو، ئەو بالآی سـی بـۆ چـل سـانتی مـەتر دەبـوو، گوێـچکەکانی درێـژبوو، پێـستی لاشـەی سەوزو خەت خەت بوو.

لەســـاڵی (١٩١٥)((ویولـــت توئیـــدل) لەباخەکەیـــدا دەگـــەڕا، بوونەوەرێکی هاوشێوەی بینی، ئەو وا هەستی دەکرد یـەکێك لەگـەڵای درەختەکان دەجوڵێ.

من چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد مشکێکی دەشتەکی لای گـەڵاکان ببینم. زۆر بـــەئارامی بـــەرەو کلۆگلێـــك ڕۆیـــشتم، گەڵاکـــەم ئەملاوئـــەولاکرد. بەوپەڕی سەرسوورمانەوە پیاوێکی بچووکی سـەرتاپا سـەوزم بینی کـە نزیکـەی دە دوانـزە سـانتی مـەتر بـالآی هـەبوو، ڕواڵـەتێکی بـەزەوق و

کڵاوێکی سوورم بینی، ماوەی خولەکێك لەبەرچاومدا بوو، بەسەر لقەکان دا دەڕۆیشت دوایی ون بوو نەما.

لەساڵی (١٩٢٠) ((سێر ئارتۆر کانون دویل))کە بە بیستنی بەسەرهاتی جنۆکە و پەری سەری سوورمابوو بڕیاریدا بچێت بۆ وێنەگرتنی ئەوان. لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی((ئەدوارد ئال گاردنەر))لەبارەی ئەوانەوە داستانێکی چاپکردوو بڵاویکردەوە.((لەوبوارەدا لەبەشی شەشەم باسی لێوە دەکەین))، هەندێك لەو بوارەدا ڕووداوو بەسەرهاتیان بۆ نووسیبوو، کە دوو داستان و بەسەرهات، نموونەیەکە لەوانە. یەکەم بەسەرهات هی پیاوێکی ئایینییە بەناوی ((ئەرنولد جی هولمز)) لەدانیشتوانی دورگەی((مان))ە.

لەماوەی سەفەرێکمدا لەشاری((پیل))بۆ ((سنت مارك))بەسەرهاتێکی سەیر ڕوویدا، دوای ئەوەی لەقەڵای((گریبا)) جێگەی نیشتەجێبوونی((سێرهاڵ کیل)) تێپەڕیم. لەناکاو ئەسپەکەم وەستا هەرچی هەوڵمدا نەدەجولا. تەماشای پێشی خۆم کرد لەبەرشەوقی مانگەشەو پەیکەری بچووکم دەبینی کە جلێکی ناسك و جوانیان لەبەردابوو. وادەدەکەوت بەشەوق و خۆشحاڵبن، لەنێو شەقامەکەدا دەجولان. وا دەردەکەوت لەو کڵێسەیەوە هاتبن کەسەری ئاوەڵایە بەناوی((سنت ترینیان)). دەگێڕنەوە ئەو ناوچەیە لەژێردەسەڵاتی پەرییەکاندایە. لەدوو بواردا کە دەیان ویست سەری ئەو کڵێسەیە بگرن بەناویاهاتبوون.شەوێ ئەو جنۆکە و پەرییانە دووبارە ئەوەیان تێکداوە، لایان دەبرد لەسەر کڵیسەکە. ماوەی سەدەیەك کەس

نـــەیتوانیوە ســـەری ئـــەو بینایـــە بگـــرێ.ئەوجێگـــەیان بـــۆ ئەوانـــە بەجێهێشتووە. .

مـن بەسەرسـووڕمانەوە تەماشـای ئـەوانم دەکـرد، ئەسـپەکەم لەترسـا شـێت بووبـووو. ئـەو بوونـەوەرە بـچووکانە بـە کـەیف وخۆشـحاڵییەوە بەرەوە تەپۆڵکەی((ویچ))دەڕۆیشتن لەچاڵێکەوە ڕەتبوون ،. یەکێك لەوان کـە دیـاربوو بەتەمـەنترە، نزیکـەی دە سـانتی مـەتر بـاڵای هـەبوو وەکـو چاودێر وەستا تاکو ئەوان دوور دەکەوتنەوە بەسەماکردن وگۆرانی وتن لـەوێوە تێپـەڕین، ئینجـا لەزەویـەکان و تەپۆڵکەکانـەوە تێپـەڕین وبـەرەو کێوی سنجان ڕۆیشتن .

خانمی((رز))دانیشتووی((ساتند.ئان. سی))بە گاردنـەری وتبـوو : واهەستدەکەم بەردەوام جنۆکەو پەری دەبینـم، پەریـەکان بـەردەوام لـەبن دارو درەخـتی نزیـك ڕووبارەکـان دەبیـنم. ئـەوان لـەژێر درەختەکانـدا کۆدەبنـەوە، کۆتـەڵی دەوروبـەر کۆدەکەنـەوە وپارێزگـاری لێدەکـەن. کۆتەڵـەکان پیرەمێردێکـی بـچووکن و کـڵاوی سـەوزیان لەسـەردایەوە، جلەکانیان سەوزە. پەریـەکان جلی ناسك و جوان لەبەردەکەن. ئەوانـەم لـەنێو گـوڵی باخەکەمـدا بینیـوە، بەدەوروبـەری گوڵەکانـدا دەگـەڕان. وادەردەکەوت بەردەوام خەریکی یاریکردن بن، مەگەر لـەکاتی پشوداندا بـچنە نێـو گیاکـان یـان دەروونـی درەخەتـەکان. جارێـك کۆمـەڵێکم لـەو بوونـــەوەرە بـــچووکانە بـــینی لەسەرشـــانی یـــەکتر وەســـتابوون، زۆر بەڕاشکاوانە دەبینران و زیندووبوون، ئەوە واهیمەو خەیاڵات نەبوو.ئەو کۆتەڵانـــە دارو تەختـــەیان کـــۆدەکردەوە قەنەفـــەیان بـــۆ پـــەریکان

دروســـتدەکرد وە کـــو ئـــەو باڵندانـــەی هێلانـــە بـــۆ بەچـــکەکانیان دروســتدەکەن. دەنگیــان نەبابیــستم بــەڵام ئەوانــە بــەردەوام بەکــەیف و خۆشــحاڵ دەهاتنــە بەرچــاو. دیــارە ئەوانــە کاتــەکانیان بەخۆشــی بەسەردەبەن.

"ئەدوارد. ل. گاردنـەر" لـەکتێبی(پـەرییان)دا باس لەوانـە دەکات. لەوانەیە ئەو بوونەوەرە بچووکانە لەپەڕی گوڵەکان و گیاکانـدان ڕۆحـی سرووشت بن.

ژیــانی ڕۆحــی سرووشــت لــەنێو بــاخ و ســەوزەڵانی و جێگــەی پــڕ لـەدرەخت ڕۆڵیـان یـان هەیـە وکـاران. لەرگەشـەکردنی گیاکـان بەرهـەمی دانەوێڵـەی ئـەوان لـەناخی زەویـدا لـەکاتی گـەرمی و تەڕیـدا بـەهۆکار دەزانین، ڕاست نییە هەروا ڕوودات بەبێ ئەوەی دەستکاری سرووشت لەوەدا رۆڵ ی هەبێ. هەروەك دەنگی ئۆرگ بەتەواوی بەهۆکاری ئامێری مۆســیقاو هێــزی هـــەوا نییــە، چــونکە پەیوەنــدی بنــەڕەتی لــەنێوان گۆرانیبێــژو مۆسـیقادا هەیـە، هـەر لەبـەر ئـەوە پێویـستە دەسـتکارانی سرووشت ڕۆڵێکی باشیان هەبێت لەگەشەکردنی گوڵ و گیادا.

پەری، دەسکاری سرووشت لەوانەیە مەرحەلەی گەشـەکردنی گیاکـان ڕۆڵێکــی تایبــەتیان هــەبێت، لەوانەیــە لەئاســتەکانی خۆیــان دەبیــنن بەشێوازی مرۆڤ یان جۆرێکی دیاریکراوی تر نەبێت پێدەچێت بەوێنەی هــەورێکی ڕەنگــی بێــت، نادیــارو یــان ئاســتێك درەوشــاوەبێت، دوای تــەواوکردنی فەرمانــەکانیان کــاتێ لەگیاکانــدا دەردەچــن ڕاســتەوخۆ گۆڕانکــاری بەســـەریاندابێ و بــچنەسەر وێنـــەی مرۆڤـــی کورتـــەباڵا،

بەتـەواوی شـایانی بیـنین ئـەبن، لەوانەیـە بـۆ چـەند چرکەیەك بەرچـاو بکەون و دووبارە ون ببنەوە.

دوو بەسەرهاتی پیشوو باسی کەسانێکە کە بەخت یاوەریـان بـووە و بۆ چەند خولەکێك ڕۆحی سرووشت لەشێوەی مرۆڤدا دەبینن.

((سینتیا مۆنت فیۆر))دانیشتووی سامرست لەساڵەکانی (١٩٩٧) نووسیبووی :

کاتێ ئەو بەسەرهاتە ڕوویدا لەگەڵ دایکم لەباخچەی ماڵەکەدا بووین، دایکم دەیویست چنینی گەڵای مێوم فێربکات، مقەستێکی بەدەستەوە بـوو لەسـەر بـەرزایی ڕەزەکـە وەسـتابوو منـیش بـەرەوڕووی ئـەو وەسـتابووم، ئێمـە ڕووبەڕووی یـەك بووین، داری مێوێك لەبەینی من و ئـەودا بـوو، لـەناکاو دایکـم وەك ئیـشارەتێك پەنجـەی بـرد بـۆ دەمـی و ئیشارەتی بۆخونچەیەك دەکرد، بەوپەڕی سەرسوورمانەوە ئەوەی ئەو دیبووی منیش بینیم. بوونەوەرێکی بچووك نزیکەی پانزە سانتی مەتر دەبـوو بەشـێوەی ژنێکـی بەتەمـەن بـەباڵی ڕەنگاوڕەنگـەوە دارێکـی بەدەسـتەوە بـوو، بـەو دارە ئیـشارەتی بـۆ ناوەڕاسـتی ڕەزەکـە دەکـرد، نـووکی دارەکـەی وەك مـانگ ئەدرەوشـایەوە. ڕەنگـی پێـستی ئـەو بوونـەوەرە لەژێرجلەکانیـەوە کـەم ڕەنـگ دەردەکـەوت، قـژێکی درێـژی هـەبوو بـەڕەنگی شـەوەیی لابـی کـەم یـەك دوو خولـەك بـەدەوری چـرۆی مێوەکەدا دەگەڕا و باڵەکانی وەك باڵندەی مێشخۆر وابوو... لەکۆتاییدا لەبەرچاو ونبوو.

دایکم لەمنی پرسی : ئایا منیش ئەوەم بینی؟! سەرم بۆ جوڵاند و هەردووکمان بێدەنگ گەڕاینەوە ماڵ. لەبەرئەوەی هەردووکمان ئەوەمان بینیبوو زۆر کەیفخۆشبووین. چنینی گەڵای مێوەکەمان لەبیرچووەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە، ئەوەبوو کە ئەو بوونەوەرە بچووکە، کە هەردووکمان ئاگاداری بووین و هەر وەك ئەوە وابوو کە لەکتێبێکی ئەفسانە گشتییەکاندا لەبارەی پەریەکانەوە باسی دەکریٚ، بەڵام ئێمە ئەوەمان لەدنیای ڕاستیدا بینی.

ئەو ڕووداوەم دووبارە بەتەنیا بینی، ڕۆژێك لەنێو باخەکەدا لەژێر درەختێك دانیشتبووم کتێبم دەخوێندەوە، لەناکاو چرپەیەك پەیدابوو کە تەماشام کرد بوونەوەرێکی بچووك درێژی چل تا پەنجا سانتی مەتر دەبوو لەبن درەختێکا پەیدابوو. بەرەولای درەختێکی سنەوبەر دەڕۆیشت جلێکی قاوەیی بەڕەنگی سوورمەی لەبەردابوو،نەمتوانی ڕواڵەتی ببینم لەبەرئەوەی پشتی لەمن بوو، لەبن درەختە سنەوبەرەکەدا لەبەرچاو ونبوو، هەستام ئەو دەوروبەرە گەڕام هیچم نەبینی.

لەوکاتەدا پیاوێکی خزمی دایکم بەخاکەنازێکەوە پەیدابوو بۆ کێڵانی باخەکە، ئەویش ئەوەی بۆ من باسکرد کە هەر لێرەدا لەو بوونەوەرە بچووکانەی بینیوە، کەمن دیومە.

کۆمەڵێك لەو باوەڕەدان کەڕۆحەکانی سرووشت ئەوەندە بچووك نین، هەروەها بەردەوام لەشێوەی مرۆڤدا خۆیان دەرناخەن، جگە لەوە زنجیرەیەك ئیشی سرووشت ڕێکدەخەن. ئەوان خۆیان بەڕۆحی سرووشت دەرناخەن ! کۆمەڵێك لەبینەران و چاودێران دەڵێن لەگەڵ

ڕۆحی سرووشتا قسەیان کردووە. یەکێك لەوانە پیاوێکە لەساڵەکانی (١٩٧٣)لــــەژێر نــــاوی((ســــیرکم لیــــبرا)) لــــە لــــەگۆڤاری ((لــــی هانتر))نووسیبووی:

((ئەم بەســەرهاتە لــەڕۆژێکی خــۆش و دڵگیر کــە درەخــت و گیاکــان لەوپــــەڕی گەشــــەدابوون. مــــن لەشــــیوێکەوە بــــەرەو تەپۆڵکەیــــەك سەردەکەوتم، تەپۆڵکەکە لەنزیك پردێك بوو، لەشـەقامێکی سـەرەکی پڕ لەهاتووچـۆوە دووربـوو لەشـیوو دەرەیەکـەوە کۆتـایی دەهـات. کـەمێك لەولاتر چەند ماڵێك دەبینران، لەوێوە شـەقامەکە کەمتر کێشەی هـەبوو، بیَ هـۆ لەپـشتی ماڵەکانـەوە شـەقامەکە پێـچێکی تێکـەوتبوو، هەمیـشە بەهەڵــەدا دەچــووم وەك ئــەوەی ئــەمجارەیان بەســـەر شــاخ و بــەردا تێدەپـەڕم. لـەداوێنی تەپۆڵکەکـە کۆمـەڵێ گلێ سـەرنجی ڕاکێشام چووم تـاکو بـزانم چییە. بـەڵام شـتێکم دەسـتنەکەوت، لەبەرئـەوەی ڕۆژێکـی خـۆش بـوو جێگەیـەکم لەسـەر سـەوزەڵانییەکە هەڵبـژارد تـاکو کـەمێك ئیسراحەت بکەم و چێژ وەربگرم. زۆری پێنەچوو هەستم بەکەسێك کرد لای منە، وەرگەڕام و شتێکی سەیرم بینی. پیاوێکی بچووکی خـرپن کـە درێژی سەدوبیست سانتی مەتر دەبوو،هەموو جلەکانی بەری سـەوزبوو وەك گیاکـانی دەوروبـەر. بـەبینینی خۆشـحاڵبووم نـەك خـۆم تێکبـدەم، بـەڵام بەوپـەڕی وردبینییـەوە سـەرنجم ئـەدا چـونکە یەکـەمجار بـوو لـەو بوونەوەرە بچووکە ببینم.

هەستم دەکرد بوونی ئەو لەوێدا هۆکارێکی هەیەو هێنەری پەیامێکە. لەڕاســتیدا هــەر وەهــابوو. قــسەو باســێك لــەنێوان مــن وئــەودا

ئاڵوگۆڕکرا.دیارە من ئەوەم ناوناوە وتوێژ بەلاّم زیاتر هەڵسوکەوت بوو. هەردووکمان لەیەك تێ دەگەیشتین، من وام هەست دەکرد ئیشی ئەو گۆڕانی کەرەسە بوو بۆ خۆراك بۆ گیاکان. بەرانبەر شتی تریش قسەمان کرد، بەلاّم ئەوەی زۆر سەرنجی منی ڕادەکێشا ئەوەبوو پێداگری دەکرد لەسەر ئەوەی کە ئەو مرۆڤە، لەکاتێکا من وا بیرم دەکردەوە ئەو بوونەوەرێکی تایبەت یان ڕۆحی سرووشتە))

پیاوێکی ئسکتلەندی بەناوی،((ئاڕ. ئاگیلوی کرومبی))لەگەڵ ڕۆحی سرووشتا قسەی کردووە. لەمانگی مارت ئەو لەباخێکی گیا ناسیدا لە((فایندهۆرن)) لە((ئەدین بورو))بوونەوەرێك دەبینێ، نیوەی مرۆڤە و نیوەی ئاژەڵە، نزیکەی نەوەد سانتی مەتر درێژبوو.سمی دوو فاقی هەبووە، خۆی بەناوی((کرۆمۆز))ەوە ناساندبوو، ئەو بەکرۆمبی وتبوو یارمەتی درەختەکان ئەدەم بۆئەوەی گەشەبکەن و گەورەبن. کرۆمبی ئەوی بردبوو بۆماڵەکەی خۆی لەشار. دووبارە ئەو لەباخەکەدا دەبینێتەوە، کاتێ کرمۆس بانگدەکات دێتەلای، بەیەکەوە قسەدەکەن. کرمۆس لەکۆتایی دا خۆی ئاشکرادەکات پیی وتبووئەو خوای کێڵگە و دارستان و ئاژەڵەکانە.

هۆکارێك لەو بوارەدا کە ڕوویداوە جێگەی سەرنج و تێڕامانە کە چۆن کرۆمبی لەگەڵ وزەی سرووشت نزیکی و پەیوەندی هەیە. توانای ئەوەی هەبووە بوونەوەرو زیندەوەرانێك کە کەسانی تر نەیان دەبینی ئەو ببینێ و قسەیان لەگەڵدابکات. ئەو کەسەی نەك یەك جار، چەند جارێك توانیویە پەری ببینێ، ئەوە خاوەنی بەختەوەرییە زیاد لە

مرۆڤەکانی کە عالەمی نادیار دەبینن و پەردە لەنێوانیاندا نامێنێ و دەتوانن دنیای بوونەوەری بچووك ببینن. لەساڵی(١٩٣٦) کەسێکی ئسکتلەندی بەناوی((ئەستراون رابرتسۆن))لەگەڵ کۆمەڵێ پەری رووبەڕوو بووەوە، ئاوا باسی لێوەدەکات :

یەکەم جار یەك پەریم بینی لەخوارووی چیای ((ئابرفویل))بووم، ئەو جێگەی((ڕۆبرت کرت))پەرتوکی ولاتی پەرییانی نووسیبوو. ئەو پەرییە شێوازێکی دۆستانەی هەبوو، ئیشارەتی بۆ من کرد کە بەدوایدا بڕۆم جوانترین دیمەنی نیشاندام.

بەداخەوە ڕۆبرتسون لەو بوارەدا زیاتر ڕوونکردنەوەی لەسەر نەکرد. چەندە باش دەبوو ئەگەر بمانزانیایە ئەو چی بینیبوو، ئەو درێژەی ئەداتێ.

ڕۆژێك دوای نیوەڕۆ لەو ناوەدا کۆمەڵێ پەریم بینی لەدەوروبەری تەپۆڵکەیەك یاریان دەکرد، کۆمەڵێ ئاژەڵیش لەوێدا دەلەوەڕان، دیاربوو ئاژەڵەکان ترسیان لەوانە نەبوو، ئەگەر یەکیان نزیك ئاژەڵەکان بکەوتایە ئەوان کەمێك دووردەکەوتنەوە.

ڕۆژێك هەروا بێ ئیش لەدارستانی((ئاران))دەگەڕام، دەنگێکی ترسناکم بیست کاتێ بەلای دەنگەکەدا تەماشام کرد، کۆمەڵێ جنۆکە و پەریم بینی بەخێرایی بەرەو سەوزەلانییەك دەڕۆیشتن. وادەردەکەوت لەشتێك بێزارو دەمارگیری بوون، کاتێ منیان بینی بەدەنگی بەرز کەوتنە هاوارو بانگ وەك پۆلە چۆلەکەیەك بەردیان ئاراستە بکرێ بەپەلە بەملاولادا بڵاوەیان کردوو لەچاو ونبوون.

داستان و بەسەرهاتی زۆر لەبارەی پەرییانەوە دەگێڕنەوە. بینەران کۆمەڵێك منداڵی هەشت بۆ دەساڵانن، ئەم بەسەرهاتە لە سێپتەمبەری (١٩٧٩) لەپارکی((ولتون))لە ناتینگام ڕویداوە.

سەعات هەشت و نیو دنیا بەرەو تاریکی دەچوو، بەڵام لەدوور هەست بەشت دەکراو دەبینرا. منداڵەکان لەدەوروبەری چاڵاوێك بوون کە پەرژین کرابوو، تاکو کەس نزیکی نەکەوێ. نزیکەی شەست مرۆڤی بچووکیان بینیبوو کە باڵایان ئەوەندەی باڵای منداڵەکان دەبوو، ڕیشیان سپی ودرێژ بوو، سەری ڕیشیان سوور بوو. یەکێك لەمنداڵەکان دەیوت ڕیشیان ڕەش بووە. ڕواڵەتێکی چرچی و پیرییان لێ دەردەکەوت. ئەوان کراسی نیوقۆڵ و شینیان لەبەردابوو لەگەڵ پانتۆڵی تەسك بەڕەنگی زەرد. منداڵەکان پانزە خولەك تەماشای ئەوانیان کردبوو. ئەو کورتەباڵایانە سواری ئۆتۆمبێلی بچووك بووبوون، ڕەنگی ئۆتومبیلەکان سەوزو شین بوون، سێ دانە ئۆتومبیل بوون، هەریەکێك لەوان شۆفێری بوو کەسێکی لەگەڵدا سواربووبوو.منداڵەکان ئەوانەیان بەرەنگی جیاجیا دیبوو، دیارە جۆری ئۆتومبیلەکان ڕەنگاوڕەنگ بووە. ئۆتومبیلەکان سوکانیان نەبووە، بەشتێکی خڕی دەسکدار دەیانجولاندن، بزوێنەرەکانیان بێدەنگ بوون، بەڵام بەخێرایی بەڕێدا دەڕۆیشتن.دەیانتوانی بەسەر پەرژینەکەدا بازبدەن. ئەو بوونەوەرە بچووکانە دوای منداڵەکان کەوتبوون، بەڵام ئەوان خۆیان لەدەستی ئەو بوونەوەرە ڕزگارکردبوو، هەرچەند توانای ئەوەیان هەبووە منداڵەکان بگرن، بەڵام وا هەستیان دەکرد یاریان لەگەڵ دەکەن. منداڵەکان دەیان

وت : ئەوانە قسەیان نەدەکرد، بەڵام زۆر پێدەکەنین خۆشحاڵ بەرچاو دەکەوتن. ئەوان دەستیان بۆ منداڵەکان درێژ نەدەکرد. بەدرەختەکاندا سەردەکەوتن و دەهاتنەخوار بەرەو کونی درەختەکان، هەرچەند دایك و باوکی منداڵەکان باوەڕیان بەوتەی منداڵەکان نەبوو، بەڵام منداڵەکان بەڵنیاییەوە قسەیان دەکردوو بەسەرهاتەکەیان دەگێڕایەوە، ئەوەیان بەهەڵبەستراوی خۆیان نەدەزانی، ئەوان بەردەوام دەیانگوت: لەپشووی هاویندا زۆرجار لەو مرۆڤە بچووکانەیان دیوە، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دانەدانە لەگەڵ ئەوان لەوبوارەدا قسەی کردبوو، گەیشتبووە ئەو باوەڕەی وتەکانیان ڕاستە.

شەش ساڵ پێش لەچاپدان و هەواڵی پەریانی پارکی ویلتون لەڕۆژنامەکان،((مارینا فری [1]))لەدانیشتوانی کورنوال لەنامەیەکا بۆ منی نووسی کە لەساڵی ١٩٤٠ منداڵێکی چوار ساڵە بووە، جنۆکەیەکی بینیوە. شەوێك ئەوو خوشکە گەورەکەی کە لەژوورێکدا ئەخەوتن ، بەهۆی وزەوزێکەوە کە ئەوان لەو باوەڕەدابوون وەکو دەنگی مۆسیقایە، ئەویتریان دەیوت وەك دەنگی زەنگ وابوو، لەخەو هەڵدەستن، لەپەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکەن. مرۆڤێکی بچووك لەئۆتومبیلێکی سووردا دەبینن کە بەدەوری خۆیا هەڵدەسوڕا، نزیکی چل و پێنج سانتی مەتر باڵای هەبوو،خاوەنی ڕیشێکی سپی درێژبوو، کڵاوێکی سووری بەسەرەوە بوو. مارینا فری لەوباوەڕەدابوو کە

[1] Marina Fry

شێوازێکی بەزەوقی هەبووە، دوای ماوەیەك ون دەبێ. شێوەی ئەمەو ئەوەی پارکی ویلتون سەرسوڕهێنەربوو.

لەبواری بەلەمی پەرییان، ئۆتومبیلی پەرییان، فڕۆکەی پەرییان، چەند هەواڵێك لەبەردەستایە. لەساڵی (١٩٢٩)کچێکی تەمەن پێنج ساڵ و برا تەمەن هەشت ساڵەکەی فڕۆکەیەکی بچووکیان دیبوو کە فڕۆکەوانێکی بچووکی تێدابووە. ئەوان لەباخچەی ماڵەکەیاندا لە((هرت فۆرد[1]))دەنگی ئامێرێك دەبیستن.ئەوان تەماشادەکەن شتێك لەشێوازی فڕۆکە دەبینن، باڵەکانی چل سانتی مەترێك دەبوو لەبەرزایی تەپۆڵکەی باخەکەوە دەهاتەخوار. دوای ماوەیەك دەنیشێتەوە، زۆری نەمابوو خۆی بدات لەسەتڵی زبڵدانەکە،دووبارە هەڵدەفڕێ و بەرزدەبێتەوە. فڕۆکەوانەکە کلاوێکی چەرمی فڕۆکەوانی لەسەردابووە، لەکاتی بەرزبوونەوەی دەست بۆمنداڵەکە بەرزدەکاتەوە. ئامێری گواستنەوەی ئەو مرۆڤە بچووکانە دەفرەفڕیوەکان دێنێتەوە یادی ئێمە کە لەبەرزاییەکانەوە دێنە سەرزەوی و مرۆڤی بچووکیان لێدێتەدەر. ئەو بەسەرهاتە لەبەشی پێنجەم باس دەکرێت، بەڵام سەرەتا دەبێ لە ئێرلەندو بەریتانیا بچینەدەر و بزانین ئەو بوونەوەرە بچووکانە لەجێگا جیاجیاکانی دنیادا بینراون، یان تەنیا لەسەرزەوی ئێرلەندو بەریتانیا بینراون و تایبەتمەندن بەوێ.

---

[1] Hertford

بەشی چوارەم

((لاشەی مۆمیاکراوی مرۆڤە کورتەبالاسەوزەکان))

((ئەو بوونەوەرە بچووکانە، لەسەرتاسەری دنیادا))

باوەڕ بەبوونی((جنۆکەو پەری))و مرۆڤە کورتەبالاکان، بەتەواوی پەیوەندی نییە تەنیا بە بەریتانیاو ئێرلەند و ئەسکاتلەند، بەڵکو فەرهەنگی گشتی دنیا پڕە لەئەفسانەی بوونەوەری بچووکتر لەمرۆڤ کەبەتەواوی هاوشێوەی ئێرلەندیو بەریتانیەکانن. بۆنموونە لەڕوسیا ڕۆحانیەتی ماڵی هەیە و هاوشێوەی قاوەییەکانن، بەوان دەڵێن ((دوموویک)) یان((دوموورژ))توکەکانیان خۆڵەمێشییەو حەزیان لەئاگرەو لەپشتی ئاگردانەکانەوە دەژین، لەڕووسیا ئەوان بە((ئەو))بە((خۆی))یان بە((باوەگەورە))یان ناودەبەن،. ناوبردنی ئەوانە قەدەغەیە، شەوانە خواردنیان بۆ دادەنان.

لەئەورووپا مرۆڤەبچووکەکان بەشێوەیەگی بەرچاو لەهەموو وڵاتەکاندا ناسراون. لەفەرەنسا ئەفسانەی قەومی زۆر لەبارەی جنۆکەو پەرییەکانەوە باس دەکرێ و بوونی هەیە. لەئەسکەندیناوی ئەوانە بەشێوازی دەستەو تاقم باسدەکرێ. لەئەڵمان و سوئیس ئەوانە

بەکوێستانییەکان ناودەبەن. لەناوچەکانی سەرووی وەك ئایسلەند ڕەگەزێك بەناوی((هۆلدوفاك))بوونی هەیە کە بەجۆرێکی شاراوەو نادیار دەژین، تایبەتمەندییەکی وەك پەرییەکانیان هەیە، تەنانەت تائەمڕۆش ئەو بیروباوەڕانە لەناو ئەو گەلانەدا هەیە. لەلێکدانەوەو لێکۆڵینەوە لەسەرەتای سالەکانی (١٩٧٠) لە ٥٥٪ لەهەر نۆسەد کەسێك لەپرسیاردا وەها وەڵام ئەدەنەوە کە بوونیان هەیە.

لەدروستکردنی شەقامێك لە ئیسلەند ڕووبەڕووی کێشەیەك دەبن، لەبەرئەوەی لەسەرزەوی پەرییەکانەوە دەڕۆیشت و دەبووە هۆکاری ناڕەحەتی بۆیان. لەسەرەتای دەیەکانەوە لە (١٩٨٠) کاتی لە((ئەکوریری))شەقامێکی تازەیان دروستدەکرد، هەموو کرێکارەکان نەخۆش کەوتن، هەموو ئامێرەکانیان لەئیشکەوتن، ئەو شەقامە تازەیە کە((ریکیاویك)) بە((کاپاوگۆر)) دەبەستێتەوە بەدەوری تەپۆڵکەیەکدا ڕێگەیان گۆڕی، کە ئەو تەپۆڵکەیە بەهی پەرییان دەهاتە ژمار، ئەو شەقامەیان ناونـاوە ((شەقامی پەرییان).((هلگی هالگریمسۆن)) بەڕێوەبەری مۆزەخانەی مێژووی ئاساری کۆن ((ئەکۆریری)) داستان و بەسەرهاتی زۆری لەبارەی پەرییانەوە کۆکردۆتەوە. ئەو دەڵێت ئەو بەسەرهات و داستانانەی لەمرۆڤی باوەڕپێکراو وەرگرتووە زۆر لەوانە بەچاوی خۆیان ئەوانەیان دیوەو باوەڕیان پێی هەیە، لەسەرەتای دەیەکانی (١٩٠٠) بەشی بەرنامەدانان لەریکلامیك دا وێنەیەکی چاپکردووە نیشاندەری جێگەی نیشتەجێبوونی کەسانی شاراوەو پەریەکان و کورتەبالاکان نیشان ئەدات.

بوونــەوەری بــچووك لــەولآتانی ناوچــە گەرمــەکان خــواروی هێڵــی ناوەڕاســت واتــە هێڵی ئیستیوا بینـراون. لەدەیەکانی (١٩٣٠) ((جی، ای، دویس))، لەبارەی پەرییانەوە لەولآتی هیند ئاوها دەنووسێ.

لەناوچـــەی خـــواروی((ســـیملا هیلـــز))دراوســـێی((دامپـــور))و ((کسولی))مرۆڤی بچووك بوونیان هەیە، بالآیان هەژدە بۆ بیست سانتی مەتر دەبێت، لەزستاندا لەنێو کلۆرە درەختەکانی عاج دەژین و هاوینان دێنە دەرەوە لەسەرپەڕەی گوڵـەکان یاریدەکـەن، بەتایبەت بـەرگی ئـەو گولآنـەی بەســەر قــەدپاڵ و درەختەکانـدا بلآودەبنــەوە دەبنـە پردێـك لـەنێوان درەختەکانـدا ئـەو جـۆرە گولآنـەیان خۆشـدەوێت. هەنـدێکیان سـەوزو بەشـێکیان ئـاوین، نـاتوانم بڵـێم باڵـدارن یـان بێبـاڵن، چـونکە کەسـێك لەباخەوانـەکان وەهـا بیرکردنەوەیـەکیان نـەبووە بۆئـەوەی لـەوە تێبگەن. بەتەمەنترین باخەوان دەڵێ بەردەوام ئەوانەم دیـوە، ئەوانە وەك ڕەگەزی مێینە وەهابوون. دەیوت ئەوانە بەردەوام خۆشـحاڵ و ڕووگـەش بوون، نەبیستراوە ئەوانە زیان بەکەس بگەیەنن. ئەوانە عاشـقی شـیرینی بەتایبــەت شــەکربوون. باخەوانــەکان بــەردەوام لــەدەرەوەی باخــەکان شـەکریان بۆ دائـەنان، پەرییـەکان بـۆ ئـەوە هـان ئـەدا شـەوی مانگەشـەو بـەدەوری گوڵەکانـدا هەڵپـەڕن، بـەواتای ئـەوان، ئەوانـە بوونیـان خێـرو بەرەکەتە , خاوەن باوەڕەکان لەناوچەی خوارووی سیملا هلز لەبوونی ئەوان ڕازی بوون.

لەغینیا ئەو بوونەوەرە بچووکانە لەسەر تەپۆڵکـەکانی دارستانەکانی ((بائی)) دەژین و بە((ئەسمناکپای))ناسراون.

ئەوانە مرۆڤی بچووکن و نوکی قاچەکانیان بەرەو پێشەوە درێژە، کەمێك لەمەیموون گەورەترن و ڕەش و سپی و سوورن. ئەو مرۆڤە کۆتەلانە بەتەمەنەکانیان ڕیشیان هەیەو درشتترن لەوانی تر، ئەوانە لەسەر تاشەبەردەکان کە لەوسەرزەوییە کانن ئەوانەیان ساف و خاوێن کردۆتەوە، دەخۆن و هەڵدەپەڕن.

بەردە بریسکەدارەکان خڕوپان کە کونێکیش لەناوەڕاستیدایە بەهەڵکەوت دەبینرێ، کەلەبنەمادا ئەوانە نەناسراون. دەڵێن ئەوانە لەبەهەشتەوە هاتوونەتە خوارەوە. هەروەها دەڵێن ئەوکونەی نێوەڕاستی ئەوان بەهۆی ئەوەوە دروستبووە لەکاتی هاتنەخوارەوە لەسەرپەنجەگەورەی ((ئەسمناکپای)) وەستاوە.

ڕاوچییەکان ناچارن بۆ ڕاکردن لەدەست سیحرو جادووی ئەسمناکپای لەسەر ئەو بەردانەی ئەوان لەسەری هەڵدەپەڕن ناچار عەرەقی قامیشەشەکر دابنێن، هەروەها یەك زەرف ئاوی پاك لەبەرئەوەی پەرییەکان حەزدەکەن لەوێدا خۆیان بشۆرن، ئەگەر کەسێك ڕێگربێت لەپەرییەکان یان دەمارگیریان بکات، بەلای ئەو کەسەدا بەرد ئەهاوێژن یان ئەو دەبەنە نێو قولایی دارستانەکان و بێ سەوروشوێنی دەکەن.

هەروەها ئەوانە یارمەتی مرۆڤ ئەدەن و ڕێگەیان نیشان ئەدەن بۆئەوەی ببنە دۆست و هاوڕێی ئەوان، لەوماوەدا کە ئەو کەسە لەلای ئەوان دەمێنێتەوە، ئەوەی لەتوانادا هەبێت ئەو کەسە فێردەکەن شیلەی گیاکان دەتکێننە چاوو گوێ و دەمیانەوە کە دەبێتە هۆکار بۆ دوورکەوتنەوە لەهەموو ئیش و کردەوەیەکی مرۆڤ، هەموو ڕووداوەکان

پێشبینی بکات، هەروەها بتوانن لەگەڵ ئەسمناکباکان گۆرانی بڵێن و قسەبکەن. ئەوان دوایی یەك دوو هەفتە مانەوەی کاتی، کاتی گەڕانەوە بۆماڵ وتەبێژێکی ڕێزدار دەبینریت کە دەتوانێ لەبواری پزیشکیدا ئامۆژگاری بکات.

ئەم جۆرە ئەفسانە نەتەوەییە لەوانەیە ڕاستی بێت. لەوانەیە دەورانێك ڕەگەزێك لە((پیگمیەکان))لەو ناوچەیە ژیابن کە جیاواز لەمرۆڤی ئاسایی بووبن. ڕەگەزی((پیگمی))یەکان بەڵگەیەکی ئاڕاستەکراوە بۆ دامەزراندنی ئەفسانەی جۆربەجۆر لەبارەی مرۆڤە بچووکەکانەوە لەسەرتاسەری دنیادا. بۆ نموونە لەدارستانەکانی ئوسترالیاو مالیزی و چەند ولاٚتێکی ئەفریقایی، هەروەها لەئەمریکای مەرکەزی و خوارو پیگمی بەنیشانەی سەرهەڵدانی پەرییان نووسراوە لەبەشی شەشەمدا باسی دەکەین.

ئەفسانەی مرۆڤە بچووکەکان لەنێوان سوورپێستەکانی ئەمریکا ریشەیەکی بەربلاٚوی هەیە، لەوانەیە بەڵگەیەك بێت کە دەورانێك ڕەگەزی پیگمییەکان لەئەمریکای سەروو ژیابن، لەناوچە دوورەکانی خوارو لەدەوروبەری دەریای بەستەڵەکی سەروو، کەسانی دانیشتووی ئەوێ باس لەوەدەکەن لەساڵەکانی پێشوو نزیکەی هەفتا ڕەگەزی جۆربەجۆری مرۆڤی بچووکیان دیوە، بڕوایان وایە ئەوانە لەناوچەی سەروو((پرسەدەگرن))، دەڵێن بالاٚی ئەوان دەگاتە نەوەد سانتی مەتر، جلەکانیان لەپێستی مەیموونەو تیروکەوان هەڵدەگرن.((شۆن پترسۆن)) بەرپرسی گەڕۆکی دنیا لەو ناوچەیە دەڵێ مرۆڤەکان لەدەرەوە

خواردنەکـە دادەنـێن بـەونیازەی کـە مرۆڤەبـچووکەکان بێنـەدەرەوە خواردنەکـە بـەرن بۆئـەوەی ببنـە دۆسـتی ئـەوان. تـەواوی مرۆڤـە بەتەمەنەکان دەڵێن کە ئەوانە ڕاستن و هەن. بەشێك دەڵێن کاتێ بۆ ڕاو دەچـینە جێگەیـەکی بـێ درەخـتو داپۆشـراو بەبەسـتەڵەك، ئەوانـە لەدەوری دەوارەکان دەبینن.

بـەرەو پێـشتر بـڕۆین، دەبیـنین مرۆڤـە بـچووکەکان لەئەفـسانەکانی کەنەداو ئەمریکاش بوونیان هەیە. ڕاپۆرتی ڕاستی ڕاست لەم بەشەدا دێـت. سـەرەتا بەچـەند ئەفـسانە لـەبارەی جنۆکـەو پەرییـەوە تەماشادەکەین.

لەلێواری ڕۆژئاوای دوورگەی((کیپ بریتۆن))ناوچەیەکە دانیشتوانی ئەوێیان ناو ناوە((ئەینورنس)). مرۆڤەکان باوەڕیان وەهایە ئەو مرۆڤە بچووکانە لەوێدا بینراون. ئەو کەسانەی شەو لەدەرەوەی ماڵن ئەوانە دەبینن، بەڵام کاتێ لەتەپۆڵکەکان نزیکدەبنەوە پەرییەکان ونـدەبن. ئەو بیروباوەڕە لەئەسکاتلەند سەرچاوەی گرتووە کە لەراستی وابەستەیی ئەوانـە بەسـەر زەوی دایکیـان نیـشان ئـەدات، بـەڵام سوورپێـستەکانی ئـەمریکا ئەفسانەکانی جنۆکـەو پـەرییان لـەکوێوە هێنـاوە؟ ئایا ئـەوە دووبـارە هـەر بـەو جـۆرە کـە ئەفـسانەکانی کـە پـەرەی سـەندووە وەرگرتووە؟

سـوور پێـستەکانی((چـروکی))کارولینیـای باکور مرۆڤە بـچووکەکان لـەژێر ناونیـشانی((یـان سانـسدی))دەناسـن کـە نەتەوەیـەکن لەسوورپێستەکان و خرپنن. لەزستاندا جێ قاچە بچووکەکانیان لەنێو

بەفردا دەبینرێ، بەڵام بەدواداچوونی ئەوان ئیشێکی ترسناکە، ئەگەر کەسێك ئەوە بکات، یان تووشی سیحرو جادووی دەبێ یان بەردی تێدەگرن. لەساڵی (١٩٠١)((جیمز مۆنی)) نووسەری کتێبی ((ئەفسانەکانی چروکی))بەسەرهاتی ڕاوچییەکی نووسی کە شوێن پێی ئەوانی دیوە لەسەر بەفری کوێستان و بەدوایاندا ڕۆیشتووە تا گەیشتۆتە ئەشکەوتێك. ئەو مرۆڤە بچووکانە خەریکی هەڵپەڕین بوون. ئەوان ئەو دەبەن بۆ نێو ئەشکەوتەکە خواردنی ئەدەنێ و جێگەی خەوتن. ئەو ماوەی شانزە ڕۆژ دەمێنێتەوە، هاوڕێکانی ئەوانەی بەدوایدا دەگەڕان وا دەزانن مردووە. مۆنی درێژەی ئەداتێ :

دوای ئەوەی ئەو بەباشی لەوێدا حەسایەوە، ئەوان تاکو نیوەی ڕێگە لەگەڵیدا چوون تا گەیشتنە ڕووبارێکی تەنك کە قوڵایی کەم بوو، ئاوەکە دەگەیشتە سەر ئەژنۆی. ئەمجارە بەویان وت دەبێ لەو ڕووبارە بپەڕیتەوە بۆئەوەی بگەیتە ماڵی خۆتان. ڕاوچییەکە لەڕووبارەکە چووە ئەوبەر، کاتێ وەرگەڕایەوە تەماشای دوای خۆی کرد، ئەو مرۆڤە بچووکانەی نەبینی و ئەو ڕووبارە تەنکاوە ڕووبارێکی قووڵ بوو، کاتێ ئەو گەیشتەوە ماڵ، قاچەکانی لەسەرما تەزیبوو زیاد لەچەند ڕۆژێك نەژیاو مرد.

لەساڵی (١٩٨٧)((مارتاوچاچا))تەمەن حەفتاو حەوت ساڵە داستانەکانی دەگێڕایەوە کە لەدەورانی گەنجیدا بیستبووی، ئەو دەڵێ باڵای ئەو مرۆڤە بچووکانە نزیکەی چل و پێنج سانتی مەترە، ئەندازەی دەستەکانیان و قاچەکانیان هاوشێوەن، قژەکانیان دەگاتە سەر پاژنەی

قاچیان، بەشێك لەوان كڵاوی زێرین لەسەردەكەن، بەشێكیان سەریان ڕووتە.

لوئیس كالون هاسكی))چاودێری قوتابخانە دەڵێ:

جارجار مرۆڤ لەنیوەی شەودا لەدەنگە دەنگ و دەنگی پێ لەماڵدا خەبەریان دەبێتەوە، كاتێ هەڵدەستن تاكو بزانن كێیە، هیچ نابینن، بەڵام بەیانی كە دەچنە چێشتخانە دەبینن بەشێك لەخۆراك كەمبۆتەوە، تێدەگات كە ئەو مرۆڤە بچووكانە لەوێدا بوون. جارجار لەلێواری ڕوبارەكان دەوەستن،دەنگی پێكەنینی منداڵانە دەبیستن، بەڵام كاتێ تەماشای دەكەی، كەسێك نابینی، تێدەگەیت كە مرۆڤەبچووكەكان بوون.

كەسانی تیرەی چروكی لەگەڵ مرۆڤەبچووكەكان بەرێزەوە هەڵسوكەوت دەكەن، بڕوایان وایە ئەوانە ڕۆحی سووربێستەكانی دەورانی كۆنن.

پەیكەری مرۆڤە بچووكەكان دەیسەلمێنێ كە ئەوانە بوونیان هەیە.... بەڵام وەك ئەوەی بیری لێدەكرێتەوە، وەزعەكە بەو ئەندازەیە ڕوون وئاشكرا نییە. پەیكەری مرۆڤەبچووكەكان جارجار دەستكەوتووە، بەڵام ناسینی ئەوانە بێ ئاكام بووە. پاشماوەی پەیكەری ئەو كەسانەی كە باڵای ئەوانە بەجۆرێكی مامناوەدی سەدو پەنجا سانتی مەتر بووە دۆزراوەتەوە.لە مەجەرستان پەیدابووە.خەڵكی ئەوێ لەو باوەڕەدابوون ڕەگەزی پیگمی لەسەرەتای چەرخی پێش میلادی مەسیح لەناوچەی((بریسلا))دەژیان. لە سوئیس دووبارە پاشماوەی لاشەی

کەسانێك کەمتر لەسەدو پەنجا سانتی مەتر بووە دۆزراوەتەوە. هەر لەبەرئەوە وادەردەکەوێت رەگەزی پیگمی لەئەورووپا ژیاون.

لەسالّی (١٨٩٠) بلاوکرایەوە لاشەی شاراوەی ئەو کورتەبالاّیانە لە((ڤیکتۆریا))و((بریتیش کلومبیا[1]))و لەکەنەدا دۆزراونەتەوە. بەهۆی جۆگەیەکەوە لەلووتکەی((کادبوروبا))، تفەنگی ئاسن، پێداویستی ژیان بەردی گۆڕ، دۆزراوەتەوە لەژێر ئەوانە لاشەی کورتەبالاّکان بەشێوەی دانیشتوو خرابوونەگۆڕ. مرۆڤەکان لەو باوەڕەدابوون کە ئەوانە پاشماوەی قەبیلەکانی سووربێستی دەورانی کۆنە.

بوونی کورتەبالاّکان و پیگمیەکان لەزۆر جێگەی دنیادا شتێکی نائاسایی نییە. ئەو کەسانە هەر ئەوەندە لەیەك مرۆڤی بالاّمامناوەندی بچووکتر نەبوون، بەلاّم پەیکەرە دۆزراوەکان کە درێژی ئەوانە تەنیا پێنج سانتی مەتر بووە، زیاتر جێگەی باوەڕ نییە. هیچ کاتێك لەو رەگەزە ناسراوەی((پیگمی)) ئاوا بچووك نەبوون. بەهەرحالّ لەسالّی (١٩٣٢) دوو لێکۆلّەرەوە بەدوای زێڕدا بەردێکی گەورەیان لەچیای((پدرو))هەلّکەوتوو لەسەد کیلۆمەتری خوارووی رۆژئاوای شاری((کاسپر))لەویلایەتی((وایۆ مینگ))ئەتەقاندەوە، تووشی ئەشکەوتێکی بچووك بوون لاشەی مۆمیاکراوی مرۆڤێکی بچووکیان لەکاتی دانیشتنا لەلێوارێکی باریك پەیداکرد((وێنەی ژمارە پێنج))ئەو رەنگی قاوەیی چرچولۆچ بوو، نێوچەوانی کورت، لووتی پان، دەمی

[1] British Colombia

کراوەو ددانەکانی تیژ بوون. دواتر لەمۆزەخانەی مێژوویی ئاسایی ئەمریکا بەتیشکی ئێکس وێنەیان گرت کە نیشانی دا پەیکەری مرۆڤەو هی مرۆڤێکی بەتەمەنی شەست وپێنج ساڵەیە. دیارە دکتۆر((جۆرج گیل))پرۆفیسۆری کەلەپوورناسانی زانکۆی وایومینگ کە لەساڵی (١٩٧٩) بەوردی ئەو وێنەیەی هەڵسەنگاندووە، دوای ئەوە پەیکەرەکە ونبووە، لەو باوەڕەدابوو کە ئەو لاشەیە مۆمیای تازە لەدایکبوو یان (جنینی) واتە پارچە گۆشتێکی ((ئەننسفالی[1]))بووە، کە ئەوە دەتوانێ دەلیلێك بێت کە بۆچی ئەو پەیکەرە شێوەو هەیکەلی بەتەمەنێکی هەبووە. ئەگەر ئەو بۆچوونە ڕاست بێ، ئەو مەتەڵە شیکارکراوە. هەرچۆنێك بێ لاشەی مۆمیاکراوی پدرو تەنیا لاشەیەك نییە کە دۆزراوەتەوە. جگە لەلاشەی مۆمیاکراوی تر، پەیکەری جمگەبچووکەکان هەروەها نەك تەنیا لەوایومینگ تەنانەت لەکەژەکانی((برتوپ، مونتانا))پەیداکراوە.هەروەها ناڕاستی هەست و گومانەکان لەئەفسانەکانی سووربێستەکان کە مرۆڤە بچووکەکان لەڕەگەزی پیگمییەکانی بچوکتر بوون، نەسەلمێنراوە. لەساڵی (١٩٧٩) لاشەیەکی مۆمیاکراوی بچوکتر لەوەی پێشوو لە((سان ئەسلمو))لەپێشانگایەك خرایە بەرچاو کە دەڵێن لەساڵی ١٩٢٠ لەئەمریکای مەرکەزی دۆزراوەتەوە، ئەمەیان بیست و هەشت سانتی

[1] Anencephaly لەدەستدانی مێشك

مەتر بووە، لەکاتی دانیشتنا مۆمیاکراوە، لەکاتێکا دەست وقاچەکانی بەشێوەیەکی چەماوە بەیەکەوە بوون، ئێسقانەکانی ئەو لەتیشك دەرکەوت، بەڵام پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی زیاتری لەسەربکرێ تا بزانن بەتەمەن گەورە بووە یان منداڵ یان لەدایك نەبووە، واتە((جنین)).

پاشماوەی تیرە بچووکەکان دووبارە ئەو هەستە دەجولێنێ بڵێسەی پێئەدات کە حەتمەن مرۆڤە بچووکەکان سوودیان لەوە وەرگرتووە. بەڵام کەلەپوورناسان لەو باوەڕەدان کە ئەمانە پێشینەیەکی بڕیاردراوی تریان هەیە. ئەوان دەڵێن کە ئەو تیرە بچووکانە بە((تیری باڵندە))بەناوبانگن، لەوانەیە بۆ ڕاوی باڵندە لەوەسوودیان وەرگرتبێت، بەڵام ئەوە تەنیا لەئاستی هەست و گومانە .. شتومەکی وردو بچووکی لەو جۆرە لەزۆر جێگای دنیا وەك میسر، ئەفریقا، ئوسترالیا، فەڕەنسا، سیسیل و هند پەیداکراوە. لەکۆتایی چەرخی نۆزدە سەدان کەرەسەی بەردی هاوشێوەی وەك (سوهان)،مەتە، چەقۆی شێوە چەماوە،کە درێژی هیچ یەك لەوان لەدوو سانتی مەترونیو زیاتر نەبووە، تەنانەت بەشێك لەوان بچووکتریش بوون. لەلانکشایری ڕۆژهەڵاتی لەبەریتانیا لەژێر خاکەوە دۆزراونەوە. بەکارهێنانی ئەوانە ڕوونکراوەتەوە تەنیا هەستدەکرێ لەبۆنەو مەراسیمەئاینیەکان سوود لەوانە وەرگیراوە، هەروەها لەوانەیە رەگەزی بچووك بۆ ئیشی ڕۆژانە لەوانە سوودیان وەرگرتبێ.

تائێستا بوون و یا نەبوونی مرۆڤی بچووك لایەنی ڕاستی پەیدانەکردووە، بەڵام کەسانێکی زۆرلەسەرتاسەری دنیادا هەن کە

پێداگری دەکەن ئەوانەیان دیوە.((ئەلریچ میگن))لێکۆڵەرەوەی ئەڵمانی هەواڵێکی دەست کەوتووە کە ڕوونی دەکاتەوە لەچەرخی حەڤدە هەیکەلی وردو درشت و توکن و ڕیش سپی لەئەڵمانیا بینراوە.

لەساڵی (١٦٣٥)((هانس کرپل))ژنێکی توکنی لەنزیك((سیلفلد))بینیوە و قسەی لەگەڵداکردووە. لەهەژدەی ئاب (١٦٤٤)((یوهان جۆرج))ژنێکی کورتەباڵای نزیکەی شەست سانتی مەتری لەبەرزاییەکەی نزیك((چمنیتز))کە ئەمڕۆ بە((کارل ماركس ستات))بەناوبانگە، بەدیل گرت. لەساڵی (١٦٦٢) لەنزیکی سیلفد ژنێکی کورتەباڵا هەوڵی دا منداڵی مرۆڤ بدزێ و لەگەڵ منداڵەکەی خۆیدا بیگۆڕێ. لەساڵی (١٦٦٥) بوونەوەرێکی سەرسوورهێنەر هاوشێوەی مرۆڤ کە لەژێر زەویدا لە((لوتزن)) چەندین جار دیبوویان. لەساڵی (١٦٦٩) گرگنێکیان لە((تۆرگۆ))دیبوو.

لەدواییدا دانیشتوانی کۆشکی ((ویلدن شتاین)) لە((هیلبرون)) لەئەڵمان وتیان کە لەدەیەکانی (١٩٥٠) لەکۆشك جنۆکەو پەرییان دیوە. بەدرێژی چەرخی ڕابردوو لەکۆشك دەنگی سەیرو سەمەرەیان بیستووە وتارمایان دیوە. لەساڵی (١٩٥٥) بۆ یەکەم جار جنۆکەیەکیان لەوێدا دیبوو. هەر لەو چەرخەدا((بارون هۆفر))خاوەنی کۆشك بوو، شەوێك ئەو لەکۆشکەکە دێتەدەر تاکو پەتی ملی سەگەکان بکاتەوە کە لەدووری سێ مەتر چرایەك و مرۆڤێکی ڕیشداری کورتەباڵا دەبینێ، ئەو پیاوە بەدەوری باروندا دەسوڕاو لەناکاو ونبوو، هاوسەرەکەی بارون دووبارە لەکاتێکی تردا ئەو پیاوە بچووکەی دیبوو.دەوری نیوەڕۆ

بوو کە ئەو پیاوێك کە نزیکەی شەست سانتی مەتر بووە بەچاکەتێکی زەردو کلاوێکی نووك باریکی زەرد، لەبەردەم یەکێك لەژوورەکاندا لەکاتی پاڵکەوتنندا دەبینێ. لەدەیەکانی (١٩٥٠) ڕووداوێکی سەیروسەمەرە لەو کۆشکەدا ڕوودەدات کە لێکۆڵەرەوەی دەروونی زۆر شارەزا لەو بارەیەوە لیی دەکۆڵنەوە.

لەئەڵمانیاو سەرتاسەری ئەورووپای ڕۆژهەلات ڕۆحەکان لەبەردەکانیکدا دەژیان کە ناویان نابوون((کوبولدن)). ئەوان خراپ کار بوون کاتێ ئەوانەی لەوێدا ئیشیان دەکرد دەنگی تەقەتەقیان دەبیست، بۆ ئەوان ئاگاداری بوو تاکو لەوێدا ئیش نەکەن. هەر لەکۆتایی ئەو سەدەیە لەمەجەرستان پیاوێکی کانزاناس بەناوی ((مایکل ئانگلبرشت))لەو بڕوایەدابوو کە دەنگی لێکدان بەو مەبەستەیە کە لەماڵەکەیدا ڕۆح بوونی هەیە، نووسەرێك بەناوی((ممی کلوزدی)) ئاگاداربوو کە چرای ماڵەکە هەڵکرابوو شێوەی لاشەیەکی ڕاست و سەیر کە ماوەیەك بەجوڵەیەکی خێرا بەو دەورەیا گەڕاو ونبوو. لەساڵی (١٨٨٣) لە((ترنسیلوانیا))ی ڕۆمانی ڕووداوێکی سەیر ڕوویدا.

شەوێك خانم((ئەی. جی))خەڵکی ((زیمریا))گەڕایەوە بۆماڵ چاوی کەوت بەمرۆڤێکی کورتەبالا کە لەگۆشەی ئاگردانەکە دانیشتبوو. شەوقی مانگ درابوو لەلای ئاگردانەکە بەجوانی ئەو پیاوە دەبینرا. بەپێوەر نیوەی دەستی مرۆڤ بوو، کلاوێکی ڕەشی بەسەرەوەبوو، جلەکانی سوور و دەموچاوی بەموو داپۆشرابوو. ترس بەتەواوی هەموو لاشەی ئەو ژنەی گرتەوە. وەستاو تەماشای ئەو بوونەوەرە

بـچووکەی دەکـرد کـە بێجوڵـە لەوێـدا دانیـشتبوو، دوای ماوەیـەك ئـەو بوونەوەرە چەند هەنگاوێك هاتە پێش و ونبوو. خـانم ا.جی ئـەو شـەوە تـاکو بـەیانی خـەریکی پاڕانـەوەو دووعـا خوێنـدن بـوو، بـەیانی ڕۆژی دوایـی، ئـەو جێگـەی ئـەو پیـاوە بچووکەی لێبـوو بەباشـی پـاککردەوە شۆردی هەموو ماڵەکەی خاوێن کـردەوە، بـەڵام سـوودی نـەبوو، چـونکە هـەمان شـەو دووبـارە ئـەوپیاوە بـچووکە بـەجلی سـوورەوە لەگۆشـەی ئاگردانەکەدا دانیشتبوو، کاتێ ژنەکە هات، لەو نزیك بووەوە. نەزانراوە لەترسا بـووە یـان ئـازاو بەغیرەت کـە ژنەکـە ئـەو قوتـووەی بەدەسـتەوە بووە، بەرەو لای جنۆکەکەی هاویشت. لەیـەك چاوترووکاندا، ئەو پیـاوە بـچکۆلەیە چـووە سەرپـشتی ژنەکـە، بەزۆر سـەری ئـەوی خـوارکردەوە دەموچـاوی هـەمووی ڕنـی. ژنەکـە ترسـابوو نـەخۆش کـەوت سـێ ڕۆژ خەوانـدیان بێئـەوەی چـاك وەبـێ. تـا ئـەو کاتـەی کـەمێك گلۆخـۆڵ لـەو جێگەی جنۆکەکە دانیشتبوو، هەڵیان گرت و ڕۆژی سێ جـار بـە ئـاوەوە دایان بەژنەکـە بیخـوات.ڕۆژی سـێ جاریش، ئـەو جێگـەیان بـەبخورو دژە میکرۆب پاك دەکردەوە.

چـەند کەسـێکی تـر دووبـارە دوای ئـەو شـەوە ئـەو پیاوەبـچووکەیان دیوە، بەڵام دوای ئەوە ونبـوو. لەوانەیـە وابیربکرێتـەوە بەدڵنیایـەوە ئـەو ژنە مـەیموونێکی سەرلێشێواوی دیـوە، بـەڵام خـەڵکی زیمریـا بەتـەواوی لـەو بـاوەڕەدابوون کـە ئـەوە جنۆکـە بـووە و ئەوەنـدەیش پـیس نـەبوو، چونکە جێگە پێی لـەدوای خـۆی بەجێهێشتبوو کە بەتـەواوی وەك جـێ پێی قاز بوو.

لەسەرەتای چەرخی نۆزدە باوکی ئاییینی((سابین برینگ))لەساڵی (١٨٣٤-١٩٢٤) قەشـەی بەشـی یارمـەتی حـەزی لەئەفـسانەوە باسـکراوەکانی پـەرییان دەکـرد، چـەند کتێبێکـی زۆری لەبارەیانـەوە نووسـی. ئـەو بۆخـۆی لـەدەورانی منـداڵی،دەورانێك کـە بـۆ((پـرۆنس)) سەفەری دەکرد، ئەو مرۆڤە بچووکانەی دیوە. لەڕۆژێکی گەرمی هاوین، ئەو لەسەر عەرەبانەکەی باوکی لەسەر گۆشەیەك دانیشتبوو کە کۆمەڵێ کورتەباڵا دەبینێ. ئەوان کڵاوی نووك باریکیان لەسەردابوو، لە لابەلای بەردە هەڵچنراوەکاندا ڕایان دەکرد. وادەردەکەوت بەردەوام سواری ئەسپ دەبن و بازئەدەنە خوارەوە بۆئەسپەکان لاسایی دەکەنەوە. هیچ کەسێك لەو زیاتر ئەوانەی نەدەبینی. کەم کەم ڕێژەیان کەمتر دەبوو تاکو بەتەواوی ونبوون. لەوانەیە بۆماوەیەکی کەم پەردە لەنێوان دنیای ئێمەو دنیای ئەو مرۆڤەبچووکانە بۆ ((برینگ)) کەوتبێتە پەراوێزەوە.

لەگۆشەو کەنارەکانی تردا. هەروەها جارجار مرۆڤەبچووکەکانیان بەسواری ئەسپەوە بینیوە. بەسەرهاتی دوایی خانمی((هاردی))یەکێك لەدانیشتوانی ((مائوری)) لەساڵی (١٩٢٠) نووسیویەتی:

لەدوای خوێندنەوەی ئەو بەسەرهاتانەی کە کەسانێك ئاگاداری بوون، هاندرام منیش ئەوەی دەساڵ لەوەو پێش بۆم پێشهات، باسبکەم. بمبورن کە ناچارم شتێك لەبارەی جێگەی باسەکە ڕوونبکەمەوە. ناچارم چونکە پەیوەستە بەداستانەکەوە.ماڵەکەمان لەبەرزاییەکدا بوو، سەر زەویەکەیان کەمێك تەخت کردبوو بۆئەوەی بتوانن لەوێدا خانوویەك و باخچەیەك دروستبکەن، زەوی دەوروبەرەکە

شیوی هەبوو. لەلای چەپی ماڵەکە باخێك هەبوو، لەلای ڕاستەوە شەقامێکی سەرەکی و چرادان هەبوو. ڕۆژێك ئێوارە کە دنیا تاریك و لێڵ بوو، چومە حەوشەکە تاکو خاولی دەست وشککردنەوە بکەم بەچڵی درەختێکدا. کاتێ قاچم خستە هەیوانەکە، لەلای باخەکەوە دەنگێکی ئارام هی غاردانی ئەسپ بەرگوێم کەوت. وابیرم کردەوە بەهەڵەدا چووم دلنیابوم دەنگەکە لەلای شەقامەکەوە دێت، چونکە بەردەوام کاسبکاران بەئەسپەکانیانەوە بەوێدا دەڕۆیشتن، لەحەوشەکەوە ڕۆیشتم تاکو جلگرەکە بێنم. دەنگی قاچی ئەسپەکان کە غاریان دەدا نزیکتر بوونەوە. دووبارە گەڕامەوە بۆلای درەختەکەو دەستەکانم بەرزکردبۆوە. تاکو جلگرە بدەم لەخاولیەکە، ئاگادار بووم دەنگی غاردانی ئەسپ لەپشتی سەرمەوە دێت، لەناکاو هەیکەلێکی بچووکم بینی سواری ئەسپێکی بچووك بووبوو ڕاست لەژێر دەستی منەوە ڕۆیشت. تەماشای ئەملاوئەولام کرد بینیم حەوت – هەشت دانە بوونەوەری بچووك بەسواری ئەسپی بچووك دەوری منیان گرتو یەکێك لەوانە زۆر لەمن نزیك بوو. لەو ڕووناکییەوە کە لەپەنجەرەکەوە شەوقی ئەدا، هەیکەلی ئەوم دەبینی، بەڵام لەبەرئەوەی پشتی لەپەنجەرەکە بوو، نەمتوانی دەموچاوی ببینم. پێستی هەموویان ڕەنگ قاوەیی بوو. ڕەنگی ئەسپەکانیشیان هەر وا بوو. جلەکانیان وەك جلی منداڵ پڕ چنراوو بەبەریان تەسك بوو. ئەوان گرگن و بەئەندازەی منداڵی دووساڵ بوون. من سەرم لێشێوابوو، هاوارم کرد:((خوایە ئەرێ ئەمانە چین؟)) وا گومانم دەکرد ئەوانەم ترساندبێ، چونکە هەموویان بەخێرایی بۆلای

داری گوڵی((ڕەن))کە لەولای شەقامەکە بوو، ڕۆیشتن. دەنگی ڕمبازی ئەوانم لەدوور دەبیست، ئەوەندە گوێم بۆگرت تادەنگەکە نەما. ئەمجار گەڕامەوەماڵەوە. کچەکەم کە ئەزموونێکی زۆری دەروونناسی هەبوو، بەمنی وت کە ڕەنگم گۆڕاوە، پرسی چی ڕوویداوە، من پێم وت ئەسپ سوارانی جنۆکەم دیوەلەنیوە کورەی خوارووی ئۆقیانووس لەدورگەی ((فیجی))، کۆمەڵێ منداڵ مرۆڤی گرگن و توکنیان لەنزیکی قوتابخانەکەیان دیبوو کە لەساڵی (١٩٧٥)، وردەکاری ئەوە لەڕۆژنامەی((فیجی تایمز))بلاوکرایەوە.

بەپێی وتەی خوێندکاران لەقوتابخانەی((متدیست میشن))هەشت بوونەوەری بچووك و ناشیرین کە بالآیان شەست سانتی مەتر دەبوو، لاشەیان بەمووی ڕەش داپۆشرابوو، لەنزیك قوتابخانەکەیاندا دەبینن. کاتێ منداڵەکان لەو کورتەبالآیانە نزیك بوونەوە، ئەوان یەکسەر لەچاڵو چۆڵی ئەو ناوەدا خۆیان حەشاردەدەن. دوای ئەوەی ئەو هەواڵە بلآوکرایەوە، کۆمەڵێکی زۆر خەڵکی هێرشیان برد بۆ ئەو ناوچەیە و بەدوای ئەو کورتەبالآیانەدا دەگەڕان، بەلآم هیچ ئاسارێك لەوانە دیارنەبوو. وادەردەکەوێ چووبنە نێو چاڵێك لەگۆشەی ئەو چالآوانە.

لەدوای بینینی ئەو گرگنانە، دە دوانزە کەس لەدەوری ئەو چالآوە کۆبوونەوە تاکو ئەو مرۆڤەبچووکانە ببینن، کۆمەڵێك لەوان ڕووناکی بەدەست بۆ ماوەی چەند سەعاتێك لەوێدا دانیشتن، لەبەرئەوەی ئەو گرگنانە زیان بەکەسێك نەگەیەنن.

مامۆستا ((ناریان))بەڕێوەبەری قوتابخانە هەڕەشەی لەمندالـەکان کردبوو، لەبەرئەوەی وەها داستانێکیان لەخۆوە دروستکردووە، تەمێیان دەکات، بەلاّم ئەو مندالاّنە لەسەر قسەی خۆیان پێداگرییان دەکرد، ئەوەی لەبارەی ئەو بوونەوەرەبچووکانەوە وتویانە، ڕاستبووە.

بەئاشکرا شەش خوێندکار لەتەمەنی دە تا چواردە سالْ لەکاتی گەڕانەوە لەقوتابخانە ئەوانەیان دیبوو. یەکێك لەخوێندکارەکان وتبووی: مـن چاوەسپیەجوانەکان و قژەڕەشەکانی ئەوانەم بینی و ترسام)).

خوێندکارێکی تر وتبووی: ((یەکێك لەوانە ددانەکانی نیشاندام و ڕایکرد)).

یەکێکی تر لەوان کە بەئاشکرا هەشت دانە مرۆڤی بچووکی دیبوو، ویستبووی لەگەلْ ئەوانەدا قسە بکات، بەلاّم کاتێ نزیکیان دەکەوێ، ڕادەکەن.

خانمی((پنیا سیتۆرا))کە یەکێکە لەدانیشتوانی کۆنی ئەو گوندە، دوای بیستنی ئەو هەوالـە چووبووە ئەو جێگەیەو وتبووی کاتێ باپیرانی ئەو بۆیەکەم جار هاتبوونە فیجی، ئەو مرۆڤەبچووکانە کە دیارە لەپێشدا لەوێدا ژیاون،دەبینن. وتراوە کە لەوانەیە ئەو کۆمەلّە لەپاشماوەی ئەو مرۆڤەبچووکانە بووبن کە لەو دورگەیەدا ژیاون، بەلاّم ئەگەر وا بووبێت، بەبۆچوونی زۆر، کەسانی زیاتر ئەوانەیان دەبینی.

خالّی سەرنج ڕاکێش لێرەدایە کە مرۆڤەکان دلّنیا بوون کە ئەوانە لەنێو چالاّوو زۆنگاوەکان دەژین. ئەم دەنگدانەوەی دەنگ وباسە زۆر

لەڕیوایەتــەکان پەیوەســت بەبەریتانیایــە، کــە دەڵــێ مرۆڤەبــچووکەکان لەژێر زەویدا دەژین.

داستانی دوایــی جیاوازو لەهــەمانکاتا سەرسووڕهێنەرو ئاڵۆزە. ئەم ڕووداوە لــەکوبا ڕوویــداوە. لەســاڵی (١٩٣٠) ڕۆژێــك فەرماندەیــەکی هێزی دەریــایی لەشــەقامی((گــانین))کــە لەشــاری((هاڤانــا))کۆتــایی دێــت، شۆفێری دەکرد کە لەبەر ڕووناکی چراکان پێشەوە هەیکەلێکی بچووك لەلێواری شەقامەکە دەبینێ، وا دەزانــێ منداڵێکە ونبــووە. ئۆتومبیلەکە دەوەســتێنێ و دائەبــەزێ. نــەیتوانیبوو ڕووی ئــەوببینێ.، لەوانەیــە لەبەرئــەوە بووبێــت کــە بۆخــۆی لەنێوان ڕوونــاکی چرکان و ئــەودا بــووە، بــەڵام ســەیردەکات بــاڵای ئــەو نزیکــەی نــەوەد ســانتی مــەترە. ئــەو بوونــەوەرە لاشــەیەکی پتــەوی هــەبووە، شــۆفێرەکە هــەوڵی ئــەدا بەرزیکاتەوە، بەڵام ناتوانێ بیجوڵێنێ وەك تاشە بەردێکی قورس بووە، وەك ئەوەی لەقورقوشم دروستکرابێ. ئەو کە زۆرترسابوو لەهــەمانکاتا ســــەری ســــووڕمابوو، ســــواری ئۆتومبیلەکــــە دەبــــێ و لــــەوێ دووردەکەوێتەوە.

لەئــەمریکای خــوارووی گێڕانــەوەی زۆر لــەبارەی پەرییانــەوە هەیــە کــە جاربــەجار هــەواڵ و زانیــاری لــەبارەی ئەوانــەوە بڵاودەکرێتــەوە. دەڵــێن ئەوانە لەژێر زەویدا دەژین، لەساڵ (١٩٨٠) لەئەرژەنتین بڵاوکرایــەوە کــە منداڵان ئەو کورتەباڵانەیان دیوە. لــەکۆتایی (١٩٨٣) کورتــەباڵای ســەوز لە((ویلامونتــۆرۆ)) لەماڵێکی کۆن لــە((لاپلاتاســیتی))بینــراون کــە وتــراوە بــاڵای ئــەوان نزیکــەی نیومــەتر بــووە، کەللەســەرێکی ناشــیرین و چــەرمی

چرچ و لۆچیان هەبووە، جلەکانیان سەوز بووە جێگەی قاچەکانیان و پەنجەکانیان بەقەدی درەختەکانەوە بینراوە، دەڵێن ئەو گرگنانە لەتونێلی ژێر ماڵەکان و باخەکاندا دەژین لەرێگەی چاڵاوەکانەوە دێنە نێو حەوشی ماڵەکان. وێنەی یەکێك لەو کورتەباڵایانەیان گرتبوو، بەلاّم شێوەیەکی خەتخەت و ناشیرین لەسەر فلیمەکە دەرکەوت ,. کوڕێك کە دەیویست لەدەست کۆمەڵێ جنۆکەو پەری ڕابکات، لەنێو گڵدا دەکەوێ ئەو دەڵێ ئەوان هاواریان دەکردو دەیان ناڵاند، یەکێك لەوان خشتێکی بۆ ئەو کوڕە هاویشتبوو.

لەماوەی چەند ساڵی دوایی، ئەو مرۆڤە بچووکانە لەگۆشەو کەناری جیاجیا لە ئەرژەنتین بینراون. لەکۆتایی بەهاری (١٩٨٥) لە((راك سنزینا))، کۆمەڵێ گرگنی ڕەش و توکنیان دیوە کە یەکێك لەوانە دەیویست کوڕێکی تەمەن پێنج ساڵ بدزێ. لەساڵی (١٩٨٦) لەشاری ((پرانا))سێ منداڵی هەشت بۆ یانزەساڵە لەلێواری ڕووبارێك یاریان دەکرد، لەناکاو سەروکەللەی حەوت هەشت دانە جنۆکە پەیدا دەبێت. نینۆکەکانیان وەك چنگاڵ وا بوو. زۆر تووکن نەبوون دوو شاخی بچووکیان هەبووە. قاچیان نەبووە لەلێواری ئاوەکەدا مەلەیان دەکرد. منداڵەکان ڕادەکەن بەلاّم((کلاودیۆ))ی تەمەن هەشت ساڵ دەکەوێتە سەرزەوی، بەلاّم منداڵەکان ئەو بەئامەنەتی خوا دەسپێرن و دەڕۆن، ئەو بەردێك دەهاوێژێ بۆ یەکێك لەوان کە شتێکی تیژی پێبوو لەنێزە دەچوو، بەلاّم بەردەکە لەنێو قەدی لاشەی جنۆکەکەوە دەڕوات. ئەمجار ئەو بوونەوەرە بچووکانە لەنێو هەورێکی ڕەشدا وندەبن کە دوکەڵێکی

ترسناکی هەبوو، ئەوان جێگە پێیەکی عەجایەبیان لەدوای خۆیان بەجێ هێشتبوو.

هەواڵێك كە سەرچاوەكەی لەئەرژەنتینە، لەجێگە جۆربەجۆرەكانەوە گەیشتووە كە ئەو بچووكانەیان بەجۆری دەفرە فڕیوەكان دیوە. بۆباوەڕكردن پەیوەندی لەنێوان جنۆكەو دەفرە فڕیوەكاندا بەڵگەیەك بەدەستەوەیە كە لەبەشی پێنجەم كەڕاستی ئەوەتاوتوی دەكەین.

لەچەند ساڵی دواییدا چەند هەواڵێك لەبارەی ئەو گرگنانەوە لەئەمریكای باكور گەیشتووە. ئەم هێڵە لەپێشدا ناسراوە بەبینینی غولی تووكن بەناوی پێپیس، لەوێدا بەناوبانگ بوون. لەگەڵ ئەوەی هەزار هەواڵ لەڕووی بوونی ئەو غولانەوە گەیشتووە، یانە بەڵگەیەك لەدەستدا نییە ئایا بەڕاستی ئەو بوونەوەرانە بوونیان هەیە یان نە. هیچ لاشەیەكی ئەوانە پەیدا نەكراوە كە بتوانرێ لێكۆڵینەوەیەكی زانستی لەسەر بكرێ. تەنیا بەڵگەی فیزیایی شایانی بینین كە بۆتە قسەوباس، جێگەی قاچ یان دەست خستنە نێو ئەوەی وێنەگیراوە، جگە لەوەی درۆیە یا پەیوەست بەشتێكی كە جیاواز لەو غولانە بووبێت، لەبارەی ئەو هەیكەلانەوە مەبەستەكە هەر گومانە. لەسەر هەواڵی ڕاستی لەمرۆڤی تێگەیشتوو بەشێك لەبەڵگەی فیزیایی، وەك مۆمیای پدرو، هیچ ڕێگەیەك بۆ ئیسپاتكردنی بوونی كەسانی بچووك نییە، یا لەڕەگەزی كورتەباڵاكان یان بوونەوەرێك كە لەدوور دەژین، مەسەلەكە بەتایبەت بۆكەسانێك كە ئەو كورتەباڵایانەیان دیوە، بەڵام بەڕێكەوت كەسێك قسەی ئەوان باوەڕ دەكات.

((ویلیـام ئـالن))ڕۆژنامەنووسـەێکە ئیـشەکانی لەسـاڵی (١٩٨١) لەشـاری((کـانزاس سـیتی))دەسـتپێکرد. پـێش ئـەوەی شـاری زێـدی((ئالـدورادۆ)) بـەجێ بهێڵـێ، شـەوێك لـەمانگی ئـاب بـەدەنگی مۆسـیقایەك لەخـەو خەبـەری دەبێتـەوە، لەپەنجەرەکـەوە تەماشـای دەرەوەی کرد، کۆمەڵێك مرۆڤی بچووکی لەژێر درەختێکا دی کە باڵایـان نزیکـەی سـەدو بیـست سـانتی مـەتر دەبـوو، بـەدەنگی مۆسـیقایەك هەڵدەپـەڕین. ئـەو گەڕایـەوە سـەر جێگەکـەی بـەڵام دوای ماوەیـەك گەڕایـەوە. دووبـارە ئەوانـەی لەوێـدا دیـوە. وەسـتاو ئەوەنـدەی تەماشـاکردن تـاکو کـەم کـەم ونبـوون. ئـەو لەژیاننامـەی خۆیـدا نووسیویە((کـاتێ ئـەو وەختـە دێتـەوە یـادم، دڵنیـام کە بەخەبەربووم.، بەڵام کە باش بیردەکەمەوە، دەڵێم شێت نەبووبم.))

لـەمانگی ئـابی (١٩١٣)، کـاتێ قاچـی مرۆڤێکـی بـچووك داخـڵ بەکێڵگەیـەك بـوو((فارمزویـل)) لەتکساس، ئەوەنـدە پێشوازییان لێکـرد چاوەڕوانی نەدەکرا. سێ کوڕ کە خـەریکی پەمووچنین بوون، لـەدەنگی حەپـەی سـەگەکە دەسـتیان لەئیـشەکەیان هـەڵگرت بـەرەو لای سـەگەکە ڕۆیشتن تاکو بزانن چییە. ئەوەی بینییان کەسێکی بچووك بوو بەڕەنگی سەوزی خەت خەت و نزیکەی چل و پێنج سانتی مەتر درێژ بوو. ئەو جلی لەبەردا نەبوو، پێستی لاشەی وەك چەرم بوو، کڵاوێکـی بەسـەرەوە بـوو لـەجۆری کـڵاوی مەکسیکی. هـەروەها کـاتێ منداڵـەکان تەماشـای ئـەویان دەکـرد، سـەگەکە پەلاماریـداو لـەتیکرد. کوڕەکـان بینییـان کـە گۆشـتی وەك هـی مـرۆڤ وابـوو، خوێنەکەیـشی سـووربوو، دوای ئـەوە

سەگەکە لەگۆشەیەك وەستا وەك ئەوەی بترسێ، لاشەکەیش لەبەر خۆرەکەدا دەسووتا. ڕۆژی دووەم کاتێ منداڵەکان چوونەوە ئەو جێگەیە نەلاشەکە مابوو نەجێگەی خوێنەکە.

یەکێك لەشاهیدانی بەسەرهاتی سەرەوە((سیلبی لاسم))بوو کە ساڵانێك لەوەدوا، لەساڵی (١٩٧٨) نەوەکانی ئەم بەسەرهاتەیان بۆبلاوکراوەی لێکۆڵینەوەی دەفرەفڕیوەکان نووسی. ئەو وتی((باوەگەورەم لەناوچەکەدا بەڕاستگۆ بەناوبانگ بوو، بەلام لەوبارەوە هیچی بەکەس نەوت. دەترسا گاڵتەی پێبکەن... لەکۆتاییدا دوای داواکارییەکی زۆر ئەو بەسەرهاتەی بۆباسکردم. ئەگەر تاقیکردنەوە لەسەر ڕاستی و درۆیی ئەو بکرایە دڵنیام ڕاستی قسەکەی پەسەند ئەکرا)).

((لاری سشنز))بەرپرسی مۆزەخانەی زانست و مێژووی شاری((فورت ورپ))لەگەڵ ئاغای لاسم چاوپێکەوتنی کرد، ئەو ئاغای لاسی بەمرۆڤێکی بەڕێزو ساغ حیساب دەکرد. هەرچەند باوەڕکردنی ئەو داستانە نەگونجاوە،(سشنز) دەڵێ : هەرچی بێت (لاری) لەو بڕوایەدایەکە ئەو بەسەرهاتە ڕویداوە. لەوانەیە ئەو هێزی خەیالاتی زۆر بەهێزی هەبێت، یا براکانی فێڵیان لەو کردووەو یان بەدرێژایی ساڵانێك نەشارەزا لەو بەسەرهاتە لق وپۆپی داوەتێ. بەلام (لاری) پێداگرانە باوەڕی سشنزی لەبارەی ئەوەی لەوانەیە ئەوە بۆقێکی گەورە بووبێت، ڕەتکردەوە.

یـەکێك لەدانیـشتوانی((نڤـا سـکاتیا))هـەرکاتێ لـە((لیـسبون)) بەرەو((هیلزبورو))دەچوو، مرۆڤێکی بچووکی ڕەنـگ سـەوزی دیـوە. ئـەو تووشبوونی خۆی ئاوا باسدەکات :

پیـاوێکی بـچووکم دی کەنزیکـەی شەسـت و پێـنج سـانتی مـەتر درێـژبوو، چـاکەتێکی ڕەنـگ سـەوزو کڵاوێکـی سـووری لەسـەردابوو، دارێکی بەدەستەوەبوو. لـەخۆم دەپرسـی ئـەوە کێیـە و لـەکوێوە هـاتووە لەدواییـدا کەوتمـە یـادی ((لیـری کورن))ئـەو پەریـەی ڕێـی نیشاندەری زێڕوزیـوە. دەگێڕنـەوە ئەگـەر بتـوانی ڕاسـتەوخۆ تەماشـای دەموچـاوی ئـەو بکـەیت، دەبیتـە خـاوەنی پـارەو دارایـی، بـەڵام نابێـت چـاوی لێبتروکێنی. من بەدوایدا چووم وتم :((من بەرەولای کوپەیەك زێڕ ببە.)) ئـەو ناچـاربوو مـن ببـات، چـونکە تەماشـام دەکـرد. هـەروەها بەڕێگـەدا دەڕۆیـشتین، بەڵام هـەراو هۆریـای دارسـتانەکە بۆچرکەیەك بـیری مـنی گـۆڕی کـاتێ دووبـارە تەماشـامکرد بینـیم ئـەو نـەمابوو ڕۆیـشتبوو. هەروەها کوپەزێڕەکەیش.

داسـتانی دوایـی لـەبارەی گەیـشتن بـەمرۆڤی بـچووکەوە لـە((مورونگـولی)) لـەکالیفۆرنیا. پیاوێـك بەئۆتومبیلەکـەی خۆیـەوە لەشـەقامی ((ڕاسـۆن))شـۆفێری دەکـرد کتـوپڕ پیـاوێکی ڕەنـگ سـەوزی بچووك کەوتە بەردەم ئۆتومبیلەکە. لایداو وەستا تاکو لێی نەدات. کاتێ ئۆتومبیلەکـە وەسـتا ئـەو پیـاوە بـچووکە هـاواریکرد. کـاتێ دەنگـی بیـست.، دابـەزی بۆئـەوەی خـاوەنی ئـەو دەنگـە بدۆزێتـەوە، کێردێکـی ڕاوی لەگـەڵ خـۆی بـرد. ئـەو پیـاوێکی بـچووکی لـەژێر کاربێتـەری

ئۆتومبیلەکەیدا بینی کە خەریکی کردنەوەی برغوو سەمونەکانی ئەو بوو. شۆفێرەکە لەترسا سواری ئۆتومبیلەکەی بوو کەوتەڕێ، بەلأم لەوکاتەدا دەنگی ئاسنێکی دەبیست بەشەقامەکەدا دەدرا. ئەو لەلای ماڵی هاوڕێکانی وەستاو پارچەی ژێر کابێتەرەکەی بەتەل بەست. ڕۆژی دووەم گەڕایەوە شەقامی ڕاسون ئەو برغو سەموونانەی لەناوەڕاستی شەقامەکە بینییەوە، ئەو جێگەیە کە پیاوەبچووکەکە ئەوانەی لێکردبووەوە.

پیاوێکی بچووکی تر لەنیوەی چەرخی بیستەم لە((ئۆریگۆن))دەبینرا، وەك ئەوەی سەرەوە هیچ زیانی بەئۆتومبیلەکە نەگەیاند.((ئەلن جونرسون))خەڵکی((کنبی))بەو ناوونیشانەی کە بوونەوەرێکی بچووکی دیوە چۆتە نێو گڵگیری ئۆتومبیلە دۆجەکەی ئەو چووە ژێر ئۆتومبیلەکەی و بێ ئەوەی بچەمێتەوە بەژێریا ڕۆیشت، ئەلن دەڵێ دڵنیابووم بالأی لەبیست سانتی مەتر زیاتر نەبوو، هاوشێوەی پیاو بوو، پێستێکی ناشیرینی هەبوو، کراسێکی ئاودامانی لەبەردابوو. ئەلن هەستی نەدەکرد هەڕەشەیەك بێت بۆئەو وا دەردەکەوت تەنیا ویستویە بەوێدا بڕوات. لەکۆتاییدا بەرەو سەوزەلأنییە ڕۆیشتووە و ئەلن ئیتر ئەوی نەدیوە.

کراس لەبەری جۆری ئاودامان جۆرێکە مرۆڤەبچووکەکانی مری لند حەزی پێدەکەن کە لەسەرەتای چەرخی بیستەم بینراون جۆری بەسەرهاتی خوارەوە لەزمانی خوشکەزاکەیەوە کە ئاگاداربووە:

ئەم ڕووداوە لە((سنوهێل))ڕوویداوە. خاڵۆم لە((پوکومك))لەگەڵ کچێك بڕیاری چاوپێکەوتنیان دا. ئەو جاربەجار دەچووە سەردانی ئەو کچە ئەو شاقامە بەباشی شارەزابوو. لەوشەوەدا بەتایبەت، خاڵۆم و ئەو کچە لەسەر هاوسەری قسە کەوتبووە نێوانیان، بەدڵ شکاوی لەیەك جیابوونەوە. خاڵم نەیدەویست هاوسەرگیری بکات، بەلاّم کچەکە لەسەر ئەوە پێداگری دەکرد. هەرچی بوو خاڵۆم بەئارامی لەشەقامەکەوە دەڕۆیشت لەناکاو سەروکەللەی پیاوێکی بچووك کە کلاّوێکی زەردو چاکەت و بیجامەیەکی سەوزی لەبەردابوو، لەدارستانەکەوە پەیدابوو. خاڵم بانگی ئەوی کرد، بەلاّم ئەو پیاوەبچووکە تەنیا زەردەخەنەیەکی کرد. خاڵم وەك پیشەی هەمیشەیی کەوتە غاردان ئەو پیاوەبچووکەیش دەستیکرد بەڕاکردن. ئەو لەگەڵ ئەسپەکەدا ڕایدەکردو جاربەجار زەردەخەنەی دەکرد، کاتێ خاڵم لەپولومك چووەدەر، ئەوپیاوە بچووکە ونبوو. خاڵم ئەوەی بەئاگادارکردنەوەیەك دەزانی بۆئەوەی واز لەو کچە بێنێ و هەرئەو کارەیشی کرد.

دورگەی((ئوك))لەبەشی ڕۆژئاوای کەنداو((نڤاسکاتیا ماهون))بەجێگەی زێڕ بەناوبانگە، دوای هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر سەرفکردنی دراوێکی زۆروکاتی کرێکاران شتێکی بەنرخمان دەست نەکەوت. لەسالاّنی دوایی، کۆمەڵێکی زۆر بۆسەیران چوونە ئەو جێگەیە، داستانێکی سەیریان خستەبەرباس، بۆ نموونە، پیاوێك خۆی دابوو لەدیوارێکی نادیار. لەسیپتەمبەری ١٩٧٣ ژن و پیاوێك لەدانیشتوانی نیویۆرك لەنزیکی ئەو دیوارەی ناوبرا دەگەڕێن، تووشی

بوونەوەرێکی بچووك دەبن، ئەوان دەڵێن پیاوێك بوو بێ ڕیش جلی سپی لەبەردابوو، جزمەی گەورەی لەپێدابوو بەدوای پیاوێکی گەورەتر لەخۆی بوو کەجلێکی ڕەشی لەبەردابوو، پارچەیەکی دابوو بەکۆڵیداو کلاوێکی سێگۆشەی بەسەرەوەبوو. دووساڵ لەوەدوا دووکەس لەژنانی ئەو ناوچەیە لەبەشێکی تری ئەو دورگەیە لەگەڵ دووهاوسەری سەیروسەمەرە ڕووبەڕووبوون. لەساڵی ١٩٧٤((جین فرانسیس تی. ودروف))بەسەرهاتی دووڕووداوی لەماساچوست لەگەڵ مرۆڤی بچووك بۆگۆڤاری((فیت))باسکرد. یەکەم ڕووداو لەبەهاری ساڵی ١٩٧٤ لە((لگزینگتون))بووە.

من وهاوڕێکەم باربارا بەپیادە بەرەو قوتابخانە دەڕۆیشتین لەزەتمان لەوهەواخاوێنە وەردەگرت. بەجۆرێکی ڕێکەوت هەردووکمان تەماشای لای چەپی خۆمان دەکرد کە پڕ لەسەوزەگیای هەرێز بوو، بوونەوەرێکی بیست و پێنج سانتی مەتریمان دی کە بەچوارمەشقی دانیشتبوو، نیو نیگای ڕاستی بەلای ئێمەدا بوو. هەردووکمان بەیەکەوە وتمان: ((ئەوەت بینی؟))بەوپەڕی سەرسووڕمانە قسەکەی ئێمە، وەك یەك بوو. جلی سەوزی لەبەردابوو، یەك سەبیلی جوانی زێڕی لەنێوان دەم دا بوو، کلاوێکی خڕی بەسەرەوە بوو.

یەك ساڵ لەوە دوا من وهاوڕێکەم((ئۆرین))کۆمەڵێك لەوبچووکانەمان لە((ئەشبی) ماسا چوست دی. بالآی ئەوانە لەدوانزە سانتی مەتر زیاتر نەبوو، زۆر وردبینانە تەماشای ئێمەی دەکرد. کێڵگەکە پڕ لەگوڵی وەحشی و شین و سەدان پەری بچووك بەسەماکردنی سەرنج ڕاکێش و

جوان کە لەسەر پەڕەی گوڵێکەوە بۆسەر گوڵێکی تر بازیان ئەدا. ئەگەر هاوڕێکەم لەگەڵ مندا نەبوایەو ئەوەی کە من دیبووم باسی نەکردایە، وا بیرم دەکردەوە تەنیا بەرچاوم کەوتبێ بەخەیال..

لەسپتامبەر ۱۹۹۳ دووبارە ئەو پەرییە بچووکانەیان دیوە. ((کارن مارالی)) چووبووە ناوچەیەکی پیرۆز لە((ماونت شاستا))لەکالیفۆرنیا، ئەو بەتەنیا بوو، سەفەرێك بۆباوەشی سروشت بۆبیرکردنەوەو قووڵبوونەوە.. فکری ئەو بەباشی دامەزراو بوو کە ڕێچکەو ڕوانگەیەکی جوانی بەرەو دنیایەکی تر ئاساندەکرد. نزیکی خۆرئاوابوون و هەوا تاریك و ڕوون بوو کە دەنگی کۆمەڵێ مندالی بیست کەشیعریان دەخوێندەوە. کاتێ تەماشایکرد، یانزە پەری بچووکی ئاوی لەسەر درەختەکان دەبینێ کە بالأیان نزیکی سی سانتی مەتر دەبوو. وا دەهاتنە بەرچاو شەفاف بن.... ڕەنگی ئاوی و نورانیان هەبوو، جارجار فیکەیان لێ ئەدا...باڵەکانیان لەخۆیان گەورەتربوو بەتەواوی شەفاف و جوان بوون. هەناسەی گرتبوو تەماشای ئەوانی دەکرد. نەیدەوێرا هەناسە بدات، بەلأم لەکۆتاییدا کاتێ ناچاربوو هەناسەبدات، دەنگی هەناسەی، پەرییەکانی ورياکردەوە، ئەوان هەستان و دیارنەمان. کارن یانزە کۆمەڵ خۆڵی شین لەسەر زەویەکە ئەدۆزێتەوە کە ئەوەی ناونا((خاکی پەرییان))، ئەوانەی کۆکردەوە بردنیەوە بۆماڵ. ئەو دڵنیایە ئەو خاك و خۆڵە جادووییە، چونکە ئەگەر بەنهێنی کەمێك لەوخۆڵەبدات لەهەر کەسێك، کێشەکانی بۆچارەسەر دەکرێت.

بەشێکی زۆر لەو چاوپێکەوتنانە لەلایەن منداڵانەوە باسیکراوە. بەبڕوای من بەشێکی زۆر لەو شاهیدانە منداڵنن. لەبیرت بێ ڕێژەی گەورەکان لەمنداڵان زیاترە. لەتەمەنی پێنج تاکو پانزەساڵ، ئەگەر زۆرینەی ئەوکەسانەی ئەو مرۆڤەبچووکانەیان دیوە کەسانێکی لەسەرووی سروشت بن ئەوەمان دەست دەکەوێ کە ڕێژەی وشیاری و زانیاری بەربڵاوی منداڵان گەورەترە لەهی بەتەمەنەکان،هەرلەبەرئەوە ئەوانە توانای بینینی شتێکیان هەیە کە لەتوانای بەتەمەنەکاندا نییە.

بەڵگەی دوایی کوڕێکی تەمەن هەشت ساڵ بووە لەساڵ ١٩٧٦ پیاوێکی بچووك لەنزیکی((دان))لەکارولینای سەروو دیوە ئەو مرۆڤەبچووکە لەشوشەی ساردییەك گەورەترنەبووە.((تونلی برفوت))بەتەنیا لەنێو کێڵگەی گەنمەشامی بەخاکەنازێکی پلاستیکی یاریدەکرد. کەسەری بەرزدەکاتەوە پیاوێکی بچووك دەبینێ بەدەمی کراوەوە تەماشای ئەو دەکات. ئەو جزمەی ڕەش و پانتۆڵی شین و یەك چاکەتی درێژی شینی بریسکەداری لەبەردابوو، جوانترین پشتێنی سپی منداڵانەی کە تاکو ئێستا بینیبێت بەستبوو، کڵاوێکی دەزووی ڕەشی بەسەرەوە بوو. ئەو دەنگی وەك دەنگی مشك وابوو بەگورجی ڕایدەکرد و دەڕۆیشت. شوین جێگەی قاچەکانی ئەو بچووکە ئەدۆزێتەوە و دایکی دەهێنێ تاکو ئەویش بیبینێ. کەسانی تریش ئەوەیان بینی، بۆنموونە ((فرید ئیچ. بوست)) سەرنووسەری ڕۆژنامەی ناوخۆیی کە دەڵێ: ڕووداوەکە ڕاستە جێگە قاچەکانی هی جزمەی بچووك بوو کە جێگەی گۆی جزمەکان بەباشی دەبینرا. یەکەم جار

نەمتوانی جێگەی قاچەکان بژمێرم، بەلاّم جاری دووەم ژماردم چواردە دانە لەوانە دیار بوون، هەریەك بەدرێژی شەش سانتی مەتر و بەپانی دوو سانتی مەترونیو.

"تونلی" لەدوانزەی ئۆکتۆبەر جنۆکەی بینی دووحەفتە لەوەدوا، لەبیست و پێنجی ئۆکتۆبەر برست هەواڵی دا کە((شرلی ان مك کریمۆن)) ئەویش پیاوێکی بچووکی دیوە. ئەویان جلێکی تەنك و ناسکی لەبەردابووە یان هەر جلی لەبەردانەبووە، پێستی قاوەیی بووە. کلاّوی لەسەردانەبووە، بەلاّم جزمەی لەپێدابووە. فردبوست جێگەی قاچەکانی ئەوی دیوە دەڵێ((جێگە قاچەکانی لەهیچ جێگەیەك دەرنەدەکەوتن. یەکەم کێڵگەی گەنمەشامیبوو کە خاکەکەی نەرمانی بوو، بەلاّم یەکسەر ئەو جێگەقاچانە تەواوبوو. لەماڵی مك کریمۆن ئەو جێگەقاچانە بینران خاکەکە تەخت بوو، بەلاّم لەودەوروبەرەی کە ئەو پیاوەبچووکە ونبوو، باخێکە، خاکەکەی نەرمە، بەلاّم لەوجێگەیەدا جێگەقاچەکانی نەدەبینرا.

دووبارە هەر گەنجەکان بوون کە بوونەوەریان دیوە کە بە((دوڤەردمۆن))بەناوبانگ بوو. یەکەم ڕووداو لەشەوی ٢١ هاوینی ١٩٧٧ ڕوویدا.((بیل بارتلت))تەمەن حەڤدەساڵ و دووکەس لەهاوڕێکانی بەئۆتومبیل دەگەیاندەوە ماڵ، لەناوچەیەکی پڕ لەدرەختەوە دەڕۆیشتن کە ڕووناکی چرای پێشەوە ئەدرێ لەبوونەوەرێکی سەیر. ئەو لەپێشا وا هەست دەکات سەگە یان پشیلە، بەلاّم لەدواییدا دووچاوی گەورە بەبێ برژانگ نارنجی ڕووناك لەسەر ڕێگەکە وەك شووتی وا بوو

دەبینـرا. لاشـەی ئـەو بوونـەوەرە لاوازبـوو، دەسـت و قاچەکانیـشی هـەر وەهـا بـوون، بەپەنجـەکانی بـەردی دیوارەکـەی گرتبـوو. بارتلـت دەڵـێ درێژی ئەو لەنێوان نەوەد بۆ سەدوبیست سانتی مەتر دەبوو، هیچکەس لەوانەی لەگەڵێدابوون لەنێو ئۆتومبیلەکەدا ئـەو بوونـەوەرەیان نـەدیبوو. بەقسەکانی بیلیان باوەڕنـەدەکرد. کـاتێ گەیشتنە ماڵ، بیـل ئـەوەی کـە دیبووی بەقەڵەم وێنەی کێشا. بەدرێژایی نیوەشەو((جان بکستر))تەمەن پانزەساڵ بەتەنیا دەچێتەوە ماڵ ئەویش ئـەو بوونـەوەرە دەبینێ لـەلای ڕێگەیەکـەوە کـەپڕە لـەئاوو درەخـت وەسـتابوو. ئـەوەی ئـەو بـاس لەشێوەی ئەو بوونەوەرە دەکات، لەگەڵ ئەوەی بیـل دەیڵـێ جیاوازنییە. بـەڵام جـان نەیـدەزانی کـە بیـل ئـەو بوونـەوەرەی دیـوە. بیـست و چـوار سـەعات لـەوەدوا،((ویـل تینتـۆر))تەمـەن هەژدەسـاڵەو ((ئـابی برابهـام))پانزەسـاڵە کـاتێ لەشـەقامەکەوە بـەئۆتومبیل بەوێـدا دەڕۆن، لـەلێواری ئـەو جێگەیـە واتـە دوورمـۆن تێپـەڕین ئەویان دی، چـەند ڕۆژ لەوەدوا((لورن کلمن))کە لەبارەی ئـەو داسـتانەوە پرسـیاری کـرد، لەگـەڵ بینـەران قـسەی دەکـرد. کۆمـەڵێ لێکۆڵـەرەوەی لەگەڵـدابوو هـەموویان ڕوونیدەکەنـەوە، نـە ڕوونکردنەوەیـەکی لـۆجیکی دەسـت کـەوتووە نـە بەڵگەیەك بتوانی بڵێیت کە ئەو گەنجانە گاڵتەجاڕییانکردووە.

بەهـەرحاڵ، لەگـەڵ ئـەوەی کەسـانی بێبـاوەڕ هـەوڵ ئـەدەن بەتێنەگەیشتوانە خوێندنەوەی ئەم داستانانە و هەواڵـەکان بێنـرخ بکـەن هـەردەلین((درۆیـەو هەڵخەڵەتانـدن))بانگەوازدەکـەن بەڵگـەی زانـستی دێننـەوە، هـەروەها هـەواڵو نووسـراوێ لـەم جـۆرەڕوودوە

سەرسووڕهێنەرانە دەدرێ کە ڕونوو ئاشکراوە زۆر ڕووداو ڕوودەدات، تەنانەت لەدنیای زانست و پێشکەوتنی دەورانی ئێمەشدا.

پیاوانی سەوزو بچووک هەروەها عینوانی گرنگی ڕۆژنامەکان بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ، لەساڵ ١٩٨٨ ڕۆژنامەی ناوچەیی((ناگت نۆم)) لەشاری((نۆم ئالاسکا))بڵاوی کردەوە زیاتر لەدوانزەکەس لەپێنج شەوی بەردەوامدا ئەوانەیان دیوە. لەڕۆژنامەی ٢٤ اگست ناگت تۆم هاتووە:

یەکەم بەسەرهات چەند گەنجێك باسی دەکەن لەکاتی گەڕانەوە لەسەر ئیش لەشەقامی((بلتز))لە ((فلگ ستۆپ))سەیارەیان لێدەخوڕی (لەوانەیە دووی دوای نیوەشەو بووبێت) کاتێ بەلای((ئایسی ڤیو))دا بەرەو پێش دەڕۆیشتن، لەئاوێنەی پێشەوە چاویان بەشتێکی درەوشاوە دەکەوێ (واتە بەشەوق) سەرسووڕهێنەری ئەوە ئەوانی والێ کرد بگەڕێنەوە. کاتێ لەو بوونەوەرە نزیك دەبنەوە، یەك دوو دانە لەوانە وا دێنە بەرچاویان کە ئەو بوونەوەرە پیاویکە بەرەولای ئەوان دەڕوات، لەبەرئەوەی قاچی دەبینن. ئەو بەناوەڕاستی شەقامەکەدا دەڕوات، ئەوان تەماشادەکەن لاشەی هاوشێوەی ترافیك لایت سەوزە. سەریان سووڕدەمێنێ. گەنجەکان لەپشت ئەوەوە لەگۆشەی شەقامەکە دەوەستن کە ئەو پیاوە بچووکە خێرا ڕادەکات. بەرزی بالآی سەدوبیست سانتی مەتر دەبوو وا دەردەکەوت ڕووناکییەك لەو دەردەچێ. هەروا ڕایدەکرد کوڕەکان دەیانبینی کە ماسولکەکانی وەك وەرزشکاری بوون، نێو شانێکی پان و قاچی پێچراوی هەبوو،

شۆفێرەکە بەخێرایی دەڕوات لەو مرۆڤەبچووکە کە بەخێرایی نزیکەی چل پەنجا کیلۆمەتر لەسەعاتێکدا ڕایدەکرد لێی ئەداو بەسەریدا دەڕوات. بەڵام دەنگی لێدانی نابیستێ، هاوڕێکانی کە بەتەواوی ترسابوون دەگەڕێنەوە بۆشارو بۆحەسانەوەو ئارامکردنەوەی مێشکیان‌و یارمەتی وەرگرتن لەهاوڕێکانیان. دەچنە لای ئەوان. لەئاکام دا هەموویان بەیەکەوە دەگەڕێنەوە جێگەی ڕووداوەکە، بەڵام لەوێدا ئەو مرۆڤە سەوزە بچووکە دیارنەبوو. لەجیاتی ئەو لەجێگەیەکی دوورتر لەشەقامەکە وەستابوو، هەموو ئەوکەسانەی لەگەڵ گەنجەکان چووبوونە ئەوێ ئەوە دەبینن. ئەو بوونەوەرە لەبەرچاوی هەموو ئەوانەدا ئەو ڕەنگە سەوزەی دەگۆڕێ بۆ نوقرەیی و قاچەکانی تاریکتر دەبوون.

یەك دوویەك لەوکوڕانە دادەبەزن لەئۆتومبیلەکە و بەدوایدا دەچن، ئەو بوونەوەرە درەوشاوەیە لەشەقامەکە دووردەکەوێتەوە، بەڵام زۆری پێناچێ ڕوو دەکاتە گەنجەکان و دوایان دەکەوێ. کوڕەکان ڕادەکەن بۆلای ئۆتومبیلەکە، ئەو کاتە بۆیان دەردەکەوێ چاوەکانی سوورن و دەنگێکی هێواش و وشکی لێدەردەچێ لەنێوان دەنگی ئەودا کوڕەکان جیاوازی بۆچوونیان هەیە. ئەو کاتە هەموو ترسابوون، هەموویان سواری ئۆتومبیل دەبن، ئەو پیاوە بچووکەیش بەڕێگەی خۆیدا دەڕوات، کوڕەکان لەگەڵ هاوڕێکانیان دەگەڕێنەوە بۆ شار.

شەوی دوایی لەسەر بڕیاری پێشوو دووبارە لەسەعات دوو نیوی نیوەشەو، ئەو کۆمەڵە لەگەڵ بەڕێوەبەری هێڵی نۆم و ئەندازیارێك و کۆمەڵێکی تر دەچن بۆئەوێ، ئەو مرۆڤە بچووك و سەوز ڕەنگە دەبینن.

سێ ئۆتومبیل دەچنە ئەوێ یەکێك لەوان بەناو ئەو پیاوە بچووکەدا دەڕوات. ئەوانەی ئاگاداری ڕووداوەکە بوون، وا هاتبووە بەرچاویان کە ئۆتومبیلەکە بەناو قەدی ئەودا ڕۆیشتووە.

پیاوە بەتەمەنەکان وتویانە ئەو وردەکاریەی لەبارەی ئەو پیاوە بچووکەوە کوڕەکان باسیدەکەن ئەوان نەیان دیوە. لەڕاستیدالەو گفتوگۆیەدا بۆیان دەرکەوت: ئەو کەسانەی بەتەمەنتربوون، وردەکاری کەمتریان دیوە.

شەوی سێهەم هەمان بڕیار ئەدەن. ئەم جارەیان دووسێ پیاوی بچووك دەبینن، یەکیان زێڕی، دووەم ڕەش و ئەوی تر سەوز بووە کە دیارە ڕەنگی دوو لەوان گۆڕانی بەسەردا دێت، کۆمەڵێك دەڵێن بازنەی پرشنگ داری سەوزوشین لەوان دەهاتەدەر.

شەوی چوارەم، کۆمەڵە خڵکێکی زۆر سەعات یەکی نیوەشەو لەلای شەقامەکە کۆدەبنەوە، بەلام تاکو سەعاتی دوونیو هیچ شتێك نەبوو. لەو سەعاتەدا سەروکەللەی ئەو پیاوە سەوزانە دەردەکەوێ، یەکیان زیوی، یەکیان ڕەش، یەکێ سەوز، یەکێ شین.

شەوی پێنجەم، سەعات دووی دوای نیوەشەو، دووپیاوی بچووکی ڕەنگ سەوز لەگۆشە شەقامەکە دەبینرێن سەمادەکەن.

شەوی شەشەم هیچ هەواڵێك لەو مرۆڤەبچووکە سەوزانە نەبوو. خەڵك چاوەڕوان بوون بەلام سەروکەللەی ئەوان پەیدا نەبوو.

((جانێت ئامساك))کە ئەم بابەتەی نووسیوە، سالانێکە وردەکاری چاوپێکەوتن بەمرۆڤەبچووکەکان کۆدەکاتەوە. پیاوێکی ماسیگر کە

زۆری بەفر دەبێتە هۆکار لەپەنایەکدا کە خۆی دروستیکردبوو ماسی بگرێ، ئەو مرۆڤە بچووکانە دەبینێ. ئەوان کراسی فراوان و پانتۆلی تەسکیان لەپێدابوو، پێستەکەیان سپی بوو، سەبیلی بچووک بەدەمیانەوە بوو. کابرای ماسیگر بەزمانی ئەسکیمۆ قسەی لەگەڵ ئەوان کردبوو، ئەوانیش وەڵامی ئەویان دابۆوە، وتبوویان خەریکی ڕاوی ماسیین.ژنێك ئەو هەواڵەی بڵاوکردەوە کە لەسەر چەوو لمی ڕوبارەکە بەدوای جیّ قاچی مرۆڤێکی بچووکدا دەڕۆیشت تووشی پیاوێکی بچووك بوو کە جلی ئەسکیمۆی لەبەردابوو خەریکی ڕاوی ماسی بوو. ئەو پیاوە بچووکە بۆپارێزگاری لەخۆی نێزەکەی بەرزکردەوە ژنەکە ڕادەکات. لەهاوینی ١٩٣٨ دووبرا کە دەیانویست لەڕوباری((نۆتاك[1]))ئاو بهێنن، لەلایەن ایناکینها[2] بەدیل دەگیرێن. بەزەحمەت دەتوانن خۆیان ڕزگاربکەن و ڕابکەن. هەرلەو ساڵەدا، خۆشکی ئەو دووکورە بەدوای دوودانە لەو گرگنانەدا دەڕوات لەبەرئەوەی دەیانویست ماسییەکانی ئەو بدزن. ئەو بنەماڵەیە بەسەرهاتی زۆریان لەگەڵ ئەو ئەسکیمۆبچووکانەدا هەیە.

---

[1] Noatuk

[2] Inukins ایناکینها ئەو پیاوە بچووکە دەشتەکیانەن کە قژەکورتەکانیان وەك کاسە وەهایەو پێستی مەیموون لەبەردەکەن ڕوونکردنەوەی وەرگێڕ

سەرسوورهێنەرترین داستان کە ژانت امساك کۆی کردۆتەوە لەبارەی سێ پیاوی بچووکە، کەبەدەفرێکی زیوی لەئاسمانەوە دێنەخوارەوە بۆگوندێك لەئەسکلا. ئەم بەسەرهاتە پەیوەست بەدەورانێکی قەدیم، لەوانەیە دووسەدسالّ لەمەوپێش ڕویدابێ. ئەو پیاوە بچووکانە لەوگوندە دەنیشنەوە. ئەسکیمۆیی قسەدەکەن، بەخەلّك دەلّێن ناتوانن بگەڕێنەوە بۆسەرزەویەکەی خۆیان لەبەرئەوەی ئامێری گواستەنەکەیان تێکچووەو ناتوانن نۆژەنی بکەنەوە. ئایا ئەوانە هەر بەو تەختە زیوییە کە ئێمە ئەمرۆ پێی دەلّێین دەفرەفڕیوەکان هاتوونەتە ئالاسکا؟ لەتایبەتمەندی و سەرسوورهێنەری شەفاف وکراوەیی ئەوانە ئەوە بوو کاتێ ئۆتومبیل پێیاندا دەڕۆیشت، زیانیان پێنەدەگەیشت. بەلاّم مرۆڤەکان دەلّێن ئەوانە هەرچی بووبن بوونەوەرێکی مادی بوون. لەماوەی پەنجا سالّی ڕابردوودا بەسەرهاتی زۆر لەبارەی کەسانی دەفرەفڕیوەکان تۆمارکراوە. زۆرینەی ئەو بوونەوەرە بچووکانە کە بینراون بچووك بوون و بەشێکیان سەوزبوون. ئایا ئەو بوونەوەرانەی سواری دەفرەفڕیوەکان بوون هەر ئەوجنۆکەو پەرییانەن کە نەریتین و لەپێشدا بینراون ؟ بەشێك ڕوونکردنەوە لەبارەی ئەو بوونەوەرانەی سواری دەفرەفڕیوەکان بوون بەگشتی ئەوان لەبەشی داهاتوودا هاتووە، تایبەتمەندی ئەوان ئاشکرادەکات.

بەشی پێنجەم

ئایا ئەو بوونەوەرەی دەفرەفڕیوەکان و پەرییەکان هاوشێوەی یەکن؟

پەرییــەکان، بەشــێکی زۆر لــەماوەی دووهەفتــە یــان یــەك مــانگ لەشوێنەوارەکانی خۆیان دەرکەوتن و لەسەر تەپۆڵکەکان و ئەشکەوت و گــۆلان و شــاخەکان تێپــەڕین، تــاکو لەئەنجامــدا ئەوانــە بێهــۆش لەکەژوکێوەکان و سەوزەلانیەکاندا دۆزرانەوە.

لێکۆڵــەرەوەکانی کــاری دەفرەفڕیوەکــان کەحــەزیان لەئەفسانەکانە، ئاگاداری هاوشێوەی زۆر لەنێوان بوونــەوەری دەفرەفڕیوەکان و پەرییە نەریتییەکان، یان مرۆڤەبچووکەکان بوون. بەشی دوایی کە دەگەڕێتەوە بۆسەرەتای چــەرخی نــۆزدە بۆیەکــەم جــار زیــاد لەسەدســالی پێشوو چاپکرا، ئەو پەیوەندییانەشیان تەنیا شاهید بەسەرهاتی خزمەتکارێك بەناوی((دەیڤید ویلیامز))بووە کە لە((گوند))لەسەرووی ویلز ژیاوە. لەشــەوی ڕووداوەکــە ئــەو لــەدوای هاوســەرەکەی خۆیــەوە بەڕێــدا دەڕۆیشتو پارچەیە گۆشتی بەرازو هەندێ خوێی پێبوو، بەڵام سێ ســەعات دوای هاوســەزەکەی گەیــشتە مــاڵ کــاتێ لــەو دەپرســن بــۆ

دواکـەوتی، دەڵـێ کـە سـێ خولـەك درەنگـتر گەڕاوەتـەوە ئـەو هۆکـاری دواکەوتنی ئاوا باسکردووە.

ئەو دەبینێ کە شتێك وەك ڕووناکی بریسکەدار کە گرێکی بازنـەیی بـەدواوەبوو، لەهـەوادا دەڕۆیـشت لـەنێوان ئـەو بازنـەدا ژن وپیـاوێکی بـچووك کـە جلێکـی زۆر جوانیـان لەبەردابوو،وەسـتابوون، دەسـتی یەکتریان گرتبوو بەدەستەکەی تریان بازنەی گرەکەیان گرتبوو قاچیان خستبووە سـەرلێواری بازنەکە. ئـەو بازنـەیـە دەگەیـشتەسەرزەوی، ئـەو دوو بوونەوەرە دێنەدەر لەسەرزەویەکە بازنەیەك دروستدەکەن، یەکسەر کۆمەڵێ بوونەوەری بچووك پێکهاتوو لەژن و پیاو بەئاوازێکی خۆش کە یەکــەمجارە بیبیــستێ دەســتدەکەن بەســەماو هەڵپــەڕکێ بــەدەوری بازنەکـەدا. ئـەو دیمەنـە ئەوەنـدە سـەرنجڕاکێش بـوو کـە ئـەو پیـاوە دەوەسـتێ و ئـەو مـاوەزۆرە کـە وادەزانـێ تـەنیا چـەند خولـەك بـووە، تەماشـادەکات زەوی دەوروبـەر بەڕووناکییـەکی ئـارام ڕوونـاك بووبـوو. دوای ئـەوە ئـەو ڕووناکییـەی لەئاسمانـەوە یەکـەمجار سـەرنجی ئـەوی ڕاکێشابوو پەیدا دەبێتەوە، هـەروەها گرێکـی بازنـەیی بەدوایەوە. کاتێ دەگاتە جێگەی سەماکردنەکە، ئەو ژن و پیاوەی یەکـەمجار سواری ئـەو بازنەییـە دەبنـەوە و ونـدەبن، یەکسەر دوای ڕۆیـشتنی ئەوانـە، هـەموو پەرییـەکانی تـریش ونـدەبن. ئـەو پیـاوە بەتـەنیا خـۆی لەتاریکدیـدا دەمێنێتەوە دەگەڕێتەوە بەرەوماڵ. ئەوە هۆکاری دواکەوتنەکەی بووە :

ئـەبێ ئـەوەت لـەبیربێ کـە لەوچـەرخەدا دیودیـد ولیـامز لـەبوونی دەفرەفڕیوەکان بێئاگابووە، تەنانـەت لەومانگـە دەسـکردانەی کـە ئـەمڕۆ

لای هـــەموان ناســـــراوە لای ئـــەو نەناســـــراوبووە. هەرلەبەرئـــەوە باسـکردنەکەی ئـەو لەبازنـەی ئـاگرین کـە ئـەو دووهاوسـەرەی لـێ هاتونـــەدەر، ڕێگەیـــەکی بـــاوەڕپێکراوە بۆباســـکردنی شـــتێکی سەرسووڕهێنەر کە ئەمڕۆ ئەوە ناودەبەین بە دەفرەفرەفڕیوەکان. ئەگەر وادابنـێین ئـەو ژن و پیاوانـەی لەدواییـدا پەیـدابوون، جنۆکەوپەرییـە ناوچەییەکان بـوون و لـەو ئامێری گواستنەوەیە نەهاتوونەدەر،شتێکی سەرنجڕاکێشە بۆ بەیەکگەیشتنی کەسانی بچووکی ئـەوهابۆ سـەرزەوی. لـەم هەواڵـەدا بەشـێکی نـا ڕاسـتی بـوونی هەیـە. مـن نـاڵێم ڕاسـتی ئـەو ڕووداوە دوورە، بـەلاّم چـی بەڵگەیـەك هەیـە کـە کەسـانی بـچووکی هـەوایی و سـەرزەوی لـەدەوری یـەك کـۆوەبن چـی شـتێك بۆتـە هۆکـاری جیابوونـەوە لەیـەك و بەیەکـەوە سـەمابکەن و هەڵپـەڕن؟ دیویـد ولیـامز وایـدەزانی تـەنیا چـەند خولـەك تەماشای ئەو دیمەنـەی کـردووە، بـەلاّم لەڕاستیدا ماوەکە سـێ سـەعاتبووە. یـان ئـەوە بـەو مەعنایەیـە کـە ئـەو بێخەبەرانـە چـۆتە نێـو دنیایـەکی تـرەوە ؟ بۆسـەر زەوی پەرییـەکان کـە دەوران لەوێدا خێراییەکی کەی هەیـەو چـەند بەشـێکی تـری جۆربـەجۆر لـەم دوایـەدا لەنـەرویج بلاّوکرایـەوە، زۆر هاوشـێوەی بەسـەرهاتەکەی دیوید ویلیـامزە. لەو بەشەیـشدا مـاوەی سـێ سـەعات بـووە، کۆمـەڵێکی زۆر مرۆڤی بچووك لـەلای یەکـەوە کۆبوونـەوە. داسـتانیلای ((هۆنفـاس)) پەیوەست بـە٢٨ی ئۆکتۆبـەری"١٩٨٥"ە، شـاهیدان منـدالاّنی حـەوت بـۆ دوانزەساڵە بووە کـە لەشـەوێکی درەنـگ وەختـا چـووبوونەدەر بۆئـەوەی تەماشای گیرانی مانگ بکەن ئەوان دەبینن ڕووناکییەکی ڕەنگ هێلکەیی

لەئاسماندا دەڕوات و نزیك دەبێتەوە. یەکێك لەمنداڵەکان چراکەی خۆی بەرەو لای ئەو بەرزدەکاتەوە ئەو ڕووناکییە هێلکەییە ڕووناکییەکی درەوشاوە بەرەو لای ئەوان دەنێرێ. ئەوان لەو ڕووناکییە بەهێزە، نزیکەی سەد بوونەوەری بچووك لەشەقامەکەدا دەبینن کە بالآیان لەشەست سانتی مەتر کەمتربووە، هەموویان کلآوی بەجۆری تورەکەیان بەسەرەوە بوو، جلی سپی و قاوەیی و ڕەشیان لەبەردابوو. ئەوان بەبینینی منداڵەکان ڕادەکەن.؟ بەلآم لەماوەی سێ سەعاتدا دووبارە دەبینرێنەوە وا دەردەکەوت یاری زۆرانبازییان دەکرد، منداڵەکان ئەو هەواڵە بەدایك و باوکیان دەڵێن، بەلآم هیچ کەس بۆتەماشاکردنی ئەوان ناچن. تەنیا کەسێك لەوێدا ڕایدەکرد وتبووی کە تەنیایەك پشیلەی دیوە! لەوانەیە شەپۆلی بینینی ئەو پیاوە لەگەڵ هی منداڵەکان وەك یەك نەبووبێت، جێگەپێیەك دۆزرایەوە، بەلآم یەك سەگی بەزەوق بەوێدا ڕۆیشت و ئەو جێ پێیەی تێکدا.داستانێکی سەرسوورهێنەرە والەردەکەوێ ڕووداوێکی ڕاستە.

داستانەکانی پەیوەست بەدەفرە فڕیوەکان دەتوانرێ بەدوو دەستە دابەشبکرێت. یەکێك ئەو بوونەوەرە بچووکانە کە بەرچاودەکەون مرۆڤ بن، ئەوی تر بوونەوەرێك کە بەڕوونی مرۆڤ نەبوون.لەبارەی دووەمەوە دیارە بالآی ئەوان لەسەدوبیست سانتی مەتر یاکەمتربووە لەڕاستیدا هەیکەلێکی وەك مرۆڤیان نەبووە. هەروەها کە تەواوی ئەو بوونەوەرە بچووکانە بالآو شێوەی یەکسانیان نییە، بوونەوەری((کەش))، یان ئاسمانی هەر بەوجۆرەن، لەو ڕاپۆرتە جیاجیایانەدا کە لەماوەی پەنجا

ساڵی ڕابردوودا لەبارەی بوونەوەری بچووکی ئاسمانی بەدەستی من گەیشتووە، چەند بەشێکم لێ هەڵبژاردووە کە جۆرێك لەشکڵ و شێوەی ئەوان و کردارەکانیان بۆئێوە ئاشکرابێت.

لە٢٤ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٧٨((ئانگلۆدی ئامبروس))لەنزیکی ماڵەکەی لەشاری گالیو لەسەرووی ڕۆژهەڵاتی ئیتالیا خەریکی کۆکردنەوەی داربوو، ئەو دوای بڕینی لقی دارێك، بینی دوو بوونەوەری بچووك نزیکەی نەوەد سانتی مەتر لەئاسماندا وەستاون، سەری گەورەو ڕووتاوە، گوێچکەی گەورەی باریك، چاوی سپی بەقولاچوو، لووتی گەورە، لێوی کراوە دوو ددانی تیژی درێژیان هەبووە، جلی تەسك وتاریکیان لەبەردابووە. امبروس کە زۆر سەری سووڕمابوو، لەوان دەپرسێ کێن و چیان دەوێت، بەڵام تەنیا ورتە ورتێك دەبیستێ، یەکێك لەوان بەرەولای ئەو دێت و دەیەوێت تەورەکەی لەدەست وەربگرێ، بەڵام ئەو بەتوندی تەورەکە دەگرێ و بەری نادات خۆراگری دەکات.ئەو بوونەوەرە زۆر بەهێز بووەو دامبروس لەدەستی هەراسان بووە، وەك ئەوەی کارەبا گرتبێتی. لەکۆتای دا دارەکە بەرزدەکاتەوە تاکو لەو بوونەوەرەی بدات. دیارە ئەو دوو بوونەوەرە هەست بەوە دەکەن، بۆیە ڕادەکەن و دەڕۆن، امبروس لەدڵەوە وزەیەك پەیدادەکا، بەدوایاندا دەچێ، بەڵام ئەوانە لەپێچی شەقامەکەدا لەبەرچاوی وندەبن. بەهەرحاڵ دامبروس بۆدۆزینەوەیان بەردەوام دەبێ لەئاسمانی کراوەدا یەك شتی خڕی ئاسنی منارەیی دەبینێ کە لەسەرچوار پایە وەستاوە، نزیکەی سێ مەترونیو یان ویەك مەترونیو درێژبووە. امبروس یەکێك

لەو دوو بوونەوەرە دەبینێ بەدەستە درێژەکانی پەنجەرەی ناو منارەکە پێوەدەدات. لەناکاو ئەو منارەیە لەزەوی دووردەکەوێتەوە بێدەنگ لەدوای درەختەکانەوە لەبەرچاو وندەبێ. لەدواییدا ئەو لەوناوچەدا دەبینێ چیمەن و سەوزەڵانییەکان تەخت و ڕەش بوون.

بەگوێرەی ئەو هەواڵە جۆربەجۆرانە، کردەوەی ئەو بوونەوەرانە سەرسوورهێنەرە بەبێ ئەوەی ئاکامیکی کی شەفاف و ڕوون بگەیەنێ. بۆچی ئەم بوونەوەرانە دەیانویست تەورەکەی امبروس بدزن ؟ کردەوەیەك کە لەساڵی ١٩٧٦ کە لەسێ بوونەوەری بچووك لەبەرازیل بینرا، سەرەتای شەوی سێی سێپتەمیەر((جوئا رومیوکلین))تەمەن نۆزدەساڵ لەسەر ئیش بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە کە دەفرەفڕیوێك لەئاسماندا دەبینێ کە نزیکەی سێ مەتر بووە. بەلای ئەودا دێتەخوار و لەدووری چوار پێنج مەتر لەسەر شەقامەکە دەوەستێ تیشکێکی سووری لێدەردەچێ لەژێر ئەو تیشکەدا سێ بوونەوەری بچووکپەیدا ئەبن، لەوبەری شەقامەکە ڕووبەڕووی دەوەستن. دەستەکانی خۆیان بلاوکردبووەوە تاکو ڕێگە لەڕۆیشتنی بگرن. ئەو چەقۆیەکی گەورەی پێبوو کە بۆبڕینی قامیشی شەکر بەکاریدەهێنا، بەرەولای ئەوان هەڵی ئەدات، بەلام ئەو کاردە ئەدرێ لەبەربەستێکی نادیارو دەوەستێ. یەکێك لەوبوونەوەرانە بەبۆرییەك بەرەو لای ئەو نیشانە دەگرێ کە ڕووناکییەکی سپی لێدەردەچێ ئەو میلە ئەدرێ لەقاچی کلین و لەسەرخۆ دەچێ و ئاگای لەهیچ نامێنێ. دراوسێکانی بەبێ هۆشی ئەو ئەدۆزنەوە و دەیبەنەوە بۆ ماڵ. تاماوەیەکی زۆر قاچی ئەو بێ جوڵە

بووە، کەم کەم بەرەو باشی دەچوو.ئەو بوونەوەری کلین دیبووی زیاتر لەوەی کە امبروس دیبووی لەمرۆڤ دەچوو. هەروەها ئەو دەنگی بیستبوون، بەلاّم لەوتەکانیان تێنەگەیشتبوو. بۆچی ئەوانە دەیانویست ببنە ڕێگر لەبەردەم کلیندا بۆئەوەی نەڕوات ؟ وادیارە دەیانەوێ لەگەڵ ئەودا پەیوەندی بگ ـرن.کـردەوەی ئەوانـە لەڕوانگـەی مرۆڤەکانـەوە ئاراستەیەکی پەسەندنەکراوە.

ئیتالیاو بەرازیل تەنیا دوو وڵاتن لەنێوان چەند وڵاتێکا کە لەوێدا دەفرەفڕیوەکان دەبینرێن.لەساڵی ١٩٥٤ لەفەرەنساش هەندێك لەو دەفرەفڕیوانە دەبینن. لەنۆزدەی ئۆکتۆبەر لە((پورنو-لا – شوتیوی)) لەنزیکی((میتن))سێ منداڵی پێنج تادوانزە ساڵە شتێکی خڕی پرشنگدار دەبینن دێتە سەرزەوی.

بوونەوەرێکی نزیکی سەدو بیست سانتی مەتری کەجلی شێوە توورەکەیی ڕەشی لەبەردابوو لەو شتە ڕووناکە هاتەدەر، چاوەکانی گەورەبوو، سەری تووکی پێوەنەبوو. ئەو شتێکی بەئێمە گوت کە تێنەگەیشتین و ڕامانکرد. کەمێك لەولاتر وەستاین و تەماشای دوای خۆمان کرد، ئەو شتە نوورانییە بەرزبووبووەو بەرەو ئاسمان دەڕۆیشت.

پیاوێك کە زۆر لەمنداڵەکان دوورنەبوو ئەو شتەی دیبوو، تەنیا دووسەعات لەوەدوا پیاوێك کە لەنزیکی((بریاتکست))خەریکی شۆفێری بوو، دوو بوونەوەری بچووك دەبینێ کە بەپێوەری منداڵی دە دوانزە ساڵان بوون، ئەو دوو بوونەوەرە لەپێش ئۆتومبیلەکەی ئەو

بەشـەقامەکەدا تێپـەڕین. ئـەو دەڵـێ((یەکسـەر ئۆتومبیلەکـەم وەسـتاند، بـەڵام پـێش ئـەوەی بتـوانم دابـەزم، شـتێکی سـووری پرشـنگدارم بـینی لـەنێو چیمەنەکەدا بـەرزبووەوە، لـەماوەی چـەند چرکەیەکدالەئاسماندا ونبوو)).

ئەگـەر هـەموو ئـەو هەواڵانـەی کـە پەیوەسـت بـەدەفرەفڕیوەکان و ئـەو بوونەوەرانــەی لەســاڵی ١٩٥٤ لەفەڕەنــسە بینــراوە ڕاســت بــێ، ئــەو بوونــەوەرە بێگانەیــە بــەهۆی نەناســراوی هــەموو کاتــەکان بــۆ وڵاتــی فەڕەنسا سەرفدەکەن. بەهەرحاڵ، ئەوەی کـە ئەمانـە چـی شـتێك ئـەنجام ئەدەن و چی مەبەستێکیان هەیە،بۆ ئێمە ئەنجامێکی تێگەیشتنی نییە، سـاڵانێك بەدواداچـوون و لێکۆڵینـەوە لـەو بـوارەدا ئێـستەیش ئێمـەی نەگەیاندۆتــە ئاکــام، لەوانەیــە باشــتربێت لەڕوانگەیــەکی جیــاوازەوە تەماشــای ئــەو نادیــارە بکــەین. لەبنــەمادا چــونکە مــرۆڤ ئیــشەکانی بەهەســت و نەســتێکی پێــشوو ئــەنجام ئــەدات، چــاوەڕواندەکەین ئــەو بوونەوەرانــەیش هــەر ئیــشێکی نیــشانە بــۆکراو ئــەنجام بــدەن. بــەڵام لەوانەیـە ئاسـایی لـەدنیادا (لـە دنیـای ئەوانـە زیـاتر لەیـەك جۆر لەیـەك سەرچاوە بوونی هەبێ)، مەبەست و نیشانەکردن بوونی نەبێت.

لەبەریتانیاش بوونەوەری بچووك بەسـواری دەفرەفڕیوەکـان بینـراون. لەبەیانی ڕۆژی ٤ی ژانویەی ١٩٧٩ شتێکی سەرسووڕهێنەر لە((ڕوولـی رجــیس)) لـــەڕۆژئاوای((میلنـــد))ڕویـــدا. ژنێـــك بـــەناوی((جـــین هینگلی))لەماڵەوەبوو ئیشی هاوسـەرەکەی سـەعاتی شـەش تـەواودەبوو دەگەڕایەوە بۆماڵ. لەناکاو ئەو لەگەراج ڕووناکیـەکی نـارنجی دەبیـنێ و

دەچێتەدەر کە بزانێ خەبەرچییە، ئەوو دەبینێ شتێکی گەورە لەنێو باخچەکەدا دەگەڕێ. سێ بوونەوەری بچووك بەلای ئەودا دەڕۆن دەچنە ماڵەکە. بالآیان نزیکەی سەدسانتی مەتر دەبوو، تونکەی شینیان لەبەردابوو، کلأوی شەفاف وەك جامێکی خڕ بۆ پارێزگاری بەسەرەوەبوو، باڵی سپی و گەورەیان هەبوو وەك ئەوەی لەکاغەز دروستکرابێ، لەسەر ئەوان خاڵی بریسکەدارو درەوشاوە هەبوو. لەدووری هەریەك لەوان بازنەیەك دروستبووبوو یەك ڕاستەی ڕووناك لەشانیان دەردەچوو. ڕەنگی پێستەکەیان سەوزو - زیوی، وادەردەکەوت، قاچیان نەبێت و کۆتایی لاشەیان خڕە ئەوان قسەیان دەکرد، خانمی هینگلی لەزمانیان تێدەگەیشت. بەلأم ئەوان لەگەڵ یەکتر قسەیان دەکرد. کاتێ لەوانی دەپرسی لەکوێوە هاتوون، دەڵێن لەئاسمانەوە، کاتێ دەڵێ ئەوتیشکەی لەنێوچەوانی ئێوە دەرئەچێ چاوەکانی ئەو ئازارئەدات، ئەوان دەڵێن بۆئازاردانی ئەو نەهاتوون. ئەوان بەدەوری ژوورەکەدا دەگەڕێن، دەست لەکەلوپەلەکانی ئەدەن. وەك ئەوە ڕاکێشەربووبن (موگناتیس)، چونکە دەستیان بۆهەرچی بردبێت، بەرزبۆتەوە. کاتێ هینگلی دەبینێ ئەوان تەماشای ئەو شووشە مەشروبانە دەکەن کە لەکریسمس ماونەتەوە، دەپرسێ ئایا دەتانەوێ تامی ئەوە بکەن یان نا. ئەوان بەیەکەوە دەڵێن((ئاو، ئاو، ئاو))ئەو سینییەك شیرینی و چەند دۆلکە ئاوێکیان بۆدەهێنێ. ئەوان ئاوەکە دەخۆنەوە دۆلکە بەتاڵەکان ئەدەنەوە بەو. دیارە خانمی هینگلی(نابینێ) کە ئەوان ئاوەکەیان خواردبێتەوە. جگەرەیەك

دادەگیرسێنێ تاکو ئەوان لەوە شارەزابکات، بەڵام ئەوان چەند هەنگاوێك پاشەکشەدەکەن، دیارە لەئاگر دەترسن، ئەمجارە ئەوان بەئارامی لەماڵەکە ئەچنە دەرەوە لەکاتێکا پارچەیە شیرینیان بەدەستەوەیە بەرەو کەشتییەك دەڕۆن کە لەباخەکەدا دەسووڕێتەوە. هینگلی واهەست دەکات حاڵی باشنییە، ئەو ڕۆژە لەسەر جێگە دەکەوێ. تووشی سەرێشەیەکی گەورە بووبوو، جێگەی کەشتیکە لەسەر چیمەنەکە مابوو. هەموو ئامێرە ڕووناکیەکانی ماڵەکە خراپ بووبوو، وەك ئەوەی تووشی هۆکارێکی موگناتیسی گەورە بووبن. ئەو شریتە دەنگیانە کە ئەوان دەستیان لێدابوون بەکارنەمابوون و سوودیان لێوەرندەگیرا.

لەوانەیە بەسەرهاتی خانم هینگلی جێگەی پێکەنین و باوەڕپێکراو نەبووبێ، بەڵام ناکرێ بەکاریگەری دوای هاتنی ئەوان بێسەرنج بین. سەرنج ڕاکێشە کە هینگلی توانیبووی پەیوەندی لەگەڵ ئەو بوونەوەرانە پەیدا بکات. بەهەرحاڵ ئەو لەوباوەڕەدایە دووگمەی سەر تونکەی ئەوان، هۆکاری وەرگێڕانی قسەی ئەوان بووبێت، چونکە بەردەوام دوای قسەکردن، ئەوەیان دەست پیادەنا. هینگلی خانم دەڵێ :((هەر قسەیەك کە تێنەدەگەیشتن، یەکسەر پەنجەیان بەدوگمەکەدا ئەنا دەنگی دیت دیت بەرگوێ دەکەوت و دەمبیست. کاتێ بەوانم دەوت هەموو شتەکانی من فێربوون، ئەوان تەئیدیان دەکرد)).

لەهیچ بابەتێك لەوبارەیەوە کە لەم بەشەدا باسکراوە، شاهیدەکان نەیان توانیوە لەگەڵ بوونەوەری نێو دەفرەفڕیوەکان قسەبکەن. ئەگەر

شاهیدانی ئەم بەسەرهاتانە لەخۆیانەوە دروستیان کردبێ یان تووشی خەیالات (واهیمە) بووبن، لەوانەبوو بڵێن ئەو بوونەوەرانە بەزمانی خۆیان قسەیان لەگەڵدا کردبن و وتوێژ لەنێوانیان ڕوویداوە.

تەواوی ئەو بوونەوەرانەی تاکو ئێستا لەبارەیانەوە قسەکراوە و بەدەفرەفڕیوەکان هاتبوون، بالآیان نەوەد بۆ سەدوو بیست سانتی مەتر بووە، تەنانەت جارجار بچووکتریش بوون. لەسەرەتای ١٩٥٢((ماکسیموهرنیز)) تەمەن چوارساڵ لەنزیکی((ویلارز دلسن))لەئیسپانیا شوانی چەند مانگایەك بووە. کە دەنگی فیکەیەکی بچووکی بیست، وەرگەڕایەوە شتێکی بینی لەپێشا وا تێگەیشت کوپەیەکی گەورەیە هاتۆتەخوارەوە. ئەو شتە ئەدرەوشایەوە، هرنیز لەوباوەڕەدابوو سەدوبیست سانتی مەتر درێژبووە. ئەو وا تێگەیشت لەگەڵ کوپەیەکدا ڕووبەڕوو بووە، ڕۆیشت بەرەولای ئەو، بەلآم پێش ئەوەی بگاتە لای دەرگاکە کرایەوە سێ بوونەوەری بچووك هاتنەدەر. هرنیز دەڵێ ئەوانە نزیکەی شەست سانتی مەتر بالآیان بەرزو دەموچاویان زەردو چاوەکانیان بچووك بوو، جلی شینیان لەبەردابوو، کلآوی تەختیان لەسەردابوو پارچەییەك ئاسنیان بەدەستەوەبوو.ئەوان دەچن بۆلای کوڕەکەو قسەی لەگەڵدا ئەکەن، بەلآم ئەو لەقسەی ئەمانە تێناگات، یەکێك لەوانە زللەیەك لەوکوڕە ئەدات و هەموویان خۆیان فڕێ ئەدەنە نێو ئەو شتەو هەڵدەفڕن. هرنیز ڕادەکات بەرەوماڵەوە بەباوکی دەڵێ، دیارە باوکی بەقسەی کوڕەکەی باوەڕناکات، بەلآم بەدوایدا دەڕوات شوێن پێ و چوارکون لەنێو زەویەکەدا ئەدۆزرێتەوە.

لەزۆر بواردا لەدوای بینینی دەفرەفڕیوەکان نیشانەی فیزیایی بەجێماوە کە نیشان ئەدەن بەڕاستی ئەوشتەی باسکراوە، بوونی هەیەو بەتەواوی بەرچاوناکەوێت، هەروەها ئەو مەبەستە کە بەردەوام شاهیدان توانیویانە لەڕێگەی کاریگەری وزەی دەروونی ڕێچکەیەکی فیزیایی بەجێبێڵن (وەك کۆمەڵێك پێداگری دەکەن کە دەتوانن ئەشیای (فلیزی) ئاسن بێئەوەی دەستی لێبدەن، بچەمێننەوە)، بەڵام ئەم ئیشە لەبارەی کەسی بوونەوەری ئاسمانی (فەزایی) و بێگانە بەدوور بەرچاو دەکەوێ. سێهەم بۆچوون ئەوەیە کە پیاوی توێژەر بەئەندازەیەك بەجۆش و خرۆش بووە کە جێگەی ئامێری جووتیاری، وەك تراکتۆر یان کەرەسەکانی کەی بەسوود بۆ مرۆڤ بەجێگەی کەشتی ئاسمانی بەهەڵە تێگەیشتبێ. بەڵام لێرەدا بەدەگمەن ئەوە ڕووئەدات، ئەوجۆرە ڕێکەوتە کەمە. بەسەرهاتی تونلی بیرفوت بێنەرەوە یادت کە وتی : لەنێو کێڵگەی گەنمەشامیەکەدا مرۆڤێکی بچووکی دیبوو کە شوێنپێکانی دیاربوو جێگەی قسەنییە. مەگەر ئەوەی ئەو جێگە پێیانەیش دروستکراوبێت ئەوەیش جێگەی باوەڕنییە کە منداڵێکی بچووك ئاوا جێگەی پێیەکانی دیاربێت.

بوونەوەری شەست سانتی مەتری((ویلارزدلسن))بەراورد لەگەڵ بوونەوەرێك کە لەدەیەکانی ١٩٧٠و ١٩٨٠ لەمالیزی بینراون، وەك غول بەرچاودەکەون. ئەم بەسەرهاتە لەنۆزدەی ئاغستس لە((بوکت مرتجم))لەویلایەتی پینگ ڕوویداوە. شەش کوڕی منداڵکاری خوێندکار لەنزیك قوتابخانەکەیان دەفرەفڕیوێك دەبینن لەکاتی

نیـشتنەوەدا، ئـەو دەفرەفڕیـوە بەئەنـدازەی قـاپێکی شـلەبوو، پێـنج بوونەوەری پێنج بۆ شەش سانتی مەتری لێ دائەبەزن چوارکەس لەوان جلی شینیان لەبەردابوو، پێنجەم جلەکانی زەرد بەرچاودەکەوت. ئەو بوونەوەرانە خەریکی دامەزراندنی ئارێلێکی هـەوایی بوون بەسـەر لقی درەختێکـەوە نیـشانەیەك دەنێـرن. ئـەو منداڵانـە سـەریان سـووڕمابوو، ڕادەکەن. لەهەمان ڕۆژدا خوێندکارێکی تر بەناوی ك.((ویگـنس واران)) بیـستوپێنج دەفرەفڕیـوی بـچووك دەبـینێ کـە لـەنزیك قوتابخانەکـەوە دەنیشنەوە یەکێك لەوانە بوونـەوەری حـەوت هەشـت سـانتی مـەتری لـێ دێنەدەر، بەڵام لەوکاتەدا زەنگی قوتابخانە لێئەدەن ئەو ناتوانێ نـەڕوات و ئـەو بەسـەرهاتە ببینێ و لێـی تێبگات. ئـەو ڕۆژی دووەم دەگەڕێتـەوە ئەو جێگەیە. پێنج بوونەوەری حەوت هەشت سانتی مەتری دەبینێ کە لـەدەفرەفڕیوێکی بـچووك دێنـەدەر. یـەکێك لـەوان وا دەردەکـەوت بەرپرسـیاربێت، جلـی زەردی لەبـەردابوو، نیـشانەیەکی وەك شـاخ بەسەریەوەبوو. کاتێ ویگنس واران هەوڵ ئەدات ئـەو بوونـەوەرە بگـرێ، گوایە دەڵـێ بـەتیر لەوئـەدەن و بێهۆش دەبـێ. لەدواییـدا خـاڵێکی سـوور لەسـەر قاچیدەبینێ. بەتفـەنگێکی بچووك تەقـە لـەکوڕێکی تـر کرابـوو. کاتێ کۆمۆڵێك لەوکوڕانە هەوڵیان دابوو ئـەو بوونـەوەرە بـچووکە بگـرن، ئەوان ون دەبن.

چوار ڕۆژ لەوەدوا، بوونەوەرێکی شاخداری تریان دیبوو. ئـەم جـارە لـە شـاری((ڕاونـگ))لەویلایـەتی((سـلانگۆر))دووبـارە دەفرەفڕیـوێ لـەنزیك قوتابخانـەیـەك هاتـەخوار، منداڵـەکان شـاهیدی ئـەو بەسـەرهاتەبوون.

لەنێوان ئەگۆستۆس و نوامبر ۱۹۷۰ دووبارە دەفرەفڕیوێکی بچووك لەنزیك قوتابخانەیەك لەشاری((ئەلوراستار))لەویلایەتی((کیدە))بینرا، یەکێك لەشاری ((ئەیپۆ)) لەویلایەتی((پاهانگ))، یەکێك لە((کامپانگ پیندن))– لەویلایەتی سلنگور، لەساڵی ۱۹۷۳ لەشاری ((میتی)) لە ((ساراواك))بوونەوەرێکی پانزەسانتی مەتری کە جلێکی سپییان لەبەردابوو، بینران. لەیەك کاتدا وا دەردەکەوت خەریکی بڕینی تەلی دڕکاوی دەوری حەوشەیەکن بەتیشکێکی بەهێز. کۆمەڵێك بۆ پشوودان چووبوونە لێواری دەریاچەیەك، شەشە حەوت دانە لەوانە دەبینن، لەبەر درێژی قژیان چەندکەس لەوانە وابیریان کردبووەوە کە ئەوانە ژنن. هەوڵەکەیان بۆ ئەسیریان بێسوود بووە.

لەمانگی جون ۱۹۸۰ بوونەوەری بچووك بەجلی سپییەوە لە((لامات)) بینرابوون. کچێك کە ئەوانەی دیبوو، دەیوت نزیکەی پێنج سانتی مەتر بالآیان هەبوو. زۆر خۆشحاڵ و هاوشێوەی مەیموون بوون. هەموویان جلی سپییان لەبەردابووە، بەلآم یەکێك لەوان کلآوی سپی بەسەرەوەبووەو جزمەی لەپێدابووە. شتێکیان لەجۆری تفەنگ هەڵگرتبوو. دووبەشی کە سەیرتر باسدەکەن، وادەردەکەوت قاچیان نەگەیشتۆتە سەرزەوی. کچێك دووبارە بوونەوەرێکی قژنی گەورەی بینیبوو کە لەبەرچاوی ئەودا بچووك و بچووکتر دەبوو تائاستی چەند سانتی مەتر. ئەم کۆمەڵە بوونەوەرە هەرچی بووبن بەتەواوی لەدنیای ڕاستیدا بوونیان نییە. دەڵێن ئەوانە سواری دەفرێکی فڕیوبوون و هەڵفڕیون ڕۆیشتون.

لەساڵی ١٩٨٢ ڕاپرۆتێکی تر لەبارەی دەفرەفڕیوەکانەوە گەیشت، چەند کوڕێک لەنزیک شاری((ساریکی))لەویلایەتی ساراواك چەند بوونەوەرێکی بچووك کە سەریان گەورەبوو، لەکاتی قوتابخانەدا دیبوونیان. دووڕۆژ لەوەدوا، یەك دەفرەفڕیوی گەورە بەئەندازەی خانوویەکی گەورە لەنێو باخی میوەیەکدا بینرا کەبوونەوەری بچووك لەنزیك ئەو پرسەیان دەگێڕا. لەئۆکتۆبەری ١٩٨٥ لە((پاکا)) لەویلایەتی ((ترنگانو))کۆمۆڵێ قوتابی منداڵ چەند بوونەوەرێکی بیچووك دەبینن کە یەکێك لەوان ژن بووە، یەکێك لەقوتابیەکان دەستی لەیەکێك لەو بوونەوەرانە دابوو لەبەرئەوەی دەستی تووشی خوراندن بوو بەناچار دەستی لێ بەرئەدات. لەدەیەکانی ١٩٨٠ لە((پهنگ))زۆر کات دەفری فڕیویان دیبوو، بەلاّم دوای ئەوە هیچ هەواڵێك لەبینینی بوونەوەری بچووك نەگەیشت، هەواڵی بینینی بوونەوەری ڕەنگ تاریك لەمالیزیاوە گەیشت زۆرنا ئاساییە، بەلاّم بوونەوەری بالاّبەرزتر، بۆ نموونە نەوەد بۆ سەدو بیست سانتی مەتری هاوڕێ لەگەڵ دەفرەفڕیوەکان کە بوونەوەریان تێدا دەبینن.

لەساڵی ١٩٧٠ بەدواوە، لەبارەی تێکۆشانی بوونەوەری دەفرەفڕیوەکان گۆڕانێك ڕوویدا. تا ئەو ساڵە پەیامێکی جۆربەجۆر لەبارەی نیشتنەوەی دەفرەفڕیوەکان هەڵگری بوونەوەری بچووك کە لەواندا دێنەدەر، دەگەیشت، بەلاّم لەم ڕۆژگارەدا ئەو جۆرە بەیەکگەیشتن و بینینە کەم بۆتەوە. لەجێگەی ئەوە کۆمەڵێکی زۆر پێداگری دەکەن کە ئەوان براونەتە نێو ئەو دەفرەفڕیوانە، کەوتنونەتە

ژێرکاریگەری تاقیکردنەوەیەکی ناڕەحەتی لاشەیی. کۆمەڵێك دەڵێن وایان لێکراوە لەگەڵ ئەواندا پەیوەندی لاشەیی بگرن. باسەکە لەسەر ئەوەیە ئایا کردەوەی مرۆڤ دزین بەڕاستی ڕوویداوە یان دروستکراوی بیروهۆشی شاهیدەکانە؟

ئەو بوونەوەرانەی دەبنە مرۆڤ دز، لەمرۆڤ بچووکترن. بوونەوەرانێك کە لەنوڤمبری ١٩٨٠ لە((تومۆردن))لەبەشی یۆرکشایری خواروو،((پی سی ئەلن گافری))یان لەسەر ئیشەکەی ڕفاند، بەئەندازەی منداڵی پێنج ساڵە دەبوون و نزیکەی ساد سانتی مەتر بالآیان هەبوو.((ئەلفرێد بروتو))پیاوێکی بەریتانی شەوێك لەکەنەدا لە((ئەلدرشات)) ((همپشایر))ماسی دەگرت کە دووبەوەنەوەری نزیکەی سەدوبیست سانتی مەتری سەرتاپا سەوز ئەویان سواری دەفرەفڕیوێك کرد کە هاتبووەخوار.

بوونەوەرانێك کە((لیبراتو ئەنیبال))یان لەماڵەکەی خۆیدا لە((ئەلبانکۆ))ی کۆلومبیا دزی، ئەوانە یەك مەترونیو بالآیان بەرزبوو، دەموچاوێکی جوان و برۆی پڕو چاوەکانیان خڕبوو، وا دەردەکەوت پێڵوو برژانگیان نەبووبێت. لەنێو ئەوانەدا ژنانی پرچ درێژ هەبووە. لەبارەی ئانیبال بەهۆی ئەو هۆکارەی لەئاکام دا دیاری ئەدات، شایانی پیاهەڵدانە، ئیشی ئەو گاوانی بوو، لەو شەوە چارەنووسسازەدا، لەسەرەتای دەیەکانی ١٩٧٠، لەسەرئیشەکەیەوە بەرەو ماڵ گەڕایەوەو لەجێگەکەی خۆیدا خەوت، لەناکاو خەبەری بۆوەو بەرەو تەویلەکە ڕۆیشت. لەناکاو ڕووناکیەکی بینی نزیك دەبۆوە. ئەو شتە ڕووناکە وەك

هێلکەیەك وابوو دەهاتەخوارو زەویەکەی ڕووناك دەکرد، گەرمایەکی زۆری لێ دەرئەچوو، ئەو هەوڵی ئەدا خۆی حەشاربدات. ئەوەندە ترسابوو کە توانای ئەوەی نەبوو خۆی دەربخات. بینی کۆمەڵێك شیوەمرۆڤ هاتنەدەر ئەوهەوڵی دا ڕابکات، بەلأم ئەوانە بەرگریان لێکرد ئەو بێ هۆشبوو. کاتێ هاتەوەهۆش، خۆی لەژوورێك بینیەوە. ئازارێکی زۆری هەبوو کاتێ تەماشای کرد سێ ژنی ڕووت

خەریکی دەست پێداهێنانی ئەون، ترسەکەی گۆڕا بۆ سەرسووڕمان، ئەو سێ سەعات بەوپەڕی نارەحەتیەوە لەگەڵ ئەواندا کاتی بەسەربرد. وا دەردەکەوت ناوبەناو بێهۆش دەبوو دەهاتەوە هۆش خۆی، لەکۆتاییدا لەگەڵ هەلأتنی خۆردا خۆی لەنێو سەوزەلأنیەکدا بینییەوە، کاتێ هاوڕێکانی خۆی بانگکرد تا ئەو دەفرەفڕیوە ببینن، تەنیا شتێك کە دۆزییەوە جێگەی نیشتنەوەی ئەو بوو لەسەرزەویەکە.

ئەنیبال یەکێك لەپیاوانی ئەمریکای خواروو بوو کە بۆ مەبەستی بەیەکەوە خەوتن لەگەڵ ژنانی دنیایەکی تر بردبوویانە نێو دەفرەفڕیوێك. پەیامێکی تر لەوبارەوە پەیوەست بەپیاوێکی بەرازیلی بەناوی((ئەنتۆنیۆ ویلاس بۆس))کە لەساڵی ١٩٧٥ لەسەر کێڵگەکەی بردبوویان ناچاربوو لەگەڵ ژنێکی دنیایەکی کە جووت ببێ. ژنەکە بەئیشارەت ئەوی تێگەیاندبوو کە ئەو لە دنیایەکی کە، لەخاوەنەکەی خۆی خاوەنی منداڵە.

وتراوە کە ئەو بوونەوەرە بێگانانە حەزیان لەوەیە زاوزێیان لەگەڵ مرۆڤدا بێ چونکە نەوەکانی ئەوان لەحاڵی لاوازیدان. بەهەمان بەڵگەو

شـیرازە پێویـستیان بـەژنانی کـە هەیـە. کۆمـەڵێك ژنـانی دزراو وا باسدەکەن کە لەبوونەوەری بێگانە باردار بوون، بەلاّم ئەوان منداڵەکەیان لەگەڵ خۆیاندا بردووە. جگە لەپەیوەندی لاشەیی بوونەوەری ئاسمانی بەژنان و پیاوانی سەرزەویان وتووە ئەوان تاقیکردنەوەیەکی زۆریان لەسەر ئەو ژنانەکردووە کە بردوویانن. لەوانەیە ئەوانە تۆوی ژنانیان گرتبێ و لەدەرەوەی لاشە چێنرابێ و منداڵیان لێ پێکهێنابێ.

تا ئەو جێگەی من دەتوانم، هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نییە کە بیسەلمێنێ لەژنان و پیاوانی کورەی زەوی بۆ شەتڵ کردنی نەتەوە سوود وەرگیرابێ. لەلایەکی ترەوە ئەزانم جنۆکەوپەری زۆر ئارەزوویان لەدزینی منداڵانی مرۆڤ هەیە. ئەوەی کە بۆچی ئەوانە منداڵانی مرۆڤ ئـەدزن و لەجێگـەی ئـەو منـداڵانی تـر دائـەنێن، لەلایـەن پرۆفیسۆر((ئەی.سی.هدون))ی ئێرلەندی ڕوونکردنەوەی لەسەرکراوە. ئەو لەکێتێبەکەی خۆیدا نووسیویە کە پەریەکان منداڵانی خۆیان یان منداڵانی ناتەواو بۆ ئەو دایکە تازە زایمانانە دائەنێن، منداڵە سالم و سەلامەتەکەی ئەو ئەدزن بۆئەوەی ڕەگەزیان تازەو نوێ بێت. هەمان ڕوونکردنەوە دەتوانرێ لەبارەی بوونەوەری ئاسمانی بەکار بهێنرێت کە بۆچـی بـۆ بـەردەوامبوونی پەیوەنـدی لاشـەیی لەگـەڵ مرۆڤـەکان پەیوەندییان هەیە.

جنۆکـەو پەرییـەکان هـەروەك بوونـەوەری دەفرەفڕیوەکـان گـەورەو بەتەمەنـەکانیش دەفڕێنن. بەهـەرحاڵ هەمیشە سـەرکەوتوو نـابن. وەك بەسـەرهاتی کـە لەدوورگـەی مـەن ڕوویـدا. بـاوکی ڕۆحـانی((جـەی.

ئێم.ئیسپاسر)) خەڵکی((مالیو))لەسەرەتای چەرخی بیستەم بۆ((ئەیڤانز ونتز))باسکردبوو.

باوەڕ بەبوونی جنۆکەوپەری هەروەها لێرە زۆر ڕەواجی هەیە. بۆ نموونە دەورەی یەکساڵ لەوەپێش خانمی ك بۆی باسکردم کە ڕۆژانێك لەگەڵ کچەکەی لە((کاستل تاون))بووە سەرەتای شەو ئەچێتەدەر کە تەماشایەکی کچەکەی بکات کە لەو دەوروبەرەدا بوو. لەناکاو کۆمەڵێ جنۆکەوپەری دەبینێ دەورەی دەگرن دەیانەوێ بەزۆر بیبەن بەرەوچیای ((باشوری بارولی))، ئەو دەیوت : نەم دەتوانی خۆم لەدەستیان ڕزگاربکەم،لەئاکام دا بانگی کوڕەکەم کرد.

ئەگەر ئەم ڕووداوە لەم دوایەدا بلاْوبکرایەوە، لەوانە بوو بتوانین ئەوە بخەینە پاڵ بوونەوەری دەفرەفڕیوەکان و بڵێین خانم " ك " لەگەڵ بوونەوەری ((ئاسمانیکی))دیکە بەرەوڕوو بووە.

ئەفسانەکانی پەیوەست بەجنۆکەوپەری پڕە لەداستانی ئەوکەسانەی کە دوای دزینیان براونەتە سەرزەوی پەرییەکان و لەلایەن ئەوانەوە فریودراون و لەخواردن و خواردنەوەی ئەوانیان خواردووە، بەقبوڵکردنی ئەم ئیشە بەتەواوی چوونەتە ژێر دەسەلاْت و هەست و نەستی ئەوان. کۆمەڵێك باسی ئەوەیان کرد کە لەدەست بوونەوەری دەفرەفڕیوەکان خواردن و خواردنەوەیان وەرگرتووەو خواردوویانە. دایکانێك بوون کە شیریان داوە. پەرییەکان ئەوانەیان بردووە بۆئەوەی شیربدەن بەمنداڵە شیر خۆرەکەیان. کۆمەڵە کەسانێك کە شارەزابوون لەبواری مۆسیقادا ئەدزرێن بۆئەوەی ببنە هۆی شەوق و زەوقی

جنۆکەوپەرییەکان، ڕێکەوتنێك ڕوویداوە کاتێ کەسانێك دەچنە نێو کۆڕی سەماوهەڵپەڕکێی پەرییان بۆئەوەی سەمابکەن ئیتر توانای دەرچوونیان لەوکۆڕەدا نییە، کاتێ نەتیجە لەوکۆڕە دێنەدەرەوە یان لەلایەن هاوڕێیەکەوە دەهێنرێنەدەر، کاتێکی زۆریان بەسەربردوە. ئەوان وا بیریان دەکردەوە تەنیا خولەکێك هەڵپەڕیون یان سەمایان کردووە. لەکاتێکدا ماوەی چەند مانگ یان چەند ساڵ سەمایان کردووە.

مەسەلەیەکی تر کە باسێکە پەیوەست بەپەریەکان و بوونەوەری دەفرەفڕیوەکانە کە لەپێشدا باسکراوە، شاهیدان لەزمانی بوونەوەرە((فەزایەکان))تێنەگەیشتوون، مەگەر بەسەرهاتی خانم هینگلی کە ئەوان قسەکانیان وەرگێڕاوەتەوە.

باسێکی تر کە لەسەر قسەکردنی بوونەوەری دەفرەفڕیوەکان باسکراوە، وەك((دبانو دو ئەسلیگی ئۆ دی بانو))ئەوان لەقوڕگیاندا قسەیانکردووەو ئاوازی دەنگیان وەك قرتەقرت بووە، بەلاّم قسەکردنی جنۆکەوپەری وەك فیکە وەهایە لەسەرخۆر ئاشکرایە. لەکۆتایی چەرخی هەقدە((رۆبرت کرك))نووسیویەتی : لەکاتێکدا جنۆکەوپەرییەکانی ولز بەزمانێك قسەیان دەکرد کە شاهیدەکان لێی تێنەدەگەیشتن وا دەهاتەبەرچاو کە نەزمانی ولزیە نە ئینگلیزی، بوونەوەری دەفرەفڕیوەکان جارجار بەزمانی ئەو بینەرە قسەدەکەن کە شاهید حاڵە.

شێوەو شکڵی ئاشکرای نێوان جنۆکەوپەرییەکان و بوونەوەری دەفرەفڕیوەکان لەپێشا باسکراو خرایەڕوو، کە هەردوولایان لاشەی

بچووکیان هەیە لەچەند سانتی مەترێك بۆ سەدوبیست سانتی مەترن. بەمجۆرە ئەم بوونەوەرانە بەپێوەری مرۆڤەکان بینراون، تەنانەت جۆرێکیان وەك پەیکەری ((غول)) هەواڵدراوە، بەزۆری سوود وەرگرتنی هەردوولا لەڕەنگی سەوز باوە، ناوبانگی مرۆڤەبچووکەکانی سەوز بۆ باسکردنی بوونەوەرانی دەفرەفڕیوەکان بەکاردەهێنرێ. دیارە زۆرینەی مرۆڤەکان بوونی بوونەوەری سەوز ڕەنگ بەهەندناگرن ئەوە دەکەنە گاڵتەجاڕی. توێژەرەوەکان لەبارەی دەفرەفڕیوەکان کە زانیاریان دەوڵەمەنترە، بوونی مرۆڤە بچووکەسەوزەکان ڕەتدەکەنەوە. بەهەرحاڵ توێژەروان لەناونانی ئەم بوونەوەرانە بەنیشانەی مرۆڤەبچووکەکانی سەوز ڕەنگ هاودەنگن، بەڵام کەسانێکە ئەوەیان لا پەسەند نییە. بەهەڵەداچوون، چونکە داستانێکی زۆر باسکراوە کە شاهیدان ڕوونیان کردۆتەوە، بوونەوەری دەفرەفڕیوەکان پێستێکی ڕەنگ سەوزیان هەیە یان جلی ڕەنگ سەوزیان لەبەردابووە یان هەردووکیان. خاڵی سەرنج لێرەدایە کە بەشێك لەشاهیدان نەیان توانیوە جیای بکەنەوە ئایا پێستایان سەوزە یان جلەکانیان. بۆ نموونە چەند داستانێك باسدەکەین.

لەساڵی ١٩٥٦ لە((بداجز))ی ئیسپانیا بیست منداڵ و دە مرۆڤی بەتەمەن دەفرەفڕیوێکیان لەبەرزایی سێ مەترو نزیکەی پەنجا مەترێك دوور لەخۆیان بینی، ئەوان بەرەو لای ئەو دەفرەفڕیوە ڕایان کردو تەماشای دوو بوونەوەریان دەکرد کە لەنێو ئەوەدا دانیشتبوون. ئەوانیش تەماشای بینەرانیان دەکرد. سەروشانی ئەو دووانە بەئاشکرا ڕووت بوو، ڕەنگیان سەوز بوو.

ساڵێك لەوەدوا بوونەوەرێکی بەرزتر هەشتا نەوەد سانتی مەتری کە جلی سەوزی لەبەردابوو لەشاری((ئاڤریتزتاون))بینرابوو، شاهیدی سەرەکی((جۆن تراسکۆ))بووە لەئێوارەی شەشی نۆڤمبر ئەو لەماڵ چووبووەدەر تا خواردن بدات بەسەگەکەی کە لەگەڵ مرۆڤێکی بچووکدا ڕووبەڕوو بوو. ئەو جلی سەوزی لەبەردابوو قۆپچەکانی بریقەداربوو، کلاوی ڕیشودارو دەستکێشی سەوزی لەدەستدابوو کە لەکۆتایی هەر دەستکێشێك شتێکی پرشتگدار دەردەکەوت، ئەو بەزمانی ئینگلیزی شەل و شکست لەگەڵ تراسکۆ قسەی کردبوو((ئێمە مرۆڤی ئاشتیخوازین نامانەوێ تۆ تووشی دەردیسەری بکەین. تەنیا سەگەکەی تۆمان دەوێت))تراسکۆ بەسەرئەودا هاواری کرد وتبووی گوڕت ونکەوبڕۆ، کاتێ بەرەوپێش دەچێ بۆ ئەوە لەگەڵیدا دەستەویەخە بێت، دەستی دەچێ بەتایتێکی سەوزڕەنگ کە دوایی بەئاسانی دەشۆریەت. ئەو ڕۆژی دووەم کەمێك لەو تایتەسەوزە لەبن نینۆکەکانیدا دەبینێ.

پەیامێك لەبارەی پێست یان جلەسەوزەکانی ئەم بوونەوەرانە دەگمەن نییە. پەیامی دوایی پەیوەست بەسێپتەمبەر ١٩٦٧ لەبەرازیلە.((فابیو دنین)) تەمەن شانزەساڵە لەزەویەکی یاریدا لەشاری ((بیلوهوریزونت)) لەگەڵ دوو بوونەوەری دەفرەفڕیوەکان ڕووبەڕوو بوو. بوونەوەرەکان نزیکەی شەست حەفتا سانتی مەتر باڵایان هەبوو، لەدەفرەفڕیوێك دابەزین بەزمانی سلیسی پورتوگالی لەگەڵ ئەودا دەستیان کرد بەقسەکردن، ئەوان جلێکی تەسکی سەوزیان لەبەردابوو کە بەتەواوی باڵاپۆش بوو، تەنیا پێستی دەموچاویان دیاربوو کە بەواتای دینز

ئـەوەیش سـەوزبوو. لەسـاڵی ١٩٧٨ دووبوونـەوەری تـر کـە لـەنێو دەفرەفڕیوەکان لە((توزیتادی سینا))لەئیتالیا بینرابوون پێستەکەیان و جلەکانیان سەوزبوون، بەڵام کورتەباڵا و نزیکەی نەوەد سانتی مەتر بووە.

بەهەواڵی ساڵی ١٩٧٨ لهستان لەبارەی مرۆڤەبچووکەکانی سەوز ڕەنگەوە تەماشاکە. لەمانگی مەی جووتیارێکی تەمەن هەفتاویەك ساڵە کەخەریکی لێخوڕینی ئۆتومبیل بوو لەشەقامێکی درەختاویٚ لەگەڵ دوو بوونەوەردا ڕووبەڕوو دەبیٚ کە پێستی دەموچاویان سەوزبوو جلێکی ڕەشی تەسکیان لەبەردابوو. لەمانگی سپتمبر، هەشت منداڵ لەگەڵ بوونەوەری ڕەنگ سەوز کە جلی ڕەشی تەسکیان لەبەردابووە ڕووبەڕوو دەبن. لەئاغستۆزی ١٩٨١ لەلهستان وێنەکێشێك دووبوونەوەری سەوز پێست لەدووری یەك دوو مەتری دەبینیٚ. ماوەکەی ئەوەندە نزیك بوو کەبەباشی دەیتوانی ئەوانە ببینیٚ.

هیچ گومان لەوەدانییە کە بوونەوەری دەفرەفڕیوەکان و جنۆکەوپەری ڕەنگ سەوز لەزۆر بواری جیاجیادا بینراون. بەهەرحاڵ ئەم بوونەوەرانە هەوڵ ئەدەن بەوپەڕی توانا خۆیان بەرنە هاوشێوەی مرۆڤ تاکو مرۆڤەکان ئەوان بناسن و هەست بەئارامی بکەن. بەبۆچوونێکی تر ئەم بوونەوەرانە ئەتوانن بەهەر شکڵ و شێوازێك کە بیانەویٚ خۆدەرخەن.

ئەگەر بوونەوەری دەفرەفڕیوەکان بەڕاستی جنۆکەوپەری بن، دەتوانریٚ بڵێت خۆیان بەشێوازی ئامرازێك نیشان بدەن و وەسیلەیەکی هاتووچۆی ئەوان کە ئێمە پێی دەڵێین دەفرەفڕیوەکان بەشێکە

لەنەخشەی ئەوان کە بەو شێوازە خۆیان نیشانی مرۆڤەکان بدەن، کاتێ مرۆڤەکان بوونەوەرێکی جیاواز لەمرۆڤ دەبینێ، ئەگەر جنۆکەو پەری یان ڕۆحی سروشت یان بوونەوەرێکی ئاسمانی، پێویستە ئەوانە ڕێکبخرێن، بۆئەوەی هەرچیان بینی، سەرچاوەیەك لەبەرچاوبگرن. بەم جۆرە هەست دەکەن بەشێوازێك ئەوانە لەژێر دەسەلاتیاندایە. دیارە ئەم ڕیزبەندییە جیاواز لەشتیکی چەسپاو نییە، هەروەها پەیبردن بەشەخسیەتی ڕاستی ئەوانە بونی نی یە. لەچەرخی بیستەم، دانیشتوانی ڕۆژئاوا هەستی بوونی بوونەوەری دنیایەکی تری پەسەندکردووە. بەو هۆکارە ئەو بوونەوەرانەی بینراون بەزۆری کەشتی ئاسمانیان هەیە، لەجێگەی نزیك کەمین دادەنێن و جارجار بەمرۆڤەکان دەڵێن کە لە((کوریەکی ترەوە هاتوون و لەم لاولای دیکەهاتوین بۆئێرە.

لەساڵی ١٦٥٦ جان لوئیس خەڵکی ویلز لەنووسراوێکدا بەرامبەر بەیەکێك لەهاوڕێکانی ئاوا دەنووسێ ئەم پیاوە لەگەڵ بنەماڵەکەی چووبوونە ژووری خەوتن. شەو لەنیوەی تێپەڕی بوو کە پیاوەکە خەبەری بۆوە هەروا کە پاڵکەوتبوو، بینی ڕووناکیەك هاتەژوورەکەو دە دوانزە کەس، یەك لەدوای یەك هاتنەژوورەکە. شکڵوشێوەیان لەپیاوان دەچوو، دوو سێ ژنی منداڵەبەریان لەگەڵدا بوو، وا دەرئەکەوت سەمایان دەکرد. ژوورەکە ڕووناکترو گەورەتر لەجاران دەبینرا دیاربوو نان و پەنیریان دەخوارد خواردنیان ئەدا بەپیاوەکەو زەردەخەنەیان دەکرد، ئەو پیاوە دەنگی نەدەبیست بەلام لەناکاو هاواری خوای کرد فریای بکەوێ. لەکۆتاییدا دەنگێکی ئارامی بیست کە بەزمانی ولزی

بەویان دەوت ئارامی خۆی بپارێزێ. چوار سەعات بەوجۆرە مایەوە، هەرچی هەوڵی ئەدا هاوسەرەکەی خەبەرکاتەوە نەی دەتوانی. ئەوان چوونە ژوورێکی ترو ئەوێیان بەجێهێشت و دوای ماوەیەك سەماکردن رۆیشتن، ئەمجارە پیاوەکە هەستا، دەرگا لەژوورەکەدابوو بەلاّم نەیدەتوانی بیدۆزێتەوە یان دووبارە بچێتەوە جێگەی خەوتنەکەی.لەئاکام دا هاوارێکی کرد کە ژن و منداڵەکەی لەخەو هەستان و ناردی بەدوای پیاوێك کە لەونزیکەدا دەژیا، سوێندی خوارد ئەوەی وتویە راستبووە تاکو ئەو پیاوە ئامادەبوو ئەو ڕووداوە بنووسێ.

ئەو مرۆڤە بچووکانە ئەو پیاوەیان بینییەوە تەنانەت لەوانەیە ئەویان لەگەڵ خۆیان بردبێ، چونکە وا دەرئەکەوێ ژوورەکە گۆڕابێ. ئەگەر ئەم هەواڵە شاهیدی چەرخی بیستەمی ئەدا، بەبۆچوونێکی زۆر بوونەوەری دەفرەفرِیوەکان دەهاتن و ئەویان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد. ئەگەر لەدواییدا ئەو پیاوە (هیپنوتیزم)ببوایە، ئیشێك کە ئەمڕۆ لەبارەی شاهیدانەوە ئەنجام ئەدرێ، بێگومان باسی سەرسووڕهێنەرتر دێتەوە یادی و باسی لێوەدەکرد.

لەساڵی ١٩٦٧ بوونەوەری بچووکی ڕەنگ شین کە لەوانەیە جنۆکە بووبن، لەبدفورد شایر بینراون بینەران بە منداڵان بوو، لەدوانیوەڕۆی بیستو هەشتی((ژانویە))حەوت منداڵی دە دوانزە ساڵ بەیاریکردن بەرەو قوتابخانە دەڕۆیشتن، لەناکاو گرمەو برووسکەیەك دەبینن. لەماوەی چەند خولەکێك سەروکەللەی بوونەوەرانی بچووك

پەیدائەبن.((ئـەلیکس باتلـەر))پیـاوێکی بـچووکی شـین دەبـینیٚ کـە کلاٚوێکی درێژی بەسـەرەوە دەبیٚ، زوو بانگی هاوڕێکانی دەکات کاتیٚ مدنلـەکان دەچـنە پێشەوە، ئەوبوونـەوەرە لـەنێو کۆمـەڵێك دووکەڵدا ون دەبیٚ، کوڕەکان بەدوای ئەودا دەگـەڕێن، زۆری پێناچیٚ کە ئەو دەبینن بەلاٚم کاتیٚ نزیك دەبنـەوە دووبارە ون دەبیٚ. نەتیجە جاری سێهەم کە ئەو دەبینن دەنگێکی سەیروسەمەرە دەبیستن، بەلاٚم پێش ئەوەی شتێك پەیدابکـەن، بەفیکـەی مامۆسـتاکەیان ناچـاردەبن بـەرەو قوتابخانەکـە بـڕۆن. لەدواییـدا مندالـەکان باسدەکەن کـە ئـەو بچووك پیـاوە نزیکـەی نەوەد سانتی مەتر بالاٚی هەبووە، کلاٚوێکی درێـژو کلاٚوێکـی پارێزگـاری بەسەر ئەودا لەسەردابوو. ئەو لەنێو تارماییەکی ڕووناکی شین و سەوز پەیـدابووبوو، منداڵـەکان دەڵـێن کیـسەیەکی ڕەشـی دە دوانـزە سـانتی مـەتری بەپـشتێنەیەکی ڕەش بەقەدیـەوە بـوو، ڕیـشێکی هـەبووە گوایـە دووبەش بووە کە لەوانەیە هەر ڕیش نەبووبێت. دەستەکانی ئـەو مرۆڤـە بچووکە زۆر لەلاشەوە نزیك بووە، واتە کورت بـوون، قاچـەکانی بەباشـی نەبینراوە. کوڕەکـان دەڵـێن کۆمـەڵێك دووکەڵ بـۆ لای ئەوان هـاتووە کە لەوانەیـە لەوکیـسە ڕەشـە هاتبێتـەدەر وەك نـەمێکی شـین و زەرد بـووە. دیارە بەخێرایی نەماوە، لەوانەیە ئەو مرۆڤە بچووکە لەجیاتی ونبوون.

بەتێپـەڕبوونی دەورانـی زەمـان و گـۆڕان، بوونـەوەری یەکسان بـەجیٚ نـەماون. لەچـەند بەسـەرهاتی ئـەم بەشـە باسـکراوە، دەردەکـەویٚ پەیوەندییـەکی پتـەو لـەنێوان جنۆکـەو پەریـداو بوونـەوەری دەفرەفرپوەکاندا بوونی هەیـەو من ڕێگـە بەخۆم دەدەم تـا ئـەو جێگـەیە بەرەوپێش بڕۆم کـە بڵێم ئـەو دووانـە یـەك پێکهاتـەن لەسەرچاوەیەکەوە پەیدابوون.

بەشی شەشەم

((جیاوازی نیوان پەریەکان و مرۆڤە بچوکەکان))

((مرۆڤە بچوکەکان کێن؟))

لەبارەی وەڵامی ئەم پرسیارە، باسەکە دیارە ئاڵۆزە و وەڵام نەسادەیەو نەئاسان. هەروەها کە دەرکەوت، دەستەواژەی ((مرۆڤە بچووکەکان)) بوونەوەرانێکی زیاتر لەخۆ دەگرێ، لەبوونەوەری بچووکەوە بگرە تا بوونەوەرێکی وردی چەند سانتی مەتری و بوونەوەر بەپێوەری مرۆڤ ، کە جلی جۆراوجۆر لەبەردەکەن و ئیشی دوور لەعەقڵ ئەنجام ئەدەن. ئەم بەسەرهاتە تەنانەت بە بەتامەزرۆترین ئەوانەی خاوەنی ئەم روداوانەن، هێرش دێنێ، فۆلکلۆرییەکان کۆمۆڵە کەسانێکن کە لەساڵەکانی ڕابردوودا پەیوەندییەکی بەرفراوانیان بەرامبەر بەمرۆڤە بچووکەکان نیشانداوەو هەوڵیان داوە بەچاو ئەوانە ببینن، وەجارجارێك سەرکەوتویش دەبن. ئەوان سەرکەوتووبوون چونکە زۆر بەڵگەو شاهیدێك کە تەنانەت لەعەقلا جێگەی نابێتەوە لەبەرچاو نەگرتووە، لەبەرئەوەی باوەڕناکەن کە کەسانێك وەها بەسەرهاتێك باسدەکەن، کە بەڕاستی ئەو بوونەوەرانەیان بینی بێ.

ڕاســـتییەکە ئەوەیـــە کـــە زۆرینـــەی ئەفـــسانەکان لـــەبارەی جنۆکەوپەرییـەکان بۆ ئەوانـەی حـەزیان بەکۆکردنـەوەی ئـەم ئەفسانانە هەیە باسکراوە، لەلایەن کەسانی کۆنی سەر بەو جێگەیانەوە بووە، کە ئەوانە دووبارە ئەم ئەفسانانە بەناونیشانی گێڕانـەوەی نـەریتی دەناسـن کـە دەم بـەدەم گوازراوەتـەوە. هـەروەها بەشـێك لەهـەواڵنێرەکان کـە توانیویانـە داسـتانەکانی بەشـی یەکـەم لـەبارەی مرۆڤـی بـچووکەوە باســبکەن، بەپەنجــەکانی دەســت دەژمێــرێن. بــەجۆرێکی گــشتی، فۆلکلۆریەکان نەیان توانیوە سـەرکەوتووبن لەجیاکردنـەوەی ئـەوەی کە کام لەئەفسانەکان ڕاستن و کامەشیان درۆن، ئیتر چۆن بڕوایان هەیە کە بەڕاستی جنۆکەو پەری بوونیان نەبێ و بەتەواوی لەدایکبووی خەیاڵات بن. لەوانەیە حەق بەوان بێت، بەڵام من هەست دەکەم دەبێ قسەی ئەو کەسانەی کە ئەم سەرهەڵدانە جیاوازەیان دیوە، جێگـەی باوەڕبێ. ئایا لەبارەی غولی((لاکنس)) یان لەبارەی گرگنە چەند سانتی مەترەکان. لەوانەیـە ئـەو کەسـانە درۆبکـەن یـان بەتـەواوی بەهەڵەداچـووبن یـان لەوانەیە ئەوەی کە دیویانە بەڕاستی بـوونی هـەبووبێت، تەنانـەت ئەگـەر تەنیا یەك شاهید بەڕاستی بوونـەوەری بچووکی دیـبێ. بێگومـان دیـارە کـە رازو ڕەمزێکـی تێدایـە و دەبـێ بەدوایـدا بـڕۆین و لێکۆڵینـەوەی لەبارەوە بکەین.

بـەهۆی ئـاڵۆزی مەسـەلەی مرۆڤـە بـچووکەکان، بەدرێـژی سـاڵانێك پیاهەڵدانی جیاواز بەکارهاتووە کە هەموویان تا ئاستێك خـاوەنی ڕێـزو بـاوەڕن، بـەڵام هیـچکەس بـەجۆرێکی دڵنیاکـەرەوە، ئـەوەی بینـراوەو

هەواڵدراوە ڕوونناکاتەوە. دیارە بوونەوەری جیاواز بینراون هەریەکەو ڕوونکردنەوەی تایبەتی بەخۆی هەبووە. هەر لەبەرئەوە من دەمەوێ بەوردبینی لەوبوارەدا پەیوەندی نێوان ئەوانە لێکبدەمەوە. دەبێت وتەی عاقڵمەندانەی((کاسرین بریگن))بەبیرەوەری بسپێرین :((بەتەواوی لەوانەیە ئێمە باوەڕی داسەپاوی جنۆکەوپەری بەعاقڵانە نەزانین، بەڵام زۆر پێدەچێ کە هەموو ئەوانە دەزوویەکی بەیەکا پێچراوی تەنافێکی ئەستوور بێت وپەیوەستبیت بەسەرچاوەکیەوە))

خەیاڵات ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لەژیانی زۆرێك لەمرۆڤەکاندا دەگێڕیت کەسانێك کە کەسایەتی خەیاڵاتیان هەیە، نەك تەنیا هەموو جۆرە ڕاستیەك و ڕووداوێك بەخەیاڵ دروستدەکەن وێنەی دەگرن، تەنانەت لەوباوەڕەدان ئەم خەیاڵاتە دروستکراوە ڕاستی تێدایە. تەنانەت هێنانە ئارای فڕاندنی کەسانێك و بردنە نێو دەفرەفڕیوەکان هەروەها لەدایکبووی خەیاڵ بەبۆچوونی دزراوەکان بووبێت، هەواڵی جۆربەجۆر لەبارەی دزراوەکان لەبیست ساڵی ئەم دوایەدا، بەئاسانی شایەنی باسکردن و ڕوونکردنەوەیە، دیارە هەر بەوتن وتراوە کە بوونەوەرێکی بێگانە کەسانێکیان بردووە، دیارە زیاترهەواڵی پەیامنێرانی بەکۆمەڵ لەڕووەوە بووە من لەوباوەڕەدام کۆمەڵێك بێئەوەی ئاگاداربن، خەیاڵ لێئەدەن و شتێك دەبینن کە بوونی دەرەکی نییە لەوانەیە ئەوانە لەناوچەیەکدا بژین کە بەناوبانگەو جێگەی ژیانی مرۆڤە بچووکەکانە، ئەگەر بەسەرهاتێك یا حیکایەتێکیان لەبارەی جنۆکەوپەریەوە بیستبێ جگە لەوە ویژدانی بێخەبەریان هەواڵێك کە لەمێشکیاندا پارێزراوە،

بـەکاری بێـنن و وێنەیـەك لەپەریـەکان لەبیروهۆشـیاندا سـەرهەڵبدات، چـونکە گوایـە ئـەوە ڕاسـتەو بەچـاوی خۆیـان ئـەوەیان دیـوە. شـایعە لەوبوارانـــەدا ڕۆڵـــی هەیـــە نموونـــە لەســـاڵی ١٩٦٤ لـــە((لیڤـەرپوول))بلاوکرایـەوە کـە مرۆڤـە بـچووکەکان بـەکلاوی سـپییەوە بینـراون لـسەرزەوی((جـوبیلی))یاریدەکـەن و بـەردو کڵـۆ بـۆ یـەك دەهاوێژن، جەماوەر بەروە پارکەکە ڕایانکرد بۆ ئەوەی ئەوانە ببینن. بـەم گاڵتەجاڕییـە بـوونی دەفرەفڕیوێـك زیـادی کـرد، بـەلام تەنانـەت کەسـێکیش هیـچی نـەدی، کـەس تێنەگەیـشت ئـەو بـسەرهاتە لـەکوێوە سەریهەڵدا، وردەوردە ئەو شایعەیە دامرکایەوە.

بەشێك لەبینینی شتانێك کە بوونی دەرەکی نییە، لەوانەیە بەهۆی خـواردنی مـادەی هۆشـبەر یـان ترسـەوە سـەری هەڵـدابێ، لەئیرلەنـد بینایـەك هەیـە کـە((مـاڵی عـەرەق ڕشـتن))ی نـاونراوە ژوورەکـانی دروستکراو لەبەردو دەرگای بچووکی هەیە بەخەڵوزی بەرد گەرم دەکرێ مرۆڤی ڕووت لەوێدا دائەنیشن و عەرەق دەکەنەوە بۆئـەوەی چارەسـەری نەخۆشیەکەیان بکرێ. جارجار سوودیان لەئاو وەردەگرت تـاکو هـەڵم پەیـدابکات، وەك گـەرماوی تـورکی، بـەلام لەبنـەڕەتا گـەرمای وشـك هەڵدەبـژێرن.((ئـەنتۆنی ویـر))لێکۆڵـەرەوە کـە لـەبارەی ئـەو هۆیانـەوە لێکۆڵینەوەی کردووە، دەڵێ لەوانەیە ئەو هۆدانە (ژوور) کردەوەیـەکی ئەفـسانەییان هـەبێت. ئـەو بـۆ مرۆڤـەکانی سـیبریاو بتپەرسـتەکانی ئەمریکای باکوور ئیشارە دەکات کە بۆ بۆنە نەریتییەکانی خۆیان لەژێر دەوارە خڕەکان هاوشێوەی((ماڵەکانی عەرق ڕشتن))ی ئیرلەند سوودیان

وەردەگرت ویر ئیشارە بەوە دەکات کە لەکاتی پایزدا زیاتر سوود لەو ژوورانە وەردەگیرا چونکە کارگە ئەفسانەیەکان فراوانتربوون. ئایا دەبێت کە کەسانێك لەماڵی عرەق کردنەوە سوودیان وەردەگرت جارجار بەنیشانەی بەشێك لەمەراسیمەکەیان لەوگەرماوە ئەفسانەییانەیان دەخوارد ؟ ویر دەگاتە ئەو ئاکامەی کە : ئەفسانەی ئەو قارچك (کارگی خواردن) ئیستەیش لەئیرلەند بەزیندوویەتی ماوەتەوە، لەگەڵ پیاوانی ئیرلەندی قەسەم کرد، بەڵام نەك لەگەڵ کەسانی بەتەمەن کە دەڵێن دوای سوودوەرگرتن لەکارگی ئەفسانەیی پەریەکانیان دیوە، چەند جێگەی داخە کە هیچ هەواڵێك لەبارەی((ماڵی عەرەق ڕشتن)) لەکەسێکەوە کە مشتەری بەردەوامی ئەو جێگەیە بووە، بەدەست نەگەیشتووە.

خەیاڵ و ترس فەرمانێکی ئاڵۆزو کۆمەڵ وەك ڕووداوی ساڵی ١٩٦٣ لەپەنسلڤانیا ڕوویدا. مەسەلەکە ئەمە بوو کە کۆمەڵێك بۆ ماوەی چواردەڕۆژ لەکارخانەیەکی بەردی خەڵوز گیریان خوارد بەدرێژایی ئەو ماوەیە،((دیوید فلین)) و((هنری ترون))تووشی ترسێکی ڕوون و ئاشکرابوون. ئەمانە((پاپ))یان بەخاچێکی زێڕین بەهاوڕێی کۆمەڵێك پیاوانی چرابەدەست سواری ئامێرێکی وەك عەرەبانە دەبینن کە بەتەلی بەکرەیەکیان پێوە دەکردەوە، هەروەها پلەکانەیەکی مەرمەڕی سپییان دیبوو کە بەرەو بەرزاییەك کۆتایی دەهات. ئەوان هەردووکیان جیاجیا شتی هاوشێوەیان دیبوو. لەجێگەی جیادا کەسانی کە لەخەیاڵی ئەواندا پەیدائەبوون، بۆ نموونە کە ئارمانێکیان هەڵگرتبوو هیچی لەسەر نەنووسرابوو نیشانەیەکی لەسەر نەبوو. هەر لەبەرئەوە فلین و

ترون دەیانزانی کە بەزیندوویی لەوێ دەردەچن، کاتێ ئەم شتانە لەگەڵ یەك بەراوورد دەکەین دروستکردنی داستانی جنۆکەوپەری لەعەقڵ و بیر!

کاتێ هۆش و بیری ئێمە لەبواری ئەوەی بەچاو دەبینرێ شتێك ئاڕاستەی ئێمە دەکرێ بەهەڵە تێی ئەگەین، گومان دەکەین ئێمە هەموومان کەم و زۆر وەها تاقیکردنەوەیەکمان هەبێت. من خۆم لەشەوێکی تاریك پارچەیە کاغەزم لە گوشەی شەقامێك بینی کە گۆڕا بۆ سەگ بەرەو ناو شەقامەکە ڕایکرد. یەکێك لەهاوڕێکانم بەردەوام مانگا دەبینێ لەگۆشەی شەقامەکە پاڵکەوتووە. بینەرانی دەفرەفڕیوەکان جاربەجار مانگ بەهەڵە دەبینن و وا تێدەگەن دەفرەفڕیوە، لەڕاستیدا لەزۆربواردا لەوانەیە کەسێك شتێکی ئاسمانی وەك ئەستێرە یان تەیارێکی کە ببینێ، ئەوە بەهەڵە تێبگات و بەدەفرەفڕیوەکانی بزانێت و لەمێشکی خۆیدا دەرگاوپەنجەرەی بۆ دروستبکات، جگە لەوەی بوونەوەرانێك لەپشت ئەو پەنجەرانەوە ببینێ، ئەو جۆرە ڕووداوانە چەندان جار دراوەتەپاڵ دەفرەفڕیوەکان.

تەنانەت لەکاتی ڕۆژیشدا لەوانەیە ئەو هەڵەیە ڕووبدات، بەتایبەت بۆ ئەوکەسانەی توانای بینینی ئاسایان هەیە. جگە لەوکەسانەی حەیوانات بەمرۆڤی بچووك تێی دەگەن، وەك بەسەرهاتی (قەشە) فەرەنسیەکە کە لەساڵی ١٩٤٥ز لەنزیکی((دیجون))وا تێگەیشت مرۆڤێکی بچووکی دیبێ بەڵام لەکۆتاییدا دەرکەوت جۆرێك مەیموونی زۆر بچووك بەناوی((مارموزت))دیبوو کە بەعینوانی قەدەم خێری

لەپێگەیەکی سەربازی ناوچەکەدا دەپارێزرا. ئاساییە کە قەشەکە ئەو قسەی پەسەند نەکرد. دەیوت ئەو بۆماوەی چەند چرکەیەك گوایە مرۆڤێکی بچووکی دیوە کە زۆر بەخێرایی دەڕۆیشت.بەبۆچوونی زۆر ئەو قەشەە هەمان مەیموونی دیوە.

بۆچوونێکی تر لەبارەی بینینی و تێگەیشتنی هەڵە، حیکایەتەکە لەبارەی گرگنەکانی((ئەسکاندینا ویایی))شاخەوانێك قسەیەکی بەناوی((همیش براون))کە نووسەرو وێنەکێشە دەگێڕێتەوە.

((ترولوال))لە ((رام))لەئەسکتلەند جێگەو هێلانەی مریشکەوە دەریایەکانە. ئەوانە لەهێلانەی ژێر زەوی ئارام دەگرن، تەنیا بەشەو دێنەدەرو دەیکەنە هەراوهوریا. بەدرێژایی ڕۆژ تەنیا جارجار دەنگێکی لاواز لەوانە دەبیسترێ. من دڵنیام هەر ئەوە سەرچاوەی حیکایەتی پەیوەند بەمرۆڤەگرگنەکانەوەیە. وایکینگها حەزیان نەدەکرد بەشەو بچنەدەر چونکە ئەو دەنگەی لەژێر زەویەکە دەبیسترا بەهێزتر بوو جارجار وەك دەنگی مرۆڤەکان هەستی پێدەکرا. بێشك خەیاڵیان دەکرد ئەو هەراوهۆریایە هی مرۆڤەبچووکەکانە، ئەگەر دوو سێ مەتر لەزەویەکەیان هەڵبکەندایە، تێ ئەگەیشتن کە مریشکە ئاویەکان لەوێدا ئاشیانەیان هەیە.

ئەم بۆچوونە جێگەی باوەڕە. لەم بارەیەوە دەتوانرێ بووترێ زۆر لەبوارەکان کە ئەدرێنە پاڵ مرۆڤە بچووکەکان لەڕاستیدا پەیوەستە بەبوونەوەرەکانی ژێر زەوی. من خۆم بۆ چرکەیەك چاوم بەکۆمەڵێك کەوت کە گوایە مرۆڤەئاسمانیەکانن کە لەشەقامێکی دەرەوەی شار

بەجۆرێکی سەربازی دەڕۆیشتن. من بەئۆتومبیل بەلایاندا ڕۆیشتم لەخۆم دەپرسی ئایا ئەوە ڕاستی بوو دیم یان خەیاڵات بوو، بۆئەوەی دڵنیابم گەڕامەوە تاکو دووبارە بیان بینم. ئەوەی کە بینیم کەسانێك بوون کە بەپێ دەڕۆیشتن جلی بارانیان لەبەردابوو ئەو جلەی پارێزگاری لەباوباران دەکات.

نابێت لەبیرمان بچێت کە جارجار ئەو هەواڵانە بەتەواوی درۆیە، بینەر نەك تەنیا لەوباوەڕەدابووە کە جنۆکەوپەری دیوە، دیارە بەباشی ئەزانێ کە هەواڵی درۆ بڵاودەکاتەوە. بەدڵ دەمەوێ بزانم بۆچی مرۆڤەکان وەها درۆیەك دروست ئەکەن. لەوانەیە بیانەوێ ناوبانگێك پەیدابکەن یانە بۆدەسەڵات و دراو. لەهەمان کاتدا من دڵنیام کاتێك کەسێك کە وەها درۆیانێك ڕیزبەندی دەکات و بەهۆشیارییەوە باسی دەکات لەدواییدا باوەڕدەکات کە ئەو داستانە ڕاستییە، بەتایبەت کە چەند جارێك ئەوە دووبارە دەکاتەوە. بەداخەوە هەمیشە ئاسان نییە کە ڕاست لەدرۆ جیابکەیەوە پێویستە لەبیری بەرینەوە، هەندێ کات هەواڵی درۆ لەگەڵ بەسەرهاتی تردا تێکەڵ دەبن. من بەگوێرەی توانا هەوڵم دا ئەوانەی جێگەی گومانن و هەستم دەکرد درۆن لەم کتێبەدا نەینووسم جگە لەهەواڵی نووسراو، هەموو بەڵگەو شاهیدانی پەیوەند بەجنۆکەوپەری . لەسەرەتای ١٩٨٩ لەڕۆژنامەی محەلی((کارلینگ فورد))هەواڵدرا کە ((پی جی ئاهر))خاوەنی ڕیستۆرانێك لەبەیانیەکی هەورولێڵدا لەمانگی دیسەمبەر لەسەربەرزاییەك کۆمەڵە چرایەکی بینی لەگەڵ هاوڕێیەکی ڕۆیشت تاکو سەرچاوەی ئەوە پەیدابکات.

کاتێ گەیشتینە سەر بەرزاییەکە، چراکان دەبینران بەڵام دەنگ و ڕەنگێك نەبوو ئەوبێدەنگییە بەپاسکردن و حەپەی سەگەکانی گوندێکی نزیك شکاو نەما دانیشتوانی گوندەکە لەکاتی خەودابوون.

ئێمە بەئارامی بەرەولای چراکان ڕۆیشتین، کاتێ بەنزیکەی دووسەد- سێ سەد مەتر لەوان نزیك بووینەوە، چراکان ونبوون، ئێمە بەرەو ئەو جێگەی چراکانمان لێدیبوو ڕۆیشتین. بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە جلی پەرییەکانمان دۆزییەوە. بەلای چەپی جلەکانەوە بەلەقە پانکرابۆوە لەسەر ئەوە کۆمەڵێ ئێسقان بەرچاودەکەوت. ئێسکەکانمان کۆکردەوەو گەڕاینەوە، ئەوە هەموو بەسەرهاتەکە بوو.

ئەوان ئەوەی پەیدایان کردبوو، بردیانە جێگەیەکی گشتی و نیشانی بینەرانیان دا، کارلین فۆرد کەوتەبەرباس و دەرکەوت هەموو بەسەرهاتەکە بۆبازاڕ گەرمی بوو بۆئەوەی ئەو گوندە ببێتە جێگەی سەرنجی گەڕۆکەکان و ببێتە بەشێکی ئەنجومەنی جیهانگەڕی.

دیارە ئەمە سەرهەڵدانێکی تازە نییە. لەدەورانی دەسەڵاتی شاژنی ڤیکتۆریا گوندی((بدگلرت))هەڵکەوتوو لەسەرووی ویلز بەسەرهاتێکی دروستکرد کە بووە هۆکاری سەرنجی ئەوانەی بەسەرهاتەکەیان بیستبوو.بەسەرهاتێك کە ئێستەیش لەئەفسانەکاندا و لەحیکایەتەکاندا باسدەکرێ. داستانەکە هی چەرخی دوانزەیە لەبارەی سەگێکەوەیە بەناوی((گلرت))ەوە کە ئاغاکەی بەخەیاڵی ئەوەی سەگەکە منداڵەکەی ئەوی کوشتووە، بەهەڵە ئەوی کوشتەوە، لەکاتێکا سەگەکە

پارێزگاریەکی تەواوی منداڵەکەی کرد لەبەرامبەر پەلاماری گورگەکاندا. کاتێ سەگەکە کوژرا، منداڵەکە مابوو گۆڕی گلرت شاهیدی ئەم داستانەیە.

لەوانەیە بیربکرێتەوە کە وێنەو بەڵگەی باوەڕپێکراو بۆ بوونی پەریەکانە. بەڵام بەداخەوە بەشێکی کەم لەوێنەی جنۆکەوپەرییەکان لەبەردەستایە کە ئەوەندە جێگەی بڕوا نییە. ئەگەر دەتەوێ بزانی چەند کەس پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە مرۆڤە بچووکەکانیان دیوە، دەتوانیت بەو وێنانەی لەبەردەستدایە تەماشابکەی ڕێژەیان یەکە. بەناوبانگترین لەوانە وێنەی پەرییانی ((کاتینگلی))یە ڕێژەی ئەم وێنانە پێنج دانەیە کە لەساڵی ١٩١٧ و ١٩٢٠ لەلایەن دووکچی قوتابی دانیشتووی یۆرکشایر بەناوەکانی ((ئاسی))و((فرانسیس))کە لەساڵی ١٩١٧ ئەوانە هەڤدە ساڵ و نۆساڵ بوون، لەکاتی شەودا لەلای جۆگە ئاوێك لەنزیك دارستانێکی هەڵکەوتوو لەنزیك گوندێکی کاتینگلی گیراوە. ئەگەر ئەم وێنانە سەرنجی عیرفان ناسەکانی ڕانەکێشایە ماوەیەکی تولانی لەگۆشەی زەویدا دەمایەوە، لەڕێگەی ئەم ئەنجومەنەوە بووە کە((ئەدوارد ل. گاردنر))و((سر ئارسر دویل))، ئەم وێنانەیان دیوە کە لەدواییدا کەوتە سەر زمان و بووە باس وخواس. زۆر لەمرۆڤەکان باوەڕیان وابوو ئەوانە ڕاستن و کچەکان یەکسەر نەیان وت کە درۆیان کردووە. کاتێ بوونی خاوەنی ناو لەکاردا بێت، دوورە کە منداڵەکان ئیشێك بکەن ببێتە هۆکاری شەرمەزاری زۆر بۆ ئەو کەسانە.

هەر لەبەرئەوە ئەم بەسەرهاتە تاکو دەیان ساڵ بێدەنگ مایەوە. تا ئەو کاتەی((جفری کراولی))سەرنووسەری گۆڤاری وێنەی بەریتانیا باسێکی لەبارەی ئەو وێنانەوە خستەبەرباس کە لەدەیەکانی ١٩٨٠ لەگۆڤارەکەدا چاپکرا. ئەو کاتە بوو کە ئەلسی و فرانس دانیان بەوەدانا کە درۆیان کردووە. مەبەستی بەشێك لەم بەسەرهاتە لەژێر عنوانی((بەسەرهاتی پەرییانی کاتینگلی))لەکتێبی((جو کوپر))باسی کرابوو. جێگەی سەرنجە کە سەرەنجام ئەلسی و فرانس پێداگریان لەسەر ئەوە دەکرد کە جنۆکەوپەرییەکانیان دیوە کاتینگلی هەواڵیان دابوو ئەوەی دیویانە زیندووی بکەنەوە، وێنەکە پەیوەستە بە((دوروتی ئەینمن))کە دوای ماوەیەکی کەم لەڕووداوی کاتینگلی گیراوە، بەڵام ئەو بێئەوەی ئەو ئیشەی خۆی بڵاوبکاتەوە مرد. لەوێنەی گلوریا رمزی و مێردی خوشکەکەی کە لەلایولای کالیفۆرنیا گیراوە، هەیکەلێکی بچووك لەنزیك ڕووبارێك دەبینرێ. ئایا لەوکاتەدا ئامادەبوان لەو جێگەیە ئەو هەیکەلەیان دیوە یان نا، ئاشکرا نییە، هەروەها لەدەیەکانی ١٩٧٠ چەندان وێنە لە مرۆڤە بچووکەکان لەلایەن سیحربازەکانەوە دەستکەوتوون کە لەکورون وال ئیشیان دەکرد، بەڵام وردەکارییەکی باش کە ئایا ئەو وێنانە لەکوێ گیراون لەکوێوە دەستکەوتوون، ئاشکرا نییە. وێنەی تر کە هاوشێوەی مرۆڤ بوونی هەیە کە لەسەرەتای دیسەمبەری ١٩٨٧ لەلایەن بەرپرسێکی پۆلیس لە ئایکلی مۆر گیراوە. ئەو دەڵێ دەنگ و بەزمێکی بیستووە ئەمجا بوونەوەرێکی بچووکی دیوە کە بەخێرایی دەڕۆیشت، ئەو بوونەوەرە وەرگەڕایەوە بەلایەوە دەستی

بۆ تەکان داوە، گوایە دەیویست ئاگاداری بکات نزیکی نەبێتەوە. پێش ئەوەی ئەو بوونەوەرە لەپشت بەردێکەوە ون ببێ بینەرەکە وێنەی ئەو دەگرێت و لەڕێگە ڕۆیشتن بەردەوام دەبێ. بەدرێژی ڕێگەکەی تووشی دەفرەفڕیوێك دەبێ کە لەدوو ژێر پیالە زیوی دەچوون کە بەیەکەوە چەسپابن و پارچەیەکی شێوە چوارگۆشەی کونکراو بەسەریەوە بوو. ئەو نەی دەتوانی وێنەی ئەو دەفرەفڕیوە بگرێ. ئەو دەفرەفڕیوە بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕێ، کاتێ بەتەواوی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کرد، ڕوونیکردەوە گوایە بوونەرێکی سەوزڕەنگ ئەوی دزیوە. بەلام دوای پرسیارو وەلامێك لەو بەشەدا، دەرنەکەوت کە ئەو بسەرهاتە لایەنێکی ڕاستی هەبێ یان بەتەواوی لەدایکبووی ترس و خەیال بووە. بەهەرحال، ئەو بوونەوەرە بوونەوە‌ی دەفرەفڕیوەکانە بەلام ڕەنگی سەوزبووە.

تازەترین وێنە کە من بزانم لەجنۆکەوپەرییەکانەوە گیرابێت، لەساڵی ١٩٩٤ لەدوورگەی((من))بووە، هەرچەند وێنەگر لەکاتی وێنەگرتنا، ئەو بوونەوەرەی نەدیبوو، لەڕۆژی یەك شەممە چواری سپتەمبەر ((جون ئێل. هال))لە((گلن ئالدین)) لەدەرەیەکی پڕ لەدرەخت لەنزیك ڕمزی لەگەڵ هاوڕێکەی دەگەڕان کە تووشی حالەتێکی سەرسووڕهێنەر بوو، دەنگی مۆسیقا و جیکە جیکێکی دەبیست، ئایا دەنگی مرۆڤی بچووك بوو یان ڕوبارێکی توندوتیژ؟ ئەو هەستی بەدەنگ و جوڵەیەك دەکرد، ئەو وا هەستی دەکرد شتێك یان کەسێکی نادیار تەماشای ئەو دەکات، حالەتێکی ترس لەودا ڕوودەدات و بڕیار ئەدات بگەڕێتەوە. هەستی

دەکرد (جو) لەوێدا ئەوی دڵ نەوایی کردووە، بەهەرحاڵ چەند وێنەیەك لەوێدا دەگرێ کە لەیەکێك لەوانەدا مرۆڤێکی ڕەنگ سەوزو سەرسووڕهێنەر لای گەڵای درەختێکەوە دەبینرێ. ئەو خۆی دەڵێ لەوانەیە ئەوە یارییەکی ڕووناکی بێت، لەوانەیە هەروا بێت، بەڵام کاتێ وێنەکەیان گەورەکرد، گومانی تیانەبوو کە پەیکەری بوونەوەرێك لەگۆشەی درەختێکا دەبینرا. بەداخەوە ڕەنگی وێنەکە لەزۆر جێگەدا شەفافتر لەخاڵی ڕەش و سپییەکەی ئەودا بوو هەر لەبەرئەوە ئەوەمان لەوم کتێبەدا چاپنەکردووە.

بەتایبەت لەئیرلەند، مرۆڤە بچووکەکان بەتەماشای دیمەنی و مەنزەرەی دەورانی کۆنەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان هەیە. بەتایبەت لەقەڵاکاندا، سەیرکراوە کە جنۆکەو پەرییەکان لەڕاستیدا لەبیرەوەرییەکدادوور لەمرۆڤە دەشتەکیە بچووکەکان بوون کە پێش داگیرکردنی وڵات مرۆڤی پێشکەوتووتر لەوێدا دەژیان. لەلایەکی ترەوە لەوانەیە مرۆڤە بچووکەکان لەدەستەیەکی تەواوبووبن کە زۆر لەمرۆڤ نزیك بوون. بەڵام بەتەواوی وەك مرۆڤ، مرۆڤ ئەوانەی بەنیشانەی دراوسێ وەرنەگرتوە. هەر لەبەرئەوە کاتێ مرۆڤی ئەمڕۆ جێگیربوو، ئەوانە وردەوردە بەرەو دواوە ڕاونران تاکو گۆشەگیر بوون بەئەندازەیەك هەر لەحاڵەتی تەواوبووندان. لەوانەیە هەواڵەکانی پەیوەست بەکۆمەڵێکی کەم لەبەجێماوەکانی ئەو نەژادە نەناسراوە دەشتەکیانە بێت.

خێڵە پیگمیەکان کە لەسەرانسەری دنیادا بوونیان هەیە زانیاری دروست لەبارەی ئەوانەوە هەیە، بەوردی کەوتوونەتە ژێر لێکۆڵینەوە. قەبیلەیەکی نەناسراوی تر هەبوون لەم دەورانی دوایدا کۆتاییان پێ هات و لەبەین چوون، بۆ نموونە قەبیلەی((ئاگۆگۆی))لەتانزانیا کە کەسانێکی بەپێوەری سەدو بیست سانتی مەتری تێدایە. ((سهیتی)) لەسەحرای عاج کە گرگنێکی قژ سوور بوون. ((ماریکاکسی)) کە کەسانی بچووك وتووكن بوون لە((ماتاگراسۆی))بەرازیل دەژیان، قەبیلەی((سداپا))کە مرۆڤی بچووکی مالیزی بوون.((دونديس))کە مرۆڤی تووکن و دەست درێژ بوون لەدارستانەکانی((بلیز))لەئەمریکای مەرکەزی دەژیان لەسالّی ١٩٤٥،((ویلفرد مندیس))لەبارەی پیگمیەکانی سریلانکا ئاوا دەنوسێ :

ئەوانە ڕەگەزی مرۆڤ بوون، لاشەیان بچووك و دەموچاویان ڕەش بوو، زۆر درندەو ستەمکاربوون و لەناوچەی((لناما))دەژیان و لەسەر درەختەکان جێگەیان چاك دەکرد،خۆیان بەپەل و پۆی درەختەکان دائەپۆشی و لەوێدا دەژیان. بەو زمانە ناوچەییانە قسەیان نەدەکرد، زمانیان لەهاوشێوەی((تلگو))بوو بەبەکۆمەڵ بەرێگەدا دەرۆیشتن و ژن و منداڵەکانیان وەك پیاوەکان رێگەیان دەکرد، تووکن بوون، قژەکانیان ئاڵۆزاو بوو، گۆشتیان لەبەر هەتاو وشك دەکرد، ئەوەیان دەخوارد. گۆشتی دابینکراوی ئەوان لەسەر قەبیلەی((ویدان))بوو، گۆشتیان پەیدا دەکرد، بەلأم لەترسی هێرشی پیگمیەکان خۆیان حەشار ئەدا و گۆشتەکەیان بۆ ئەوان بەجێ دەهێشت.

دەڵێن ویدازیەکان لەترسی پیگمیەکان خەریکبوو دەمردن. بڕیاریان دا لەگەڵ ئەوانە ئیشەکە یەکلایی بکەنەوە، ئەوانەیان ڕاونا بۆ ئەشکەوتەکان و دەرگای ئەشکەوتەکانیان بەبەردودار داپۆشی و بۆماوەی سێ ڕۆژ ئاگریان تێ بەردا و هەموویان بوونە خۆڵەمێش... لەسەر قسەی سنت ردا، ئەوە بووە هۆکاری لەبەین چوونی ئەوان.

لەدرێژەی ئەوەدا وا دەردەکەوێ مرۆڤە کورتەبالاکان بوونە جێگەی ڕەخنەو لۆمەی مرۆڤە بالابەرزەکانی ناوچەکە بەدەگمەن ڕێکەوتووە ئەم دوو دەستەیە بەئارامی لەلای یەکەوە بژین. هەمان بۆچوون لەداستانەکانی دوایدا کە پەیوندە بەپیگمییەکانی ئەفەریقا، دەبینین لەچیا بەرزەکانی((کواگامب))لە((کنیال)) دانیشتوانێکی ئەمبو لەوێدا دەژین کە ڕەگەزی مرۆڤە بچکۆلە سوورەکانن، ئەوانە بەرامبەر ئەو چیایە خۆشەویستیان هەیە و ئەوێ بەخاك و ئاوی خۆیان دەزانن.((سەلیم))وەرگیر لە((ئامبو))بەئێمەی وت : کە ئەو لەگەڵ چەند کەس لەدانیشتووە کۆنەکانی دەوروبەر دەیان ویست بەرەو قەلای چیایەکی بەرز سەرکەون کە لەناکاو بایەکی ساردو وشك پەیدابوو بەڕیز بەردودار بەرەولای ئەوان دەهات کە دیار نەبوو لەکوێوە دێت. ئەوان بەخێرایی بەرەو دواوە دەگەڕێنەوە لەگەڕانەوەیاندا مۆرڤی بچووك و سوور پێست ئەبینن کە لەسەر بەرزاییەکان وەك خۆدەرخستن دەستیان بۆ بەرزدەکردنەوەو بەردیان تێ ئەگرتن. دوای ئەوە ئازاترین ڕاوچی نەیدەتوانی لەو چیایە نزیك بێتەوە.

ئایا بەڕاستی سەلیم پیاوە بچووك و سوورپێستەكانی دیبوو یان هاویشتنی بەردەكان لەسەرچاوەیەكی ترەوە بووە ؟ لەوانەیە ئەوانە دەنكە تەرزە بووبن یان ئەوان تارماییەكیان دیوە كە لەهەردوو بوارەكەدا كەسانی كۆنی ئەوێیان تووشی بێزاری كردووە سەریان لێشێواوە، ئەوان مرۆڤی بچووكی سوور پێستیان بینیوە چونكە چاوەڕوانی ئەوەبوون ئەوانە ببینن، ئەوە سرووشت و ناخی مرۆڤە كاتێ ناوچەیەك بەجێگەی گرگنەكان بەناوبانگ دەبێ، ئایا ڕاست یان خەیالات بێ. هەر بەوجۆرە ڕووداوێكی شاراوە كە ڕوویدات، دەدرێتە پاڵ ئەوانە.

بڵاوكراوەیەكی زۆرلەبارەی پیگمیەكانی ولاتانی جیاجیا لەبەر باس و بەسەر زمانەوەیە، بەڵام كەلەپور ناسانی ڕۆژئاوا تەنیا لەبوونی چەند ڕەگەزێكی پیگمییەكان زانیاری تەواویان هەیە كە بەشێك لەوان پەیوەندی زیاتریان بەمرۆڤەوە هەیە، باسكردنی ئەوانی كە دروستكراوە. پرۆفیسۆر((برنارد هیوو لمونز)) دەری دەبڕێ مرۆڤی بچووكی تووكن كە بەجۆرێكی بەربڵاو لەئەفریقا بینراون، لەوانەیە پاشماوەی((ئاسترال ئوپیتكوس))بن كە نزیكەی سەدودە تا بیست سانتی مەتر باڵایان هەبووە. وەك مرۆڤەكانی (میناتۆری) بوون، لەقولۆق بەڕێگەدا دەڕۆیشتن. پێنج سەد ساڵ لەمەوپێش لەخوارووی ئەفریقا دەژیان. دوور نییە ئێستەیش دانەدانە لەڕەگەزی ئەوانە لەسەر كورەی زەوی بن.

بەشێكی تر لەو باوەڕەدان قاوەیی ڕەنگەكان بەزۆری یارمەتی مرۆڤ ئەدەن لەئیشی ماڵدا، لەوانەیە هەر ئەو نیشتەجێ كۆنە شێواو تووكنانە

بن کە لەدەورووبەری کێڵگەکان دەبینران و((ئەلیزابت ئەندرون))دەڵێ کە جێگەی نیشتەجێ بوونی ئەوانە لەتونێلە بەردەکانی ژێر زەویدایە. مەعلوم نییە بۆچی لەوێدان و ئیستەیش لەگۆشەو کەنارەکانی ئیرلەندو بەریتانیا بوونیان هەیە. ئەندرۆز دەنووسێ :

دەگێڕنەوە کە لە((ئەستر))چەند ڕەگەزی مرۆڤی بچووک بوونیان هەیە، ڕەگەزی((گراگج))کە بەجۆرێك نزیك بەپەرییەکان و هەروەها قاوەیی پێستەکانی بەریتانیاو ئەسکتلەند دۆست و یەکن، ڕەگەزی زۆر بچووك((دنین))و ((فینز))بەبڕوای من هەموو ئەوانە جنۆکەو پەرییەکان نیشانەی مرۆڤە دەشتیەکانن هەواڵ و زانیاری لەبەردەستایە کە پەرییەکان ژن و منداڵ و پیاوانیان بردووە. ئێمە نووسراوی باوەڕپێکراومان هەیە کە هێرش بۆ ئەوانە کراوەو دەستگیریان کردوون‌و بردوونیان بۆ زیندانی تاریك و ترسناك لەژێر زەویەکاندا.

ئەندروز ئەوەی لەبارەی دانیشتوانی قەلا لەدانیشتوانی کۆنی ئەویٚ بیستوویە، لێك ئەداتەوە قەدیمیەکانی دانیشتووی ئەوێ دروستکردنی خانوو قەلا و بارەکان ئەدەنە پاڵ دنیزیەکان، ڕەگەزێك کە خاوەنی ڕەسم‌و یاساو نەریتی جیاوازن. دەڵێن مووەکانیان سوورە لەنێو ئەوانەدا کورتەبالاو بالابەرزیشیان تێدایە، پیرەژنێك کە زۆر باوەڕی بەجنۆکەوپەری نەبوو، بەمنی گوت: لەدەورانی کۆن کە زەمانێکی پڕ لەکێشەو دەردی سەری بۆ دانیشتوانی ئێرلەند لەناو قەلاو سەنگەرەکاندا دەژیان ئەو کەسانە((دینز))بوون. پیشەی ئەوان ئەوە بوو لەنێو سەنگەرەکان و حەشارگەکانیان ئاگر بەرزبکەنەوە بەو جۆرە

ئیشارەت بدەن بەسەنگەرەکانی بەرامبەریان. لەزمانی پیرەمێردێکەوە بیستم کە ئەو لەکێڵگەکەی دایە گەورەی خێمەیەکی هەڵدا تەماشای کرد لەجێگەیەکی دوورەوە دوکەڵێك دەرکەوت مامی دەچێ تاکو ئەو هۆکارە بزانێ تووشی چەند کەلاوەیەکی بچووك دەبێ کە دەرگای نەبوو تەنیا بەشێك داروچێوەی وشك درابووە درگای ڕاڕەوەکە لەنێو یەکێك لەو ژوورە بچووکانەدا مەنجەڵێك خرابووە سەر ئاگرێك و گەرم بووبوو دەکولا، ئەو دەچێتە پێشەوە شتێك ئەدا لەناو مەنجەڵەکە. لەناکاو سەرووکەللەی ژن و پیاوێکی قژ سوور پەیدا دەبێ. وا دەرئەکەوێ لەو بەرهەڵستە بێ خەبەرە دەماری دەبن کاتێ ئەو دەڕواتەدەر، ئەوان لەدواوە قاپی تێدەگرن.

پێش ئەوەی ئایینی مەسیحی لەبەریتانیاو ئیرلەند و ئەورووپا بەگشتی بلاوببێتەوە، ئەوان دوای باوەڕێك کەوتبوون کە لەسەر بنەمای سروشت بوو، ئاوو درەخت لایان پیرۆز بوو. ئەو دوانە لەدەورانی کۆندا مەرکەزی ستایشی و پەرستنی مرۆڤە سەرەتاییەکان بوو. لەوێدا کە مرۆڤە سەرەتاییەکان زیاد لەپێویست پاڵیان دابوو بەهێزی سروشتیەوە، شایانی زانیارییە کە دەبێ بۆ سەرکەوتنیان لەژیان ڕێگەیەك پەیدا بکەن تاکو هاندەری سروشت بن بۆئەوەی یارمەتیان بدەن، هەر لەبەر ئەو هۆکارە کۆمەڵێك دابونەریتی ئایینی بەتایبەت لەساڵدا بەڕێوە دەبرا بەتایبەت مەراسیمی (باروری) زۆر گرنگ بوو، زۆرێك لەداب و نەریت بەجێماوە پایە وە بنەمای (باروری) هەیە.

لـەئاین و باوەڕێـك کـە مرۆڤـەکانی لەگـەڵ سروشـتان کەسـانێکی بـەتواناو دەسـەڵات((خـواو دەسـەڵاتداران))دەسـەڵاتداری تایبـەتن و چـاودێرن بەسـەر دەوروبـەردا بەدرێـژایی سـەدەکان، بەشـێکی زۆر لەخوایانی ژن و پیاو سەریان هەڵداوە کە هەریەکەو کەسایەتی تایبەتی هـەبوو. ئیـشی ئـەوان بـەجۆرێکی داسـتان دەم بەدەمبـە نـەوە بەنـەوە گەیـشتووە پەیوەسـت بەجنۆکەوپـەری لـەو خـواو دەسـەڵاتدارانەوە سەرچاوەی گرتبێ. پەیوەندی توندوتۆڵی جنۆکەوپەری بەچوارچێوەی سروشتو بەتایبەت بەو جێگە پەرژین کراو تەلبەندانە نیشانەی بنەماو باوەڕی ئەوانە. فۆلکلۆرناسـەکان لـەو بارەیـەوە بەدواداچوونیا کـردووە، پەیوەندییەکی هاوشێوەیان پەیداکردووە.

بـۆ نموونـە: داسـتان بێـژەکانی ڕۆمیـەکان کـە مرۆڤەبـچووکەکان بـە((شـنل))ی کڵاوبەسـەر دەناسـن و نیـشانی ئـەدەن وێنـەی ئـەوە لەکتێبەکـەدا هەیـە، کـە بەجنۆکـەی((کاکـالاتی))بـەناوبانگن، ئـەوان چاکەتی کڵاودارِیـان لەبـەردەکرد کـە سەرچـاوەی نادیـاری بـوو، ئەوانـە بەرۆحی زەویەکان دەناسران جارجار لەلای ژنێك دائەنیشتن کە لەوانەیە پەرسـتراوی باروریـەکان بـێ. پیـاوە کـڵاو بەسـەرەکان لەوانەیـە سـەرهەڵداوی دنیـای ئـەودیوی سروشـت بـن کـە بەئاسـایی مـرۆڤ ئەوانـە نـابینن. نەتیجـە ئـەوان لـەنێوان مرۆڤـەکان بەپەرییـە قاوەییـەکان بـەناوبانگبوون کـە خۆشـی و بەختـەوەری بـۆ ماڵـەکان دەهێـنن. ئـەو بۆچوونە لەبارەی پێست قاوەیەکانەوە یان کورتەباڵاکان بجۆرێکی بـاش ناسراون لەنێو بیرو بۆچوونەکاندا ماونەتەوە.

بەهەرحاڵ بیروباوەڕەکان پێش مەسیحیەت بەشێك بەسزا لەسەر زەوی و پەرەپێدانی ژیانی پەریانی هەیە کە دەتوانرێ ئەوە لەئەفسانەکان و بیرەوەرییەکانی مرۆڤی ولاَتانی جۆربەجۆر بەدواداچوون بکرێ. خانمی((ئەزبورن لئونارد))مەدیومی کە لەسەرەتای چەرخی بیستەمدا ئەژیا، لەوبارەیەوە دەڵێ :

بەڵێ جنۆکەوپەری وجوودیان هەیە. ئەوانە ڕۆحی پاکی سروشتن لەزۆر جێگادا جێگەیان هەیە. بۆ بینینی ئەوانە ڕووناکبین بین. ئەوانەدەبێ پەیوەست بەڕەوشێکی ترن، ڕۆحە پاکەکانیان هاوشێوەی مرۆڤ نییە، بەلاَم ڕۆحێکی پاکیان هەیە. مردنی ئەو ڕۆحە سروشتیانە وەك مەرگی ئێمەی مرۆڤ نییە. بەشێك لەوان لەخاك یان ئاگر یان هێزێکی نادیار دروستکراون. ئەوانە بەجوڵەو گەڕۆکن.

ڕۆحی ڕەوانی سرووشت بەرزکردنەوەی هێزی ژیانی گوڵەکان و ڕووەکەکانو درەختەکانن ئاسایی بەشێوەی بوونەوەری بچووك و بالاَدار وێنەیان گیراوە. لەدنیای ڕاستی، ئەوان زیاتر لەماڵەکان و باخەکاندان، بەسوودوەرگرتن لەپەرییەکان بەعینوانی هۆکاری جوانکاری بۆ درەختی (کریسمس) دەتوانرێ ڕۆڵی ئەوان لەپەیوەندی بەدایکی سروشتەوە باوەڕبکرێ، بەلاَم ناتوانرێ سەدلەسەد باوەڕبکرێ کە پەیوەندی لەنێوان ڕۆحەپاکەکان و سروشتا لەگەڵ باقی پەریەکان پەیوەندییەکی تەواوە. هەروەها کە((لوئیس ئەسپنس))دەڵێ: تەواوە ڕۆحەکانی سروشت هاوشێوەی پەریەکان نین، هەروەها کە تەواوی پەریەکان هەمان ڕۆحی سرووشت نین.

یـەکێك لەسـەرنج ڕاکێـشترین خـاڵ لـەبارەی جنۆکـەو پەریەکانـەوە بەنیشانەی ڕۆحـی سروشـت، ڕەنگـی سـەوزی ئەوانـە کـە ڕەنگـی ژیـانی ڕووەکەکانە، دوو نموونەی دوایـی پەیوەنـدی نزیك لەنێوان بوونـەوەری بچووك و ڕووەکەکانی کە لەلای بلایش دەژین، نیشانی ئەدات.

تـەنیا بینـینی مـن لەگـەڵ یـەك پـەری لەناوچـەیەکی پـڕ لـەدرەخت لـەڕۆژئاوای سـاکس بـوو.... ئـەو بوونـەوەرێکی بـچووك بـوو. نزیکـەی پانزە سانتی مەتر بالآی هەبوو جلەکانی لەگەلآی درەختەکان بوو.

*   *   *

منـدالێکی تەمـەن شـەش – حـەوت سـاڵەبووم، بەزەوقـەوە عاشـقی گوڵـەکان بـووم، وا دەهاتنـە بەرچـاوم کـە زینـدوون. لـەنێو کێڵگـەیێکی گەنمەشـامیدا دانیـشتبووم لەگـەڵ چـەند توولەسـەگێکدا، یـاریم دەکـرد لەناکاو سەرنجم چوو بەلای پیاوێکی بچووکی گاڵتەجاڕدا لەلای چڵی گوڵەکان یاری دەکرد. بۆئەوەی من سەرگەرم بکات. من وا هەستم دەکرد وەك گوللە توندو تیژ بێت. ماوەیـەکی زۆر تەماشـام کـرد.لـەکۆتایی دا ونبوو. وا بەرچاودەکەوت مرۆڤێکی بچووك و شادو بەکەیف بوو. بـەلآم شێوەکەی باش نایەتـەوە یادم. ڕەنگـی سـەوز بـوو. وا دەرنەدەکـەوت جلی لەبەردابێت. نزیکەی شەش حەوت سانتی مـەتر بالآی هـەبوو، زۆر بەدوایدا گەڕام بەلآم بێسوود بوو.

بیروبۆچوونێکی تر هەیە دەڵێن پەریـەکان ئـەو پەریـە دابەزیوانـەن کـە ڕۆحی مردووەکانن.

((پـدریك كـالوم))لەشـەقامێك لـەڕۆژئاوای ئیرلەنـد چـاوی کـەوت بـەپیاوێکی نابینـا، پرسـی : پەریـەکان چ کەسـانێکن؟ پیاوەکـە بەدڵنیاییـەوە، وەڵامـی دایـەوە: ((پەریـەکان؟ ئـەها... ئێـستە بـۆت باسدەکەم... پەریەکان چی کەسانێکن، خوا لەسەر کورسیەکەی هەستا کـاتێ ڕووی وەرگێـڕا،((لوسـیفر))واتـە شـەیتان لەسـەر کورسـییەکەی دانیـشت. ئەوکاتــە بــوو خواوەنـد لەچـاوتروکانێکدا جەهەنــەمی دروسـتکرد. خواوەنـد دەسـتەکانی تەکانـدا هـەزاران پـەریی لـەخۆی دوورخـستەوە. خـەیاڵی وابـوو هـەزاران هـەزار پـەریی کـە لـەخۆی دووربخاتـەوە لەوکاتـەدا (جوبرەئیـل) وتـی : خـوای گـەورە دەسـتت بووەسـتێنە. بـەم ئیشەت بەهەشـت چۆڵدەکەیت. خـوای گـەورە وتـی : زۆرباشە، دەستم دەوەستێنم. با ئەو فریشتانەی لەبەهەشتان هەر لـەوێ بن. ئەو فریـشتانەی چوونە جەهەنـەم هـەر لـەوێ بن. ئـەو فریـشتانەی لەنێوان بەهەشت و جەهەنەمدان ئەو جنۆکەو پەریانەن.

پاڵـدانی جنۆکەوپـەری بـەمردووەکان شـتێکیترە کـە بەمەسـیحیەت و پـێش ئـەوە پەیوەنـدی هەیـە. پەریـەکان بەپـەری دابـەزیوەکان دەزانـن، بەئاشـکرا یــەکێك لەتێگەیـشتوویی مەسـیحیەتە ((بینـینی پــەریان بەنیشانەی ڕۆحی مردووەکان مەزەندەدەکریت))لەوانەیە سەرچاوەیەکی پـێش مەسـحیەتی هـەبێت. بینـراوە کـە پەرییەدابـەزیوەکان لەناخـدا شەیتان سفەتن. ئەوانە بەهاوکاری سەرکردەکەیان شـەیتان لەبەهەشت دەرکـراون و تاوانبـار بـوون لـەگۆلاوەکان و بـن بـەردەکان و تەپۆڵکـەکان ژیان بەسەردەبەن. مەسیحیە پێداگرەکان بەرامبەر پەریەکان ڕووی ترش

و تـاڵ نیـشان ئـەدەن و ئەوانـە بەشـەیتان دەزانـن. لەسـاڵی ۱۷۷۹((ئەدمۆند جونز))نووسی :

((سەرتاسـەری جەهەنـەم پـڕ لەشادی و خۆشیە، چونکە ئـەو ڕۆحـە سـەر لـێ شـێواوانە ئـەوێیان ڕازاندۆتـەوە. ئێـستە پەرییـەکان بـە کەیفخۆشـی هەڵـسوکەوت دەکـەن، هـاوڕێ لەگـەڵ مۆسـیقا جەهەنەمیـەکانیان گـۆرانی دەڵـێن و سەمادەکەن،بۆچـی ؟ چـونکە تێنەگەیشتنی پیسیان کە بەوە خۆشحاڵ و بەزەوقن و جەژن و شادی تووشبوو بەتاوان بۆیان ئامادەکراوە.))

کاترین بریگز پەیوەندی نێوان جنۆکەوپەری و شەیتان دەسەلمێنێ.

لەتایبەتمەندییە ئاسایەکانی شەیتان، یەعنی شاخ و سمی دووفاق و لاشـەی تـووکن لەمەسـیحیەتەوە پەیدانـەبووە. بەڵگـەی پەیوەسـت بـەخواکانی قـەومی و ڕۆحـە سروشـتیەکانن. وتەبێـژانی سـەرەتای مەسیحیەت کە لەگەڵ مرۆڤەکان ڕووبەڕوو دەبن کە (دین) واتە باوەڕ دەگـۆڕن . دوو ڕەوشـی سـەرهەڵداو بـەباوەڕو نـەریت هەڵبـژاردووە کـە نەیان توانیوە بەتەواوی ئەوە لەبەین بەرن. لەو جێگایانـە کە لەپێشدا پەرسـتگە بـوون، کلێـسایان دروسـتکرد، ڕۆژە پیرۆزەکـانی ئاینیـان لەجێگەی جەژنی بتپەرستەکان دامەزراند. تەواوی ئەو بتانـەی توانای لێخۆشبوونیان نەبوو، بەدێووشـەیتان ناودەبردن ئەو ئیشە بەجۆرێکی بەرچاو پەرەی سەند. کاتێ کلێسا دەسەلاتی پەیداکرد، یان لەوانەیە کـاتێ تێگەیـشتن کـە یاسـاو نـەریتی بتپەرسـتی لەگـەڵ مەسـیحیەت جیـاوازی هەیـە، ئـەم سیاسـەتەیان گرتەبـەر، شـەیتان زۆرێـك

لەتایبەتمەنـدی بتـەکان ورۆحـی سروشـتی بـەلای خۆیـدا ڕاکێـشا. پەیوەنـدی نێـوان شـەیتان و جنۆکەوپـەری بەشـێوەی ((رابـین گودفلو))بووە پەیکەر. ناوێکی تری ئەو((پاك))کە، کەسمی دوو فاقی هەیە نیشان ئەدات ئەو تایبەتمەندی شەیتانی هەیە.

جگـە لـەوەی کـە پەریـەکان بەپـەری دابـەزیوەکان نـاوبراون. جارجـار ڕاستەوخۆ دراونە پاڵ ڕۆحی مردووەکان. لەئیرلەند مرۆڤەکان بەزۆری لـەوباوەڕەدان کـاتێ کەسێك دەمـرێ، مرۆڤەبـچووکەکان ئـەو دەبـەن بـۆ خۆیـان، ئـەو بۆچـوونە دێنێتـە ئـاراوە کـە لەوانەیـە ئـەو بگەڕێتـەوە یـان وەرگیرێتەوە. ئەم بیروبۆچوونە بەئاشکرا لەداسـتانی (بـاوکی ڕۆحـانی) واتـە پێـشەوای مەسـیحیەکان. رابـرت کـرك باسـی کـردووە، بەرچـاو دەکەوێ، رابرت کرك لەنیوەی دووەمـی چـەرخ داهێشتا زینـدوو بـووە، ئەو جگـە لـەوەی (قەشـە) بـووە فۆلکلۆرناسـیش بـووە، زانیـاری لـەبارەی بیرو بۆچـوونی مـرۆڤ بەرامبـەر بـە جنۆکەوپـەری، لەگۆشـەو کـەنارەکان کۆکردۆتـەوە ئـەو ئـەم مەبەسـتەی لـەکتێبی((ڕازی پـەرییان))کـە لەسـاڵی ١٦٩١ نووسـیبوو بـۆ یەکـەم جـار لەسـاڵی ١٨١٥ چـاپکرا، وتـراوە کـرك لەساڵی ١٦٩٢ لەماڵە قەشەکەی لەتەپۆڵکەی پەرییان لـەئبرفویل لـەدنیا چـاوی لێکنـا. بـەگوێرەی بیروبـاوەڕی نـەرتیان کـە ئـەو زەمانـە لەگەشـەدابوو. یـەکێك لـەخزمانی لەبەرامبـەر ئـەودا پەیـدا ئـەبێ، هـەواڵ ئـەدات کـە ئـەو نـەمردووە بـەڵکو لەسـەر زەوی پەریـەکان ئەسـیرکراوە. ئـەمجار بـەکرك دەڵـێ دەبـێ لەمەراسیمی شـۆردنی کـوڕی ئـەو ئامـادەبێ تـاکو کوڕەمـامێکی چـەقۆیەك بـەلای تارماییـەکی خـەیاڵیـدا بهاوێـژێ.

بــەوجۆرە ســیحرو جــادووی ئــەوان لەبــەین دەچــێ و کــرك دەتــوانێ بگەڕێتەوە سەر ئەم دنیایە، بەگوێرەی ئەو پەیمانە، کرك لەمەراسیمی شــۆردنی (تعمیــد) ئامــادە ئــەبێ، بــەلآم بەوپــەڕی سەرســووڕمانەوە کوڕەمامەکەی لەبیری دەچێ چەقۆکە بهاوێژێ. کرك وندەبێ ئیتر کەس ئەو نابینێتەوە.

داســتانی ئیرلەنــدی هاوشــێوەی داســتانەکەی ســەرەوەیە بــۆ لیــدی گریگۆر باسکراوە. ژنێك لـەکاتی منداڵبووندا دەمرێ. شـەوێك ژنەکـە دەگەڕێتەوە شیربدات بەمنداڵەکەی، مێردەکەی لەکاتی بینیندا خورپـەی پێدەکـەوێ و زمـانی لـەئیش دەکـەوێ. شـەوی دووەم، ژنەکـە دووبـارە دەگەڕێتەوە ئەمجارە مێردەکەی زمانی دەکرێتـەوە لێی دەپرسـێ بۆچـی پێڵاوەکانـت لەپێدا نییـە ؟ ژنەکـەی لەوەڵامـدا ئـەڵێ لەبەرئـەوەی ئـەوان بزماریــان تێدایــە (هــەروا کــە لەبەســرهاتی کــرك ئاگاداربوویــت، دەردەکەوێ و دەچیتە ئەو باوەڕەی کە خاچە ئاسنەکان لـەدژی سـیحرو ئەفسانە بەکارهێنراوە، یـەك مقەسـتی کراوە کـە شێوەی خاچـی هەیـە دەکـرا بەبێـشکەی منـداڵ تـا نـەبا پەریـەکان ئـەو منداڵـە بـدزن) هــەر لەبەرئـەوە، مێردی ژنەکە بزمارەکە لەپێڵاوەکـەی ئـەو دەردەهێنێ بـەلآم شەوی سێهەم ژنەکە بەپێی پەتی دێتەوە بەمێردەکەی دەڵێ ئیستـەیش پارچەیەك ئاسن لەنێو پاژنەی پێڵاوەکەیـەتی. ئەمجار مێردەکـەی دەڵێ کە ئەو چۆن دەتوانێ ئەو بگێڕێتـەوە بـۆ لای خـۆی :((سـبەی شـەو وەرە بۆ ئەو گۆلاوەی پشتی ئەو تەپۆڵکەیە. چەند سوارێك دەبینی کە دەگەنە نێو گۆلاوەکە. ئاخرین سوار منم. لەگـەڵ خـۆت هەندێ ڕیقنـەی مریشك

بێنــە کــاتێ مــن ڕۆیــشتم، ئــەوە بکــە بــەمنا بــەم جــۆرە دووبــارە مــن دەگەڕێمەوە بۆ لات))

مێردەکـەی دەچـێتە ئـەو جێگەیـەو ژنەکـەی دەبـینێ، بـەڵام نـاتوانێ ئەوەی پێی وتووە بیکات. ئیتر بۆ هەمیشە ژنەکەی نابینێتەوە.

کـاتێ مرۆڤەبـچووکەکان وەك ڕۆحـی مردووەکـان ئـەژمار دەکـەن، ئـەو بوونەوەرانــەی کــە مردووەکــان دەکەنــە دیــل و ئەســیری خۆیــان بــەرد هەڵکەنەکان و وێنەکێشە بەتواناکانی (مەعبەدەکان) واتـە پەرستگاکان لەمیسر، شازنی میسر نیشان ئەدەن کە شووشەیەك بۆن پێشکەش بە(بـت) ێـك دەکـات و (کـا) بەشـێوەی بوونـەوەرێکی بـچووك کـە بەباشـی نەدەگەیشتە پشتێنەی شازن، لەپشت سەری ئەوەوە وەستاوە. هەروەها لەڕووی گوڵدانێك لـەیۆنان ڕۆحـی مـرۆڤ دەبینـرێ کە لەڕێگـەی دەمیـەوە لاشەی ئەو بەجێ دەهێڵێ دەبێتە جۆرێکی (پیگمـی) لەفەرهەنگـەکانی ولاتـانێ کـە ڕۆح وەك شـێوازی منـداڵێکی بـچووك نیـشان ئـەدرێ، کـە بەزۆری باڵدارن. ئایا ئەمە ڕێکەوتە کە لـەم دەورانـی دوایـدا، پەرییـەکان بەم شێوە وێنەیان دەکێشرێ ؟ ئەم شێوە بۆچوونە کە پەریـەکان لەگـەڵ مردووەکـان پەیوەنـدییان هەیـە، هەسـتێکی بـەگومان بـووە کـە لـەنێوان خەڵکا پەرەی سەندووە یان تاقیکردنەوەیەکی ڕاستەوخۆیە دوای مردن ؟

کـاتێ پەریـەکان نیوەیـەك لـەم و نێوەیـەك لـەون نـەمردوان و نەپـەرین، بوونــەوەرێکی زینــدوو لــەو بەینــەدا شــتێکی مــادی و مەعنــەوین کــە بەڕێکەوت دەبینرێن.

لـوئیس ئەسـپنس یەکێکـە لەلایـەنگرانی قاچـوبالٚ خڕەکـان ئـەو بۆچـوونەیە کــە پەریــەکان پەیوەندییــەکی ئاشــکرایان بــەڕۆحی مردووەکانەوە هەیە لەکتێبەکەیدا، کە من سەرەتای ئەوەم لێرەداهێنا. باوەڕێکی دڵنیاکەرەوە باسدەکات. بەڵام بەهەرحاڵ ئەم بۆچوونە ناکرێ بەرامبـەر داسـتانی پەیوەنـد بەپەریـەکان حیـساب بکـرێ، بەتایبـەت لەڕێگـەی بەیەکگەیشتنی ڕاسـتەوخۆی کەسـانێك بەمرۆڤەبچووکەکان. جنۆکەو پەریـەکانی جۆری مردوو ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لەسەرزەوی بەڵام ناتوانن هەموو شتێك بن.

لەسەرەتای ئەم بەشەدا لەبواری ڕۆڵی ترس و خـەیاڵ لەدروستبوونی مرۆڤەبچووکەکان باسکرا. کەسانی وەك((سی. جی. یونگ))کە قوڵایی بیرو هۆشی مرۆڤی هەڵسەنگاندووەوتاووتویی کردووە، لـەوە تێگەیشت کە مرۆڤەبچووکەکان بەشکڵ وشێوەی جۆربەجۆر خۆیان نیشان ئـەدەن، بەرامبەر بەخۆشی و شادی مرۆڤ ڕۆڵێکی باش دەبینن. لەوانەیە کاتێ ئـەو گرگنـە شـاراوانەو پـەریانی بوونـەوەر پەیدادەکـەن و لەدنیایـەکی دەرەکـی دەبینـرێن. لەوانەیـە ئەوانـە سـەرهەڵداو یـان نموونەیـەکی ویژدانی لەخۆ بێ خەبەردابێت. زۆر لەئەفسانە نەریتیەکان پەریـەکانیان بـەم شـێوە لێکداوەتـەوەو باسـیانکراوە مەبەسـتێك دێتـەپێش کـە پەیوەندی بەئارەزووەکانی مرۆڤ. زۆر شایانی ئەهمیەتـە، وەك هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی نـەفس وڕاسـتی بـوونی خـۆت، مانـاو مەبەسـتی ژیـان تێگەیشتنی خێرو شەڕ، سوورانێك لـەنێوان ژیان و مەرگ، ڕاسـتیەکی کۆتایـەکی کـە. کـارل یـونگ خـەوەکانی خـەڵك لێکئەداتـەوەو ئـەمجار

تـەعبیرو لێکدانـەوەی کـرد. بەتایبـەت کـاتێ پەریـەکان و گرگنـەکان لەخەوو خەیاڵەکاندا پەیدا دەبن. یونگ ئاوا باس لەگرگنەکان دەکات.

نزیکـــانی بیروهـــۆش (ویـــژدانی لـــەخۆبێ خەبـــەر) کـــە لەدەستنیشانکردنی ڕێڕەوی کەشتیەکان و فرۆکەکاندا ڕۆڵیان هەیە، لەنـەزانی و تـاریکی و دڵنیانـەبوون خۆیـان بـەرەو ترسـناکی دەبـەن، لەهـەمانکاتا خۆیـان داهێنـەرن لەگـەڵ ئـەوەی بـچووك و بـێ قابیلیـەتن توانایەکی گەورەیان هەیە.

یونگ گرگنەکان((بەرێنیشاندەری ویژدانی بێ ئاگا))دەزانێ.

بەشـێك لەشـاهیدان لەگـەڵ مرۆڤەبـچووکەکان ڕووبـەڕوو بـوون بـەڵام تـەنیا لـەدوورەوە، نـە کۆمـەڵیش لەنزیکـەوە لەگـەڵ ئەوانـدا ڕووبـەڕوو بوون، وەك بەسـەرهاتی دەفرەفڕیوەکـان کـە مرۆڤـەکان دەدزن، جارجـار بیرەوەرییەکی ناخۆشیان هەبووە، بەڵام جارجار ڕووبەڕووبوونەوەیەکی باش و دڵخۆشکەرەیان بووە. ژنی یەك((لیرکان))کەسێك بەناوی((مارگا تروید)). ئەم ژنە نەخۆشـی دکتۆر((ناندر فودور))بوو کە بۆیەکەم جار لەساڵی ١٩٤٨ لـەژێر چاودێری ئەودابوو. مارگـا تروید ئیـدیعادەکات لەبـەجێماوی((تاتـا دە دنـن))لەڕەگـەزێکی ئیرلەنـدی کـە ئاکامەکـەی بەشێوەی قەبیلەیەکی پەریەکان دامەزران وپەیدابوون.

نزیکـەی شەسـت سـانتی مـەتر بـاڵای هـەبوو. ڕەنگـی قـاوەیی بـوو بـەردەوام جلـی سـەوزی لەبـەردەکرد. بـەردەوام لـەنزیکی یـەك مـەتری لەژنەوە دەوەستا. لاشەی سێبەری دروست نەدەکرد. بەم جۆرە ژنەکە نەیدەتوانی بەباشی تەماشای ئەو بکات. یەکجار ئەو ژنە ویستی وێنەی

ئەو بکێشێ بەلاّم ئەو شیوەی وندەبوو، کاتێ سەروکەللەی مارگا تروید پەیدا دەبوو ئەو ژنە دەبووە دەست خۆشی خەم و ئازار یان زیاد لەپێویست خۆشحالّ و بەکەیف بوو. ئەو عاشقی ئەوەبوو سواری تاکسی بێت. کاتێ ئەو ژنە دەهاتە سەردانی من، ئەو دووبارە لەگەلّی دەهات و بەلاّم لەتاکسییەکەدا دەمایەوە. ئەو بەعینوانی نەفەرێکی نادیار سواری تاکسی دەبوو.

دکتۆر نادر فودور لەنێوان قسەکانی تێدەگات کە((لیرکان))((وەسیلەی بەختەوەرییە))ئەو (مارگا تروید) لەدوای مردنی کەسێك لەخزمانی ژنەکە، کە لەپێشدا خاوەنی ئەو بووە، هاتبوو بۆ هەوالّی ژنەکە. ئەو لەبۆچوونی ژنەکە تێگەیشت و نیشانی دابوو کەسەربە یەك بنەماڵەی خانەدانە.

پەیدابوونی هەستیان گەورەتر لەهەستی ڕۆح ڕێگەنیشاندانی یەك بنەماڵە، بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو ی گرنگ بوونی پێناسەی ئەو ژنە نەبوو، چونکە مارگا تروید لەکاتی هەموو خەفەت یان ترس پەیدا دەبوو. ئەو لەهەمان کاتدا لەحوکمی ساختەکاری پارێزگاری دوو بەرامبەری تێشکان و نائومێدی بوو. لەوەبەدەر دەتوانرێ پەیوەندی بێت لەنێوان ئەو ژنە وە بنەماڵەی((گستالت))مارگا تروید زیاتر پەیوەندبوو بەبنەماڵەکەی نەك تاکی تایبەت.

((جورج ئەلری هیل))لەسالاّنی (١٨٦٨-١٩٣٨)، زانایەك بوو کە ئەویش جنۆکەیەکی تایبەت بەخۆی هەبوو. هیل لەبواری سوودمەندیڕۆژ دۆزینەوەیەکی گرنگی بەدستهێنا. لەهەمان کاتدا بە.((

را))تایبەتمەندی هەبوو . ئەو شێتیەکی تایبەتی هەبوو. لەیەکێك لەسەفرەکانیدا بۆ میسر لەناکاو پیاوێکی بچووك لەژوورەکەیدا پەیدابوو، لەبارەی ژیانیەوە ئامۆژگاریەکی ئەوی کرد. دوای ئەوە لەگۆشەو کەنارەکانی دنیادا بەرامبەر بە (هیل) پەیدا دەبوو. نیشانەی پەیدابوونی ئەو ئەوە بوو کە لەگوێچکەی هیل دەنگی زەنگ دەهات. وادەردەکەوت ئەو جنۆکەیە یەکێك لەلایەنی زاهیری کەسایەتی هیل خۆی بوو کە ئەو دەیتوانی بەهۆی ئەوەوە خۆی ڕێك وپێك بکات و بەخۆیدا بچێتەوەو بڕیاری گرنگ بدات.

منداڵانیش جنۆکەی تایبەتیان هەیە کە پێداویستیەکانی ڕۆحی پاکی ئەوان دابین دەکەن، یەك جنۆکە لەکاتی خەودا دەچووە سەردانی منداڵێك کەسێك کە ئەو بەسەرهاتەی باسکرد خۆی لەساڵی ١٩٧٦ ئەوەی بیستبوو.

من وهاوسەرەکەم لە((ئۆتاوا))ی کەنەدە پشوومان بەسەردەبرد کە لەگەڵ کچێکی زۆر جوان بووینە ناسراو. ئەو بەئێمەی وت، ئەو لەناو ڕەشە خێزانەکەدا گەورەترین منداڵ بوو، بەردەوام ئارەزووی ئەوەبوو دایکە پڕ لەئیشو کارەکەی زیاتر ئەوی خۆش بوێ و ڕووی پیشان بدات، بەتایبەت کاتێ دەیویست بخەوێ. شەوێك پیاوێکی کورتەباڵا لەبن قەنەفەکەیدا پەیدابوو، جلێکی بەزەوقی لەبەردابوو کە بریتی بوو لەکڵاوێك و چاکەت و پانۆڵێکی تاسەر ئەژنۆی و گۆرەوی پەشم و پێڵاوەکانی زنجیری بریقەدار بوو. ئەو بەتایبەت چاوە بچووکەکانی ئە و پیاوەی لەیادبوو کە دەیوت ڕەش و گەش بوون.

ئەو کچە بەئێمەی وت دیاربوو کەسێکی نەترس بوو، ئەو پیاوە دەست دەکات بەحیکایەت گێڕانەوە بۆ کچەکە، کچەکە زۆر خۆشحاڵ دەبێت. ئەو هەموو شەوێ دەهات وماوەیەك داستانی بۆ کچەکە دەگێڕایەوە تاکو خەوی لێبکەوێ. کاتێ کچەکە دەیەوێ دەست لەوبدات، وندەبوو. ئەو بەو کچەی وتبوو هەوڵی ئەوە نەدات دەست لەو بدات.لەئاکام دا شەوێك بەکچەکە دەڵێ ئەمە ئاخر جارە دێتە لای چونکە منداڵێکی تر پێویستی بەو هەیە ئەو داوا لەکچەکە دەکات هەمیشە ئەوی لەبیربێت. ئەمجار ون دەبێ کچەکە ئیتر بۆ هەمیشە ئەو نابینێ.

بەبۆچوونێکی زۆر هەر سێ مرۆڤی بچووك سێ بوونەوەری جیاواز بوون بەڵام بەقوڵی لەمێشك و بیری بینەران سەرچاوەیان گرتووە لەلایەن ئەوانەوە بوونی دەرەکیان پەیداکردووە لەدوو هەواڵی دواییدا، مرۆڤەبچووکەکان خزمەتێکی باشیان بەو بینەرانە کردووە، بەڵام ئەوەندە ئاشکرا نییە کە ئایا ئەو بوونەوەرانە خەیاڵین یان ڕاستیان تێدایە.

لەساڵی ١٩٧٧((خورخە ئەلوارز))خوێندکاری زانکۆی پرۆ ڕایگەیاند کە چوار بوونەوەری بچووك ئەویان لەڕووبارێکدا لەخنکان ڕزگارکردووە. ئەو بۆ هێنانی ئاو دەچێتەسەر ڕووبارەکە بەڵام دەکەوێتە ناوی، لەناکاو چوار بوونەوەری بچووك دەبینێ. ئەوانە لەشێوەی مرۆڤ بوون بەڵام هەر دەستێکیان سێ پەنجەی هەبوو، لقی دارێك بۆ لای ئەو درێژدەکەن ئەو دەتوانێ بێتەدەرەوەو خۆی ڕزگاربکات، کاتێ ئەو حاڵی باش دەبێتەوە

بوونــەوەرەکان ڕۆیــشتبوون، ئـەو لەکۆتاییــدا باســی ئەوانــەی دەکـرد بالأیان نزیکەی نەوەد سانتی مـەتر دەبوو پێستەکەیان پوڵەکـەدار بوو، بـەڕەنگی ســەوز داپۆشــرابوو، دەســتەکانیان ســاردبوو وەك پێــستی ماسی.

لەسێپتەمبەری ١٩٨٨((لادویکو گرانچی))بەجۆرێکی سەرسووڕهێنەر تووشی دەبێ بەبوونەوەری دەفرەفڕیوەکان، باسی دەکرد کە شەوێك بۆ تێگەیشتن و ڕەتدانەوەی ڕووناکیەك کە لەنزیکیماڵەکەی لەریودوژانیرو لەبـەرازیل بەرچـاو دەکـەوت، لـەماڵ دەچێتەدەر. دەنگێـك وەك دەنگـی کوللــە دەبیــستێ. پێـنج بوونــەوەری بـچووك دەبـینێ کـە چـاکەت و پانتۆڵیـان لەبـەردابوو، دەورەی دەگـرن. ئـەوان داردەسـتیان پێبـوو کـە سـەری دارەکـە ڕووناکی هـەبوو ئـەو ناوچـەی ڕووناك کردبـووەوە، ئـەو مرۆڤـە بچووکانە گرانجـی بـەرەو ئەشـکەوتێك دەبـەن کە لـەناوەڕۆکا زۆر گەورەبوو، بەردێکی تەختی پان لەناویدابوو، ئەویان لەوێدا دەخەواند بـەو دارەی دەسـتیان تاقیکردنـەوەیان لەسـەر لاشـەی دەکرد. بەتایبەت برینێکـی گـەورە کـە بەقاچیەوە بـوو، لەگـەڵ ئـەوەی دەنگیـان لـەدەنگی کوللـە دەچوو پێ دەچیچت شێوازی قسەکردنیان بـوو، کـاتێ گرانجـی لـەوان دەپرسـێ ئایـا نـاوی ئـەو دەزانـن یـان نـا، یـەکێك لـەوان بـەزمانی پورتوگالی وەڵام ئەداتەوەو نـاوی تـەواوی ئـەو دەڵێـت. دەنگـی ئـەو وەك دەنگی منداڵ باریك و ناسـك بـووە، ئەو مرۆڤـە بچووکە پێـستی سپی و قـژەکانی بـۆرو چـاوەکانی سەوزوبـچووك و دەســتی بـاریکی هــەبوو، هەڵـسوکەوتی میهرەبـان و دۆسـتانە بـوو، میـوەی ئـەدا بـەگرانجی کـە

شـتێك بـوو وەك هـەڵوژەو سـێو، گرانجـی کـاتێ ئەشـکەوتەکە بـەجێ دەهێڵـێ بــەردێك لەگــەڵ خــۆی هەڵــدەگرێ و دەی هێنێتــەوە، دوای تەماشاکردنی برینەکەی، برینەکە چاك دەبێتەوە، بەڵام هەستی بەگێژی و ناڕەحــەتی دەکــرد یــەك هەفتــەیش دوای ئــەوە ڕەنگــی زەرد بەرچاودەکەوت، وەك ئەوەی هەتاو سووتاندبێتی.

ئـەم هەواڵــە هاوشـێوەی هەواڵــەکانی مـرۆڤ دزیـن بـوون لەلایــەن بوونــەوەری دەفرەفڕیوەکـان کـە لـەوەدوا بینەرەکـە دەبەنـە ژوورێکـی ڕوونــاك و نــورانی، بــەڵام لــەم کاتــەدا بینەرەکــەیان بردبــووە نێــو ئەشکەوتێك بەڵام نەك بەکەشـتیی هـەوایی، ئایا دەکرێ ئەو ئەشـکەوتە سەرزەوی پەریەکان بێت ؟ هەسـتی مەلەکردن لەهەوایـەکی نـاخۆش کـە گرانجی دووبارە دوای پشکنینی ماوەیەك دووچاری بوو، حاڵەتێکە کـە پەیوەستە سەرزەوی پـەریانیان هەیە. ئەوانە تـەواوی هۆشـی دنیـایی و هەسـتی زمـان لەدەسـت ئـەدەن.ئایـا گرانجـی نەویـستراوانە نەچـۆتە سەرزەوی پەریەکان ؟

ئـەم دەسـتەیە لەخوێنـەران کـە لەژێرکاریگـەری داسـتانەکانی بەشـی یەکەم لەم کتێبەدا هەیەو ئێستە خانەنشین بوون، کە لانی کەم کۆمـەڵێك لـەو مرۆڤـە بچووکانە لایـەنی ڕاسـتیان هەیـە، لەوانەیـە ئیـستەیش لـە و ردکردنەوەی بەوان دراوە، ڕازی نین. بەهەرحاڵ پێویـستە هـەموو شـتێك لایـەنی بینـینی هـەبێت نـەك ئەوەی بەتـەواوی لەسـەر بنـەمای ڕووداوی سەیروسـەمەرە وەربگـیرێ. بـاوەڕی مـن ئەوەیـە کـە داسـتانی نـەریتی پـەریان زیـاتر بـەباوەڕ بـەڕۆحی سروشـتی ڕەگـەزی سـەرەتایی و ڕۆحـی مردووەکـان سەرچـاوەی گرتـووە بینـینی تـاك بەتـەواوی لـەدایکبوونی

خەیالات یا نموونەی تێکۆشانی ویژدانی لەخۆ بیخەبەرە. ئەگەر ئەمە تەنیا ئاراستەو روونکردنەوە بێت، کەواتە هیچکەس لەوەی کە دەڵێ مرۆڤی بچووک بینراوەو بینیویە، راستی بەرچاوی نییە.

ئایا دەبێ بوونی ئەوانە لایەنی راستی هەبێت ؟ بەراستی بڵێین، نازانم و خۆهەڵناکێشم کە دەزانم. بەلام ئەگەر رێگە بەخۆم بدەم کە بەهەڵفرینی خەیاڵی دەست پێبکەم، گومان دەکەم بڵێم لەوانیە کۆمەڵێك لەو مرۆڤە بچووکانە راستەو بوونیان هەیە کە دونیایە کە جیاواز لەدنیای ئێمە دەژین، ئەگەر کەسێك گرنگی بەم مەسەلەیە بدات، داواکاری زۆر هەیە کە بەبەڵگە دەتوانێ لەو ئیدعیایە پارێزگاری بکات، مەبەستێك کە خۆمی ئەوەندە گیژکردووە کە بەشی دوایی تەرخان بکەم بۆ سەیرو سەفا لەدنیای پەریاندا، تاکو کەسانی تر بتوانن روونکردنەوەی تر بکەن باسەکە ئایا دنیایەکی تر بوونی هەیە،ئایا مرۆڤەکان رێگەیان هەیە بۆ ئەوێ یان نە؟

بەشی حەوتەم

(سەرزەوی پەرییەکان و دنیایەکی تر)

ئەگەر دنیایەك لەنزیکی ئێمەوە بوونی هەیە، کەواتە بۆچی ئەوە بۆ ئێمە نەناسراوە؟ بۆچی تاکو ئێستە عیلم نەیتوانیوە لەبوونی ئەو تێبگات ؟ بۆچی ناتوانین بەویستی خۆمان بۆ ئەو دنیایە سەفەربکەین ؟ بەشێك لەوەلامی ئەم پرسیارانە ئەوەیە کە لەم فەرمانەدا ڕازونیازێك هەیە سەرهەڵدانێك وەك کەڤ دەریاکان، ڕۆحەکان و سێبەرەکان یان هاتنەخوارەوەی ماسی لەئاسمان لەگەڵ تێگەیشتنی ئێمە بەجۆرێك دەرنایەو ڕێك ناکەوێ، لەبەرئەوە لەڕوانگەی زانایان و فەیلەسووفان ئەوە شتێك نییە کە بەزەحمەت بیرکردنەوەوخەرجکردنی لەوبارەیەوە نرخی هەبێ، تەنیا کەسانێك کە خۆیان لەگەڵ ئەوەدا ڕووبەڕوو بوون یان بیروهۆشیان بەڕێژەیەك کراوەیە کە ئیمکانی وەها ڕووداوێك بدات، پەیوەندییەك بەم مەبەستەوە نیشان ئەدات. بەلاّم تێگەیشتوان و مرۆڤی ئاسایی بیرکردنەوەیەك کە لەوەدا ڕاستی لەگەڵ خەیالاّت تێکەڵ بووە

ئەدەنە دەستی لەبیرچوونەوەو بیردەکەنەوە. کات بەفیڕۆدان لەو بوارەدا بێسوود ئەمێنێتەوە.

مەسەلە ئەوەیە کە زۆرێك لەم ڕازو ڕەمزانە بەهەمان ڕیزبەند لەبەرچاو ناگرن لەسەریەك کەڵەکە کراون، ئیتر جگە لەوەی زۆرێك لەدۆزەرەوەو پێشکەوتوانی عیلمی بەدەلیلی ئاسانکاری لەو بوارەدا ماوەیەکی درێژخایەن دوابکەون. داسەپاوی دنیایەك ڕووبەڕوو لەگەڵ دنیای ئێمە، یەکێکە لەم باسوخواسە بەوجۆرەی کە دەبێ تاکو ئێستە ئاڕاستەیەك نەکراوە. کۆمەڵێك لەفیزیاناسان وەها بوونێکیان بەجۆرێکی باش خستەبەرباس بەلام زۆرینەی ئەوان نەیانتوانی وەها شتێك وەربگرن. تەنانەت کۆمەڵێکی کەم لەوان ئەوەیان قبول نەبوو کە کەسانێك لەکورەیەکی ترەوە توانیبێتیان پێبخەنە سەرزەوی ئێمە.

ئەگەر هاتووچۆ ئاسانتر بوایە کۆمەڵێکی زیاتر لەبارەی سەردانی خۆیان بۆ دنیایەکی تر بۆزەوی هەوڵیان ئەدا، لەوانەیە ئارەزووی زانایان لەوبوارەدا زیاتر بوایە ئەو بەڵگانەی لەبەردەستایە وا دێتەبەرچاو کە دنیایەکی تر لەنزیك دنیای ئێمەوەیە. جگە لەوەی هەوایان داگیرکردووە، بەلام ئەم دوو جیهانە بەڕێکەوت دەست بخەنە کاروباری یەکتر لەئاکام دا کۆمەڵێکی کەم لەدنیایەکەوە، بۆ دنیایەکی کە هاتوون. لەهەمانکاتدا پشت بەستن بەبەڵگە بەزەحمەت بتوانێ ڕوونکردنەوەیەکی مەنتقی لەبارەی دنیایەکی ترەوە بدات، لەوانەیە زیاتر لەیەك دنیای تر بوونی هەبێت، چونکە ڕێگەیەك نییە تێبگەین کەسانێك کە سەردانی خۆیان لەدنیایەکی تر لێك ئەدەنەوە، جێگەیەکی

هاوشێوەیان بینیبێ لەڕاستیدا مەعلوم نییە ئەو جێگەی دیویانە ڕاستی تێدایە یان بەتەواوی خەیاڵاتی ئەوان بووە. لەبەرئەوە لێکدانەوەی دنیایەکی کە پڕ لەکێشەو گرفتە هەر ئەو دەلیلە ئاڕاستە کراوە وەرگیراوە کە بۆچی بوونی دنیایەکی ترو ناسینی ئەو نابێتە (قبوڵی واقیع) وەرگیراوی ڕاستی و باوەڕپێکراو.

لێرەدا کە ئەم کتێبە لەبارەی پەری و جنۆکەو مرۆڤە بچووکەکانەوەیە، پێش ئەوەی هەر شتێکمان بوێ لەبارەی دنیایەك کە ئەوان لەوێدا ئەژین شاری پەریانی ناوە، هەروەها کۆمەڵێك ئیدیعادەکەن ئەوێیان دیوە، بۆتان ڕوونبکەمەوە. زۆرێك لەوباسکردنانە لەبارەی شاری پەریانەوەیە لەئەفسانەکان و ڕیوایەتەکانە. لەلایەکی کەلەوانەیە باوەڕی دانیشتووە پێشینیەکان لەبارەی شاری پەریانەوە لەبنەمادا لەسەر تاقیکردنەوە بەسەرها تی ڕاستی سەرچاوەی گرتبێ، دەبێت دیاریبکرێ کام یەکە لەبەسەرهاتێ کە لەم بەشەدا هێناومانە ڕاستەو کامەیان دوور لەڕاستییە.

زۆرینەی مرۆڤەکان لەوباوەڕەدان کە شاری پەریان لەژێر زەمینەکاندان، یان لەنێو دڵی تەپۆڵکەکانن، چی تەپۆڵکەیەکی ئاسایی چ کەژێك کە لەزەمانێکی زۆر کۆنەوە بەنیشانەی گۆڕی گۆڕستان لەوان سوودیان وەردەگرت. هەروەها لەسەنگەرەکان و قەسرەکۆنەکان. باوەڕ یان وایە کە ئەوانە لەڕێگەی ئەو کون و کەلەبەرانەی لەزەویەکاندا دروست بوون یان بەسادەیی بەتێپەڕین لەزەویدا دەچنە قولایی ژێرزەوی. کۆمەڵێك لەمرۆڤی ناوچە جۆربەجۆرەکانی ئسکتلەند

باوەڕیان وایە پەریەکان لەنێو دەریاچەکاندا دەژین. لەسەر بنەمای ئەو باوەڕەی کە ئەوانە لەئاودا دەژین، لەوانەیە دەریاچەکان ڕێگەی هاتووچۆی شاری پەریەکان بێت. وتراوە کە قەدپاڵی سەرسەوز لەژێر دەریاچەکاندا هەیە کە دنیایەکە جیاواز، قەسرو بینای شاراوە بەژووری گەورەو ڕووناك دیمەنی هاوینی جوان، تەنانەت ئەگەر لەسەر دەریاکەدا زستان بێت. داستانی جۆربەجۆر لەبەردەستایە کە لەوێدا کەسانێك کە سەردانی شاری پەریانیان کردووە، ڕوونکردنەوەیەکی تێروتەسەلیان لەوبارەیەوە داوە. یەکێك لەو داستانانە پەیوەندە بە کورن وال لەبارەی پیاوێك دانیشتووی((سلنامور))ئەو وندەبێ و لەناکاو لەشاری پەریانەوە سەرهەڵ ئەدات. لێرەدا خۆشەویستە مردووەکەی دەبینێ کە ئاگاداری دەکات دەست لەهیچ نەدات وە هیچیش نەخوات و گوڵیش لێنەکاتەوە، ئەگینا دەکەوێتە داوی پەریەکان و بۆ هەمیشە ناتوانێ بگەڕێتەوە بۆماڵەکەی خۆی. ئەو خۆی وندەبێ و دەکەوێتە داوی پەریەکانەوە، چونکە لەسەرزەوی ئەوان یەك هەڵوژەی خواردبوو، ئیستە ناچارە کار بۆئەوان بکات. پیاوەکە دەستکێشەکانی خۆی هەڵدەگێڕێتەوە، بەوکارەی هەموو شتێك لەبەرچاوی ون دەبێ، لەناکاو خۆی لەتەویلەیەکی وێرانەدا دەبینێتەوە. کاتێ ئەوانەی بەدوایدا دەگەڕان دۆزیانەوە، هەر لەوێدا خەوی لێکەوتبوو. کاتێ کەسێك هەست دەکات پەریەکان ئەو لەڕێ لائەدەن و گومڕای دەکەن. ڕێگەی ڕاستی نیشان نادەن، دەستکێش یان چاکەتەکەی خۆی هەڵبگێڕێتەوە،لەوانەیە

پەریەکان گومڕابن و سەریان لێبشێوێ وا بزانن لەگەڵ کەسێکی تردا ڕووبەڕوون.

لەبەسەرهاتی((سنت کولن))خواردنی پەریەکان لەئەسیرکردنی مرۆڤ ڕۆڵێکی بەسزای هەیە، کولن یەکێکە لەپیاوچاکانی ویلز لەچەرخی هەڤدە کە نیوەیەك لەتەمەنی لە (سامرست) بەسەربرد لە((گلاستون بری تور)) گۆشەگیری هەڵبژارد. ئەو دەعوەت دەکرێ کە لەقەسری سەرتەپۆڵکەیەك، سەردانی شای پەریان بکات. سنت کولن بانگهێشتەکە قبوولْ دەکات، پێش ڕۆیشتن زەرفێك ئاوی پیرۆز لەژێر جبەکەی دەشارێتەوە. ئەو دەچێتە نێو قەسرەکەو میوانداریییەکی باش بەڕێوەچووبوو، شا ئەو دەعوەت دەکات لەگەڵ ئەو بخوات و بخواتەوە. کولن سەرپێچی دەکات و دەڵێ گەڵای درەخت ناخوات و نەکەوتبووە ژێرکاریگەری خواردنەکە بەجۆرێکی ڕاستی دەبینی. ئەفسەرانی شا جلی سوور بەنیشانەی ڕووناکی ئاگرو شین بەنیشانەی ساردی جەهەنەمیان لەبەرکردبوو. کولن لەکاتێکا بەشای دەوت: ئەفسەرەکانی جلێکی مناسبیان لەبەرکردووە، ئاوە پیرۆزەکە دەردێنێ دەیکا بەواندا. لەیەك چرکەدا قەسرو میوانداری نامێنێ و ئەو خۆی لەگلاستون بریتور دەبینێتەوە. ئەگەر سنت کولن خواردنی پەریەکانی بخواردایە، دەکەوتە ژێر دەسەڵات و کاریگەری سیحرو ئەفسانەی ئەوان و نەیدەتوانی لەو شاری پەریانە ڕزگاری ببێ و بچێتەدەر.

داستانێکی تر کە چوار سەد ساڵ پێش ئەوە ڕوویدا، پەیوەند بەویلز. کوڕێك بەناوی((ئەلیدروس))کە بەزۆری سەردانی شاری

پــەریانی دەکــرد. نــاوەڕۆکی ئــەم داســتانە لەلایــەن قەشــەی گــەورە ((جرالدس کمبرنسیس))لەکتێبێکیدا لەبارەی سەفەری بۆ ویلز لەساڵی ١١٨٨ نووسراوە. مێژووی ئەم داستانە دەگەڕێتەوە بۆسەدەیەك لەوە پـێش. ئەلیـدروس جارجـار لەلایـەن مامۆسـتایماڵـەوەیان دارکـاری دەکراو لەماڵەوە ڕا دەکات لەچاڵێك نزیکی چەمێك خۆی حەشارئەدات.

مــاوەی دوو ڕۆژ ئــەو لــەنێو ئــەو چــاڵەدابوو، دوو پیــاوی بــچووك پەیـدادەبن بـەو دەڵـێن ئەگـەر لەگـەڵ ئـەوان بڕوات، ئـەو دەبەنـە سـەر زەویــەکی پڕلــەزەت و کــەیف وخۆشــی، ئــەو ڕازی دەبــێ، بــەدوای ڕێنیـشاندەرەکەدا دەڕوات بەشـەقامێکی تاریـك و نادیـاردا تێدەپـەڕێت. لەدوایـدا دەگەنـە سـەرزەویەکی جـوان کـە پـڕ لـەئاوو گیـاو باخـاتی جۆربـەجۆری ڕازاوەو جـوان بـوو. بەڵام ئـەوێ تاریك بـوو، ڕووناکی ڕۆژ لــەوێ نەئــەدرا، ڕۆژانــی هــەوری و شــەوانی زۆر تاریـك بـوو، مــانگ و ئەسـتێرە نـەدەبینران، ئـەو دەبەنـە لای شـا وبـە شـای دەناسـێنن. شـا بۆماوەیـەك تەماشـای دەکـات و هـەڵی ئەسـەنگێنێ ئـەمجار ئـەو ئەداتـە دەستی کوڕەکەی کە ئەویش منداڵ بوو، ئەو کەسانە جەستەیان بچووك بوو بەڵام ئەندامەکانی لەشیان گونجـاو بوو، سپی و بۆر بوون و قژیان وەك ژنــان زۆرو تــا سەرشــانیان دەهــات، ئەســپەکان و ســەگە تانجییەخۆڵەمێـشیەکانیان بەقــەوارەی خۆیــان بــوون. گۆشــتیان نەدەخوارد، خواردنیان تەنیا شیری تێکەڵ بەزەعفەران بوو.

کوڕەکـە دەگەڕێتـەوە سـەرزەوی بـەڵام دووبـارە دەچـێتەوە ئـەوێ، جارجـار هـەر بـەو ڕێگـەی پێـشوودا وجارجـار بـەجۆرێکی تـر. سـەرەتا

كەسانێك ڕێنیشاندەری بوون و هاوڕێییان دەكرد، بەڵام دواتر بەتەنیا هاتووچۆی دەكردو تەنیا خۆی نیشانی دایكی ئەدا وتایبەتمەندی و ڕەفتارو هەڵسوكەوتی ئەو كەسانەی بۆ دایكی باسدەكرد.

دایكی ئەلیدروس حەزی لەزێڕ دەكرد، ئەو هەوڵ ئەدات زێڕ بۆ دایكی بدزێ. بەڵام دوو لەو مرۆڤە بچووكانە ئەو پارچە زێڕە لەو دەسێننەوە كە هەڵی گرتبوو دوای ئەوە ئەلیدرس هەرگیز ناتوانێ ڕێگەی چوونە نێو شاری پەریان بدۆزێتەوە. نەتیجە ئەو بوو بەقەشەو داستانی خۆی بۆ ((دیویدی دووەم)) قەشەی گەورەی سنت دیوید باسكرد. ئەو وتبووی پەریەكان بەزمانێك قسەیان دەكرد كە لەزمانی ویلزی و یۆنانی دەچوو.

خەڵك لەو باوەڕەدان بەسەرهاتی ئەلیدروس ئەساس و بنەمایەكی ڕاستی هەیە، وەك بەسەرهاتی((ئان جفرین))كورن والی كە لەچەرخی هەڤدە لە((سنت تیس پریش)) دەژیا. ئەو خزمەتكاربوو حەزی دەكرد ببێتە دۆست و هاوڕێی پەریان. كاتی پشووی لەلای گوڵەكان بەدوای پەریەكاندا دەگەڕا. ڕۆژێك پەریەكان لای باخەكە خۆیان نیشانی ئەو ئەدەن ئەویان لەڕێگەی هەواوە بردبووە سەر زەویە جوانەكەی خۆیان كە كۆشكەكانیان لەزێڕوزیو بوو، پڕ لەدرەختی میوەبوو. لەوێدا بۆ سەماكردن چووە لای پەریەكان بەئەندازەی ئەوانی لێهات، لەكاتێكا مرۆڤەبچووكەكان پێش ئەوە زۆر لەو بچووكتربوون. سەرئەنجام ئەویان بردەوە بۆ ماڵەكەی خۆی. ئەو كاتێ خۆی بینیەوە لەسەرزەویەكە ڕاكشابوو، وا دەردەكەوت لەهۆش خۆی چووبێ. ئەو ئیتر نەگەڕایەوە بۆ

شاری پەریەکان، بەڵام لەکۆتاییدا تووشی مرۆڤەبچووکەکان بووبوو، بەهەمان بەڵگەوە بەتاوانی جادووگەری خرایە زیندانەوە.

دوو بەسەرهاتی تر لەبارەی سەردان بۆ شاری پەریان، پەیوەند بەچەرخی هەڤدەوە بووە لەئەسکتلەندە. کوڕێك لەدانیشتوانی((بورگ))بۆ ماوەی چەند ڕۆژ لەسەفەرابوو. چووبووە سەردانی کەسوکاری، ئەوە شتێکبوو خۆی باسی دەکرد. قەشەیەك خاچێکی دابوو بەو تاکو پەریەکانی پێ بترسێنێ و دووربن لێی. خاچەکە، کە بەگەرندبەندێکی ڕەش لەملی کردبوو تاکو پەریەکان ئەو لەگەڵ خۆیان نەبەن. فۆلکلۆرناسێك بەناوی((جی. اف. کمپبل))کە لەساڵی ١٨٩٠ ئەو داستانەی نووسیوە، دەنووسێ :

((ئەوکەسە بەتەمەنانەی ئێستاش ماون. دێتەوە یادیان کە ئەو سەردەمە کوڕەکە دەگۆڕێ و دەبێتە پیرەمێردێك))تەواوی ئەو بەسەرهاتە لەبلاوکراوەی بورگ نووسراوە بەردەوام دەتوانرێ ببینرێ.

کوڕێك لەدانیشتوانی((لیس))بەردەوام چۆتە سەردانی پەریەکان. ئەم بەسەرهاتە پەیوەستە بەچەرخی هەڤدە. ئەو شەوانی پێنج شەممە دەچووە سەردانی پەریەکان، تەپڵی بۆ ئەوان لێ ئەدا.((جۆرج برتون)) چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئەودا کردبوو لەبارەی پەریانەوە پرسیبووی.

ئەوانە کۆمەڵێکی زۆری پێکهاتوو لەژن و پیاوبوون. بەئەنواعی مۆسیقا بەهاوکاری تەپڵ، بەتەواوی بەگۆشت وخواردن و خواردنەوەی شەراب خۆیان سەرگەرم دەکەن.ئەوان بەردەوام دەچنە فەرەنسەو

هۆڵنـــدا و دەگەڕێینـــەوە. کـــاتێ لەوێـــدام، لەوهـــەموو نیعمەتـــە چێژوەردەگرم.

برتون لەوی پرسیبوو کە چۆن چۆتە نێو، ئەو تەپۆڵکەیە.

دوو دەرگای داخڵبوونی گەورەبوو کە بەڕووی ئێمەدا کرانەوە. ئەو دەرگایانە بۆ کەسانی تر نادیاربوو. لەپشت ئەوانەوە ژووری زۆر گەورە هـەبوو، ئەوەنـدە گـەورە وەك ئـەوەی بیانـەوێ هـەموو دانیـشتوانی ئەستلەند لوێدا جێبکەنەوە.

برتون کە هەوڵی دابوو چاودێری ئەو کوڕە بکات لەکاتی چوونی بۆ لای پەریەکان، ئاوا باسدەکات :

ئـەوکوڕە لەبـەینی منـدابوو وەڵامـی پرسـیارەکانی مـنی ئەدایـەوە. لـەناکاو سـەعات یـانزە سـەیردەکەم نـەماوە. یەکـسەر هەسـتاو بـەرەو دەرەوە ڕۆیشت. بەدوایدا ڕۆیشتم. لەشەقامەکە دەنگێکی لێ پەیدا بوو، وەك ئـەوەی بیـەوێ کەسـێك ئاگاداربکـات. ئـیتر هـەر لەوکاتـەدا ئـەوم نەبینی.

ـ خانمی((لەیـدی جـۆرج))لەئیرلەنـد چـاوپێ کـەوتنی لەگـەڵ کۆمـەڵێك لەوانـە کـرد کـە دەڵـێن سـەردانی شـاری پەرییـەکانیان کـردووە، یـەکێك لەوانە ژنێکی پیربوو بەناوی((شرایدن)).

من دەم توانی هەمیشە لەنێو ئەوانەدا بم، بەڵام ئەوەی کە چۆن دەیـان بردمو دەیان هێنامەوە، نازانم. بەهەرحاڵ مـاڵێکی گـەورەی مـدەوەر بـوو دیوارەکانی ئەوەندە ذوور بوون بەزەحمەت دەبینـران. هـەموو مرۆڤـەکان لەوێدا دەبینران. من دراوسـێ و دۆسـتەکانم لەوێـدا دەبـینی کـە جلێکـی

تایبەتیان لەبەردابوو، شکڵ و شێوەیەکی تایبەتیان هەبوو، بەڵام نە من قسەم لەگەڵ ئەوان دەکرد نە ئەوانیش قسەیان لەگەڵ مندا دەکرد، هیچکاتێ بەیەکێك لەوانەم نەدەوت کە لەوێدا ئێوەم دیوە. بەڵام کۆمەڵێکیان جلی خەت خەت و ڕەنگاوڕەنگیان لەبەردابوو. قسەیان دەکرد، پێدەکەنین بەملاوبەولادا دەڕۆیشتن! ئایاقسەیان چی بوو؟ دیارە ئیرلەندی بوو. باشە دەتویست بەچی زمانێك قسەبکەن؟

خانم شریدان باسی لەژنێکی گرگن دەکرد کە دارێکی درێژی بەدەستەوەبوو، کاتێ خانم شریدان دەگریاو دەیویست بگەڕێتەوە ماڵ، ئەو بەو دارە دەیدا لەسنگی خانم شریدان، بەڕواڵەت ئەو ماموّستا بووە. خانم شریدان ئەو خواردن و خواردنەوەی بەویان ئەدا، نەیدەخوارد. جارجار شیری بەمنداڵەکانی ئەوان ئەدا.

کەسانێك کە بەئەفسانەو جادوو تاوانبارکرابوون، دەیانوت سەردانی شاری پەریانیان کردووە، بۆ نموونە ئیزابیل کە لەپێشدا بەسەرهاتی ئەوم باسکرد. کاتێ پیاوێکیان بەتاوانی جادووگەری گرتبوو، پەیوەندی جادووگەریەکی لەگەڵ پەریەکان ئاشکراکرد. ئەوپیاوە وتبووی بەخۆڵێکی سپی کە لەپەریەکان وەری دەگرت، مرۆڤەکانی چاك دەکردەوە. ئەو بۆ وەرگرتنی ئەو خۆڵە سپییە دەچووە تەپۆڵکەیەکی تایبەت، سێ جار لێی ئەداو ئەو گەردوو خۆڵەی پێویستی بوو وەردەگرت، ئەو ڕوونیکردەوە کە یەکەم جار چۆن پەریەکانی دیوەو لەگەڵیاندا چووە بۆ لای شاژنی پەریان، ئەو وتبووی لەژورێکی نیوە

تاریك لەناو تەپۆڵكەكەوە چۆتە ئەوێ، چونكە دەوا دەركەوت كە كەسێكی ڕاستگۆ بوو، دادوەر لەوبووران و عەفوویان كرد.

كۆمەڵێك داستان و بەسەرهات پەیوەند بەپەریان بینەرانی چەرخی ناوەڕاست كۆیان كردەوە، وەك داستانی ئەلیدروس كە لەم كتێبەدا باسكراوە.((رالف كاگز شل))و((ولیام))هەردووكیان لەبارەی منالەڕەنگ سەوزەكانی((ولپیت لە سافك))نووسیویانە كە سەفەریان لەدنیایەكی تر بۆ ئێرە لەناوەڕاستی چەرخی دوانزە لەزەمانی دەسەلاتی پادشا((ئەستیفن))كراوە. ئەو بەسەرهاتە لەبەر هۆكاری سەیروسەمەرە لەبارەی پەریانەوە، شایانی باسكردنە. ئەوە ناوەڕۆكی وتەی رالف خۆی.

ڕووداوێكی سەرنج ڕاكێش لە سافك ڕوویدا. دانیشتوانی((سنت مری ولف پیتز)) خوشك و برایەك لەنزیكی لێواری ئەشكەوتێك ئەدۆزنەوە. ئەو دوانە هەموو لاشەیان هاوشێوەی مرۆڤ بوو جگە لەڕەنگی پێستەكەیان كە جیاوازی هەبوو لەگەڵ هەموو مرۆڤەكانی سەرزەوی. پێستی ئەوان كەمێك بەسەوزدا دەیڕوانی و كەسیش لەقسەیان تێنەدەگەیشت، كاتێ خەڵك بۆ ڕازیبوونی هەستی وردبوونەوەیان بردنیانە ماڵێكی (شوالیە) بەناوی((سر ریچارد دیكلین)) لەشاری((ویكز))، ئەوان زۆر دەگریان. خواردن و خوارنەوەی باشیان بۆ دەهێنان بەلام هیچیان نەدەخوارد لەكاتێكدا خەریك بوو لەبرسانا دەمردن.لەئاكام دا كچەكە دانی بەوەدانا كە چاویان بەلۆبیا كەوتووە كە كۆمەڵێك خەریكی لێكردنەوەی بوون بەئیشارەت حاڵی

کردن کە لۆبیایان دەویٚ کاتیٚ لۆبیایان دا بەوان، ئەوان لەجیاتی بەرگی لۆبیاکە لێبکەنەوە ساقەتەکەیان کردەوە لۆبیایان نەبینی. دووبارە دەستیان کردە گریان. ئەوانە شاهیدی بەسەرهاتەکە بوون بەرگی لۆبیاکەیان بۆ کردنەوە، دەنکەکانیان نیشانی ئەواندا. ئەوان خۆشحاڵبوون و لۆبیاکەیان خوارد. هیچ خواردنێکی تریان نەدەخوارد. کوڕەکە بەردەوام خەمبارو بێزار دەهاتە بەرچاو، پاش ماوەیەکی کەم مرد. بەلاّم کچەکە سەلامەت و خۆشحاڵبوو بەباشی دەژیا. پاش ماوەیەك فێری هەموو خواردنێك بوو، وردەوردە ڕەنگی سەوزی پێستەکەی بەرەو نەمان دەچوو. دوایی ئەویان شۆرد سالاّنێك لەخزمەتی (شەوالیە) درێژەی بەژیاندا. کچێکی گوێگرو ئازاو توندو تۆڵبوو. کاتێك خەڵك لەبارەی سەرزەویەکەیانەوە پرسیاریان لیٚ دەکرد، دەیوت ڕەنگی پێستی هەموویان سەوزە ئەوانە خۆر نابینن((تەنیا لەڕووناکی دوای خۆرئاوابوون سوود وەردەگرن)) لەویان دەپرسی چۆن لەگەڵ براکەی هاتنە ئێرە ؟ وتی : لەکاتێکدا حەیوانەکانی خۆیان پارێزگاری دەکردو بەدوایاندا دەڕۆیشتن، گەیشتنە ئەشکەوتێك و چوونە ناوی. دەنگی زەنگێکی خۆشیان دەبیست، زیاتر چوونەپێش و سەرگەردان بوون.سەرئەنجام گەیشتنە لێواری ئەشکەوتەکە لەوێوە هاتنەدەر لەبەر ڕووناکی بەهێزی ڕۆژ، دەرەجەی گەرمی نائاسایی وبە هەوا بێهۆش بوون، ماوەیەکی زۆر هەروا مانەوە. سەرئەنجام لەدەنگەدەنگی خەڵك کە لەپشت سەریانەوە بوون، سەریان سووڕما ویستیان بفڕن. بەلاّم ڕێگەی ئەو ئەشکەوتەیان نەدۆزیەوە و ئەسیرکران.

کاترین بریگز تێگەیشت کە لۆبیا بەجۆرێکی نەریتی خواردنی مردووەکانە ڕەنگی سەوز دووبارە ڕەنگی ڕەگەزی((سلت))ەو پەیوەندە بەمردووەکانەوە، دیارە ڕەنگێکە کە پەیوەندە بەنزیکی مرۆڤە بچووکەکان و جارجار بەکەسانی دەفرەفڕیوەکانەوە.هاتنی ئەو منداڵانە بۆ سەرزەوی لەڕێگەی ئەشکەوتێکەوە بوو کە ڕووناکی ناو ئەو بەئاوابوونی خۆر دەردەکەوت. ئەم کچە سەرزەوی خۆیان بە((سنت مارتین))ناودەبرد، دەیوت دانیشتوانی ئەویّ مەسیحین، هەروەها سەرزەوی پەریەکان جارێك لەگەڵ دنیای ئێمە یەك دەگرێتەوە ڕێگە بەمرۆڤەکان ئەدات لەدنیای یەکتر پرسە بگێڕن، بەڵام بەردەوام ئەو هەلەناڕەخسیّ بگەڕێنەوە سەرزەویەکەی خۆیان.

هەرچەند مرۆڤەکان لەگەڵ هەموو بۆچوونەکان هاودەنگنین، باسکردنی شاری پەریان تاکو ئاستێك لەیەك دەچیّ. دیارە لەڕێگەی تەپۆڵکەکان یان کەلەبەرو درزی زەویەکان بەویّ دەگەن، کاتیّ کەسێك دەچێتە سەرزەوی پەریەکان جێگای جوان و بیناو خانووی نایاب و لەهەر ڕوویەکەوە بیّ هاوتا دەبینن.ئەم دەستەو کۆمەڵەی من بەسەرهاتەکەیانم باسکردو لێکدایەوە دیارە بەویستی خۆیان هاتووچۆیان کردووە. بەڵام لەزۆربەی ئەفسانەکاندا هاتووە کەسانێك بیّ عەقڵی دەکەن لەخواردنی پەریەکان دەخۆن یان بەجۆرێك تێکەڵ بەوان دەبن بۆ هەمیشە دەبنە دیل و ئەسیری ئەوان ئیتر بەئیرادەی خۆیان ناتوانن بگەڕێنەوە ژیانی ئاسایی خۆیان.

کاتێک سەماو مۆسیقای پەریانە کە سەرنجی مرۆڤ بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ و بەلای خۆیدا جەزبی دەکات. ئەو کەسە ئاگای لەخۆی نامێنێت، دەچێتە ڕیزی سەماو هەڵپەرکێی پەریەکان. کاتێ کەوتە نێو جەرگەی ئەوان، ئیتر ناتوانێ خۆ لەوان ببوێرێ خۆیانی لێ لابدات، هەرچەند زۆر ئارەزووی ئەوەی نییە لەنێو بازنەی هەڵپەرکێکەدا بێتەدەر، چونکە لەو حاڵەتە چێژ وەردەگرێ. لەئەفسانەکاندا هاتووە کەسانێک بوون کە دوای ماوەیەکی درێژخایەن، بۆ نموونە دوایساڵێک یان دوو ساڵ هاوڕێیەکیان ئەویان ڕزگارکردووە. ئەوکەسە دەبوا جلەکانی هاوڕێ دیلەکەی ڕابکێشایە بۆئەوەی نەکەوێتە داوی پەریەکانەوەو نەچێتە نێو بازنەی سەماکەوە. یان پێش ئەوەی ئەوکەسە لەوێدا بێنێتەدەر، دەبوا پارچە ئاسنێکی لەلاشەی ئەو بدایە،((سوودی ئاسن بەنیشانەی هێزی پارێزگاری دژی پەریەکان، لەپێشدا باسکراوە)).ئەو کەسەی ئازاد ئەکرێ وا دەزانێ تەنیا چوار پێنج خولەک سەمای کردووە نەک یەک دوو ساڵ. کاتێ بەوکەسە دەوترێ تەماشای پێڵاوەکانی بکات لەپێشدا تازەبوون ئێستە کۆن و لەبەریەک هەڵوەشاون، تازە باوەڕدەکات کەچ شتیکی بەسەرداهاتوەجاربەجار ئەوانەی سەریان لەشاری پەریان ئەدا ماوەیەکی درێژخایەن کە لەوانەیە دووسەد ساڵی ماوەی ژیانی مرۆڤ بێت، لەوێ ژیانیان بەسەردەبرد، بەڵام خۆیان وا تێدەگەیشتن ماوەیەکی کەم لەوێدا ماونەتەوە. لەئەفسانەکانی ئسکتلاندیدا باسکراوە،دوو شمشاڵ ژەن دەچنە قەڵایەک لەسەر تەپۆڵکەیەک شمشاڵ بۆ کۆمەڵێک جنۆکەو پەری لێئەدەن وا

دەزانــن ماوەیــەکی کەمــە بــەڵام کــاتێ دەگەڕێنــەوە مــاڵ بەوپــەڕی سەرسووڕمانەوە دەزانن سەدساڵە لەوێن، دوایی دەچن بۆ کلیسا کاتێ قەشە خەریکی خوێندنی ئینجیل بوو، ئەوان بوون بەخۆڵ. دەڵێن کاتێ ئەو کەسە دەگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆی، کاتێ خواردنێکی خوارد، ئەو ڕووداوە ڕووئــەدات. کــاترین بریگــز ئــەم ڕووداوە چــۆن تــەعبیرو لێکدانــەوەی لەســەردەکات کــە شــاری پەریــەکان دنیــای مردووەکانــە کەســانێك دەچــنە نــاوی دەمــرن، کــاتێ دەگەڕێنــەوە تــەنیا لاشــەیەکی خەیاڵی لەگەڵ خۆیان دەهێنن، کاتێ لەگەڵ ڕاستیدا بەرەوڕوو دەبن، دەبن بەخاك و خۆڵ. لەیەکێك لەئەفسانەکاندا باس دەکات و دەڵێ : پیاوێـك کـە چـەند سـاڵێك لەشاری پـەریان بەخۆشـی و شـادی ژیـابو، لـەبیرێکی تایبـەت ئـاوی خـوارد، یەکـسەر خـۆی لەسـەر تەپۆڵکەیـەك بینییــەوە لــەویلز. بەبۆچــوونی ئــەو گوایــە چــەند خولــەکێك لەوێــدا ژیاوە.واتەشاری مردوان یاخودپەریان.

کەسێك بـە هەڵـە تێپـەڕبوونی زەمـان تیدەپـەرینیت، کەسـانێك لـەکاتی ڕووداوێـك یـان نـوقم بـون لـەئاودا، لـەمردن نزیـك دەبنەوە،سـەرەنجام حاڵیان باش دەبێت، دەڵێن کە لەماوەیەکی کەمدا هەموو ژیانیان هاتۆتە بەرچــاویان. کەســانێك کــە مــادەی هۆشــبەر بــەکاردەهێنن، تووشــی بێئاگـــــایی دەبـــــن، وا دێـــــتە بەرچـــــاوی ماوەیـــــەکی زۆری تێپەڕاندووە.((تۆماس دیکو ئینسی))نووسەرێکی چەرخی نۆزدە تریاك دەخوات تاقیکردنەوەی خۆی لـەو بـوارەدا لـەکتێبی((دانپیانـانی تلیـاك کێـشێکی ئینگلیـزی))نووســی، ڕووداوو خەونــەکانی چـاپکراوی ئـەو

ماوەی دە بۆ شەست ساڵ درێژەی هەبوو. ئەو کەسانەی تاقیکردنەوەیان لەچوونە نێو دەفرەفڕیوەکاندا هەیە لەوکاتەدا تووشی کێشە دەبن، ئەوان دیارە وا هەست دەکەن یەك دووسەعات بووە، بەوان بوترێ ئەو ماوەیە چوار سەعاتبووە، بۆ ئەو دووسەعاتەی تر هیچ قسەیەکان نییە. ئەگەر ئەو کەسە خەواندنی موگناتیسی واتە(هیپنۆتیزم) بکەن، لەوانەیە تێبگات کە بەسەرهاتی مرۆڤ ڕفاندن لەلایەن سەرنشینەکانی دەفرە فڕیوەکانەوە بووە. کە ناوەڕۆکی ئەوە لەبیروهۆشی ئەودا نەماوە وردەکاری ئەوە لەمێشکی ئەودا سڕاوەتەوە. هەر ئەو مەسەلە لەبارەی ئەوانەی سەردانی شاری پەریانیان کردبوو دێتەپێش سەرەنجام تێدەگەن کاتێکی زۆریان لەدنیای ڕۆح دا بەسەربردوە.

داستان و بەسەرهاتی کەسێکی شادوو سەرخۆش لەکاتی سەماو هەڵپەرکێ لەگەڵ پەریەکان لەکاتێکا هاوڕێکانی لەدەرەوەی ئەو بازنەیەدا هەوڵ ئەدەن ئەو ڕزگاربکەن، نیشانی ئەدات کە دنیای پەریەکان لەگەڵ دنیای ئێمە چەندە لەیەك نزیکن کەسانی ڕزگارکەر دەتوانن ئەوەی سەما دەکات و هەڵدەپەڕێ، ببینن، بەلاّم ئەو لەدنیایەکی ترەوە سەیردەکات کە ئەندازەیەکی زۆر جیاوازی هەیە. نزیکی دنیای ئێمە لەگەڵ دنیای پەریەکان کە زیاتر لەحیکایەتی مرۆڤەبچووکەکاندا ئیشارەتی پێکراوە((هەروەها کێشەی تێپەڕبوون لەدنیایەکی تر، بەتایبەت لەدنیای ڕۆحەوە بۆ دنیای مرۆڤ)) ئەم لایەنە

لەداستانی بەرگدروویەکی ئیرلەندی بەناوی((پاتریك واترز))بۆ ((ئیوانز ونتز))ی باسکردووە، دەبینریٚ.

لەم ناوچەیەدا کچێك لەشەوی بووکێنیدا سەمادەکاو دەمریٚ. دوای مردنی بەردەوام لەبەردەم مێردەکەیا پەیدا ئەبیٚ و بەو دەڵیٚ((لەڕاستیدا من نەمردووم، تەنیا بۆماوەیەك لەتۆ جیابوومەتەوە، لەوانەیە ماوەیەکی درێژبخایەنێت، یان ماوەیەکی کەم بێت، ناتوانم بڵێم. باری من ئەوەندە خراپ نییە. ئەگەر دەتەویٚ من بەدەست بێنیتەوە، دەبیٚ لەکەناری ئەو چاڵەی نزیکی ماڵەکەدایە بوەستیت، کاتێك من بەوێدا تێپەڕدەبم، من بگریت. چونکە من هەر لەونزیکانە دەژیم و تۆ دەبینم، بەلاّم تۆ ئێمە نابینیت. پیاوەکە زۆر ئارەزووی بوو ئەو کچە بێنێتەوە وچرکەیەکی بۆ گەیشتن بەو چاڵەبەهەدەر نەدا،کاتیٚ گەیشتە ئەویٚ، کۆمەڵێکی نەناسراوی بینی کە لەوێوە ئەهاتنەدەر، زۆری پێنەچوو کچەکە دەرکەوت. بەلاّم ئەو پیاوە نەیتوانی بچووکترین جووڵەبکات، تاکو کچەکە ڕزگاربکات. ئەنجام هاوارێك پەیدابوو وکچەکە ڕۆیشت.، پیاوەکە بەدڵنیاییەوە باوەڕی بەوە کردو هەرگیز ژنی نەهێنا.

لەدنیای ئەمڕۆی ئێمەدا جارجار ڕووداوی سەیرو سەمەرە ڕووئەدات کە نیشانەی نزیکی ئێمەیە لەگەڵ دنیایەکی تر، دنیایەك کە بەجۆرێکی ئاسایی ناتوانین ئەو ببینین و لەگەڵ دنیای ئێمەدا تێکەلاّویەکی نییە. ئەو کەسانەی توانای ڕۆحیان هەیە. تاکو ئاستێك دەتوانن ئاگاداری ڕاستیەکان بن.کە بەرامبەر کەسانی تر ڕوودەدات، لەوانەیە ئێمە جێگەی ژیانمان لەگەڵ بوونەوەرێکی تربیت کە بۆ ئێمە جێگەی بینین

نین، بەڵام بەشدارین. خانم((کلرکنتلون))کە ماوەیەك کاری بەڕێوەبەر بوو، بۆ پزیشکێکی دەروونناسی ((ناندر فودور))ئاوا باسدەکات.

ماڵ و حەوشەکەی من جێگەی ڕمبازی و تەراتێنی جنۆکەوپەریەکانە. ڕۆژێك کوڕە تەمەن دە ساڵەکەم((رابین))، بەشێواوی بەدوای مندا هات و وتی : بەرازێك لەژوورەکەی ئێمەدایە، بەڵام ئەو جنۆکەیەکی قەڵەوی زەبەلاحبوو کە لەسەر کورسییەکە دانیشتبوو، ڕواڵەتێکی ترسناك و ناشیرینی هەبوو، ڕۆژێکی تر بۆخۆم هەراوهۆریایەکم بیست لەنێوان نووزەی سەگێك و مرەی بەرازێك وا بیرم دەکردەوە سەگێکە پەلاماری پشیلەی داوە. هەفتەیەك لەوە پێش کاتێك دەمویست چراکە کزبکەم جنۆکەیەکم بەچاوی خۆم بینی، تەماشای لەرینەوەیەکم دەکرد کە دەیویست بەتەنافی پەردەی پەنجەرەکەدا بچێتەسەر، کەوتە خوار من پێکەنیم بەگرژی تەماشایەکی کردم و لەبەرچاو ون بوو.

کچە یانزە ساڵەکەم توانایەکی ڕۆحی هەیە ماوەیەك لەمەوپێش جنۆکەیەکی دیبوو لەسەر قەنەفەکە دانیشتبوو بەچەکوچ دەیدا لەئەڵقەیەك، ئەو دزداشەی لەبەردا بوو ڕیشێکی سپی درێژی هەبوو.

کەسانێك کە هێزی ڕۆحیان لاوازە، لەوانەیە چاویان بەڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو بکەویٚ کە هۆکاری بوونی بوونەوەرێکی تر بێت لەدنیایەکی تردا. لەوانەیە هەموو ئێمە توانای ئەوەمان نەبێت جنۆکەو پەری و مرۆڤەبچووکوکان ببینین، چونکە ئەوانە بەشێوەیەکی سروشتی لەئێمە نادیارن، بەڵام جاری وا هەیە لەکاتێکی نەویستراودا، لەناکاو

دەردەکـەون و دووبـارە ون دەبـن. خـەم دەخـۆم کەبۆچـی نـاتوانم بـۆ کەسـانێك کـە چوارچـێوەی تێگەیـشتنیان زانـستە، دروسـتکراوێك بـەکاربهێنم کـە نیـشانی بـدات بۆچـی ئـەو بوونەوەرانـە نادیـارن یـان نیوەیەك لەمادەن ئەم لایەنە لەدنیایەکی تـردا بۆزانایـان و فەیلەسووفان بـەجێ دەهـێڵم تـاکو خۆیـان بـچنە نێـو ئـەو وردەکاریـە. تـەنیا شـتێك لەدەسـت مـن دێـت، باسـی ئـەو بەسـەرهاتانەیە کـە شـاهیدان باسـیان کـردووە، بـۆ نموونـە لـەنیوەی چـەرخی هەژدەهـەم، بـاوکی رۆحـی((رۆبـەرت هیـوز))بـەیانی زوو دەگەڕێتـەوەماڵەکـەی لـەویلز کۆمـەڵێ پـەری بەسـواری ئەسـپە بـچووکەکانیانەوە دەبـینێ، ئـەو ئـەم داستان و تەبەسەرهاتە بۆ دکتۆر((جان ریز))باسدەکات دکتۆر جان ریـز ئـەوە لەکتێبەکـەی بـەناوی داسـتانی (سـلت)ەکانـدا، دەنووسـێ((ئـەو بەبیری دێنێتـەوە کە لـەناکاو چاوی برپـە شـەقامێك شـەقامەکە چۆڵبو بەلاَم کەمێك دوای ئەوە رووناکیەك دێتەبەرچاویدەس سوارێکی بـچووك دەبینێ))پیاوێکی تـر کە لەدوورگەی مـان دەژیـان بـۆ چـەند چرکەیەك پەریەکانی دیبوو.

نزیکـەی سـی و چـوار سـاڵ لـەوە پـێش، کـاتێ ئـەو پیـاوێکی تەمـەن بیـست و سێ ساڵە بووە، لەسـەعات دەی بـەیانی ڕۆژێکـی هەتاووگـەرم لەکاتی هاویندا، لەبەشی ڕۆژئاوای((گلن ئالدین))نزیکی وێرانەیەك لەسەر چیمەنەکە دەگەڕا لەناکاو وەستا تـاکو پـێ نـەنێ بەشتێکا لەبەردەمیدا، ئەوانـە پێـنج بوونـەوەری بـچووك بـوون کەدەسـتیان لـەنێو دەسـتی یەکـدابوو بەشـێوەی بازنـەیی هەڵدەپـەڕین و سـەمایان دەکـرد، بالاَیـان

نزیکەی سی سانتی مەترو ڕەنگی پێستەکەیان خۆڵەمێشی بوو، وەك کارگ وابوو وا دەهاتە بەرچاو کە ڕووی پێشەوەیان هەڵاوساوبوو لاشەو ئەندامەکانی لەشیان و چاوەکانیان بەباشی دەبینرا، کاتێ سەمایان دەکرد، سەریان دەجولاند ئەوان دیاربوو کە پیاون، چونکە جوولەی بەهێزیان وای دەردەخست، دوای ئەوەی ماوەیەك تەماشای کردن، لەبەرچاوی ونبوون ئیتر لەوێدا لەگیا زیاتر شتێك نەدەبینرا. ئەو پیاوە کە وای دەزانی بیروهۆشی یان چاوەکانی ئەویان بەهەڵەدا بردووە، یەك دووڕۆژ بەیانیان دەچووە ئەو جێگە تاکو دووبارە ئەوانی بینیەوە، بەلاّم ئەمجارە لەترسی ئەوەی گاڵتەی پێنەکەن لای کەس باسی نەدەکرد.

بەتەواوی بەو دەلیلەی کە پەریەکان و مرۆڤەبچووکەکان لەناکاو ون دەبن دوای کەمێك دەبینرێنەوە، بەو مەنایە نییە کە بینەر تووشی هەڵەی فکری و چاوو خەیاڵ نەبووە، لەڕاستیدا ئەم جۆرە بینینە لەوانەیە ڕێگەی دیمەنی ئەم بوونەوەرانە خۆ لادان و خۆ دزینەوەی قاچ بێ بۆ مرۆڤ لەساڵی ١٩١٢ دکتۆر((رۆبرت ئیرنست دیکهۆف))بۆ ماوەیەکی کەم ئەو مرۆڤەبچووکانەی دیبوو کە یەکسەر لەبەرچاو ونبوون، بەلاّم کەمێك بەئارامی.

ئەم بەسەرهاتە لەساڵی ١٩١٢ لەناوچەیەك لەشاری کلن، لەئەڵمان ڕوویدا. ئەو کاتە تەمەنم هەشت ساڵ بوو، بەلاّم ئێستەیش هەموو ئەوشتانەم لەیاد ماوە، ڕۆژێك لەپەنجەرەی بیناکەوە تەماشای حەوشە چۆڵەکەم دەکرد. هەرگیز بیرم لەشتێکی تایبەت و غەیرە ئاسایی نەدەکردەوە، بێمەبەست تەماشای دەرەوەم دەکرد. لەژوورەکەمدا تەنیا

بووم لەپشت سەرمەوە قەنەفەیەکی گەورەی لێبوو، یەکجار ڕووم وەرگێڕا دوو بوونەوەری سەیروسەمەرەم بینی کە لەسەر گۆشەی قەنەفەکە دانیشتبوون. بالآیان لەسەد سانتی مەتر زیاتر نەدەبوو. ئەوان شێوەیان لەیەك دەچوو، لاشەیان وەك مرۆڤ و ڕەنگی پێستیان قاوەیی و ڕووناك بوو. لەبەرئەوەی پێنەکەنین، نەم زانی دنیایان هەیە یان نە. ئەگەر جلیشیان لەبەردابووبێ، لەوانەیە لەڕەنگی پێسەکەیان بووبێت و بەدەن چەسپ. بەلآم وا دەردەکەوت ئەوانە میوانێکی ڕووتەڵن.

پێش ئەوەی ڕوویان لێوەرگێڕم، نەمزانی ماوەی چەندە تەماشای ئەوانم دەکرد. بەلآم دوای ئەوەی کەمێك بەیەکەوە سەیری یەکترمان دەکرد، ڕووداوێکی سەرنج ڕاکێش ڕوویدا، دیاربوو تێگەیشتن من ئەوان دەبینم مات وبێدەنگ ونبوون. ئیتر ئەوانم نەدیەوە، بەلآم لەوانەیە ئەوان بزانن لەدەوروبەری منن خۆیان نادیارهیشتەوە.

زۆر ئارەزوو دەکەم بزانم ئایا ئەوانە لەسەر زەویەکی ترەوە هاتبوون ؟ لەوانەیە دەفرەفڕیویشیان هەبێ، بەلآم من هیچم نەبینی.

کۆمەڵێك لەمرۆڤەکان کە دەفرەفڕیوەکانیان دیوە، دەڵێن کەشتیەکی هەوایی بەوجۆرەی هەموو باوەڕیان هەیە، بەتەواوی (ڕەق) نییە. لەساڵی ١٩٧٧،((جنیفراف. کنفلید))لەگەڵ مێردەکەی لەهەیوانی خانووەکەیان لەسنووری نیویۆرك لە پەنسلوانیا دانیشتبوو سەعات حەوت و نیوی دوای نیوەڕۆ بوو، لەناکاو چاوی کەوت بەڕووناکیەك کە بێ هەراوهوریا پەیدابوو. خانمی کنفلید دووربینەکەی هەڵگرت. لەبەرئەوەی لەدوور نەی دەتوانی لێی تێبگات. کەشتییەکی (ڕەق)ی

بینی کە دووچرای گەورەی بەپێشەکەیەوە بوو ژوورێکی کوپەیی سەربەرەوخوار بەرەنگی خۆڵەمێشی یان سپیەکی شێوە خۆڵەمێشی بووە. ئەو دەڵێ:

چەند کەسێکی تریش ئەم هەلەیان دەست کەوتووە کە بەدووربین ئەو شتە ببینن. کاتێ گەیشتە یەك کیلۆمەتری ماڵەکە، مێردەکەم وتی :((بەمن مەڵێ : دەبێ بەو دەفرەفڕیوە سوورێك بگەڕێم !))دەفرەفڕیوەکە وەك ئەوەی نمیایش بدات یەکسەر نەماو ونبوو. نە بۆ سەرەوە نە بۆخوروو نە بۆ ڕاست وچەپ جووڵەی نەکرد. ڕاستەوخۆ نەما ! هەروەها کە وتم ئاسمان هەور بوو هەورەکەیش زۆر نزم بوو. ئەو دەفرەفڕیوە لەخواری هەورەکەوە بوو.

لەساڵی ١٩٧٢، چەند ساڵێك پێش ئەو بەسەرهاتەی سەرەوە، پیاوێك لەڕوبارێك لەباکینگهام لەبەریتانیا خەریکی ماسی گرتن بوو وێنەی شتێکی قەوسی لەنێو ئاوەکەدا بینی، بەلام شتێك لەئاسمان نەدەبینرا. دووبارە تەماشای ئاوەکەی کردەوە، وێنەی شتێکی سوورمەیی ڕەنگی بینی کە دوو سەری بازنەیی هەبوو لەڕۆیشتنا بوو، دووبارە سەیری ئاسمانی کرد دوای دە دوانزە چرکە ئەو شتە سوورێکی داو لەبەرچاو ونبوو. لەساڵی ١٩٨٣ بەسەرهاتێکی ئاوا بۆ من و مێردەکەم((کۆلین))ڕوویدا.لەسەر پردێك کە بەسەر کەناڵی((ورستر))و بیرمنگام بەسترابوو، وەستا بووین وێنەی کەناڵەکەو رستۆران و بەلەمەکانی نێو ئاوەکەما دەگرت ڕۆژێکی هەتاوو گەرم و ئاسمانی ساف و بێ هەور بوو. شتێکی نائاسایمان نەدەبینی، بەلام چەند ڕۆژێك

لـەوەدوا کـە وێنـەکان تـەواوبوون. بـەجۆرێکی سـەیر کۆمەڵـە هـەورێك لەئاسمان دەبینرا لەوەدوا وێنەیەکی ترمان لەجێگەیەکی تر نەگرتبوو، مەسـافەی گـرتنی وێنەکـەیش کـەم بـوو. بەهـەرحاڵ ئـەوەی وەك هـەور دەبینرا دەفرە فڕیوێکی یان بوو ئارام، ئەگەر دەفرەفڕیوە بۆ چاوی مرۆڤ توانای بینـینی ئـەوی نـەبووە ئەگـەر دەفرەفڕیـو بوو بێـت لـەماوەی چـەند چـــرکەیەك هـــاتووەو ڕۆیـــشتووە. کـــەس نـــاتوانێ بڵـــێ لـــەکاتی وێنەگرتنەکـەدا کێـشەیەك دروسـتبووە. هەرچـی بـوو مەسـەلەی وێنەکـە لای ئێمە شاراوە بوو. لەوانەیە فلیمەکە شتێك کە بەتەواوی لەئاستێکی بینینـدا بـووە وێنـە بگـرێ، شـتێك کـە بەچـاوی مـرۆڤ نـەبینرێ.جارجـار دووربینەکە وەك هەڵەیەکی ڕۆحی شتێك بگری کە وێنەگر ئەوە نـابینێ، ئـەم مەسـەلەیە سـەرهەڵدانی ئەوەیـە لەهـەل و مـەرجی تایبـەتی لایـەنی دنیایەکی تر لەسەر فلمەکە نیشانی ئەداو دەیگرێ. بەڵام سوودی نـی یەسـوریك بـدەین بـەو هیوایـە کـە لەولایەنـەوە مرۆڤـە نەبینراوەکان بـەر وێنەگرتنەکـــە بکـــەون و وێنـــەبگرین.ئـــەم ڕووداوە بەهەڵکـــەوت ڕوودەدات،کە شتێکی وا ڕووبدات.

ئەگەر دنیایـەکی تـر یـان سـەرزەوی پەریـەکان، دنیایـەکی نادیـار یـان هەرچـی پێـت خۆشـە نـاوی بنێیـت، ((ئەوەنـدە لەئێمـە نزیـك بێـت تـەنیا بەربەستێکی تەنك و ناسك لەیـەکی جیاکردبینـەوە)) هەر ئەو بەربەسـتە دەیـسەلمێنێ کـە لەوانـە نییـە مرۆڤایـەتی بتـوانێ بـچێتە نـاوی. مەگـەر ئـەوەی لەچرکەیەکی تایبـەت و هەلومـەرجێکی جیـاواز بێتـە پـێش کـە مـــرۆڤ بتـــوانێ بـــەجوانی تەماشـــای ئـــەوێ بکـــات. ئاســـاییە ئێمـــە

بەئەندازەیەك كێشەی فكریمان هەیە كە دەبێتە بەربەست تاكو ئەو شەپۆلە دووروو ئاساییە یان لەوەرگرتنی ئەوكارە بگەین. بەكارهێنانی وەرگەڕاوەی (بەربەست) لەوانەیە سەر لێ شێواوی بێت. ئەگەر دنیایەكی تر لەنێو هەواو ئاسمانی ئەم دنیای ئێمەدا خەریكی ئیشی خۆی بێت، بەربەستی شێوازی خەیاڵی و دوور لەڕاستی بەخۆیەوە دەبینێ دەبێتە هۆكار هەلو مەرجی ئاسایی و ڕووناكبینی بۆ ئێمە دروست نەبێت.

هەرچەند هەموو ئەم بۆچوونانە فەرزكراوو بەتەواوی لەسەر ئەساسی كۆمەڵێ تاقیكردنەوەو ڕووداوە، هەواڵی هاوشێوە لەگۆشەو كەنارەكانی دنیاوە گەیشتووە، هەواڵێك لەڕووداوێك كەنیشانی ئەدات شتێكی نا ئاسایی لەگەردون ڕوو:داو یەك جارو بۆیەك چركە، حاڵەتێكی بینین بۆ مرۆڤ دێتەپێش تەماشایەكی كورت بەبوونەوەرێكی تر ڕووئەدات، دوای ئەوە هەموو شتێك دەچێتەوە باری ئاسایی خۆی زۆرینەی خەڵك لانی كەم یەك ڕووداوی سەرسوسەمەرە دێننەوەیاد كە هیچ لایەنێكی گونجاوی نییە پەیداكردنی ئاڕاستەكەیش بۆیان زەحمەتە((یەك جار شتی ماڵ وندەبێ و دووبارە دەبینرێتەوە!!)) گوایە بوونەوەری شەڕانی و بێ حەیا خەیاڵی گاڵتەپێكردنیان هەیە، یان كاتی وا دەبێت ئەو بوونەوەرانە بەسوودن، وەك قاوەیی پێستەكانیان لە ناوماڵدا لەداستانی پەریان. لەكۆتایی دەیەكانی ١٩٥٠، قەشەیەك و هاوسەرەكەی لەژوورێك لە((دیون))دادەنیشتن، ڕۆژێك ژنەكە شلەی خستەسەر ئاگرەكەو ویستی ئاگرەكە بكاتەوە بەڵام هۆشی لای خۆی

نەبوو ئاگرەکە کوژابووەوە. کاتێ گەڕایەوە ماڵ بینی ئاگرەکە کراوەیە شلەکە کولاوەو لەسەر ئاگرەکە قولپ ئەدات، تەواوی ئەو ڕۆژە بەرەو ڕووی ژوورەکە بوو کەس نەهاتبووە ئەوێ، ڕۆژێکی تر ژنەکە لەبیری چووبوو قابلەمەکە لەسەر ئاگرەکە دابگرێ، کاتێ هاتەوە یادی وا تێگەیشت ئێستە هەموو خواردنەکە سووتاوە. کاتێ بەخێرایی گەڕایەوە ماڵ، بینی قابلەمەکە لەسەر ئاگرەکە لابراوە لەزەویەکەدایە، جارێکی تر کاتێك لەدەرەوەی ماڵەکە لەبەرخۆردا دانیشتبوو درووماني دەکرد، دوو دەرزی ونکردو دەرزی دانەکەیشی لێ ونبوو.

لەبارەی گومانەوە، ژنێك ساڵانێکی زۆر لەئیدارەی نامەبەریدا لەگوندێکی ناوچەی ویلز ئیشی دەکرد، ئیشی دووەمی دوکانداری بوو، هاوڕێیەکی نادیاری هەبوو، هەر بەیانیەك دەچووە دوکانەکەی، دەی بینی خۆڵ و خاشاکی ڕۆژی پێشوو کۆکراوەتەوە هەموو جێگەیەك خاوێن کراوەتەوە، ئەو دەیوت:

هیچ کاتێ لەوە تێ نەدەگەیشتم، بەڵام بەهەرحاڵ سوپاسم دەکرد. هەر لەبەرئەوە فێربووبووم زۆر بەدوای چەندایەتی و چۆنایەتیدا نەگەڕێم و تێ ڕانەمێنم. بەدەنگی بەرز سوپاسی ئەو کەسەم دەکرد کە ئەو ئیشەی بۆ کردووم. بانگم دەکرد و سوپاسیم دەکرد. ناوم نابوو بیلی، دیارە پیاو بووە تاکو بەو ئیشەی کەسایەتیەك بەوبدەم، ئەو تەنیا یەکجاریش منی لەبیر نەکرد، کاتێ خانەنشین کرام،((بیلی))ڕۆیشتوو نەما، چونکە دەیزانی ئیتر پێویستم بەخزمەتی ئەو نییە.

دیارە ناتوانم ئەو ڕووداوە ڕاستەوخۆ بدەمە پاڵ پەریەکان، بەڵام ئەوە شتێکە کە دەبێ پەریەکان هۆکاربن بۆی. خۆیشم تەجرەبەیەکی خۆم هەیە کە سەرسامی کردووم. کاتێ خەریکی نووسینی ئەم کتێبە بووم، ماڵەکەم لەسەرووی تەپۆڵکەی ویلز بوو شەقامێکی دووردوودرێژ بەلای زەویەکی کشتوکاڵیدا دەڕۆیشت سێ ڕێگەی لێ جیادەبووەوە. بەیانیەکی ڕۆژی فوریە ساڵی ١٩٩١، سەر زەویەکان سەهۆڵبەندان بوو کاتێ دەرگایەکی دەرەوەم کردەوە ناچاربووم بەگێڕی بەگ بەرەو شەقامەکە بڕۆم و بگەڕێمەوە، چونکە هەورازبوو، کاتێ چوومەدەر بەنزینم دایەو ڕۆیشتم، چونکە ئەگەر بوەستامایە سەهۆڵبوو ئۆتومبیلەکە دەخزی و نەدەڕۆیشت لەبەرئەوە نەوەستام دەرگاکە پێوەبدەم، لەزەوی یەکەم ڕەتبووم گەیشتمە زەوی دووەم، دەرگاکە هەر کراوە بوو، لەجێگەیەکی تەخت پێچم کردەوە، چونکە دەرگاکە لەمن دیارنەمابوو، دەبوو بەخێرایی بگەڕێمەوە، پێش ئەوەی مەڕەکان بێنەدەر دەرگاکە پێوەدەم. ئەو ماوەیە چوون و گەڕانەوەم تەنیا یەك خولەکی پێچوو، کاتێ تەماشادەکەم دەرگاکە پێوەدراوە. زۆر سەرم سوورمابوو. بەهەرحاڵ چوومە پێش تاکو بزانم دەرگاکە بەباشی پێوەدراوە یان نا. بەباشی پێوەدرابوو، وانەدەبوو کە با بەو جۆرە پێوەی بدات من باش دەمزانی کەسێك لەو دەوروبەرە نەبوو تاکو ئەو ماوە کەمەی من دەگەڕێمەوە دەرگاکە پێوەبدات و کەسیشم نەدەبینی، هەروەها لەدەرگاکەدا وەستام لەبیرکردنەوەی ئەو ڕازونیازە بووم و تەماشای شەقامەکەم دەکرد، بەڵام کەسێکم نەدەبینی. ئەگەر کەسێك

دەرگاکەی پێوەبدایە ماوەی ئەوەی نەبوو بەو خێراییە لەبەرچاو نەمێنێ و ونببێ، دراوسێکەم کاتێ سەگەکەی دەهێنایەدەر دەرگاکەی بۆ پێوەئەدام، بەلاّم ئەو ڕۆژە لەوێ نەبوو، ڕۆژی دووەم بینیم و پرسیم... ئایا ئەو دەرگاکەی بۆ پێوەدام ؟ وتی: نەخێر، بەهەرحاڵ تەنیا شتێك کە بیرم لێدەکردەوە ئەوەبوو کە دەستێکی نادیار ئەو دەرگایەی بۆ من پێوەداوە.

من دەڵێم نادیار چونکە لەوکاتەدا کەسێك لەوێدا نەبوو، جنۆکەو پەریشم نەدەبینی، نامەوێ بڵێم هەستێکی گەورەی دەروونی من زیاترە لەخەڵکانی ترە، بەلاّم ئەو بەڵگەو شاهیدانە وا دەردەخات کەسانێك کە توانای هێزێکی دەروونیان هەیە، بەختێکی باشتریان هەیە بۆ بینینی جنۆکەوپەری، ڕووداوی نا ئاسایی بۆیان دێتەپێش. منداڵاّن بەنیسبەت گەورەکانەوە لەهەستێکی بەرفراوانتر بەهرەمەندن. لەبەشەکانی پێشوو داستان و ڕووداوەکان لەبارەی منداڵاّن کە مرۆڤەبچووکەکانیان دیوەو باسکران.

لەوانەیە بەو هۆکارە بێت کە ئەوان بەڕێژەی گەورەو بەتەمەنەکان کێشەی زەینی و دەروونییان نییە لەبەرامبەر کاریگەری دەوروبەری دەرەوە لەوەرگرتن، هەر لەبەرئەوە بەجۆرێکی تاك توانایەکی ئاسایی خۆیان نیشان ئەدەن، لەکاتێکدا لەبارەی گەورەکانەوە وانییە، چونکە دەیانەوێ هەموو شتێك بەبەڵگەوە وەرگرن، لەئاکام دا کاتێ منداڵاّن لەجێگەیەکی گونجاوبن، پەریەکان دەبینن، لەکاتێکدا ئەگەر گەورەو بەتەمەنەکان لەو هەلومەرجەدا بن، لەوانەیە شتێك نەبینن.

ئەم بەشەی خوارەوە پەیوەندە بەوەرگرتنی منداڵانە کە لەساڵی ١٨٧٠ لەدوورگەی (ئەسکی) ڕوویدا، دایەگەورەیەك ئاگاداری سێ نەوەی خۆی دەکرد، ڕۆژێك پیرەژنێك هاتە سەردانی و داوای لەمنداڵەکان کرد بەدوایا بڕۆن تاکو شتێکی سەرنج ڕاکێش نیشانی ئەوان بدات، دنیا تاریك و ڕوون بوو، ژنەکە منداڵەکانی بەرەوشەقامەکە برد، لەسەر پێچێك وەستاو وتی :((ئەوانە دەبینن؟)) منداڵەکان لەسەر گردەکە پەرەیکانیان بینی بەجلی سەوزەوە کە بەدەوری ئاگرەکەدا ڕیزیان بەستبوو سەمایان دەکرد. ڕۆژی دووەم منداڵەکان چوونەدەر تاکو ئەو خۆڵەمێشە بەجێماوە ببینن، بەڵام هیچ شتێك لەوەبەجێ نەمابوو، ئەو ژنە پیرەی منداڵەکانی بردبووەدەر، حاسەی شەشەمی توانای دەرروونی هەبوو کە دەیتوانی داهاتوو ببینێ.

لەوانەیە ئەگەر کەسیش لەگەڵ منداڵەکان نەبوایە بەڕێکەوت چاویان بەو بوونەوەرە بچووکانە بکەوتایە، یان لەوانەیە ئەو پیرەژنە توانای خۆی گوێزابێتەوە بۆ لای ئەوان تاکو ئەوانە ببینن، شتی جۆربەجۆر لەئەدەبیات و فەرهەنگی مرۆڤی بوونی هەیە کە کەسانێك توانای ڕۆحیان هەیە لەڕێگەی تایبەتەوە دەتوانن ئەوە بگوێزنەوە بۆ کەسانێکی تر، بۆ نموونە، کەسێك ئاوا بۆ ئەیوانز وێنتز باسدەکات.

لەساڵی ١٧٨٠ تا ١٨٤٠، پیاوێکی پیر بەناوی دیوید لە((نیوچرچ))، ژیانی بەسەر دەبرد، ئەو لەبینینی تارمایی(ئەشباح) لەمەراسیمی کفن ودفن بەسەر زمانی چاك و خراپەوە بوو. ڕۆژێك لەیەکێك لەو ڕێوڕەسمانەدا بە ڕوویەکی خۆشەوە بەهاوڕێکەی وت :((ئەوانە

دەبینی؟ ئەوانە دەبینی؟))هاوڕێکەی وەڵامی دایەوە((نەء))ئەمجارە قاچێکی خستەسەر قاچی هاوڕێکەی وتی: ((ئیستە چی ؟))هاوڕێکەی وەڵامی دایەوە((ئەریٚ دەیانبینم.))

دەڵێن لەوانەیە گەڵای شەوەر (سێپەڕە) یارمەتی مرۆڤ بدات پەریەکان ببینێرێن، بەناوبانگە کە گەڵای ئەوە خاوەنی مەرهەمێکە کە پەریەکان ئەوە دروستدەکەن، هەر کەسێك ئەوە بەچاوی خۆیدا بهێنێ، دەتوانێ مرۆڤەبچووکەکان ببینێ. بەهەرحاڵ جنۆکەوپەری ڕێگەی جیاجیایان هەیە بۆ خۆشاردنەوە لەبەرچاوی مرۆڤەکاندا. پەریەك فوویەکی کردە دەموچاوی پیاوێك کە ئیدیعای دەرکرد دەتوانێ پەریەکان ببینێ، دوای ئەوە ئەو پیاوە هەرگیز نەیتوانی ئەوان ببینێ. پەرییەکی تر لەبەرچاوی پیاوێك کە کۆمەڵێ پەری بەجلی سوورەوە بینیبوو لەکاتی سەماکردنا تفی کردە سەرزەویەکە و بەوی گوت ئیتر هیچکاتێ ناتوانێ ئەوانە ببینێ. دوای ئەوە پیاوەکە نابینا بوو. ئەم داستانە ئەوەی ئەو پیاوە بۆ ئەیوانزی باسکردبوو، وتبووی باوەگەورەی لەتەمەنی لاویدا وزەی بینینی زۆر بەهێز بووە، بەلام چواردە ساڵی کۆتایی تەمەنی کوێرو نابینایان بووە، ئەو درێژەی دابوویە((ناتوانم ڕاشکاوانە بڵێم ئەو دوای ئەو ڕووداوە یەکسەر نابیان بووە یان لەوەودوا، بەلام لەیادمە کاتێ گەنج بوو، هێزی بینینی باشی بووە. هەموان لەو باوەڕەدان پەریەکان هۆکاربوون بۆ کوێربوونی))خەڵکان لەو باوەڕەدان ئەگەر پەریەکان ببینی، نابێ

چاویان لێغافڵ بکەیت، چونکە کاتێ چاو بتروکێنی یان ڕوو وەرگێڕی، ئەوان ون دەبن.

جگە لەوەی مرۆڤ دەبێ وزەو توانای ڕۆحی زۆر بێت یان ئەوەندە خاوەنی بەخت بێ کە گەلآیەکی سێپەڕە پەیدابکات کە بتوانێ پەرییەکان ببینێ. مەرجێکی تریش پێویستە، دەبێ لەکاتی گونجاوو لەجێگەی گونجاودا بیت. دەبێ ئەو جێگە بزانی کە پەرییەکان هاتووچۆی لێوەدەکەن، لەکاتی گونجاودا بچیتە ئەوێ، بۆ نموونە کاتێ دنیا تاریك و ڕوونە، نیوەی شەو، پێش هەلآتنی خۆر، سەرەتای نیوەڕۆ (کە چوار میحوەری شەووڕۆژە)، کاتێ گونجاوی ساڵ، وەك((ڕۆژی کرێکار))،((ڕۆژی هالووبن))...(کە دەرگای تەواوی دنیا کراوەیە). ئەو جێگەیانە لەزەمانی کۆندا پیرۆز بوون و حیسابیان بۆ دەکرا، وەك بەردەهەڵچنراوە بازنەییەکان بەردە گەورەکان و تەپۆڵکەکانی گۆڕستانی مردووەکان، کە دەڵێن بەجۆرێکی ئاسایی خاوەنی هێزێکی زۆرن، هەر لەبەرئەوە جێگەی گونجاوو باشن بۆ بینینی مرۆڤەبچووکەکان. لەوانەیە ئەو بەردانە کە بۆ بیناسازی سوودیان لێ وەردەگیرا زۆر گرنگ بوون، کە بەجۆرێکی ئاسایی لەو جێگەیانەدا بەردی ساف و بریسکەدار بەچاو دەبینرێ. ئەو بەردانە سوودی بریسکەو شەبەقیان هەیە کە بۆتە هۆکاری لێکۆڵەرەوەکانی وزەی زەوی تاکو وردبین بن ئایا بەردی ئەو بینایانە بەهۆکارێکی تایبەت هەڵبژێردراون، بۆ نموونە کاتێ بەکارهێنانی ڕەسم و یاسایەك کە هۆکاری چوونە نێو بەدوای شتێکی ترا دەبێت ؟ دیارە ئەوەیە کە مرۆڤ

لەبارەی ئەم شوێنەوارە کۆنانە و بەردی ساف و بریسکەدار بۆچوونێکیان ڕاگەیاندووە، ئەم داستانە پەیوەندە بە لێکۆڵەرەوەیەك (محقق) بەناوی((پل سکریتون))کە هەواڵێکی ڕاگەیاندووە کاتێ لەشەقامێکی نزیك((کارلیسل))بەڕێگەدا دەڕۆیشت لەسەر بەردێکی ساف و بریقەدار کە لەسەر گیاکە بووە قاچ دادەنێ لاشەیەکی ئاسایی دەبینێ. دادەنەوێ تاکو بەوەردی تەماشای بکات.

نزیکەی نیو خولەك دەستم بەوبەردەدا هێنالەئاکام دا یەك دوو هەنگاو ڕۆیشتم. دووبارە شتێکم بینی بەدووری یەك مەتر لەپێش منەوە دەڕۆیشت. لەشێوەی قرپۆك بوو، وەك قرپۆك بازی ئەدا، بەلاّم بالاّی نەوەد سانتی مەتر دەبوو، ڕەنگی قاوەیی بوو، بەلاّم شێوەیەکی سەیری هەبوو کە ناتوانم سەلماندنی بۆ بکەم. کاریگەری ئەو شکڵ و شێوە وەك وێنەیەکی تەلەفزیۆنی وابوو خەت خەت دەبوو. من واهەستم دەکرد لاشەیەکی لاواز دەبینم ئەوە بەویژدانی لەخۆ بەئاگا تێگەیشتم.

پل ئەسکریتون ئەوەی ناوناوە((جنۆکەی زەوی))لەوباوەڕەدابوو بەردی ساف و بریسکەدار هۆکاربوو کە ئەو بوونەوەرە بەچاو ببینێ دوای دەست لێدانی بەردەکە، ئاستی هوشیاری بەرزتر دەبێتەوە.

بەردی بریقەدارو ساف لەوانەیە بەجۆرێك کاریگەری ئەلکترۆ موگناتیزی تێدابێت کە شتی نورانی ئاشکرابکات، کە بەزۆری بەناوونیشانی دەفرەفڕیوەکان لێکدانەوەی بۆ دەکرێ. وزەی ئەلکترۆ موگناتیزی کە لەودا بریقەدار دەبێ، لەوانەیە بینەر هەستی ترس و گومان بکات ولەئام دا شتی سەیروسەمەرە ببینێ، وەك کەشتییەك

لـەکاتی هاتنـەخوار، بوونـەوەری بێگانـەو شـتی تـر، کـاتێ نـوور یـان ڕووناکی لەنیشانەیەکی دیاریکراوو بینـینی مرۆڤەبچووکەکانن. کەسـی بینـەر بـەدەلیلی بریقـەداربوون وزەی ڕووناکی تووشـی واهیمـەو خـەیاڵ دەبێـت. پـەیدابوونی سـەروکەللەی مرۆڤەبچووکەکان لەوانەیـە بـەدەلیلی بوونی ڕووناکی یـان وزە بێـت کـە بـەهۆی کاریگـەری ئـەو، ئـەو پـەردەیـە لەنێوان ئەم دنیاو ئەو دنیادا نەمێنێ و بچێتەلاوە.

بەسەرهاتێك کە لەنیوەی چەرخی نۆزدە لەکورن وال ڕوویدا. لەوانەیە ئیــسپاتی بکــات کــە پەیوەندییــەکی بــەهێز لــەنێوان تیــشك و مرۆڤەبـچووکەکاندا هەیـە. پیاوێـك لـەبازاڕ دەگەڕایـەوە بـۆ مـاڵ بـەلای چاڵوچـۆڵێکی زۆردا تێدەپــەڕی کــە ڕووناکیــەکی بــینی و دەنگــی مۆسیقایەك وئاوازێکی بیست. کاتێ تەماشـای کرد، جنۆکەیـەکی بینی لەسەرقارچـکیکی چـەتری دانیـشـ.وو فانۆسـێکی بەشـێوەی گـوڵی پیاڵـەیی بەدەسـتەوە بـوو کـە ڕووناکیـەکی سـەوزی بـەلای ئاویـدا لـێ دەردەچوو، کۆمەڵێك پەری بەشێوەی بازنەیی سەمایان دەکرد. پیاوەکە دەیوت:

((من تەماشای ئەوانم دەکرد، ماوەیـەك گـوێم بـۆ مۆسیقاکە ڕاگـرت، ئـەمجار بـەئارامی بـەردێکی گـەورەم هـەڵگرت بـەرەو ئـەوان هاویـشتم و ســواری ئەســپەکەم بــووم و بەچــوارناڵە غارمــداو بــۆی دەرچــووم و دوورکەوتمـەوە. تـا کـاتێ گـەیشتمەوە ماڵەکـەم لـە((مورونـستو))ئـاوڕم نەدایـەوە. بـەڵام کـاتێ بەردەکـە کەوتـە نێوانیـان ئـەو ڕووناکیـە نـەما. بەقسەکەم باوەڕناکەی ؟ بەڵام ڕاستەو درۆی تێانییە، چونکە چەند ڕۆژ

لـەوەدوا کـە گەڕامـەوە ئـەو ناوچـەیە. بەردەکـە هـەر لەوێـدابوو، کـە هاویشتبووم)).

ئەو کە هەموو شتێکی بەباشی بینیبوو، بۆچی بەردی تێگرتوون و بۆچی چۆتەوە هەمان شوێن ؟ بەڕاستی چی ڕوویدابوو ؟ ئایا ئەوەی کە بینیبـووی، بـەجۆرێکی واقعـی ڕوویـدابوو ؟ یـان سەرچـاوەی ئـەو ڕووناکییە بەتەواوی لەفانۆسەکەی پەریەکانەوە بووە ؟ ئایا ئەو لەژێر کاریگـەری هێـزی ئەلکترۆموگناتیسی دابووە کە توانیبـووی پەریـەکان ببینێ ؟ ئایا بەڕاستی ئەوانە لەوێدابوون و فانۆسەکە سەرچاوەی وزە بووە ؟ یان بەتەواوی ئەو جنۆکەو سەمای پەریەکانی لەکاتێکەوە لەژێر کاریگەری وزەی ئەلکترۆموگناتیسیدا بووە، لەخەیاڵی خۆیدا بینیوە ؟ ئەگـەر هێـزی ئەلکترۆموگناتیـسی هـەموو نادیاریـەکی وزە لەڕوانگـەی پەریـەکان یـان ڕاستیەکی تـەواو گومـان لێکراو دەوریـان هەیـە، کەواتـە جـۆری ڕەنگـی زاهـیری پـەری فـەرمانێکی باسـکراوە دەتـوانی بڵێیـت بوونـــەوەری دەرەکـــین کـــە لەدیـــدی بینـــەردا دەوردەبـــینێ.

ڕوونکردنەوەیەکی تر ئەوەیـە کـە مرۆڤەبچووکەکان خۆیـان دەوردەبیـنن بۆئـەوەی مرۆڤـەکان ئـەوان ببیـنن. دەڵـێ، ئـەوان سـیحردەکەن یـەعنی فکری مرۆڤ کۆنترۆل دەکەن. هەروەها (کاترین بریگز) ڕوونیدەکاتەوە، ئەو کاتە مرۆڤ لەشتێك ئاگادار دەبێت و لەوە تێدەگات دەوای پەریـەکان و گەڵای سێپەڕە بۆ لەبـەینبردنی ئـەو سـحرە بەکاردەهێنرێ، بەناوبانگە کـە جنۆکـەو پەریـەکان دەتـوانن بـەئارەزووی خۆیـان لەهـەر شـکڵ و شـێوەیەك بیانـەوێ خۆدەردەخـەن. ئەگـەر مرۆڤەبـچووکەکان بەڕاسـتی

لەدنیایەکی نزیك بەدنیای ئێمە دەژین((ڕادەی لەرزەو جوڵەیان لەگەڵ ئێمەدا جیاوازی هەبێت)) ئەوانە هەموو بەراستی بەرچاودەکەون. لەهەمان کاتدا ئەوانە دەبێ بەجۆرێکی مادی خۆیان نیشان بدەن و بێنە نێو دنیای ئێمە تاکو بتوانین ئەوانە ببینین، ئەگەر ئێمە بتوانین ئەوانە لەسەر شێوەی ڕاستییان ببینین،بە((بەلگەی جیاوازی جوڵەو لەرزەیەکە لەجیهانی ئێمەو جیهانی ئەوانەدا بوونی هەیە)) هەر بەو بەڵگەیە کە هەیکەلی بوونەوەری دەفرەفڕیوەکان کاتێ لەسەرزەوین، کاتیە یان تەنانەت دوور لەڕاستییە. یەکێك لەشاهیدەکان دەیوت ئەو بوونەوەرانەی بەجۆرێك بینیبوو کە ئارەزووی بوو بیبینێ. بۆ نموونە گەر بیویستی بوایە لەسەر شێوەی مراوی بیان بینێ، دەبوون بەشێوەی مراوی یان ((هەرچی ئارەزووی بوایە دەبوون بەوە !))

دیارە بەزەحمەت دەتوانرێ دووپاتبکرێ کە بوونەوەری دەفرەفڕیوەکان و هەموو بوونەوەرەکانی بۆشایی زەوی وەك جنۆکەوپەری لەدنیایەکی نزیك لەدنیای ئێمە دەژین و دەتوانن خۆیان بەشێوەی مادی لێبکەن بەویستی خۆیان بگۆڕن، لەڕاستیدا شێوەی مادی بەخۆوەگرتن خۆی بۆچون دێنێتە ئاراوە، هەرچەند بەڵگەی باوەر پێکراو بوونی هەیە بەتایبەت بینینی تارمایەکان، لەلایەکی دیکەوە شێوەی مادی بەخۆیەوە گرن. ئەم ڕووداوە پەیوەستە بەتارمایی کە لەساڵی ١٩٢٨ لەهیندستان ڕوویدا، خانمی((ئێچ کوهن)) ئەڵمانی کە لە کالج((پونا))وانەی دەوتەوە، ئاگاداری ڕووداوێکی سەیر بوو، ئەوکاتە لەگەڵ بنەماڵەکەی((کتکر))دەژیا کە وا دەبینرا منداڵەبچووکەکانی

ئەوانە بنەمای سەرەکی ئەو سەرهەڵداوەن. خوشکەکەی ئەو دووبارە شتێکی دیبوو. خانمی ((کوهن))بەم شێوەیە باسی دەکاتئەمرۆ ٢٣ی ئەبریل سەعات نۆوچل وپێنج خولەك((خوشکەکەم لەنامەیەکدا نووسیبووی کە کوڕەگەورەی ئەو بنەماڵەیە لەناکاو لەدەرگای ژوورەکەدا دەرکەوت و وەك تۆپێکی لاسیکی لێهات، ئەو بەتوانا بوو، بەلاّم حالّەتێکی سەرسووڕمانی هەبوو، وتی : هەرئێستە لە((کرجت))وە هاتووە. ئەو لەدەرگاوە نەهاتبوو حالّەتی لاشەی زۆر سەرنج ڕاکێش بوو، کاتیّ خوشکەکەم نامەی دەنووسی سەری بەرزکردەوە، ئەو دەبینیّ کە بەپێشا چەماوەتەوە، دەستەکانی بەدەوری لاشەیایەتی، قاچەکانی لەئاستی زەوی بەرزترە، لەنێوان قاچەکانی و دەرگاکەدا ماوە هەبوو وەك کەسێك وابوو پشتێنەیان گرتبیّ و بەرزیان کردبێتەوە بەلای خۆیاندا ڕایکێشن. هەر لەبەرئەوە هیچ هەوڵێکی نەئەدا، بەلاّم وردەوردە بەهێمنی بەرەو خوار دەهات.

ئەم کوڕە جگە لەوەحالّەتێکی (تلەپاتی) ی هەبوو بەڕێگەیەکی نەناسراوو نادیار بەرەو جێگەیەکی تر دەڕۆیشت. ئەم جۆرە بەسەرهاتە سادە نی یە هیچ کەس ناتوانیّ ڕوونی کاتەوە کە چۆن وەها ڕووداوێك ڕووئەدات. لەم روداوەدا هەموو شتێك بەپێچەوانەی داب و نەریتی زانستی یە. هەر لەبەرئەوە ناتوانریّ لەوبارەیەوە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بکریّ.

لەوانەیە کەسانێك کە پێداگری دەکەن سەردانی دنیایەکی تریان کردووە، لێرەدا گۆڕاون بەوزە،لەجیهانی ئیمەدانا مادی و لەجیهانیکی

دیکـەدا دووبـارە مـادی بوونـەوە – هەرچـەند تـاکو ئێـستە کەسـێك نـەیتوانیوە ئـەو ڕازە بدۆزێتـەوە. کەسـانێك هـەن کـە بـەدنیای نادیـارو بـەدنیای ئێمـە نیگایـەکی کورتیـان کـردوە. دیـارە ئـەم حاڵـە لەبۆچـوونە جیاوازەکاندا جێی سەرسورمانە،لێکدانەوەی ئەم بابە پەیوەندی بەهەل و مەرجەوە هەیە، هەرچەند کۆمەڵێك لەوانە هیچکاتێ ناتوانن تیبگەن چونکە هیچ شتیکیان نەدیوە، ئەم باسەی خوارەوە یەکێکە لەوانە.

سەر لە بەیانی نۆی دیسمبەری ۱۸۷۲،((تۆماس.ب . لامپستۆن))و هاوسـەرەکەی کـە هـەردووکیان لـە((لیـدن)) فیـشەکێکی تەقانـدبوو، لەوێزگـەی شـەمەندەفەر((بریـستۆل))لەبـەریتانیا بەتۆمـەتی کـردەوەی تێکدەرانـە دەسـگیرکران. لەڕۆژنامـەی لەنـدەن تـایمز بـەرواری پـانزەی دیـسەمبەر ۱۸۷۲ نووسـرابوو کـە ((کامپیـستۆن)) ئـەو لەگـەڵ هاوسـەرەکەی ڕۆژی پێـشوو گەیـشتنە بریـستۆڵ لەمیوانخانەیەکـدا ژوورێکیان بەکرێ گرت، سەرلەبەیانی تەختی ژوورەکە درزیداو دەمی کـردەوە خـەریکبوو کامپیـستۆن بەزەویەکـەدا بـچێتەخوارەوە، هاوسـەرەکەی ڕزگـاری دەکـات. هـەردووکیان ئەوەنـدە ترسـابوون ناچاربوون لەپەنجەرەکەوە خۆیان فرێدەنەدەرەوەو بەرەولای ویزگەی شەمەنەفەرەکە ڕابکەن، تاکو پۆلیس پەیدابکەن. ڕۆژنامەی دیلی پۆست بریـستۆڵ لەبـەرواری دەی دیـسەمبەر هـەواڵێکی پەیوەنـد بـەدادگایی کردنـی ئەوانـەوەی بلاوکـردەوە، کـامپیتۆن ئەوەنـدە ترسـابوو کـە نەیدەتوانی بەباشی قسەبکات. هاوسەرەکەی کامپستۆن شاهیدی دابوو کە سەرەتای شەو هەردووکیان بەهۆی هاوارێکی گەورەوە خەبەریان

بۆوە، بەتەواوی ترسابوون، بەڵام بەرپرسی میوانخانەکە ئەوان دڵنیا ئەکات کە هیچ شتێك لەئارادانییەو ڕووینەداوە. سەعات سێ بۆ چواری بەیانی،دووبارە ئەو دەنگە دەبیستن، خۆیان ئەدەن بەزەویدا بەهەمان هۆی سەرسووڕهێنەر. ئەودەنگەی کە دەیان بیست دەنگی خۆیان بەجۆرێکی سەیر دەنگی ئەدایەوە. ئەمجا وەك ئەوەی خانمی کامپستۆن، خەیاڵی کردەوە بینیویەتی، زەویەکە دەم دەکاتەوە مێردەکەی خەریکە دەچێ بەناخی زەویدا کە هاوسەرەکەی ئەو ڕادەکێشێ ڕزگاری دەکات.

بەرپرسی میوانخانەکە بانگ دەکەن ئەویش شاهیدی ئەدات کە دەنگێکی گەورەی بیستووە. بەڵام نەیدەتوانی بەشەفاف باس لەوەبکات، پۆلیس دەچنە میوانخانەکەو ژوورەکە دەپشکنن، بەڵام شتێکی نا ئاسایی پەیدا ناکەن کە بەڵگەیەکی ڕاستی بێ، پۆلیس لەوباوەڕەدان کە ئەوان شتیان بەرچاویان.

ئەم ڕووداوە سەیرە ڕووداوێکی دەیەکانی ١٩٤٠ دێنێتەوە یادی ئێمە کە لەپیاوێکی ئایینی بەناوی دکتۆر((ئەی. تی، پی بیلز))ڕوویداوە. ئەو کاتە دکتۆر بیلز لەدیوانی قەشەکەیدا بوو لەگەڵ هاوسەرەکەی لەحەوشەی کڵێساکەدا دەگەڕان. چاڵاوێکیان دۆزیەوە کە نەوەد سانتی مەتر دەبوو، قەشەکە بەردێکی خستە نێو چاڵەکە هەستی کرد بەردەکە دراوە بەشتێکا. ئەوان بەخێرایی ڕۆیشتن بۆئەوەی هەندێ دارو تەختە بێنن دای پۆشن، بەڵام کاتێ گەڕانەوە هیچ شوێنەوارێکی ئەو چاڵە نەمابوو، شوێنەکە تەخت بوو. لەسێهەمین شتی هاوشێوە،

ژنێـك كـە لـەدەورەی پەرسـتاری بـوو، سـەعات هەشـتی بـەیانی لەژوورەکەیـدا دانیـشتبوو چـایی دەخـواردەوە، کـە چـاوی کـەوت بەچاڵێکی گەورە لەناوەڕاستی ژوورەکەدا، چاڵەکە بەزۆری ژوورەکەی داگیرکردبـوو، لێـواری چـاڵەکە وەك بـەرد بەرچـاودەکەوت، ئـەو نـەیتوانیبوو نێـو چاڵەکە ببـینێ، بـەڵام دەیزانـی قوڵـە. دەنگێـك داوای لەودەکرد خۆبخاتە ناوی، بەڵام ئەو گوێی نەدایەو چاڵەکە ونبوو.

ئایا دەتوانین بڵێین هەموو ئەمانە تووشی وەهم و سەرلێ شێواوی بوون. دیارە لەپێشا ناو ژوورەکە یان زەویەکە کراوەنەبووە...بەڵام بۆ، شاهیدان کە بۆ چرکەیەك توانیویانە دنیایەکی تر ببینن. ئەگەر ئەوان بکەوتنایە چاڵەکە چی بەڵایەك بەسەریاندا دەهات ؟ لەداستانەزانستی خـەیاڵی، دەتـوانین لـەوباوەڕەدا بـین کـە لـەم دنیایـەدا دەچـوونەدەرو دەچوونە نێو , دنیایەکی تر. بەڵام ئایا دەیان توانی دووبارە بگەڕێنەوە ئەم دنیایە ؟ کەوتمە یادی ئەو منداڵە سەوزو سەرلێ شێواوەی کە نـەیان تـوانی بگەڕێنـەوە ماڵەکـەی خۆیـان، ناچـاربوون تـاکو کۆتـایی تەمەنیان لەم دنیایەدا بژین. لەکاتێکدا ئەگەر داستانی دوایی ڕاستبێ، منداڵانی ئەم سەرزەویەش لەدنیایـەکی تـردا سـەرگەردان بـوون، بـەڵام سەرەنجام گەڕاونەوە بۆئەوەی بەسەرهاتی خۆیان باسبکەن.

لەسـەرەتای دەیـەکانی ١٩٢٠ کـچ وکوڕێـك کـە لـە((فلاکتـون ئارکـانزاس))دەژیـان لەدوانیوەڕۆیـەکی یـەك شـەممەدا بـەئارامی لەشارێکی بێ هراوهوریا دەگەڕان، هەموو دانیشتوانی شار چووبوونە گۆڕەپـانی یـاری بـۆ تەماشـای یـاری چیەکان. ئـەوان لەڕێگـە لایانـدا و

خۆیـــان گەیانـــدە ناوچـــەیەکی پـــڕ دارو درەخـــتی عـــاج بـــەم شیوەیەدەگیرنەوە: ٠

((لەدووری سەدمەتریٚ دارستانەکە تووشی جۆگە ئاویٚك بووین کە ئیٚمە کەسمان لەیادمان نەماوە لەپیٚشدا ئەوەمان دیبیٚ، ڕوبارێکی باریك بوو زۆر قوولٚ نەبوو، ئاوێکی جوان بەویٚدا دەڕۆیشت تاکو سەر ئەژنۆی ئیٚمە دەهات، نەمان دەتوانی لیٚی لابدەین کەوش و گۆرەویمان داکەنی و چووینە نیٚو ئاوەکە.

کـاتیٚ چـووینە قراغـی ئاوەکـە چـاومان بـە دیمـەنیٚك کـەوت کـە لەتەمەنمانـدا ئـەوەمان نـەدیبوو، لـەو سـەر زەویـە خـۆلٚ و خاشـاك و گـژوگیای بـۆن نـاخۆش نـەدەبینرا، دەنـگ و جیکـەجیکی چـۆلەکە نەدەبیسترا.

وا دەردەکەوت خاکەکەی ئەویٚ شیٚدارترەو تەڕترە. ئەو دارو درەخت و گیایانەمان نەدەناسی. لەگۆلاویٚك کە لەویٚدا بۆ گیاکانی هاوشیٚوەی (سـرخس)، بـەلاٚم گـەلاٚکانی بـەڕیز گـەورەتر دەبینـرا. بالٚنـدەکانی هاوشـیٚوەی قـاز مـان دەبـینی کـە ملیـان دریـٚژترو پـەڕوپۆیان پڕتربوو. لەدرەختیٚکەوە بۆ درەختیٚکی تر بازیان ئەدا جولـٚەیان وەك مار پیٚچی ئەدا.

من و((ڕوبی))لەوجیگەنامۆیە دەترساین. گیٚژو سەرلیٚشیٚواو دەست لەناو دەست بەڕیٚگەیەکدا دەڕۆیشتین کە دەگەیشتەسەر زەویـەکی بیٚ ویٚنـە، لەسـنووری ئـەو سـەرزەویە بـەرەوپیٚش دەچـووین لـەدوری سەرزەوی یەوەیاری (بیستبال) وهاوڕیٚکانمان دەبینی.

باری لاوازی و ماندووبوونمان پێ گەیشتبوو، هەموو ئەو دیمەنە وەك ناسراو بەرچاومان دەکەوت و دەمان بینی، دەنگی هاوڕێکانمان بەلاوازی و ناخۆش دەبیست. ئەوان ئاگاداری ئێمە نەبوون. تەماشای پێش برکێکەمان دەکرد تەواو بوو ئەوان لەبەرچاوی ئێمە ونبوون.

بەبیرکردنەوەو بێزاری گەڕانەوە لەڕوبارێك کە نەدەبوو لەوێدا تێپەڕین. جیهانی ئەندیشەی ئێمە لەبەرچاومان نەما)).

چل ساڵ لەوەدوا، لەساڵی ١٩٦٢، دوو پیاو چووبوون بۆڕاو لەویلایەتی نیویۆرك چووبوونە نێو جیهانیکی دیکە: مانگی (نۆڤەمبەر) بوو نزیکەی نیو مەتر بەفر لەزەویدا بوو. هەروەها بەفر دەباری کە ئەوان لەناوچەیەکی دەری شاراوە تێ پەڕین.

کاتێ بەلای کێڵگەیەکدا دەڕۆیشتین چاومان بەڕیزەدارێکی عاج کەوت وا بیرمان دەکردەوە جێگەیەکی گونجاوە بۆ ڕاوکردنی ئاسك، کاتێ نزیکی درەختە عاجەکان بووینەوە، ڕوبەڕووی دیوارێکی گەورە کە لەلاسك وگیاکانی ژێر درەختەکان دروستکرابوو، سەرئەنجام بەهەر نارەحەتیەك بوو لەکەلەبەرێکەوە چووینە نێو درەختەکان، لەوەی کە بینیمان سەرسام بووین. درەختە عاجەکان بەڕیزاییێکی جوان لەسەر زەویەك بەدرێژی چوارسەد مەتر بەپانتایی سێ سەد مەتر دەبوو، تەنیا پێنج سانتی مەتر بەفر لەسەرزەوی بوو، دوور لەئێمە خۆر ئەدرەوشایەوە جێگای باوەڕ نەبوو.

من بەپەرێشانیەوە تەماشای دوای خۆم کرد، هەر لەو کەلەبەرەوە کە پێیدا هاتبووین دیاربوو بەفر دەباری. دنیا هەوربوو. ئەمجار بەرەو لای

ناوچە هەتاویەکە ڕۆیشتین.((سال))کە لەدوامەوە بوو، هاواری کرد بوەستم، بەلاَم من هەر دەڕۆیشتم تا گەیشتمە کۆتایی درەختە عاجەکان. بەلای پەرژینێکی تردا ڕۆیشتم کە ئەمەیان سەوزو پڕ لەگوڵ بوو، گەیشتمە جێگەیەك بەفراوانی چوار پێنج دۆنم کە بەگوڵ و سەوزایی داپۆشرابوو، باڵندەکان ئاوازیان دەخوێند، سمۆرەکان دەنگە دەنگیان پەیداکردبوو. پلەی گەرمی لەئاستی ۲۵ پلەی سەدیدا بوو، وا بیرم دەکردەوە جێگەی باوەڕنییە.

سال خۆیشی بەدوامدا هات وتم((تۆیش ئەوانە دەبینی کەمن دەیان بینم؟؟))

ئەو سەری لێ شێوابوو، وتی((خوایە ئێمە لەکوێین ؟))

پاڵتۆ گەورە زستانیەکەمان داکەندو لەسەر گردۆڵکەیەکی بچووك ڕاکشاین تاکو چێژ لەهەوای گەرمی هاوین وەرگرین ، ڕاست وەك ناوەڕاستی مانگی نۆڤەمبەر وەهابوو دوای چل وپێنج خولەك، لەناکاو ئاگاداربووین کە باوکم و((ئادی))هەرگیزباوەر بەقسەکانی ئێمە باوەڕناکەن. هەر لەبەرئەوە بە سالم وت : وا باشترە ئەوان بینین بۆ ئێرە تاکو بەچاوی خۆیان ببینن. کاتی گەڕانەوە بۆلای ئۆتومبیلەکە، ئاگاداری ئەوە بووین جێی قاچەکانی خۆمان تێك نەدەین.

کاتێ بۆ نیوەڕۆ گەڕاینەوە لای باوکم وئادی، ئەوەی دیبوومان بۆمان گێڕانەوە، ئەمجارە چوار قۆڵی بەشوێن پێکاندا بەرەو لای درەختە عاجەکان ڕۆیشتین، بەلاَم ئەمجارە لەو جێگە خۆرەتاوە شوینەوارێك نەبوو. من لەپێشەوە ڕام دەکرد وا بیرم دەکردەوە ئێمە

سەعاتێك لەمەوپێش ئەوێمان بەجێ هێشتووە، ئێستە هەموو شتێك گۆڕاوە.

ئەوانیش بەلای پەرژینەکەدا تێپەڕین منیان بینی مات و سەرگەردان وەستابوم. جێگە قاچەکانی ئێمە کە بەرەو تەپۆڵکە بچووکەکە دەڕۆیشت دیاربوو بەبەرزی سی سانتی مەتر چاڵی کردبوو، بووبووە گۆلاو.

چی ڕوویدابوو ؟ئایا من و سال خەیاڵ و بینینێکی هاوشێوەمان هەبوو؟ ئایا چووینە نێو جیهانیکی دیکەوە؟؟ ساڵانێك بەدوای ئەو ڕیزە درەختە عاجانەدا دەگەڕام بەڵام هەرگیز ئەوانم نەبینییەوە))

دوو سەیرو سەفەری تر باس دەکەین کەنا ئاسایی یە کەسانێکی تریش سەردانی ئەو جێگە نەناسراوانەیان کردووە، بەڵام لەهەلومەرجێکدا بووە کە دەتوانرێ ئەوانە ڕیزبەندی بکرێ، نموونەیەکی تازەی ئەو مرۆۋ ڕفاندنە لەلایەن دەفرە فڕیوەکانەوەیە، کە کەسانێك لەو باوەڕەدان بۆ تاقیکردنەوەیەکی پزیشکی بووە. ئەو کەسانەی ئەوانەیان بەدیل گرتووە، ئەوانیان بەجۆرێکی کاتی بردووەتە نێو جیهانیکی دیکەوە سەربازێکی بەرازیلی بەناوی((جوز ئانتۆنیۆ))، کە لەمانگی مەی ١٩٦٩ لەکاتی ماسی گرتندا بوو لەدەریاچەیەك کە دوو بوونەوەری بچووك بەدرێژی سەدو بیست سانتی مەتر، ئەو بەدیل دەگرن و دەیبەنە نێو دەفرەفڕیوەکە ئەمجار ئەو دەبەنە ژوورێکی گەورەتر وا بەرچاودەکەوت لەبەرد دروستکرابێ. ڕووناکیەکی بەهێز هەموو ئەو ناوەی ڕووناك کردبووەوە، کۆمەڵێ گرگن و تووکن

هاتنەژوورەکە، پێستی لاشەیان کاڵ و چاوەکانیان سەوز بوو، ڕیشی درێژو پڕیان دەگەیشتە سەر ورگیان قژیان سوورو درێژ دەگەیشتە سەر پشتێنەیان. ڕووناکیەکی سەرسووڕهێنەر لەوێدا بەدی دەکرا، بەلاّم لەیەك جاردا (جوز) هەستی کردبوو ئەوان داوا لەو دەکەن لەبارەی سەرزەویەوە یارمەتی ئەوان بدات. هەرچەندە ئەو هەستی دەکرد بەدەفرەفڕیوەکان سەفەری کردووەو براوەتە نێو ئەو ژوورە گەورەیە، ئیتر چۆن کەشتی فریو بەتەواوی ئەفسانەیە، تاکو ئەو لەمەبەستی سەرەکی سەرلێ شێواوبکەن. دانیشتوانی جیهانیکی دیکە نایانەوێ مرۆڤەکانی تر لەجێگەو ڕێگەی ئەوان شارەزا بن. ئەگەر ئێمە دەمانزانی دنیای ئەوان نزیك بەدنیای ئێمەیە، دیارە پێداگریمان دەکرد بەهەر ڕێگەیەك بوایە ڕێگەی چوونمان بۆئەوکەسانەی لەمردن نزیك بوونەتەوە دەیان وت کە دنیایەکی تریان دیوە. بەشێك لەباسکردنەکەی ئەوانە لەچوارچێوەی سەرووی نائاسایی یەوەیە ((بەتەواوی جیهانیکی ڕووناك.... بەڕاستی جوان بەئاسمانێکی ساف و جوان دەشتێکی پڕ لەگوڵی ڕەنگاوڕەنگ و جۆربەجۆر، جێگەیەك بە روناکی یەکی جوان لەگەڵ مۆسیقایەکی دڵڕفێن لەجۆش و خرۆش مێرغوزارێکی سەرسەوزو جوان کۆمەڵە ئاژەلیك لەکاتی لەوەڕدا... ڕۆژێکی ڕووناك و هەتاوی.)) کەسانێك کەبەتاقیکردنەوەی مەرگداتێ پەریون، رادەگەینن کە لەگەڵ ((خودا)) گفتووگۆیان کردووەو وتویژی ئەویان بیستووە((خوایش)) لەگەڵ ئەواندا وتویژی کردووە، سەرئەنجام ڕۆحی ئەوانەیان گێڕاوەتەوە بۆجیهانی خۆیان. حەزرەتی مەسیح دۆستە

مردووەكـانی خـۆی لەوجیهانـەدا بینیـوە. هـەروەها كەسـانی نەناسـراو بـەخێرهاتنی ئـەوانیان دەكـرد، لەسـاڵی ١٨٨٩، دكتـۆر((ویلتـن)) دانیـشتووی ((ئاسـكیدی))ی ویلایـەتی كەنساس كـە لەحاڵـەتی مردنـدا بوو، تاقیكردنەوەی مردنی خۆی بەم شیوەیە باس دەكات.

((كۆمـەڵێكم بـینی بـەدەوری لاشـەی منـدا وەسـتابوون. هەنـدێك لـەوان دانیـشتبوون. ئاگـام لـەدوو ژن بـوو لـەلای چەپەوە بـە چۆكدا هـاتبوون. دەمزانـی بـۆمن دەگـرین. دوایـی تێگەیـشتم هاوسـەرەكەم و خوشـكەكەم بون. من نەمدەتوانی ئەوكەسنەبناسـم ((خوشك و هاوسـەرەكەم هـاوڕیٚ و دۆستەكان لای من وەك یـەك بـوون)) نەمتوانی پەیوەنـدی خـۆم لەگـەڵ ئەوانی تر بێنمەوە یاد یاخود نەدەهاتـەوەیادم، تـەنیا دەمتـوانی ڕەگـەز لەیەك جیابكەمەوە ئیتر لەوە زیاتر نا.

(هـەوڵم ئـەدا سـەرنجی ئـەوان بـەلای خۆمـدا ڕابكێـشم تـاكو ئارامیـان بكەمـەوە، هـەروەها لـەوان بگەیـەنم كـەمن نـەمردوم. لەبەرامبـەر ئەوانـدا دادەنـەویم. بەدەسـتی ڕاسـتم سـەلامی سـەربازیم دەركـرد و بەلایانـدا دەڕۆیشتم. بەلاّم هیچ كەسێك ئاگای لەمن نـەبوو! لێرەدا كە ئەو دۆخـە بۆ من جێگەی پێكەنین بوو، یەكسەر دەستم كرد بەپێكەنین.

دڵنیـابووم كـە دەنگـی پێكەنینەكـەم دەبیـستن، بـەلاّم وادیارنـەبوو، چونكە تەنانەت یەك كەس چاوی لەلاشەكەی من غافڵ نەدەكرد.دواجار تێگەیشتم بەخۆم دەوت كە ئەوانە بەچاوی مادی مـن دەبیـنن، نـاتوانن ڕۆحـەكان ببیـنن. ئەوانـە ئاگـاداری شـتێكن كـە وادەزانـن مـنم. بـەلاّم بەهەڵەداچوون. من ئەوە نیم. من ئەمەم كە وەك هەمیشە زیندووم.

ئەمجار من سەیرو سەفەرێکم بەرەو کوێستان و چۆڵەوانی کرد. بەسێ تاشەبەرد گەیشتم کە وا هەستم دەکرد ڕێگەی چوونە نێوجیهانیکی دیکەیە. لەنێوان کونیکی شێوە((تونیل))تەماشای ناوەوەم دەکردکەوەك تونیلیك وابوودیمەنی ئەوێ سەوزبوو، بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو جێگەیەکدا کێشابوو، جوان و چۆڵبوو. لەپشت ئەو بەردانەوە، شەقام و تەپۆڵکەو ڕیزە شاخیك کە بەئارامی بەلای چەپدا سەرەوخوارکشا بوو، بەلام ئەم دیمەنە ماوەیەکی دووری نەبوو لەمەودایەکی کەمدا کۆتایی دەهات. بەبیرمادەهات ئەگەر من تەنیا کەسێکم لێرەدا، دەبێ پەری ورۆح و شەیتانەکان، یان هەردووکیان ببینم، لەناکاو هەر بەوجۆرەی بەبیرمداهات و وێنەم دەکێشا، بینیم. بەوردی تەماشای ئەوشتانەم دە کرد، شتێکی وەك سێبەر لەبیروهۆشمدا ڕەنگی ئەدایەوە. بەسەرسوورمانەوە بیرم کردەوە چەندجیهانیکی سەرسورهینەرە کەلەوجیهانەدا بیرکردنەوە بەسەرهەمووشتیك داسەرکەوتووە. من چەندە بەو دیمەنە خۆشحاڵبووم.

کاتێ بڕیاری دابوولەوشوینەدابمینیتەوە، هەورێکی تاریك لەبەرامبەریدا پەیدابووبوو ئەوی لەو ئیشەی پاشگەز کردەوە.

((هەستم دەکرد هێزێك من دەجوڵێنێ یان دەیەوێ من بەجێ بهێڵێ. دەستەکانم بەلاشەمەوە چەسپان و سەرۆشانم سەرەو خواربوون. هەورەکە درا لەدەموچاوم دوای ئەوە هیچم نەزانی.))

دکتۆر ویلتز لەم تاقیکردنەوەی((دەرچونی رۆح بەشیوەیەکی کاتی))
تێگەیشت پەتیکی ناسکی بریسکاوی پەیوەستە بەلاشەیەوە کە
لەپشتی شانیەوە دەڕواو لەپێشەوە دەگاتە گەردنی. ئاسای یە
تاقیکردنەوەی دەرچونی رۆح لە لاشەدا .لەناکاوو دوور لەویست
ڕوودەدات تەنها کەم کەس دەتوانن بەجۆرێکی خۆویست ئەو کردەوەیە
ئەنجام بدەن، وەك((ڕۆبرت مونرو))کە بەلاشەی رۆحی خۆی لەم
جیهانەوە بەجیهانی دوای مەرگ دووەمین جۆری ژیان کە هاوشێوەی
جیهانی ئێمەیە بەڵام یەکسان نی یەلەهیچ رویکەوە سەفەری کرد. ئەو
لەکونێکەوە کە لەناوەڕاستی ((تونیل))یکی گەورەدا بوو چووە نێو
جیهانیکی دیکە وەك جیهانی مادی خۆمان، ئەو جیهانە مرۆڤو
ئۆتومبیل و شارو خانوو هەموو شتێکی تێدابوو، بەڵام جیاوازی نێوان
ئەوجیهانەوجیهانی خۆمان زۆر ئاڵۆزبوو. لەگرو شتومەکی سووتەمەنی
وەك بەنزین و نەوت هیچ بونی نەبوو (کۆمپانیاکان) کان لەهێزی هەڵم
سوودیان وەردەگرت کە سەرچاوەی دار یاخود خەڵووزی بەردی
نەبووە. مونرو لەکێتێبی((سەفەری خەیاڵی))ڕوونی دەکاتەوە کە ئامێرە
ماتۆڕیەکان چۆن ئیشیان دەکرد. ئەو لەو ماوەیەدا کە لەوجیهانەدا
بەسەری دەبرد، ئاگای لەزۆر شت بووەو دەچووە نێو لاشەی یەك
ئەندازیاری((کۆمپانیا))هەرکاتێ ئەو لەبواری زانیاری وکاری
کۆمپانیاکەدەگەیشتە کۆتایی، ئەو لاشەی ئەندازیارەکەی بەجێ
دەهێشت و لەڕێگەی کەلەبەری ((تونیل))ە کەوە دەگەڕایەوە بۆ ئەم
جیهانە، چونکە نەی دەویست کۆمپانیاکەتووشی دەردی سەری

بکات.((مونرو)) لەبارەی ئەوەی کە ئایا ئەو دنیا نەناسراوە لەکوێ بێت، دەڵێ :

لەوانەیە ئەم حاڵەتە بەتەواوی بیرەوەریەك لەشارستانی فیزیایی ڕابووردووی ئێمە بێت، یان لەڕاستیدا جیهانیکی هاوشێوەی جیهانی مادی ئێمە بیت لەدیویکی دیکە ی (گەردون دا)، وە یان نهاوشیوەیەکی ((البدیل))ی جیهانی مادی ئێمە بیت، بەلاّم بەجۆرێکی نا مادی کە ئێمە لەوێداژیان بەسەردەبەین، بەلاّم جیاوازترین بەهۆی هێزی گەورەتر لەخەیالّ و بەیەکەیەکی گەورە ترەوە پەیوەست دەبین.

وردەکاری لەجیهانیکی نەبینراوونەناسراو بەڕێگەی جۆربەجۆر لیکۆلینەوەی لەسەردەکریت. جیهانەکان بریتین لە((حەوت ئاست))یاخود((حەوت چین)) کە لیکۆلینەوەیان لەسەرکراوە، هاوشێوە ی ژیانی سەرزەوی دەبینرێن بەلام لئاستیکی زۆربەرزتردا.. ئەو کەسانەکەتاقیکردنەوەی مردنیان دیوە کاتێ هەولّیان ئەدا تاقیکردنەوەی خۆیان باس بکەن. لەژێرکاریگەری دەوروبەروکۆمەل دا ناچاردەبن خۆیان بیدەنگ بکەن. بەلاّم بەجۆرێکی تەواو جیهانی رۆح وپەریەکان و سەرزەوی مرۆڤەبچووکەکان بوونی هەیە وەك ئەوەی دەبینرێ لەاسکتلندا وبەریتانیا زۆرلەجیهانی ئێمەوە نزیکن. چوونە نێو ئەوێ بەتەواوی ئاسان نیە، جگە لەئەفسانەکانی پەریان، جیهانیکی دیکە بەدی دەکریت کەلە((تاقیکە رۆح))روداوەکانی نزیك بەجیهانی مەرگ بەجیهانی((دیل)) یان جیهانی ڕۆحەکان ناسراوە. جیهانیکی دیکە هەیە کە ((ڕۆبرت مونرو)) لەتاقیکردنەوەی دەرەکی خۆی

سەردانی ئەوێی کردووە(جیهانیکی دیکەی چوار لایەنە کە لەوێدا مادە دەگۆڕێ بۆ وزە، دووبارە شێوەی مادی بەخۆیەوە دەگرێ) جیهانیک بوونی هەیە کە هاوشێوەی جیهانی مادی ئێمەیە، کۆمەڵێك لەو باوەڕەدان کەئەوژیانە لەجیهانی ئێمەوە زۆر نزیکە. لەبارەی ((تعددالحیات))ی هەیە لەسەر ئەو بنەمایە کە هەرجۆرە ڕووداوێك لەوێدا ڕوونەدات. بەبڕوای بتپەرستەکانی ئاسیای سەرواخود((حەوت چین ئاسمان))جیهانیکی تر بوونی هەیە کە هەموو شتێکی ئەوێ بەپێچەوانەی جیهانی ئێمەیە، بۆ نموونە هاوینی ئەوێ زستان و ڕۆژی شەوە و... هتد. ئایا تەواوی ئەم جیهانا نە یەکێکە ؟ ژیانیکی جیاواز لەکۆی زەوی ئێمە بوونی هەیە؟ ؟بەلاّم ئەم بابەتە ئەوەندە ئاڵۆزە کە ئێمە ناتوانین لێی تێبگەین ؟ دەروونناسێك بەناوی، ((جان. ال. راندال))کاتێك دەیویست بوونی جیهانیکی دیکە لێکبداتەوە. ڕیزبەندییەکی گونجاوی خستەبەرباس.

ئەوەی ئێمە وەك ڕاستیەك لەبەچاو دەگرین، بەواتای جیهانی ڕۆژانە بەسێ پاشکۆی جیهانی و زەمانێکی هەڵسەنگێنراوو فەرمانێکی سەپینراو لەجیهانیکی بەدوایەکدا ئاڵۆزتر دەبیت. لەڕاستیدا، ئێمە هاوشێوەی مرۆڤە ئەفسانەییەکانی (ئەفلاتوون) نین کە سێبەرێکی ڕاستی بەرزتر لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان دەبینن و ئەوە بەهەڵە بەڕاست وەردەگرن.

پەیڤی کۆتایی

بەدلنیایی یەوەجنۆکەوڕۆح وپەری و جیهانیکی جیاواز لەجیهانی مادی ئێمە بوونی هەیە، لەوباوەڕەدام لەم جیهانەدا ڕازو ڕەمزێك هەیە کە دەبێ پەی پبەرین وبیزانین، هیچ ڕوونکردنەوەو لێدوانێك لەبارەی پەریەکان و سەرهەڵدانی جیهانێکی دیکە بوونی نییە. ئەگەر داوا لەمن بکەن ئەم شاهیدو بۆچوونانە لێك بدەمەوەو لیکدانەوەی بۆبکەم، دەڵێم بوونەوەرانێکی جۆر بەجۆر لەجیهانە جۆربەجۆرەکان دا کە زۆر لەجیهانی ئێمە دوورنین و بەئاسانی دەستمان پێی ناگات، بەهەرحاڵ ئەگەر بەیانی هەر ئەو پرسیارە لەمن بکەن، لەوانەیە بڵێم هەموو شتێك دروستکراوی بیروهۆشە. بەلاّم دڵم دەیەوێ بزانم کە تارمایی ومرۆڤەبچووکەکان دەفرەفریوەکان بەشیکن لەبون وراستی،جیهانیکی دیکەی جیاواز لەجیهانی ئێمە هەیە، بەلاّم من خۆم هیچ یەکێك لەوانەم نەدیوە. هەر لەبەرئەوە ناتوانم دڵنیابم. ئەگەر ئێوە خۆتان بەڵگەو یاداشتیکی لەوجۆرەتان هەیە تکایەوەك یاداشت بینوسن وبە کۆمەڵگەی رابگەیەنن..

جێگەکانی جنۆکەو تارمایی لەبەریتانیاو ئیرلەند

Berkshire, Beedon Barrow : پەریان لەم تەپۆڵکە گردە دەژیان کە بەتەپۆڵکەی((بارو))بەناوبانگ بووە، پیاوێک خەریکی جووتکردن بووە کە ئامێری جووتکردنەکەی دەشکێ و دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ بۆئەوەی شتی بۆ بێنێ چاکی بکاتەوە. بەلاّم کاتێ دەگەڕێتەوە، تەماشادەکات پەریەکان چاکیان کردۆتەوە.

Blackdown Hills, Somerset : لەچەرخی حەڤدەدا، پیاوێک لەتەپۆڵکەی – بلك دانەوە دەڕوات وا دەزانی دەکات بازارێکی گەورەی بینیوە. بەلاّم کاتێ نزیکتر دەبێتەوە لەگەڵ ئەوەدا کە هەستی بەکۆمەڵێك شتیءنرمۆ کردبوو لەدەوروبەری خۆی، شتێك نابینێ. ئەو دەگەڕێتەوە بۆماڵ، ئیفلیج دەبێ و هەرگیز چاك نابێتەوە.

Cadburv hillfort,Congresbury, Avon:جنۆکەو رۆحەکان نەریتیان وەها بووە لێرەدا کات بەسەربەرن.

: Carn Gluze round barrow STJust. Cornwall کرێکارانێك کە لەکانگایەکدا ئیشیان دەکرد لەسەر ئیش دەگەڕێنەوە، پەریەکانیان بینیبوو کە لەدەوروبەری تەپۆڵکەیەك خەریکی ڕەقس و هەڵپەڕین بوون.

لەم ناوچەیە : Cauldonlow, Waterhouses, Saffordshire
پەریەکانیان لەکاتی سەماو هەڵپەڕیندا بینیبوون

خەڵکی لەو : Clint,s Corgs, near Ireshop, Durham
باوەڕەدان شاژنی پەریان لەکۆشکێك لەنێوئەشکەوتەکاندا لەبن تاشەبەردەکانی خوارووی کەنارەکانی ڕووبارەکاندا دەژی.

پەریەکان لێرەدا لەکاتی : Cusop Dingle, Herefordshire
هەڵپەڕیندا بینراون.

زۆر لەمرۆڤەکان لەوباوەڕەدا بوون ئەم : Dartmoor, Devon
ناوچەیە لەژێر دەسەڵاتی تارمایی یەکان ندایە بەتایبەت کۆڵیتە خڕە گەورەکان لە (کامن) کۆڵیتەیەکی بەردی خڕ لە((هۆکابی مور))

دانیشتووە : Fairy Bridge, Ballasalla, Isle of Man
کۆنەکانی دوورگە نەریتیان وەهابوو کاتێ دەگەیشتنە ئەم پردە، کلاوەکانی خۆیان داگرن و سەلام بۆ مرۆڤە بچووکەکان بکەن. یەکێك لەتەپۆڵکەی پەریەکان لەونزیکەدایە.

کاتێ ئەم تەپۆڵکە : Fairy Hill, Bishopton, Durham
لادەبریت لادەبرێ، دەنگێك بیسترابوو کە بەخەڵکی دەوت دەستبەرداری ئەوێ بن. بەلاّم ئیشەکە بەردەوامبوو دوای ماوەیەکی کەم، کرێکارەکان سندووقێکی لەداری بەڕو دروستکراو دەدۆزنەوە. بەهیوای ئەوەی زێڕە. ئەویان شکاند، بەلاّم لەهەندێ بزمار زیاتر هیچیان نەدی.

لەم ناوچەیە دەنگی سەیرو : Fairy Toot, Butcombe, Avon سەمەرە دەبیسترا خەڵك لەوباوەڕەدابوون لەوێدا جنۆکەوتارمایی تێدا دەژین.

((سنت کولن))لەم کۆشکەدا :Glastonbury Tor, Somerset سەردانی شای رۆحەکان کردبوو.

دانیشتووە : Harrow Hill , near Patching, West Sussex دێرینەکان لەوباوەڕەدابوون کە((ئەمە دوا کۆشکی روحەکانەنە لەبەریتانیا)). ئەوانە لەدەورانی کۆندا دەژیان لەسەرەتای چەرخ کاتێ کەلەپورناسان بۆ لێدانی جۆگەیەك دەچنە ئەو ناوچەیە، رۆحەکان بێزار دەبن کە بێڕێزی بەبوونی ئەوان کراوەو ئەوێ بەجێ دەهێڵن.

رۆحەکان عادەتیان وەهابووە : Kenchester.Herefordshire لەکەلاوەکانی ئەم ناوچەیە هەڵپەڕن و دراوی ڕۆمی کە بەدراوی پەریان بەناوبانگە لەوێدا دۆزراوەتەوە.

King Stone, Rollright Stones, Long Compton, پەریەکان پیشەیان وەها بوو بەشەو لەسەر بەردە : Warwick درێژەگەورەکان بەرامبەر کەژەکان هەڵپەڕن و ئەوان لەکەلەبەری تەپۆڵکەکەوە دەهاتنەدەرو بەرەولای بەردی ناوبراو دەڕۆیشتن. هەرکاتێ شتێك بدرایە بەسەر کونی بەردەکەدا. بەیانی ڕۆژی دوایی بەردەکە جێگەکەی گۆڕابوو.

دەڵێن ئەوە دوا : Lough Goayr, Kirlbride, Isle off Man جێگەیەك بووە کە پەریەکانی تیا بینراون، پەریەکان شەلاقەکانی خۆیان

لەهەوادا هەڵدەسوڕاند و هاواریان دەکرد((هویی، سان، نرین))لەوانەیە بیان ویستایە بڕۆن بۆ سەر زەویەکی دوورتر.

خەڵکی لەو : Men-an-Tol,near Madron, Cornwall باوەڕەدا بوون رۆحە چاودێرەکان دەتوانن خەڵکی چاك بکاتەوە. منداڵانێك کە لەلایەن جنۆکەو پەریەکانەوە ترسینراون.

مرۆڤەکان لەوباوەڕەدا بوون : Nafferton Slack, Humberside کە بەردی گەورە لەرۆژهەڵاتی تەپۆڵکەیە، توانایەکی سەیری هەیە، جارجار وادەبینرێ چونە ئەوێ روناکە. پیاوێك دەیوت، گوێی لەمۆسیقایەکی خۆش بووە لەوێدا. هەروەها کۆمەڵێ تارمایی دیبوو کە نیوەیان بەپیادەو نیوەیان بەسواری عەرەبانە دەچوونە ئەوێ.

خەڵکی: Oho Hole, Llanymynech, Shropshire لەوباوەڕەدابوون کە ئەشکەوتێك لەنێو ئەو تەپۆڵکەیەکدا ڕێگەی هاتوچۆی شاری پەریەکانە.

کەلاوەکانی : Park Mound, Pulborough, West Sussex قەڵای((نورمن))((اسکتلند))ئیستایش لەوێن و یەکجار ریورەسمی بەخاك سپاردنی مردوێکی پەریەکان لەوێدا بینراوە.

Puckster Cove, near St Cotherine’s Point, Iale of Wight : خەڵکی لەوباوەڕەدان رۆحەکان جەژن و میوانداری خۆیان لەوێدا بەڕێوەدەبەن. پیاوێك کە رووناکیەکی سەیر کەناریێك دەبینێ، لەوێدا مرۆڤی بچووك بەجلی سوورو کڵاوی وەنەوشەییەوە بەمۆسیقای رۆحەکان هەڵدەپەڕین. ئەوان شتێکی خڕی ڕەنگ قاوەیی ئەدەن بەو

پیـاوە تـاکو ئـەوە لـەت بکـات. پیاوەکـە ئـەو ئیـشە دەکـات و بـچووک دەبێتـەوە، دوای ئـەوەی هەڵپەڕینەکـەیان تـەواودەبێ، لەسـەر گیـای (سماروق) بەکۆمەڵ دادەنیشن. گیاکە لەیەك دەکرێتەوە، شتێکی خڕی زێڕی لەو ئەدەن و هەندێ زێڕ ئەدەن بەپیاوەکە وەك جارانی لێ دێتەوە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ. لەوەدوا کەس نەیتوانیوە لەو گیای (ساروۆ) زێڕ پەیدابکات.

: Pudding Pie Hill, Sowerby, North Yorkshire

لەدەوری ئەو تەپۆڵکەیە بەروناکی چاڵێك هەڵکدەنی و گوێی لیدەگرێ دەنگی رۆحەکان دەبیستی لەنێو تەپۆڵکەکەدا قسەدەکەن، ئەوان خۆیان ئەو تەپۆڵکەیان دروستکردووە ئیستەیش لەوێدا دەژین.

خـەڵکی : STCuthbert's Well, Edenhall, Cumbria

لـەوباوەڕەدان ئـەوێ جێگـەی رۆحەکانـە. ئیـستەیش لەناوچـەیەك لـەو باخـەدا کـە لەپێـشدا کۆشـکێکی گـەورە بـووەو تێکـچووە، چـاڵاوێك هەڵکەندراوە.

: Shan Cashtal (old castle), Andreas, Isle of Man

رۆحـەکان بەرێگـەی ژێـر زەویـدا لـەو ناوچـەیە هاتووچۆیان کـردووە بۆ حەوشی کلێسای((ماگولد)).

خوای مانانان کە : South Barrule mountaion, Isle of man

خـوای ئیرلەنـدی دەریایـەو لەدوورگـەی مـان، پارێزگـاری کـردووە، لـەو ناوچەیەدا جادووگەری کردووە. تەپۆڵکەی خواروی ناوچەکە جێگـەی پەریانە.

: Tower Hill, Middleton- in- Teesdale, Durham
پەریەکان بۆ شۆردنی خۆیان و جلەکانیان، لەو تەپۆڵکەیەوە بەرەو ڕووباری((تین))دەڕۆیشتن. دەڵێن ژنێك پەریەکی بچووك ئەدۆزێتەوە کە جلی لەبەرکردبوو لەسەر تاشەبەردێك لەسەر شێوەی پەنیر دانیشتبوو. ڕەنگی چاوی ئەو کچە سوور بووە. ژنەکە ئەو دەباتەوە ماڵ. لەلای ئاگرەکەوە دای دەنێ و نان و کەرەی دەداتێ تاکو بیخوات. بەڵام کچەکە بەتوندی دەگری، ژنەکە ناچار دەبێ ئەو بەرێتەوە جێگەکەی پێشووی.

ئەو پەریانەی : Trencrom Hill, nearlelant, Cormwall
لێردا دەژیان بەشێك لەشەڕخوازەکان زۆر ناشیرین بوون، ئەوان پارێزگاریان لەزێڕەکانی ژێر زەوی دەکرد، دەیانتوانی تۆفان دروست بکەن. پیاوێك زەویەکی هەڵدەکەنی تاکو زێڕ پەیدابکات، لەناکاو تووشی تۆفانێکی قورس دەبێ.

تەپۆڵکەی دەورانی : Wick Barrow. Stogursey. Somerest
کۆن کە بەتەپۆڵکەی پەریان بەناوبانگە. پیاوێك لەوێدا کەوگیرێکی شکاوی پەیوەند بەپەریەکان پەیدادەکات، ئەو هەڵدەگرێ تاکو چاکی کاتەوە. دووبارە کەوگیرەکە دەباتەوە جێگەکەی خۆی لەکۆتاییدا پارچە کێکێك پەیدادەکات کە بۆ ئەو دانرابوو.

: Willy Howe, near Wold Newton, Humber side
پیاوێك کە لەم تەپۆڵکەیەوە دەڕوات دەنگی ئاوازێکی خۆش دەبیستێ لەسەر تەپۆڵکەکە چاوی دەکەوێ بەڕێگەیەکی هاتوچۆ کە لەپشت ئەوەوە ژوورێکی ڕووناك دەبینێ کۆمەڵێك لەوێدا خەریکی جەژن و خۆشی بوون. خزمەتگوزارێك جامێك ئەدا بەو پیاوە. پیاوەکە

شلەمەنیەکەی ناوی لەدوور دەڕێژێ بۆئەوەی نەچێتە ژێر دەسەلاتی ڕۆحەکانەوە، بەڵام جامەکە هەڵدەگرێ و ڕادەکات.

: Aberglaslyn Pass, near Beddgelert, Gwynedd

لەچەرخی ڕابردوودا، پیاوێك دەڵێ کە لەم ناوچەیە پەریەکانی دیوە. ئەوان وەك مرۆڤی بچووك بوون لەڕوبارێك یاریان دەکرد.

: Beacon Ring, Trelystan, near Welshpool, Powys

ئەم ناوچە دێرینە جێگەی نیشتە جێ بوونی ڕۆحەکانە لەشەقامی((دیك))ەوە دەڕوات.

: Caer Drewyn, Corwen, Denbighshire ناوی ئەم تەپۆڵکەیە((گوینز هۆم ستید))ە کە ناوی شای پەریەکان بووە.

: Castell Dinas Bran, Llangollen. Denbighshire

شوانێك چاوی دەکەوێ بەمرۆڤێکی بچووك کە شەروالێکی تاخوار ئەژنۆی لەپێدا دەبێ و شمشاڵێکی لەبن باخەڵیا دەبێ داوا لەو دەکات بچێتە نێو کۆری هەڵپەرکێی ڕۆحەکانەوە، شوانەکە داواکاریەکەی پەسەندەکات، ئەوەندە زەوق وەردەگرێت کە هاواردەکات((شەیتانی خۆشەویست ئەگەر ئارەزوو دەکەی بەئاوو گۆگرد یاری کە))لەوکاتەدا پەریەکان شێوەیان دەگۆڕێ، شمشاڵ ژەنەکە دەچێتە سەر شێوەی شەیتان. شوانەکە نەیتوانیوە واز لەهەڵپەرکێکە بهێنێ. ڕۆژی دوایی ئاغاکەی ئەو ئەدۆزێتەوە کە وەك شێت بەدەوری خۆیدا هەڵدەسوڕا، ئاغاکەی جادووگەریەکەی بەتاڵ دەکاتەوە.

: Clocaenog Forest, Denbighshire پەریان لەچەند جێگەیەکی ئەم ناوچەیە بینراون. ئێرە پڕ دارودرەختە. پیاوێك لەم

ناوچەیە ئاگاداری هەڵپەڕینی ڕۆحەکان بووە، ڕۆحەکان ئەو دەبەن بۆ شارەکەی خۆیان.

Craig-y-Ddinas, Pontnedfechan, near Glyn-Neath, Swansea : دەڵێن ئێرە دوایین ماڵی ڕۆحەکانی ویلز بووە، شای ئارتورو داروودەستەکەی لەوێدا خەوتوون.

Fairy Glen, Betws-y-Coed, North Wales : لەم ناوچەیە تاشەبەردێك هەیە بەرەولای خوارووی ڕۆژهەلاتی((بتن))ەوە کشاوە.

Frenni Fawr. Prescelly Hills, Pembrokeshire : کوڕێکی شوان لێرەوە ڕۆحەکان لەکاتی سەماکردندا دەبینێ. دەچێتە لایان خۆی لەشاری ڕۆحەکاندا دەبینێتەوە. لەوێدا هەرچی ویستبێ دراویەتیە. بەویان وتبوو لەو کانی و ئاوەی نێو باخەکە نەخواتەوە. کوڕەکە وردبینانە سەرپێچی دەکات. یەکسەر کۆشك و شارەکە لەبەرچاو نامێنێ و خۆی بەتەنیا لەگۆشەی تەپۆڵکەکەدا دەبینێتەوە.

Llangua Church, Monmouthshire : لەچەرخی ڕابردوودا، دوو کەس بەلای کڵێسایەکدا دەڕۆن دە دوانزە ڕۆح لەچیمەنی پشت کلیساکەوە دەبینن هەڵدەپەڕن. لەدواییدا یەکەیەکە بەسەر پردێکا بەرەو دارستانەکە دەڕۆن.

: Llyn Cwellyn, near Phyd-ddu. Gwynedd Llyn پیاوێك یەکجار چووبووە نێو بازنەی ڕۆحەکانەوە لەشارێکی خوش ورۆشن خۆی دەبینێتەوە، تاکو حەوت ساڵ ناگەڕێتەوە جیهانی مرۆڤەکان، کاتێ دەگەڕێتەوە دەسگیرانەکەی شووی بەپیاوێکی تر کردبوو. دایك و باوکیشی مردبوون. پیاوەکە دڵشکاو دەبێت و دەمرێ.

ڕەگەزێك : Llyn Morynion, near Ffestiniog. Gwynedd
لەپەریەکان لەلای ڕوبارێك دەژیان. ڕۆژێك پیاوێکی جووتیار شوانی مەڕومالآتەکەی دەبێ دەبێتە هۆکاری بێزاری پەریەکان ئەوان مەڕومالآتەکەی دەبەنە نێو ڕووبارەکە.

یەکێك : Llyn Rhosddu, near Newborough, Anglesey
لەپەریەکان لەبا تی تاوەیەك کە لەژنێکی بەقەرز وەرگرتبوو، لەجیاتی ئەوە نانێکی بۆ دەهێنێتەوە . ئەو پەریەیان دیبوو چووبووە نێو ئاوی ڕووبارەکە.

Llyn-y-Fan Fach, Black Mountain, Carmarthenshire
: پەریەك تەنیا و جوان لەگەڵ پیاوێکی ڕەگەزی مرۆڤدا دەژیا، ئەوان سالآنێك لەنزیکی((میدفی))دەژین، سێ کوڕیان بووە , بەلآم ژنەکە لەماوەی دیاریکراودا دەگەڕێتەوە نێو ڕوبارەکە. ئەو کۆمەڵە نان ودەرمان بە((پیشکەش))ی لەگەڵ خۆی هێنابووی بەدوایدا دەڕۆن دوای ماوەیەك ئەو دەگەڕێتەوە سەر زەوی مرۆڤەکان. تاکو گیا دەرمانیەکان پیشانی مرۆڤ بدات، ئەم داستانە لەسەرچ . پزیشکیەکانی میدفی یەکە ئیستەیش ڕەوشی دەرمانی ئەوان بەشێوەی دەست نووس ماوەتەوە.

: Mynydd Llwydiarth, near Pentraeth, Anglesey
لێرەدا، پەریەکان شەوانە لەدەوری ڕوبارەکە گۆرانی دەڵێن و هەڵدەپەڕن. ئەوانە بچووك و نادیار بوون، کاتێ کەسێك لەوانە نزیك بوایە ئەوان وندەبوون.

Pentre Ifan Cromlech, near Brynberian, Pombrokeshire : پەریـەکان بەئەنـدازەی منـداڵی بـچووك بـەجلی سەربازیو کلاوسوورەوە لێرەدا بینراون.

Porth Dinllaen, near Morfa Nefyn, Llyn Poninsula,Gwynedd : رۆحـــەکان لێـــرەدا لـــەکاتی گـــۆرانی و هەڵپەڕینـدا بینیـوە. دوای سـەماو هەڵپـەڕکێ مـستێ خـۆڵ هەڵـدەگرن و بەرەو شاری پەریەکان دەڕۆن.

((ئسکتلاند))

Broch of Houlland, Shetland : دەنگی نەی لێدانی پەریەکان لەلای بەردەگەورە دێرینەکانی ئەم ناوچەیە دەبیسترێ.

Burnswark Hill, Annandale, Dumfries : کۆشـکی پەریـەکان لـەنێو دڵـی ئـەم تەپۆڵکەدایـە. پەریـەکان لێرەدا پیـاوان و ژنـی جوانیان ئەدزی تاکو ئیشیان بۆ بکەن.

Garmylie Hill, Glasgow: شـەوانە پەریـەکان لـەم ناوچـەیەدا سەمایان دەکرد.

Dun Borke, South Harris, Outer Hebrides : پەریەکان لـەم قـەلاّ دێرینـەدا دەژیـان. ئەگـەر کەسـێك جەقۆیـەکی ئاسـنی بکردایـە بـەدەرگای قەلاّکـەدا، پەریـەکان نـەیان دەتـوانی دەریبهێـنن، لەبەرئـەوەی کەسێك لەوان توانای ئـەوەی نیـە کـاردێکی ئاسـن دەسـت لێبـدات. ئـەو کەسەی جەقۆکە لەدەرگاکە دەربێنێ، شـای پـەریان خـوێ بـەدیاری ئـەدا بەو.

Dun Borve, Snizort, Isle of Skye : ئەم جێگە دێرینە جێگەی مانەوەی پەریەکان بووە. تا ئەو کاتەی کەسێك بانگ دەکات قەلاّی پەریەکان گڕی گرتووە. کاتێ پەریەکان تێدەگەن ئەوانیان فریوداوە، بۆ هەمیشە لەوێ دەڕۆن.

Dundreggan, Glenmoriston, Inverness: ئەو پەریانەی لەم تەپۆلکەکەدا دەژیان، بەردەوام ئەو ژنانەی تازە منداڵیان بووبوو، دەدزی، بۆئەوەی شیربدەن بەمنداڵەکانیان. جووتیارێك کە تازە ژنەکەی منداڵی بووبوو بۆ خۆی چووبووە لای ئاژەلەکانی، دەنگی هاوسەرەکەی لەڕێگەی باوە دەبیستێ چەقۆ ئاسنەکەی خۆی بەناوی کوڕوباوك و ڕۆحی پیرۆز بەرەوهەوا دەجولێنێ. ژنەکەی لەسەرەوە دەکەوێتە سەر زەوی. ئەو بەم جۆرە هاوسەرەکەی لەدەست رۆحەکان ڕزگار دەکات. ژنێکی تر کە لەلایەن پەریەکانەوە برابوو، بەپرژاندنی ئاوی پیرۆز بەسەر تەپۆلکەکەدا ڕزگارکرد.

Dun Osdale, Duirinish, Isle of Skye : پەریەکان یەکێك لەهۆزی((ماك لود))دەورەداو لەگەلْ خۆیان بردیان بۆمیوانی و شەرابیان دا بەو. پیاوەکە شەرابەکەی نەخوارد، بەلاّم جامەکەی دزی.

Dunvegan Castle, Isle of Skye : بەیداخێکی دراو بەسەر ئەو قەلاّیەوە بەرزکرابووەوە. لەوبارەیەوە چەند شتێك باس دەکرێ. دەڵێن ئەو بەیداخە دەبەن بۆ شەڕ وا دەردەکەوت هەر کاتێ کراوەبوایە سەربازێکی زۆر پەیدا دەبوون و دوژمن ڕای دەکرد

Eildon Hills, near Melrose, Roxburgh :((توماس ریمر))ی شاعیر، شاژنی رۆحەکان لەدەرەوەی تەپۆلکەکەدا دەبینێ، ئەو

سیحرو جادو لەو دەکات و لەگەڵ خۆی دەیبات. شاژن ئەو دەباتە ئەشکەوتێك و لەوێوە دەبریتە بۆ شاری پەریان. ئەو حەوت ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە، دوای ئەوە ڕێگە بەو ئەدەن بگەڕێتەوە سەرزەوی مرۆڤەکان. دەڵێن ئیلهامێك درابوو بەو ئەویش زمانێك بوو .

دەڵێن کاتێ باوکی ڕۆحانی : Fairy Hill, Aberfoyle, Perth ڕۆبرت کرك مرد((لەساڵی ١٦٩٢))ئەویان برد بۆ شاری پەریەکان. ئەو لەحەوشی کلیساکەدا خرابووە نێوگۆڕ، بەڵام خەڵکی لەوباوەڕەدابوون تابوتەکە پڕ لەبەرد بووە، لەسەر گۆڕەکەی ڕووپۆشێکی سوور بینرابوو.

لەم ناوچەیەدا، پەریەکان : Haltadans, Fetlar, Shetland لەبەرشەوقی مانگەشەوەکەدا هەڵدەپەڕین تاکو ڕۆژ دەردەکەوت.

خەڵکی : Tomnahurich (Hill of the Yews), Inverness لەوباوەڕەدابوون کە پەریەکان لەنێو دڵی ئەو تەپۆڵکەیەدا دەژین. دەڵێن. ((توماس ڕیمز))و شوێن کەوتووەکانی لەوێدا نووستبوون.

((ئێرلەند))

ئەیوانز وینتز داستانەکانی : Ben Bulben, County Sligo لەبارەی ئەو ناوچەیەوە کۆکردۆتەوە، لەم بەشەدا کە خەڵکی شەوانە لەوێدا دەنگی مۆیسقاو دەنگی منداڵانە دەبیستن. جووتیارێکی بەتەمەن چەند هەزار جنۆکەوپەری زرێپۆشی دیبوو کە لەژێر شەوقی مانگدا ئەدرەوشانەوە.

Dun Aengus, Inishmore, AranIsland, County Galway : ئەم قەڵا جوانەو دێرینە، یەکێکە لەجێگەی نیشتەجێ بوونی پەیوەند بەپەریەکانەوە.

Hill of the Broeket Stones, Carns, near Grange, County Sligo: نەجیب زادەکان و ئەشرافەکان هەروەك لەشکر لەو تەپۆڵکەیەوە دەهاتنەخوار. ئەوان هاوشێوەی مرۆڤی زیندووبوون . تەنیا جلەکانیان جیاواز بووە. زیندووبوونی ئەوان وەك زیندووبوونی ئێمە نەبووە.

Knockmaa, Between Headford Tuam, County Galway: شای پەریان لەم ناوچەیە ژیاوە لەکۆشکی پەریان کەسانێك هەبوون کە پەریەکان ئەوانەیان دزیبوو، دەرگای چوونەناوەی نێو دڵی تەپۆڵکەکە کرابووەوە. شای پەریەکان و هاوسەرەکەی((ئونا)) لەنێو بەردە هەڵچنراوەکانی ئەوێدا خراونەگۆڕ. County Antrim : خەڵکی لەوباوەڕەدان کە پەریەکان لەنێو ڕوباری ئەو ناوچەیەو دەوروبەریدا دەژین، دەرگای هاتوچۆ بۆ سەرزەوی پەر[...]کان لەنێو ڕوبارەکەدایە.

Newgrange Chambered Tomb, county Meath : ئەم گۆڕستانە کۆنە جێگای پەریەکان بووە، خەڵکی لەو دەوربەرەدا پەریەکانیان دەبینی کە شەوانە دەهاتنەدەر. پادشای ئەوان لەنێو دڵی تەپۆڵکەکەدا ژیاوە.

Rath Croghan, county Roscommon : ((ئەونیگیت))یان غاری پشیلە، دەرگای هاتوچێۆیە بۆ دنیایەکی تر.

Slieve Gullion county Armagh : لـەم کوێـستانەدا((خـەڵکانی بـاش)) کەسـانێکن کـە ((مـردوون)) و پەریـەکان ئەوانـەیان بردووەو کەژەکە چۆتە ژێر دەسەڵاتی ئەوان.

Slievenmon, county Tipperary : کۆشـکی بـەناوبانگی پەریـەکان لـەداوێنی ڕۆژهـەڵاتی کێوەکەدایـە، جێگەیـەك کـە پـەریان هاوسەرەکەی (فیون مك کام هیل))یان لەوێدا گەمارۆدا.

کۆتایی